MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION


# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com



هێمای فەرمی و ئاڵای ئایینی میترایی

ئەستێرە/ خۆر — قەلەباسکە/ قاسید — کەوان کڵاوی فڕیژی خەنجەر

لە پتۆژی (یۆگۆسلاڤیا) دۆزراوەتەوە

# نهێنیەکانی ئاینی میترایی


ن: فرانتس کۆمۆن

و: فەرهاد عەزیز خۆشناو



هەولێر– ٢٠٠٨



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● **نهێنیەکانی ئاینی میترایی**

● نووسین: فرانتس کۆمۆن

● نووسین: فەرهاد عەزیز خۆشناو

● نەخشەسازی ناوەوە: طــه حسین

● بەرگ: هۆگر صدیق

● ژمارەی سپاردن: (٩٦٨)

● نرخ: (٣٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم: ٢٠٠٨

● تیراژ: ٧٥٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی خانی - دهۆك

**زنجیرەی کتێب (٢٧٤)**



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com





**پێشکەشە بە:**

گیانی پاکی هاوڕێی خۆشەویستم ((دیار)) کە لە کۆتایی دوایین ساتەکانی ئێوارەیەکی پاییزی جێی هێشتین و ماڵاوایی لێکردین.

# پێشەکی وەرگێڕ

ئایینی میترایی ئایینێکی بەڕەسەن ئارياييە و لە بیروباوەڕ و کولتووری هیندوئێرانییەوە سەرچاوەی گرتووە. میترا خواوەندی پەیمان و سوێند و ڕووناکی و جەنگاوەریە. ئەم خواوەندە لە ((ڕیگ ڤیدا)) ی کتێبی هیندوەکان و ((ئاڤێستا)) نامەی ئایینی مەزداپەرستان، شوێن و مەنزڵگەیەکی شیاوی پێدراوە و نیایش و ڕێوڕەسمی پەرستنی تایبەت بەخۆی هەیە. میترایيزم ئایینێکە کە لە تەواوی هەرێمەکانی ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆما وەکوو ئایینێکی پێشکەوتوو بڵاوبۆوە و بۆ ماوەیەکی زۆر ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆری بوو. بەدرێژایی مێژووی بڵاوبوونەوەی گەشە و گۆڕانێکی زۆری بەخۆیەوە بینی و لەکاتێکدا کە گەیشتبووە لوتکەی گەورەیی و شکۆی ئایینی، تووشی کارەسات هات و خۆی لەبەردەم هێرش و هێزی دەستەڵاتی مەسیحیەتدا بینیەوە.

دژایەتی نێوان میتراپەرستەکان و مەسیحییەکان، لاوازبوون و لەناوچوونی ئایینی میترایی لێکەوتەوە. بەڵام زۆربەی بنەما و شێواز و نەریتە ئایینیەکانی میترایی ڕێگەیان کەوتە ناو ئایینی مەسیحییەوە. هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە پیاوانی کڵێسا نەیانتوانی بەیەکجاری ئەم ئایینە ڕەت بکەنەوە. بەم پێیە چارەیان لەوەدا دی کە هەندێ لە بنەما بنچینەییەکانی ئەم ئایینە بخەنە ناو ئایینەکەیانەوە، تاکوو ڕێگە بۆ هاتنی میتراپەرستەکان بۆ ناو باوەشی مەسیحیەت خۆش بکەن.

نووسەری ئەم کتێبە ((فرانتس کۆمەن)) زۆر بە جوانی هەوڵی ناساندنی ئایینی میترایی داوە. لە چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم ئایینە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و بڵاوبوونەوەی لە ڕۆما و دەوری ئایینەکە لە پتەوکردنی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری و بنەما پەروەردەییەکان و نهێنیەکانی ئایینیی و جۆرەکانی نوێژ و نیایشکردن و قۆناغەکانی ڕێبواری و بەراوردکردنی میترايیزم لەگەڵ ئایینەکانی تری ناو سنووری ئیمپراتۆری و هونەری تایبەت بەم ئایینە دواوە.



لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هەوڵدراوە زۆر بەوردی بەراوردی نێوان بابەتەکان بکرێت و بۆ مەبەستی پشت ڕاستکردنەوەی زانیاریەکان سەرەنجی سەرچاوە سەرەکیەکان دراوە. وەرگێڕانی گشت بابەت و بیروباوەڕەکانی ناو ئەم کتێبە بەواتای ئەوە نیە کە لەلای ئێمەوە پەسندکراون و باوەڕمان پێیان هەیە. بەڵکوو ئەمە تەنیا هەوڵێکی زانستیە و ئامانجمان ناسینی ڕاست و تەواوی ئایینە دێرین و ئاریاییەکانە. هەروەها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ئاسانکاری بەپێی پێویست لە کۆتایی هەر بەشێك پەراوێزمان داناوە. ئەو وشە و زاراوانەی کە واتا و چەمکەکانیان لای خوێنەر نامۆن، لە کۆتایی هەر بەشێك لەژێر ناونیشانی پەراوێزەکاندا ڕوونکردنەوەیان بۆ کراوە و شێوەکانی بەکاربردن و سیما دێرینەکانیان دەست نیشانکراون.

هیوادارم ئەم کتێبە بۆ توێژەران و لێکۆڵەران و ئاواتخوازانی مێژوو و شارستانیەت بەسوودبێت. داوا لەسەرجەم خوێنەران دەکەم بۆ دەوڵەمەندبوون و زیاتر ڕوونبوونەوەی بابەتەکان بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە لێی ڕامێنن، تاکوو هەوڵی چاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی هەڵە و بابەتە ناڕوونەکان بدرێت.

**فەرهاد عزیز حسن**

**شەقڵاوە ١٤/١/٢٠٠٧**

# پێشەکیەك بۆ دەقە فەڕەنسیەکە

مەبەست لە توێژینەوە و پێشکەشکردنی ئەم کتێبە بەدیارخستنی هۆکاری لەناوچوونی شیرك و پەرستنی فرەیەزدانی [لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆما] نیە، بەڵکوو ئامانج پێشکەشکردنی زانیارییە سەبارەت بە سەروچاوەی ئایینی میترایی و مێژووی بڵاوبوونەوەی. بەڵام جەخت لەسەر ئەوەش دەکرێ کە مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی ڕەها و تەواو لەسەر بناغەی دەرك و تێگەیشتن و بەدیارخستنی ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان لە سنووری دەسەڵاتی ڕۆماش نابێت ــ هەروەها هەوڵدەدرێت بزانرێت کە لەبەرچی شێوە بیروباوەڕە ئایینییەکان لە ڕۆمای [کافری Paganism] لەلایەن ئەم ئایینانەوە پەسندناکرێن، ئەو ئایینانەی کە بەهێزتربوون لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی فەیلەسووفەکان.

لەو سەدانەی کە لێیاندەکۆڵینەوە بیرو باوەڕە فکریە ئایینیەکان کە لە سەر بناغەی فرە یەزدان پەرستنی بوونیات نرابوون، لەناوچوون، و هۆکاری ئەمەش سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بوو. تەنانەت ئێمە مەبەستیشمان نیە کە بڵێین بەچ شێوەیەك نەریتە باوە ناوچەییەکان، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینە ڕۆژهەڵاتیەکان توانای بەرگری کردن و مانەوەیان نەما و لەناوچوون- و یان خود لەبەرچی ڕووبەڕووبوونەوە و بەردەوام دژایەتی کردنیان لەگەڵ مەسیحیەت بووە هۆی لەناوچوونیان. ئەمەش باسێکی بەرفراوانە کە لێکۆڵینەوە و کارێکی زۆر دەخوازێت و هیواداریین ڕۆژێك توانای ئەنجامدانی برەخسێت.* لەم کتێبەدا تەنیا لە سەردەمێکی تایبەتی ئەم گۆڕانە دەکۆڵینەوە و مەبەستمان ئەوەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارەمان

* [کۆمۆن ئەم کارەی بە بڵاوکردنەوەی- کتێبی ئایینەکانی رۆژهەلاتی لە رۆژگاری کافری ئیمپراتۆری - ئەنجام داوە کە هاشمی رەزی لە کتێبی مێژووی ئایینی پڕنهێنی میتراییدا چەند بەشێکی وەرگێڕاوە و وەك خۆی گواستوویەتیەوە، چاپی برۆکسێل ١٩٠٦.:

Les Religons Orientales dans Le Paganisme Roman.1990



دەستکەوێت کە بۆچی ئەم ئایینە *مەزدەیەسنابیە*[*] (ئایینی میترایی) لە ڕۆژگاری دەستەڵاتداری سیزارەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا کە گشت بووارەکانی بۆ ڕەخسابوو نەیتوانی ببێتە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆری.

کولتوور و شارستانیەتی یۆنانی هەرگیز نەیتوانی لەناو ئێرانییەکاندا شوێنێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ڕۆماییەکانیش نەیانتوانی هەرگیز بەسەر پارتەکان دا فەرمانڕەوایی بکەن و بۆشیان ڕێك نەکەوت کە شتێکی وەهاشیان لێ فێربن. ئەوشتەی کە دیارە و سێبەری بەسەر ئاسیای گەورە و دێریندا هەڵکشاندبوو، ئەوەیە کە جیهانی ئێرانییەکان و دونیای *ڕۆما - یۆنانی* لە ڕوانگەی کولتووری و شارستانیەت و دەستەڵاتداری و هاوکاری نزیك و دوولایەنانەوە، نەگەیشتنە یەکتری و بەچاوێکی بیانی و دوژمنکارانە لەیەکتر ڕادەمان و لەیەکتری دوورکەوتنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا *ئایینی مۆغان* (نەك مۆغان و مۆبەدانی ڕۆژگاری ساسانی کە کاربەدەستانی ئایینی زەردەشتی بوون و ئایینی مەجووسیان بە میرات بەجێ هێشت) کاریگەرترین و پڕبایەخ ترین دیاردەی هزری ئێرانییەکان بوو کە لە سێ دەورەی جیاوازدا کاریگەریەکی بەرچاو و ڕیشەداری بەسەر کولتوور و شارستانیەتی ڕۆژئاوادا هەبوو.

یەکەمین کاریگەری ئەم ئایینە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەدیارکەوت، دزەکردنە ناو ئایینی یەهوودی بوو کە وردەوردە لە گەشەکردن دابوو. ئەو ئایینەی کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئایینەکان و بیرو باوەڕەکانی دراوسێدا، لە ڕەوشی گەشەکردنی فکری دابوو و لە گشت ناوچەکانی مەدیتەرانەدا بڵاودەبۆوە و تەنانەت کاریگەری بەسەر مەزەبەکانی مەسیحی وەکوو ئۆڕتۆدۆکس و کاتۆلیکیشدا هەبوو.

کاریگەری ئایینی مەزدەیەسنایی بەسەر ڕێبازە فیکریەکانی ئەورووپیدا، تاکوو ڕۆژگاری هەڵوەشانەوەی ئاسیای بچووك و زاڵبوونی ڕۆمەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەڕێوەدەچوو. هەر لەم ئاسیای بچووکەدا بوو کە ئەنجوومەنی مۆغان کاری دەکرد. ئەو مۆغانەی کە بەگوێرەی هەندێ ڕووداو لە ڕۆژگارانی ڕابردوو لە بابل جێگیرببوون و لەوێ بنەما و بونیاتەکانی فیکری خۆیانیان

* [بەهۆی ئەو لێکچوونانەی کە لەنێوان ئایینی مۆغان و میترایی لەگەڵ ئایینی مەزدەیەسنی لە ئارادایە، کۆمۆن لە جێگەی ئایینی مێهر ناونیشانی ئایینی مەزدەیەسنایی بەکار بردووە کە رەزی لە زۆربەی شوێنەکان ئەم هەڵەیەی چاك کردۆتەوە].

ئاوێتەی هزر و فەلسەفەی یۆنانی کردبوو. ئەم تێکەڵاوبوونانە دەبوونە هۆی بەدواداگەڕان و دۆزینەوە و بارودۆخی نوێ. ئەوان بەم چەشنە ئایینێکیان بڵاوکردەوە کە لەگەڵ گشت ئاڵۆزی و نهێنیەکانی، هاوکات لەگەڵ سەرەتای دەسپێکی ساڵی زایینیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە زۆربەی نیشتیمان و لەناو زۆربەی نەتەوە و گەلەکاندا پەسنددەکرا. بەم جۆرە بەخێرایی تاکوو دۆڵەکانی دانووب و ڕاین و تاکوو ناوەندی شارستانیەتی ئیتاڵیا باڵی کێشا. خەڵکی نیشتیمانەکانی ڕۆژئاوا کاتێك کە دەیانبینی بەچ شێوەیەك کۆمەڵانی خەڵك لە پەرستگەکانی خواوەندی ڕۆژهەڵاتی (میترا) کۆبوونەتەوە و سەرگەرمی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی تایبەت و پڕنهێنینە، سەرسام دەبوون و ئەم سەرسامیە دەبووە هۆی ئارەزووی نزیك کەوتنەوە و ڕووتێکردنیان. بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئایینی مەسیحیەت بوو کە ئەم ئایینە لەناو ململانێیەکی زۆردا لە پەل و پۆ و گەشەکردن و بەرەوپێش چوون کەوت، لە کاتێکدا کە زۆربەی بنەما سەرەکیەکانی ئەم ئایینە خرابوونە ناو ئایینی مەسیحیەوە و جێگیربوون.

ئایینی میترایی و ئایینی مەسیحی کە هەردووکیان سەروچاوەیەکی ڕۆژهەڵاتیان هەبوو خاوەن کۆمەڵێك بیروباوەڕ و داب و ڕێوڕەسم و نهێنی هاوبەش بوون، بەڵام وەکوو دوو لایەنی دژبەیەك کەوتنە ململانێ و ئەم دژایەتیەش پێشی نەدەگیرا. چونکە دەیانزانی کە سەرکەوتنی هەریەکەیان بەواتای زاڵبوونی کولتووری و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی جیهانێکی بەرفراوانە. لە ئەنجامی ئەم ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ئایینی میترایی لەکۆتایی دا دوای چوارسەدە دەسەڵاتداری شکستی هێنا [لە باروودۆخێکدا کە گشت توانا و پێکهاتە و تێڕوانین و چوارچێوە و نهێنیەکانی خۆی ئاخنیبووە ناو ئایینی مەسیحیەت].

ئەم شکست هێنانە تەنیا بەهۆی چەمکە ئینجیلیەکان و شێوازی پەروەردەکردنی ئایینی مەسیحی نەبوو، بەڵکوو ئایینی میترایی میراتی بەنرخی ئەو ڕۆژگارە دێرینانەی لەباوەش گرتبوو کە ئیتر باویان نەمابوو و لەناوچووبوون. ڕۆمیەکان کە دوژمنایەتیەکی دێرین و مێژوویان لەگەڵ ئێرانیەکان دا هەبوو، دەبوایە داب و نەریت و ڕێوڕەسم و شێوەی یەزدان ناسی ئێرانیەکان کە شێوازێکی ئاسیایی بوو پەیڕەوبکەن. ڕێك ئالەم سەردەمەدا ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر لەئارادابوو. ململانێیەك کە هەردوو لایەنەکەی، ئەم دوو ئایینە بوون، مەزدەیەسنای میترایی و ئایینی مەسیحی. بەڵام ئەم ململانێیە بە سوودی مەسیحیەکان کۆتایی پێنەهات، هەرچەندە دەرەنجامی زۆر خراپیشی لێنەکەوتەوە. لە گشت



ڕۆژگاری دەسەڵاتداری ساسانییەکاندا هیچ کاتێك ئایینی زەردەشتی بەشێوەیەکی جدی ڕووبەڕووی مەترسی و گۆڕان یان لەناوچوون نەبۆوە. [بەڵکوو تاکوو سەرەتای سەردەمی ئیسلامی و لەناوچوونی ساسانیەکان بەردەوام بوو و دوابەدوای ئەمەش لقە جیاجیاکانی زەردەشتی هەریەکەیان بەشێوەیەك و لەژێر ناونیشانێکی تر کەم و زۆر بەردەوام بوون. بەڵام ئەوەی کە بەشێوەی کەمینەی مەزهەبی بەناوی مەجووس یان گەبر یان زەردەشتیەکان هەروا بەردەوام بوون، هەمان میراتگرانی ئایینی دەوڵەتی مەزداپەرستی زەردەشتی لە ڕۆژگاری ساسانیەکان بوون کە مۆبەدەکان کاری پێشەوایی و ڕێبەری کردنیان بەئەستۆوە بوو].

لە ڕاستیدا نابێ ناکامی ئایینی میترایی لە سنووری ئیمپراتۆری، بە واتای لەناوچوونی یەکجارەکی ئەو دابنێین. ئەم ئایینە ڕۆژئاوای ئامادەکرد تاکوو ڕابردوویەکی کۆن کە بە هزری فرەیەزدان پەرستی *یۆنانی- ڕۆمایی* ڕازابۆوە و لەو ڕۆژگارەدا کۆتایی بە تەمەنی هاتبوو فەرامۆش بکات و ئامادەی پەسندکردن و وەرگرتنی ئایینێکی نوێ بکات؛ ئایینێکی وەکوو میترایی کە لە لێوارەکانی فوراتەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەڵام دیسانیش *ئایینی میترایی* لەپاش سەرکەوتنی نەیتوانی بەبێ هێزی بەرامبەر و دژ هەڵبکات، چونکە *ئایینی مانەوی* *Manichaeism* بەخێرایی لە ئەورووپا و بەتایبەت لە سنووری ئیمپراتۆریدا بڵاوبۆوە و جێگەی ئایینی میترایی گرتەوە. دەتوانین بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە بە دوایین هێرشی فیکری ئێرانی بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا دابنێین کە پێشهات و ڕووداوی خوێناوی تر لە جەنگ و ململانێی میترایی بەرپاکرد، بەڵام لە کۆتاییدا لەناو ئیمپراتۆری دا بەدەست مەسیحیەکان لەناوچوو [میرات و کولتوور و کاریگەریەکی زۆر لە ئایینی مانەویەوە بۆ ئایینی مەسیحی بەجێما. لەلایەکی تریشەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست دیسانیش لەلایەن ئێرانی ئیسلامیەوە ئاخنینی کولتووری و بڵاوبوونەوەیەکی فیکری بەرفراوان لە ئەورووپا و بەتایبەت لە ئەورووپای باشووریدا ڕوویدا].

هیوادارم ئەم شیکردنەوە کورتە شوێن و ڕۆڵی ئایینی میترایی لە بارودۆخێکی هەستیاردا پیشانی ئێمە دابێت. ئایینی میترایی مەزهەبێکە کە لە ئایینی زۆر کۆنی ڕۆژگاری مەزداییەوە سەرچاوەی گرتووە کە تێیدا لە زۆربەری لایەنەکاندا هەمان تایبەتمەندییەکانی بیروباوەڕی ئایینی مەزداپەرستی ئێرانی بەرچاودەکەوێت. بۆ

بەدیارخستنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەم ئایینەدا ڕوویانداوە دەتوانین لەتەك ئایینی مەزداییدا لێیبکۆڵینەوە*.

هەرچەندە ئایینی میترایی کاری لە ئایینی مەسیحی و پەروەردەکانی ئەودا نەکردووە، بەڵام هەندێ لە بیر و باوەڕە بنچینەییەکانی میترایی وەکوو دۆماهی جیهان و بابەتی جیهانەکەی تر سنوورێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئایینی مەسیحی و پەروەردەکانیدا هەیە.** بەم چەشنەیە کە سەردەرێنان و هەڵ هاتنی ئایینی مەسیحی هاوکاتە لەگەڵ ئاوابوون و کزبوونی ئایینی میترایی. ئەم بابەتە دەبێت لە بابەت پێکهاتن و درووستبوونی دوو دین و ئایین هاوکاریمان بکات. ئایینی میترایی لە سەردەمی گەشەسەندووی خۆیدا کاریگەریەکی زۆر باشی بەسەر کۆمەڵگا و دەوڵەتی ڕۆمادا هەبوو. هەرگیز ئەورووپا لە مێژووی خۆیدا تا ئەوڕادەیەی

* [بەرلە رۆژگاری زەردەشت ئایینی میترایی بە دیارترین تایبەتمەندی خۆی کە ڕێورەسمی کوشتنی گایە، هەبووە. زەردەشت زۆر بەتوندی دژی ئەم ڕێورەسمە راوەستا و لە یەکێك لە سروودەکانی، یەسنا، هاتی ٢٩ یان یەسنای ٢٩ کە گێووش ئوورڤان Geush-Urvan یان گیانی گای پێدەگووترێ، ئەم دژایەتییەی راگەیاندووە. لە بەندەهەشن و هەڵبژاردەکانی زات سپەرم و یەشتی چواردەمیش ئەم دژایەتیە بە ئاشکرایی دەربڕاوە. لەئایینەکانی هیندوویی لە ناو ئۆستوورەکاندا ناوی خواوەندی گاکوژ هاتووە و وەکوو میترای گائۆژەن نەخشی هەڵکەنراوی لێوەماوەتەوە. رەزی لە کتێبی مێژووی ئایینی پرنهێنی میترایی دا لەتەك بەشی گا کوژی یان قوربانیکردنی گا بەدرێژای کۆمەڵە بابەتێکی بە بەڵگەوە روونکردۆتەوە و بە پیچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە قوربانیکردن یان گاکوژی یەکێك لەو ڕێورەسمانەیە کە دواتر لە رۆما هاتۆتە ناو ئایینی میتراییەوەو لە ئایینی گەورە دایك Megna-Mater ەوە سەرچاوەی گرتووە. کۆمەڵە یەڵگەیەك لەبەر دەست دانە کە دەسەلمێنن ئەم ئایینە بە رەسەن ئێرانییە].

** [ ئەگەرچی کۆمۆن زۆری هەوڵداوە تاکوو بێ لایەنانە بنوسێ، بەڵام لەلایەن چەند توێژەرێکی وەکوو دۆشن گیمەن، ڤیدەن گێرن، ڤیکاندەر رەخنەی لێگیراوە کە بۆ ناساندنی ئەم ئایینە زێدەڕوی کردووە. لەم کارەی دا تووشی رەگەزپەرستی ئەورووپی بووە، لە کاتێکدا کە زۆربەی توێژەران هاوڕانە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئایینە کاریگەریەکی راستەوخۆ و توندو قووڵی بەسەر ئایینی مەسیحی دا هەبووە. هەروەها نەیانتوانیوە ئەم راستیە بشارنەوە: مێژووی ئایینی میترایی، چاپی نوێ].



کە لە سەدەی سێیەمی زایینیدا کەوتە مەترسی بەئاسیایی بوون، تووشی ئەم جۆرە مەترسیانە نەببوو، تەنانەت لە ڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیشدا ئەوها هەست بەو مەترسیە نەکرا. زۆرشت لەبابەت هاوچەشنی دیوان و کۆشکی دیۆکلتیان Dioceltian و پاشا ئێرانییەکان و چاولێکەری و لاسایی کردنەوەی سیزارەکان لە شێوەی پاشا- مۆبەدەکاندا نووسراوە و پێشکەشکراوە.

پەرستنی جۆر و بنەما فکریەکانی مەزدایی ڕێگەیان بۆ باوەڕپێکردنی ئەم بابەتە کردەوە کە ئیمپراتۆرەکان جاڕی خواوەندیەتی لێبدەن و بەم پیلانە ڕێگە بۆ دەستەڵات و فرمانڕەوایەتی دیکتاتۆریانەیان هەمواربکەن. بڵاوبوونەوەی خێرای ئایینی بەڕەسەن ئێرانی لەناو گشت چین و توێژەکاندا باشترین ڕێگەی ڕاگەیاندن و شێوەی هەمواركردنبوو، بەپێی پەیڕەویکردن لەم ئایینە کۆمەڵانی خەڵکی خۆیان بوونە ڕاگەیێنەران و بڵاوکەرانی ئامانجە سیاسیەکانی سیزارەکان. بەم جۆرە لەپڕا شەپۆلێکی گەورەی بیروباوەڕی ئێرانی و سامی سەرانسەری سنووری ئیمپراتۆریەتیان گرتەوە. ئەم بابەتە لەلایەن ئەوشتەی کە فەیلەسووفە یۆنانی - ڕۆمییەکان لەبابەت فرمانڕەوایی خەڵك و بۆچوونە سیاسیەکان بە هەوڵ و توانای ڕادەبەدەر لەماوەی چەندین سەدەدا بەدیان هێنابوو، بەتوندی هەرەشەی لێدەکرا. کاتێك کە بە کزبوونی ئایینی میترایی ئەم لافاوە گەورەیە ڕاوەستا، نیشتەیەکی لە بیروبۆچوون و هزری ڕۆژهەڵاتی بەسەر بیر و هزری خەڵکی ڕۆژئاواییدا دانا کە دوای ئەمە هەرگیز پاکنەکراوە.

لەم قۆناغەدا هێشتا نازانین بابەتە ئاڤێستاییەکان و دەقەکانی تری ئێرانی تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئەو ڕێوڕەسم و بیروباوەڕ و نەریتە مەزداییانەدا کە لە ڕۆژئاوادا باون، سازگار و هاوتەریبن. لەلایەکی ترەوە هەر ئەم سەرچاوە ئێرانیانە بۆ ئێمە تەنیا ڕێگەکانی ناسینەوە و ڕاڤەکردن و دووبارەخوێندنەوەی یادگارە وێنەییەکانی میتراین، کە بەدرێژایی زەمەن و وردەوردە کۆکراونەتەوە. ئەم کۆمەڵە پاشماوە دۆزراوانە ڕوونکەرەوە و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو زانیاریانەی کە لێیانەوە دەست دەکەون و دەنووسرێن کەمن. لەو بابەتەوە کاری ئێمە وەکوو ئەوەوایە کە هەوڵی نووسینەوەی مێژوی کەلیسای سەدەکانی ناوەڕاست بدەین، بەڵام جگە لە کتێبە پیرۆزەکانی یەهوودی (تەوڕات) و بەرهەمە پەیکەرتاشیەکانی ڕۆما و سەرسەراکانی گووتیك سەرچاوەیەکی ترمان لەبەردەست دانەبێت. لەبەر ئەوە ئەوشتەی کە دەینووسین و ئەوشتەی کە لەبابەت ئایینی میتراییەوە تێیدەگەین، شتێکی تەواو سەلمێنراو نیە، بەڵکوو لەسەر بنەمای گریمانە و بۆچوونە. بەهیچ

شێوەیەك ناتوانین جارێ ئەوە لێبدەین کە لەگشت بابەتە لێکۆڵدراوەکان و زانیاریە دەسکەوتووەکان، بەپێی بنەماکانی ئەم پاشماوانە، گەیشتبینە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنێکی ورد و تەواو. من خۆم ناتوانم بایەخ و گرنگی بیروبۆچوونەکانم لەسەرووی ئەم شوێنەوار و پاشماوانەوە دابنێم. بەڵام هیوادارم گرنگی و دەوری بنەڕەتی وێنە و نووسراوەبەردینەکان و نەخشەهەڵکەنراوەکان و ئەو پەیکەرانەی کە ڕۆژگارێك بەفراوانی لە مێهرابەکانی میترایی دا هەبوونە، بەتەواوی ڕاڤە و شرۆڤەم کردبن. بەڵام زۆر ئاستەنگە وردەکارییەکانی ئەم نەخشە ڕەمزیانە کە بەزمانێکی ڕەوانبێژیانە و نهێنیانە دەربڕاون، ڕوونبکرێنەوە.

ئەو توێژینەوە و بەڵگە و بیروڕایانەی کە لەم کتێبەدا پێشکەشکران، چڕکراوەیەکی ئەو زانیاریانەن کە بە تایبەتمەندیەکانی ئایینی میترایی و بەپێی سەروچاوەکانیان ڕێکخراون.* ئەم زانیاریانە تاڕادەیەك گشت خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە پێویستەکان بەدەستی خوێنەران دەگەیێنن. بێگومان دەبێ بڵێین کە سنوورێکی بەرفراوان بۆ تێگەیشتن لە گشت خاڵ و بابەتە ڕێکخراوەکان لەئارادانیە، چونکە کۆمەڵە بەربەستێك لەبەردەم گەیشتن بە ئەنجامی بابەتەکان لەئارادابوون، وەکوو نەبوونی سەرچاوەی نووسراو و ناهەماهەنگ بوونی ئەو شتانەی کە لەبەردەست دابوون.

یەکەمین چاپی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٠٠ ز دابەناونیشانی ئایینی میترایی و نهێنیەکانی بڵاوکرایەوە. بەخێرایی داوای چاپی دووەمی کرا. لە چاپی دووەمدا گۆڕانکاریەکی کەم لەناو کتێبەکەدا کرا. بیست و دوو وێنە لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبە دا چاپکرابوون و ئێستا پەنجا وێنەی تێدان. بەشی هونەری میتراییشی بۆ زیادکرا.

لێرەدا دەبێ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەو ڕەخنەگرانە بکەم کە بەوپەڕی دڵنەرمیەوە ئەم کتێبەیان خوێندۆتەوە و بیروڕای خۆیانیان سەبارەت بەم توێژینەوەیە دەربڕیوە. باوەڕی هەموویان توێژینەوە لەم ئایینە پشتگوێخراوە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و

* ئەم کتێبە کە بە قەبارەی گەورە، لە ٩٣١لاپەرەو ٥٠٧ وێنە و ٩ تابلۆی فۆتۆگراڤێر، ٩٩-١٨٩٦ لە برۆکسێل لە چاپ دراوە. کتێبێکی گەورەیە و پڕە لە نووسراوو نووسراوە بەردین و سەرچاوە و شوێنەوارەکانی میترایی کە لە ڕۆژگارە دێرینەکانەوە بەجێ ماون:
Textes et Monuments Fiures relatifs aux mysteres de mithra, brussels, H. Lamertin. 1896-1899.



بەدواداگەڕانێکی تەواو دامەزراوە کە لە گشت سەرچاوەکانەوە بێ هیچ جۆرە مەبەست و ئامانجێکی تایبەت هەڵێنجراوە. کۆمەڵە بابەتێك هەن کە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەست دان لێڵ و نائاشکرا ماونەتەوە و پێویستە ڕوون بکرێنەوە. لەوانەیە ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەوە دەستەبەرکراون لەلایەن کەسانێکەوە پەسندنەکرێن. هیوادارم خوێنەرانی بەڕێز چاوپۆشی لەو هەڵانە بکەن، کە بێگومان بێ ویست و ئیرادەی توێژەر ڕوویانداوە.

**فرانتس کومن**

**ژێنێڤ. یەکەمی مانگی مەی ١٩٠٢**



# بەشی یەکەم

## ئاینی میترایی: لە ئێرانەوە تاکوو بڵاوبوونەوەی لە ڕۆما

# ئایینی میترایی، لە ئێرانەوە تاکوو بڵاوبوونەوەی لە ڕۆما

*[میترا، ئۆستوورەیەك کە میراتی هاوبەشی هیند و ئێرانیەکانە، میترا لە ئاڤێستا و ڤیداکان دا، مۆبەدانی مەزدەیەسنی زەردەشتی و دەستکاری کردنی مێهر یەشت، قووربانی کردن بۆ میهر و ڕێوڕەسمی سەما و ستایشکردن، پلە و پایە و شوێنی میترا لەناو کۆڕی خواوەندانی زەردەشتی دا، ساڵنامەی هەخامەنشی و جەژنی میهرەگان، مۆغان، مۆبەدان، خۆرپەرستی لە وڵاتانی ژێردەستی هەخامەنشیدا، ئاوێتەبوونی ئایینەکانی بابلی لەگەڵ بیر و باوەڕەکانی مەزدەیەسنایی، ئایینی میترایی دوای دەستەڵاتی هەخامەنشەکان، گەشەکردن و پێشکەوتنی تاکوو ئەو کاتەی کە خۆی لە ڕۆژئاوا بینیەوە، شێوە و پشکی کوولتووری یۆنانی لە ئاسیای ناوەندی دا، شێوەی گەیشتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە ئەورووپادا، جیهانی لاتین چۆن ئایینی میترایی پەسندکرد و وەریگرت.]*

لە ڕۆژگارانی زۆر دوور باب و باپیرانی هیندوئێرانییەکان بەرلەوەی کە لە یەکتری جیابنەوە، **میترایان** دەپەرستی و ستایشیان دەکرد. لە سروودەکانی ڤیدایی١ و سروودەکانی ستایشکردنی خواوەندەکاندا کە لە ***ئاڤێستا***دا یەشتییان پێدەگووترێت سروودێکی تێر و تەسەڵ و تایبەت بەم خواوەندە پایە بەرزە بەرچاو دەکەوێت. ئەگەرچی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان دوو ئایینی هیندوئەورووپی لە ئارادایە، بەڵام لەبابەت ئەم خواوەندەوە، خاڵی هاوبەشی سەرەنج ڕاکێش لەنێواندا هەیە و هەر لەبەر ئەمە، سەبارەت بە سەروچاوەی هاوبەشی ئەم دووە، *ئایینی میترایی* وەکوو میراتێکی کۆن وایە. لە هەر دوو ئایینەکەدا *میترا* خواوەندی ڕووناکی و تیشك و ئاسمانە. بەپێی ئەو ئەرك و تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی بەپشتیوانی ڕاستی و دوژمنی سەرسەختی درۆ و ناپاکی دادەنرێت. لە سروودەکانی ڤیدایی و بەرهەمەکانی تری هیندووەکان



ئەو بایەخ و گرنگی و پلە و پایەیەی نیە کە لە ئاڤێستا٢دا بۆی دانراوە و بە لێڵی و ناتەواوی باسی کراوە. یان خود ئەوەی هەبووە وردە وردە لەناوچووە یان ئەوەی کە سازگار بووە بۆ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە، بە ئەنقەست و بەهۆی کۆمەڵێك خواست و ویستەوە بەلاوەیان وەناوە. ئەم جۆرە بەئەنقەست بەولاوەنان و تەرك کردنی خواوەندانی **هیندووئێرانییەکان** لە هەندێ لایەنی تریشەوە بەرچاودەکەوێت. پێدەچێت پلە و پایەی خواوەندەکان دوای جیابوونەوەی **هیندوئێرانیەکان** لە ناو گەلانی ئێرانیدا زۆر دابەزیبێت و وەکوو دێویان لێهاتبێت. هەروەها لە ***ئاڤێستا*** و سەرچاوە **پەهلەویەکاندا** هەندێ لە خواوەندەکانی هیندوەکانیان بەلاوە ناوە و ئەم کارە لە لای هیندووەکانیش ئەنجام دراوە.

هەرچەندە بیرهێنان و ڕێزلێنان و شکۆداری ***میترا*** لەناو سەرچاوەکانی **سانسکریت** وەکوو ***ئاڤێستا*** بایەخدار نیە بەڵام بنچینە و ڕەچەڵەك و ناسنامە ڕەسەنەکەی پارێزراوە. پێدەچێت کە ئەم خواوەندە لە سەرەتادا لە ئەنجوومەنی خواوەندە ***ئاریایی*** **هیندوئێرانییەکان** دا نەبووە، بەڵکوو ***میترا / ڤاروونا*** و پێنج ***ئادیتا٣*** کەیتر کە لە ***ڤیداکان*** دا ستایشیان لێدەکرێت وەکوو ***میترا – ئاهوورا*** و ***ئەمشاسپەندانێك٤*** وان کە لە بارەگای یەزدانی لەدەوری یەزدان کۆبوونەتەوە و لە بنچینەدا هەمان خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی تری ئاسمانین کە گەلانی هیندوئێرانی ستایشکردنی ئەمانەیان لە ئەکەد Accadian یە سامی نەژادەکانی بابلەوە وەرگرت، کە بینای هزری ئایینیان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و پیرۆز ڕاگرتنی ئەستێرەکانی ئاسمانی و ئەستێرەناسی بوو. هەرچەندە نابێ ئەم ڕایەی ئۆڵدنبێرگ Oldenberg* ڕاست بێت چونکە بەهەر جۆرێکیش کە بمانەوێ بە گومانەوە لێی بڕوانین دەبێ بۆ مێژووەکی دێرینی پێشتر لە سەدەی دوازدەمی پێش زایین بگەڕێینەوە، بۆ ڕۆژگارێك کە لەو کاتەوە ناوی میترا بۆمان ناسراوە،(٥) ئەم ناسینە و ئەم پلە و پایە یەزدانیەی میترا لە ڕۆژگارانی دووری مێژوووە تاکوو ڕۆژگاری لەناوچوونی ساسانەکان بەردەوام بووە.

بەپێی ئاڤێستا میترا خواوەندی تیشك و ڕووناکایی ئاسمانییە کە بەر لە سەرهەڵێنانی خۆر و هەڵاتنی ڕۆژ لە لوتکەی بەرزی چیاکانەوە دەدرەوشێتەوە و هەموو ڕۆژێ لەوپەڕی ئاسمانی بەرفراوانەوە بەتەواوی شکۆ و گەورەییەوە لەناو کەژاوەی ئەسپە توندڕەوەکەیدا بۆ ئەوپەڕی تری

*-[Oldenberg: Die Religion des Veda, 1894, p185].

ئاسمان دەڕوات و شەوانەش بە تیشکی بریسکەداری خۆی ڕووناکایی بەزەوی دەبەخشێت. میترا هەمیشە وریا و وشیارە، نە خۆرە و نە مانگ و نە ئەستێرەیە، بەڵام بەردەوام بەهەزار گوێ و هەزار چاو جیهانی لەژێرچاودێری دابووە و هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت و هیچ کەس ناتوانێ فریوی بدات. لەمڕووەوەیە کە خواوەندێکی گەورەیە و چاودێر و ئاگاداری گشت کردار و ڕفتارەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەم جیهانەیە. هەمان ئەو یەزدانەی کە خەڵکی لە کاتی پەیمان و بەڵێن دان، هانای بۆ دەبەن تاکوو شاهید و ئاگادارو یارمەتی دەریان بێت. میترا پشتیوانی ئەو کەسانەیە کە پەیمان و بەڵێنەکانیان بەجێدەگەینن و پەیمان شکێنان سزا دەدات.

ئەو بەخۆی خۆر نیە بەڵکوو تیشك و ڕووناکیە کە لەناوبەری تاریکیە. ژیان و خۆشی بە زەوی دەبەخشێت. بەگەرمای ڕووناکیەکەی دەبێتە هۆی بەپیتی و بەرهەم هاتنی زەوی: میهر[۵] فرمانڕەوای دەشتە بەرفراوانەکانە و نەش و نەما، بەپیتی و فراوانی، مێگەل و ماڵات و منداڵێکی زۆر دەبەخشێت. لە ئاسمانەوە ئاو بۆ سەر زەوی دەبارێنێت و دەبێتە هۆی ڕوانی ڕووەك و تەندرووستی و منداڵ و مێگەل بە ستایشگەران و بەندەکانی خۆی دەبەخشێت. هەم سامان و سەروەت بۆ باوەڕدارەکان فەراهەم دەکات و هەمی بەپیتی و بەرەکەتی مەعنەویشیان بۆ بەدیاری دێنێت. سەروەت و سامان و منداڵ و خانەوادەی باش لەگەڵ ئاسوودەیی دەروونی و بیرمەندی و خۆشناوی و بەختەوەری و شادومانی هاودەم دەکات و دەبێتە هۆی یەکێتی و یەکدڵی و یەکگرتنەوەی باوەڕپێهێنەران و ستایشگەرانی خۆی.

ئەو دێوانەی کە لەناو تاریکایی و نەزانی دا نقووم بوونە و دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی تاوان و نافرمانی و ناپاکی و وشکەساڵی و بێ پیتی زەوی، بەولاوە دەنێت. بەوریایی و وشیاری بەردەوامی خۆی، پاسەوانی و پارێزگاری لە خولقاوە ئاهوورایییەکانی دەکات. بەردەوام لەگەڵ نۆکەرانی ئاهریمەن و دێوانی ناپاك لە جەنگ و ڕکابەری دایە و لە بەرزترین شوێنی ئاسمانەوە ئاگای لە ڕفتار و کرداری دوژمنانە، بەچەشنێك کە بە هەموو باشترین جۆرەکانی چەك ڕازاوەتەوە و ئامادەی جەنگە. وەکوو تۆفان هەڵدەکوتێتە سەر ناپاکان و دوژمنان و تێکیان دەشکێنێ و لەناویان دەبات. حەشارگای خراپکرداران خاپووردەکات و لە کاتی جەنگدا ئەگەر گەلان و خەڵکانی دوژمنی پەیڕەوانەکەی پەنای بۆ ببەن، دادەبەزێت و یارمەتیان دەدات و دوژمنان شکست دەدات و لەناویان دبات. لەکاتی جەنگدا ئەوکاتەی کە لەشکری دوژمن ڕیزی بەستاوە و ڕازاوەتەوە، تیرەکانیان لەڕێ بەدەر دەکات و بەرەو ڕووی خۆیان دەگەڕێنێتەوە. موژدەی سەرکەوتن بە کەسانێك دەدات کە پاك ئایین و باش کردار بن و بە ستایشکردن و



ڕێوڕەسمی پەرستن ڕێزیان لێگرتبێت و قوربانیان بۆ کردبێت و دیاریان پێشکەش کردبێت (زۆربەی ئەم بابەتانە لە یەشتی دەیەمی مێهریەشت[٦] دا هاتووە).

بەڵام پێدەچێت ئەم تایبەتمەندیەی میترا کە گوایە خواوەندی یارمەتی دەری سووپاییەکانە، لە ڕۆژگاری هەخامەنشیەکانەوە سەری هەڵدابێت. لەلایەکی ترەوە بەپێی مێهریەشت ئەم تایبەتمەندیە دەبێ بۆ ڕۆژگارێك بگەڕێتەوە کە هۆزەکانی ئێرانی، یان ئێرانییەکان لەگەڵ نائێرانییەکان (=ئەنیران) بەردەوام لە جەنگ و ڕکابەری یەکتری دابوونە، کە مێهر بەخۆی دەڵێت: لە بەرەکانی جەنگدا یارمەتی کەسانێك دەدات و بەسەر دوژمناندا سەریان دەکەوێنێ کە داوای یارمەتی لێبکەن و هانای بۆ بێنن. لە لایەکی تریشەوە نابێ ئەم تایبەتمەندیە فەرامۆش بکەین کە لە سەرانسەری مێژوو و هزری ئایینی و ئەساتیری ئێران جەنگ و ڕکابەری لە نیوان تاریکی و ڕووناکاییدا، هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو سیمایەی کە لە ئاڤێستادا لەم خواوەندەی هیندوئێرانیەکان پێشکەشکراوە هەمان ئەو سیما یەزدانیەیە کە لە ڤیداکاندا بەشێوەیەکی لێڵ و نادیار پێشکەشکراوە و دوواتر ئەم نادیاریە لە ئایینی مەزدەیەسناییدا، ئاشکرایی و ڕوونیەکی وەرگرتووە.

هەروەك باسکرا لە ئاڤێستادا بەتایبەت لە مێهریەشت و مێهرنیایش سیمای دیار و مەودافراوانی ئەم خواوەندە کە لەناو خواوەندەکاندا گەورەترینە بە ئاشکرایی نوێنراوە، بەڵام لە ئایینی زەردەشتیدا هەوڵدراوە تاکوو لەبایەخ و گرنگی و هێز و توانای ئەم خواوەندە کەم بکرێتەوە. ئەو کارەی کە لەگەڵ خواوەندەکانی تر و یەشتەکانی تایبەت بە ئەوانیش کراوە. لەم دەستکاری کردنانەدا کە مۆبەدەکان[۷]* لە یەشتەکانی ئاڤێستادا کردوویانن، میترا بۆ ئەوەی ڕێگەی بکەوێتە بەهەشتی زەردەشتییەوە ناچارە ملکەجی داب و نەریتەکانی ئەم ئایینە بێت.

* [پێدەچێت "موبەدان" یان "مۆغەکان" تەنیا ناونیشانێك نەبێت بۆ پلەوپایەکی ئایینی یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراو. "ڕەزی" پێشتر لە کتێبی مێژووی لێکۆلینەوە لە ئایینەکانی ئێرانی لەم بارەیەوە کۆمەڵە توێژینەوەیەکی پێشکەش کردووە. مۆبەدانی ڕۆژگاری ساسانی، هەمان ئەوکەسانەن کە باش ئایینی یان ئایینی پاکی "مەزدەیەسنایی" یان بەدی هێنا. وەك ئەو شێوازە ئایینیەی کە چەندین سەدەیە ناوی زەردەشتیگەری بەدکردووە و بووە هۆکاری لە ناوچوونی ئیمپراتۆری ساسانی. جیاوازی نێوان "مۆغ" و "مۆبەد" لە سەرچاوەکانی یۆنانی بە ئاشکرایی دیارە، لەلایەکی ترەوە جیاوازی نێوان مۆغ و مۆبەد لە گوزارشە کۆنەکانی "مۆبەدانی زەردەشتی" ڕۆژگاری ساسانیان تاکوو ئەمڕۆش بەرچاوە. بێگومان بەڕای توێژەران هیچ گومانێك لە شوێن و سەروچاوەی مۆغەکان بەدی ناکرێ. (ڕای مۆلتۆن لە: Early Zoroastrianism,pp,182 ff

بەپێی یەزدان ناسی ئایینی زەردەشتی، ئاهوورامەزدا سەروەر و گەورەترین خواوەندنی ئاسمانە و هیچ کام لە خواوەندەکان ناگەن بە پلە و پایەی ئەو، ئەگەرچی بە گوێرەی کاریگەری و دەستەڵات و پلە و پایەی میترا لە یەشتی٨ دەیەم دا، ئاهوورا مەزدا بەم چەشنە زەردەشت دەدوێنێ: لە گەورەیی و پلە و پایەدا میترام هاوچەشنی خۆم خولقاندووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

جیاوازە) ئەوان نە ئارایی بوونە و نە سامی نەژاد (ڤیندیداد، بەرگی یەکەم پێشەکی، تاران ١٣٧٦)، بەڵکوو هۆز یان نەتەوەیەکی ڕەسەن و خۆماڵی بوون کە بەرێوەبردنی کاروباری ئایینی وەکوو: جادوو- پزیشك، نواندن، گرتن و دەرکردنی درنج، جادووگەری، پێشگۆیی، بانگەشەکردنی گیان و ڕۆح، بەرەشنۆم یان ڕێوڕەسمی پاکژکردنەوە کە دەرکردنی دێو و درنج و پەری لەناولەشی ئادەمیزادە و... بە ئەستۆوە بوو و هەروەها جێبەجێکردنی بنەما و ڕێورەسمە خورافییە ڤیندیدایەکان و ئەشکەنجە و ئازار دانە توندو تیژەکانی ئەم ڕێورەسمانەیان بە ئەستۆوە بوو. ئەم مۆغانە بەتەنیایی بوونە هۆکارێك بۆ لەناوچوون و کزبوون و بەدناوی ئایینی زەردەشتی. ئەمانە ڕێورەسمی نەشیاوی جووت بوون لەگەڵ خزمانی دەرەجە یەك (دایك و خوشك و هتە...)، خۆر نێگەرێشنی، یان لاشەی مردوو لەبەردەم باڵندەی گۆشتخۆردانان و لەناوبردنی کۆمەڵە نەریتێکی تریان بەخیانەتەوە ئاخنیە ناو ئایینی زەردەشتی. هەروەها ئەو دوولایەنیەتیە ڕەهایەی کە هۆکاری ناکامبوونی هزری زەردەشتیەکانی دوای ڕۆژگاری ساسانیەکان بوو،- وەکوو بنەمایەکی ڕەسەنی زەردەشتی بڵاوکرایەوە، ئەو بابەتانەی کە لە سەردەمی زەردەشتگەری نوێدا بۆ ئێمە نائاشنا نینە، هەروەها کۆمەڵە بیرو بۆ چوونێکی تریش لەبەر دەست دانە. مێسیناMessina بە پێچەوانەی ئەوانی تر پێی وایە مۆغەکان یاوەران و پەیرەوانی تایبەتی زەردەشت بوونە و دانانی زاراوەی نێردراوانی پەیامبەر بۆ مۆغ، بەواتای پەرستیاری خواوەندانە (بۆزانیاری زیاتر لە بۆ چوونی مێسینا بڕوانە:

Vrshrung der Magier Passimولەبارەی ئەفلاتوونەوە:

I Alcibades 122 A ,V Bidez-cumout, op. Laud, II, P-22,Clemen, Fontes, P,22.

هەروەها کتێبی مێژووی لێکۆڵینەوە لە ئایینەکانی ئێرانی— و ڤیندیداد)، کەسانێکی وەکوو(دیۆکرێسووستووم) و (ئۆپۆلیووس) یش ئەم واتایەیان بەرجەستەکردووە. ئێسترابۆ پێی وایە مۆغەکان جۆرە ژیانێکی خلۆەیی و گۆشەگیریان هەڵدەبژارد تاکوو بگەنە پلەوپایەی دڵبینی:

V. Bidez-cumont, op, Laud. II, PP. 22-28. Shabo, Xv.31, Clement, Fontes, P. 33.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی زەرڤان نهێنیەکی ئایینی زەردەشتی، زینەر.

R. C. Zaehneer: Zuruan, Azoroastrian Dilemma, P.18\1972.

هەروەها بڕوانە توێژینەوەکانی هاشمی ڕەزی کە ناویان هاتووە.



میترایان لەریزی یەکێك لە ئەمشاسپەندەکانیش دانەنا کە لە بەڕێوەبردنی (جیهانی ئەستوومەند و ماددی) هاریکاری خوای خولقێنەر دەکەن. بەڵکوو خراوەتە ڕیزی خواوەندانی سروشت و خواوەندانی پایە نزمتر. میترا بەهۆی پشتیوانی کردن لە جەنگاوەران و هەروەها بەهۆی یارمەتی دانی پەیڕەوان و باوەڕپێهێنەرانی لەکاتی جەنگ لەگەڵ دوژمندا، بە ڤێرترەغنا Verethraqna (=بارام) یان سەرکەوتووی سەرکەوتووخواز ناوبراوە. بەهۆی ئەوەی کە خاوەن تایبەتمەندی پاسەوانی کردنی ڕاستی و فرمانبەری یاساکانی یەزدانی بوو، بووە هاودەم و هاوڕێی سرووشی پاك و بەهێز. لەگەڵ خواوەند ڕەشن٩ Rasnu وەکوو دادوەر و لەتەك خواوەند ئەرشتات١٠ وەکوو ڕاستکردار هاودەمە. هەروەها هاوشانی ئەشی ڤەنگووهی١١ Asi-Vanguhi یەزدان ژنی سامان و زەنگینی و یەزدان پاڕێندی١٢ Parendi یەزدان ژنی بەپیتی و فراوانی لەلایەن باوەڕپێهێنەران ستایش دەکرێت. میترا پاسەوانی گیان و ڕۆحێکی دادپەروەری دەکرد کە دێوەکان بەدوایەوەبوون تاکوو بۆ دۆزەخ ڕایبکێشن و ئەویش ئەو گیانە پاکە و باشکردارەی بۆ بەهەشت دەگواستەوە. ئەم بیرو باوەڕ و هزرە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بنەمایە کە میترا لەڕیزی ئەو خواوەندانەیە کە گیانی باشکرداران بەرەو بەهەشت ڕێبەری دەکات و لە ڕۆژئاوا ئەم بیروباوەڕە شێوەیەکی بەربڵاوی وەرگرت*.

لەهەمان ئەو ڕۆژگارەدا ئایینی مێهر لە کاتێکدا کە لە چوارچێوەی مەزدەیەسنایی شێوەیەکی تایبەتیان پێبەخشی، کۆمەڵێك ڕێوڕەسمی قوربانیکردنی تێ ئاخنران. بە گوێرەی یەشتەکان یان سروودەکانی ستایشکردن ئەم پێشکەشیانە بۆ خواوەندە گشتیەکان بوون. ئەم قوربانی و پێشکەشیانە بۆ کۆمەڵە خواوەندێکی وەکوو: زامیاد١٣ و بارام و ڤەیوو١٤و یەزدان ژن ئاناهیتا١٥ و ڕەشنۆ و ... تاڕادەیەك یەکسانە و نەریتێکی کۆنە کە مۆبەدانی مەزداییش دژی نەوەستابوون. بەڵام قوربانی کردن بۆ میترا شێوەیەکی توند و تیژی بەخۆیەوەگرت کە لە بەشەکانی تردا باسی لێوەدەکرێت. قوربانی کردن بۆ خواوەند مێهر تەنانەت تاکوو ئەم دواییانەش لەناو زەردەشتیەکاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو باوبوو. قوربانیەکان بەزۆری چوارپێ و باڵندەکانی دەگرتەوە. ڕێوڕەسمی قوربانی کردن لەگەڵ نەریتی سەما و نۆشینی شیرەی مەستی

* بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە خواوەندی هاوڕێی میترا بڕوانە بەشەکانی دواتر. هەروەها کتێبی فەرهەنگی ناوە ئاڤێستاییەکان.

هێنەری هووم١٦ و سروود و کۆرس بەڕێوەدەچوو. ستایشگەران لەم ڕێوڕەسمانەدا لقی بەرسەم١٧ Barsam یان بەدەستەوە دەگرت. بەڵام مێهرئاییینانی تازەفێربوو بەرلەوەی کە بڕۆنە ناو ((مێهرابە، پەرستگە، دەرگای مێهر)) دەبوایە بەرگەی ڕێوڕەسمی شوشتنە درێژخایەنەکان و کۆمەڵێك ئەشکەنجەی وەکوو لێدانی قامچی بگرن. ئەم ڕێوڕەسمە دژوار و پڕئازارانە کە وەکوو تاقیکردنەوە لەناو هەندێ لە گەلان و نەتەوە سەرەتاییەکاندا بۆ مەبەستی هاتنە ناو کۆمەڵەکەیە و وەکوو نەریتی هاتنەناو ئایینەکەیە، دوواتر لە ئیتاڵیادا یەکێك بوو لە مەرجە سەرەکییەکان بۆ تازەفێربووەکان یان مۆغ بەچەکان بۆ هاتنە ناو ئایینەکەوە.

بەم جۆرە بوو کە میترا وەکوو خواوەندەکانی تر هاتە ناو سیستەمی پێکهاتەی ئاییینی زەردەشتیەوە و بەپێی هەمان ئەو پلە و پایەی کە هەیبوو لەناو کۆڕی خواوەندانی ئاسمانیدا شوێنێکی بۆ دیاریکرا و چووە ڕیزی هاوڕێیان و یارانی ئاهوورامەزداوە. بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە بەهۆی ئەو شوێنگە و پلە و پایە شکۆدارەی ڕابردووی میترا، مۆبەدەکان نەیانتوانی سنووری بۆ دابنێن و بیخەنە ژێر سنووری دەستەڵات و گەورەیی ئاورمەزد١٨. لە لایەکی تریش مۆبەدانی مەزدەیەسنایی دەستکاری یەشتەکان واتا سروودەکانی ستایشکردنی خواوەندانی گەورەی ئارياییان دەکرد، ئەوەندە زانا و گشت بین نەبوون کە تەواوی یەشتێك یان سروودێك کە بۆ خواوەندێکی ئاریایی (دەئیۆ، دێو) تەرخانکرابوو، دەستکاری بکەن و تێکی بدەن. تەنیا چەند دەستەواژە و ڕستەیەکیان دەخستە سەر سەرەتاکەی، بۆ نموونە شتێکی لەم چەشنەیان دەردەبڕی و دەیانخستە سەر ((ئەی زەردەشت ستایشی مێهر بکە کە ئاهوورامەزدا ئەوی خولقاند و ...)) یان هەروەها لەبابەت فرەوەشیەکان١٩ و یان ڤەرترەغنا و یان ئەردوویسوورئاناهیتا٢٠. یان لە هەندێ لایەن پلە و پایەی خواوەندگەلێکی گەورە و شکۆداری وەکوو میترایان لەگەڵ ئاهوورامەزدا دا بەیەکسان دادەنا. بەپێی ((مێهریەشت)) یەزدان مێهر لە کۆڕی خواوەندانی ئێراندا، خاوەن پلە و پایەکی بەرزبووە. چەندجار لەگەڵ ئاهوورامەزدا بە یەك ئاست ستایشکراوە و هەندێجار وەکوو جووتێك یان وەك دووانەیەك باسیان لێوەکراوە و ڕووناکایی بەهەشت یان خود بەهەشت لە زاتی ئەوان جیانابێتەوە. ئاهوورا کە گشت بوونەوەرانی خولقاندن میتراشی لە گەورەیی و پەرستنەوە هاوسەنگی خۆی خولقاند. هەرچەندە زیاتر وەکوو ئیزەدێك [یەزەتا Yazata: شایستەی ستایش و پەرستن، کە خودی ئاهووراش بە ((یەزەتا)) ناسرێنراوە] ناسراوە و ناسرێنراوە، بەڵام بەهێزترین و شکۆدارترینیانە و ئاهوورا ئەوی خولقاندووە تاکو پاسەوانی ڕێك و پێکی ئەم جیهانە



بەپیتە بێت*. بەهاوکاری ئەم یەزدانە جەنگاوەرەیە کە ئاهوورا دێوەکان لەناودەبات و ئاهریمەن لەترسان ڕادەکات.

ئەو بابەتانەی کە لە تەواوی مێهریەشت دا دەربڕاون دەکرێ لەگەڵ ئەو گوزارشەی کە پلووتارك Plutarch تیایدا باسی بناغەی پتەوی سێ تویژ و سێ لایەنی پارسەکان دەکات بەراورد بکرێت**:

((ئاهوورامەزدا لە سەرزەمینی ڕووناکی بێ کۆتاییدا، بە مەودایەك لە خۆر کە بەڕادەی مەودای خۆر لە زەویە، فرمانڕەوایی دەکات. ئاهریمەن لە سەرزەمینی تاریکی ڕەهادا بەسەردەبات و میترا دەکەوێتە سنووری نێوان ئەم دووانەوە [میترای ناوەنجی٢١])).

لە بەشی یەکەمی ((بۆندەهیشن))***٢٢یش کە بیروباوەڕی زەروانی تیادا بەڕوونی بەرچاوە لەگەڵ واتایەکی لەم چەشنە ڕووبەڕوو دەبینەوە، بەم جیاوازیە کە لە شوێنی میترا ئەوە ئاتمۆسفێر یان هەوا- و ڤەیوو Vauy یە کە دەکەوێتە نێوان ئاورمەزد و ئاهریمەنەوە و لەناو دێرەکانی یەشت یان سروودەکانی ستایشی یەزدان ڤەیووشدا دەتوانین ئەم بابەتە بەدیاربخەین.

سەرەنجدەدرێت کە سیستەم و پێکهاتە لە هەردوو دەقە ئایینیەکەدا یەك جۆرە و جیاوازیەکە تەنیا لە جێگۆڕکێی ناوی یەزدانێك دایە، چونکە بەپێی بینای فیکری ئێرانیە کۆنەکان سەبارەت بە خواوەندەکان ئەوە هەوا (ڤەیوو) هاوڕێ و پشتیوانی تیشك و ڕووناکییە و پەیوەندیەکی بەردەوام و دانەپچڕاوی لەگەڵدا هەیە.

لەم سیستەمەدا خواوەندی بەدیهێنەر لە بەرزترین شوێنی ئاسماندا لە سەرووی شوێنگەی ئەستێرەکانەوە و لەو شوێنەی کە ئارامی و ڕووناکی بێ کۆتایی زاڵە، لەسەر تەختی زێڕین دانیشتووە و لە سنووری ژێردەستەڵاتی ئەو یەزدانێك دەستەڵاتدارە کە نوێنەر و گوێڕایەلی

---

* بەشتی دەیەم، بەندی ١٠٣.

** plutarch: de iside et osiride. 46-47.Textes etmonumnts, vol.II, P.33 **

***West:pahavi exts,l ( also, sacved Books of the East, V), 1880,P.3,et seq.***

خوای گەورەیە و پێشڕەو و ڕابەری سووپای ئاسمانیە و بەردەوام لەگەڵ گیانی تاریکی و ئاهریمەن و بەکرێگیراوانیدا لە جەنگ و ململانێ دایە و ئاهریمەن بۆ مەبەستی سەرکەوتن لەم ڕکابەریە، لە قووڵایی دۆزەخەوە دێوەکانی بەرەو سنووری دەستەڵاتی ئەو ڕاگوێزاوە.

ئەو بیروباوەڕەی کە بەپێی بۆندەهیش بە دەستی ئێمە گەیشتووە، ڕوونتر و ئاشکراتر لەو بیروباوەڕانەیە کە لە زەردەشتەوە بە ئێمە گەیشتوون و پێدەچێت کە لە باوەڕی هەخامەنشەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

## میترا لە ڕۆژگاری هەخامەنشیەکاندا

لە ئایینی نوێی زەردەشتیدا[٢٣] کۆمەڵێك ئەرك و ڕۆڵی دیاریکراو بۆ میترا دیاری کرابوون. کۆمەڵێك بەڵگە ئەم بابەتە دەسەلمێنن. لە سەردەمی هەخامەنشیەکانیش میترا سەرەنجی پێدرا و چەندینجار لەگەڵ یەزدان ژن ئاناهیتا ستایشکراوە کە هەردوویان لەتەك ئاهوورامەزدا وەستاون. پاشاکان خۆیان بە نیازمەندی ئەو زانیووە و داوای یارمەتی و پشتیوانی و پارێزگاریان لێی کردووە. لە نیایشەکانیان دا دەیانخواست شایەدی ئەوەیان بۆ بدات کە باوەڕیان بە خواوەندی ئەو هەیە و لە شەوی پێش جەنگدا ڕێوڕەسمی پەرستن و ستایشکردنی ئەم خواوەندە بەڕێوەدەچوو. بێ گومان ئەوان بڕوایان وایە کە سەرکەوتنیان لە جەنگ بەندەبە بە سەرەنجی یەزدانیەوەو و بڕوایان وابوو کە شکۆ و گەورەیی پاشایی: کەڤائییم خوەڕێنوو[٢٤] Kavaem-Xvareno لەلایەن ئەوەوە پێشکەشی پاشاکان دەکرێت. بەپێی بیروباوەڕی مەزدەیەسنایی شکۆ و فەڕی پاشایی هێزێکە کە گەوهەری بریسکەداری سەرکەوتن لەگەڵ خۆیدا دێنێ و دەبێتە هۆی هێز و توانا و دەستەڵات و لێهاتوویی پاشایی. توێژی خانەدان و ناوداریش گوێڕایەلی پاشاکانیان بوون و بەجۆرێك هەوڵیان دەدا تاکوو ببنە هۆی دڵشادی و ڕەزامەندی یەزدان، و زۆربەی ناوەکانی ئەم توێژانە ناوی لێکدراوبوون و ناوی میترا بەشێکی ئەم ناوە لێکدراوانە بوو.

بەم چەشنە لە ناو ئایینی فەرمی دا میترا پلە و پایەیەکی بەرزی پێدرا. لە ساڵژمێری فەرمیدا، ناوی میترا بۆ هەوتەمین مانگی ساڵ هەڵبژێردراوە. هەروەها ناوی شانزدەمین ڕۆژی هەموو مانگەکیش لە ناوی ئەو وەرگیراوە. بەم پێیە کاتێك ئەم ناوە لە ساڵژمێردا لە مانگ و ڕۆژ دەگەیشتنە یەکتری، واتا شانزەی مانگی مێهر کە ڕۆژی مێهرەگانی[٢٥] پێگووتراوە جەژنێکی شکۆدار و گەورە لە سەرانسەری نیشتیمانی هەخامەنشدا بەرپادەکرا و جەژنی مێهرەگان لە ڕۆژگاری هەخامەنشدا لە جەژنی نەورۆز شکۆدارتر و خۆشتر بەڕێوەدەچوو.



کتێزیاس[*] Ctesias کۆمەڵێك بابەتی سەبارەت بە جەژنی میترا نووسیوە و دەڵێت:

((لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی جەژنی میترا، پاشا جل و بەرگی تایبەت و سوور لەبەر دەکات و سەربەستبوو تاکوو لە ڕێوڕەسمی مەینۆشیندا تا ئەو ڕادەیەی کە بیەوێ زێدەڕەوی بکات و لە ڕێوڕەسمی تایبەتدا سەما و خۆشی بکات...))

بێگومان ڕێوڕەسمی جەژنی میترا لەگەڵ کۆمەڵێك نەریتی ئایینی بەڕێوەدەچوو و لەماوەی جەژنەکەدا کە لەگەڵ خواردنەوە و نۆشینی شەربەتی مەستی هێنەری هووم و ڕەقس و سەما و کۆرس و سروود و ئاواز بەڕێوەدەچوو، پاشا و دیوانداره‌کانیش بەژداربوون و ڕێوڕەسمی قوربانیکردن لەلایەن پاشا و دەستەڵاتەوە جێبەجێدەکرا و ئەم جەژنە لە سەرانسەری ناوچەکانی ئاسیای گەورە باوبووە و مێهرەگانی پێگووتراوە. ئەم جەژنە هەروا بەردەوام بووە و لەدوای ساسانیەکانیش لە سەرانسەری مەڵبەندی فرمانڕەوایی ئیسلامیدا وەکوو جەژنی نەورۆز بەرپادەکرا[**]. میترا تەنیا خواوەندێکی ئێرانی کۆن بوو کە لە یۆنانی کۆندا ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد و لەلایەن کۆمەڵێك ئیمپراتۆریەتی گەورەی ڕۆژئاواییەوە ستایشکرا، بە چەشنێك کە لە ڕۆما ڕێۆڕەسمی بنچینەیی و سەرەکی ئەم ئایینە لەلایەن ئەوانەوە جێبەجێدەکرا و لەڕاستیدا ئەوان کاهینانی تایبەتی میترا بوون.

ئایینی میترا لەلایەن پاشاکان و خانەدانان و سووپاییەکانەوە ڕێزی لێدەگیرا و پشتیوانیان لێیدەکرد. زانیبوویان کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە و تەشەنەکردنی بۆناو ویلایەت و ساتراپ نشینەکان[٢٦] هێز و دەستەڵاتیان پتەودەبێت. لە نووسراوە بەردینەکانی ئەردەشێردا، میترا و (یەزدان ژن ئاناهیتا) لەڕیزی ئاورمەزد ستایشکراون و پاشاکان ئەم خواوەندانەیان بە پشتیوانی خۆیان دادەنا و باوەڕیان وابووە کە پاشایەتی و دەستەڵاتداری بەخششێکە لەلایەن ئەوانەوە. لەکاتی جەنگ لە شەوی پێش جەنگ و پێکدادانەدا ڕێوڕەسمی ستایشکردنیان بەرپادەکرد. بێ گومان ئەوان پێیان وابووە کە میترا خواوەندێکە کە لەکاتی جەنگدا دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پاشاکان و شکۆی پاشایی (شکۆی کیانی) یان پێدەبەخشێت. بەپێی ئایینی

---

* Ctesias, Apud., X., 45(texts monument, here after cited as "T.etm.," vol, II, p.10.

** ساڵنامە و جەژناکانی ئێرانی کۆن، چاپی سێیەم. بەشی مێهرەگان. هەروەها بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە جەژنی مێهرەگان و میترا، بڕوانە مێژووی ئاینی پڕنهێنی میترایی، بەشی مێهرەگان.

میترایی شکۆ و فەڕی کیانی هێزێکی نادیار و کارا و سەرکەوتن هێنەربوو کە بەپێی خواستی میترا بە فرمانڕەواکان دەدرا و لە زامیادیەشت٢٧ و مێهریەشت بەڕوونی باسی پەیوەندی شکۆی کیانی بە میترا کراوە. خانەدانەکانیش ژیان و بەختەوەری و سەرکەوتن و گەورەیی و سامانی خۆیان لە دیاریەکانی میترا دەزانی و بۆ پیشاندانی بەندەیی و گوێڕایەلی و وەرگرتنی دۆخێکی پیرۆز، پێکهاتەیەك لە ناوی ئەم خواوەندەیان بۆ خۆیان و منداڵەکانیان هەڵدەبژارد.

## ئایینی میترایی لە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی ئێران تاکوو ڕۆژگاری لە ناوچوونی هەخانەنشیەکان

بەفرمانی ئەردەشێری هەخامەنشی پەیکەری یەزدان ژن ئاناهیتا لە ناوچە جۆراوجۆرەکان دادەنرا: سەبارەت بەم پەیکەرانە لە دیمەشق و شووش و ئێکباتان و تەختی جەمشید و بەتایبەت لە بابل کە هەوارگەی زستانی پاشا و شوێنی نیشتەجێبوونی زۆربەی مۆبەدە ڕاسپێردراوەکانی ئیمپراتۆری بوو کە ((مۆغ))٢٨ یان پێدەگووترا، کۆمەڵێك زانیاریمان بەدەست هێناوە. مۆغەکان پلە و پایەکی بەرزتر لە پیاوانی ئایینی ناوچەییان هەبوو و خاوەن کۆمەڵە ئیمتیازاتێك بوون کە دەیانتوانی دەستەڵات و توانایی پیاوانی ئایینی و مۆغانی ناوچەیی سنووردار بکەن. بەم چەشنەبوو کە قوتابخانەی فیکری کلدانیەکان لەگەڵ بیروباوەڕ و هزری سەرەتایی مەزداپەرستی هاوئاهەنگی پەیداکرد. ئۆستوورەکانی ئەم دوو ئایینە بەم چەشنە لەیەك نزیك کەوتنەوە، خواوەندەکانیان بوونە یەك و ستایشکردنی ئەستێرە و دیاردە ئاسمانییەکان کە لەناو بابلییەکان باوبوو، لەگەڵ ئۆستووره سروشتییەکانی ئێرانییەکان ئاوێتە کرا. ستایشکردنی ئەستێرە و دیاردە ئاسمانییەکان کە هەمان ئەستێرەناسی بابلی بوو، بەرهەمی ئەزموون و دۆزینەوەکانی سەدان ساڵەی دانیشتوانی سامی نەژادی بابلی بوو. ئاهوورامەزدا لەگەڵ بەعلّ Bal کە خواوەندی ئاسمان بوو بەیەك دانرا. ئاناهیتا لەگەڵ ئیشتار Istar کە ئەستێرەی زۆهرە و خواوەند و یەزدان ژنی خۆشەویستی بوو بەراوردکرا. میتراش شوێنی لەگەڵ خۆر یان شەمەس Samas گۆڕاو. لە بابل شەمەسیش وەکوو میترای ئێرانی خواوەندی دادپەروەری و پەیمان و بەڵێن بوو و وەکوو مێهر لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوە لە بەرزترین لوتکەکانی چیا بەدیاردەکەوت و ڕێڕەوی ڕۆژانە و بەردەوامی خۆی لە پانتایی ئاسمانەوە بە سواری کەژاوەی پڕشەنگدار دەپێوا. هەروەها وەکوو میترا سەرکەوتن و سەرفرازی بە جەنگاوەران دەبەخشی و پشتیوان و پارێزەری دەستەڵاتی فرمانڕەوایان بوو. پێکهاتەیەکی



ئاوەها بووە هۆی دەستەڵات و بەرفراوانبوونی سنووری دەستەڵات و تەشەنەکردنی مێهر، بەچەشنێك کە بەتەلمیووس دەڵێت: ئەم خواوەندە بەتوانا خۆریە (هەتاویە) یان لە سەرتاسەری نیشتیمانەکانی نێوان هیند و ئاشووردا دەپەرستی*.

بەڵام بابل شوێنێکە کە ئایینی میترایی لەوێوە زۆر بەخێرایی بڵاوبۆوە. مۆغانی میترایی بەخێرایی لە نێوان دوو ڕووبار Mesopotamia ـــ بين النهرين ـــ ەوە تاکوو ناوەندی ئاسیای بچووك ڕۆیشتن. لە سەرەتاکانی دەستەڵاتداری ئیمپراتۆری هەخامەنشی زۆربەی مۆغەکان لە ئەرمینیا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینە کرد. لەم نیشتیمانە دا ئایینی ڕەسەنی ناوچەیی بە ئەسپایی کەوتە ژێر کاریگەری ئایینی میتراییەوە. لە قسەکانی (ئێسترابۆ) واپێدەچێت مێهرئایینان٢٩ لە ڕۆژگاری ئەودا کە هێشتا پەرستگەکانیان لە کاپادۆکیا Cappadocia بەرپابوون، زۆر دوورتر ڕۆیشتبوون. بەڵام لە ڕۆژگارێکی بەرلەوە ئایینی میترایییان بەرەو ((پۆنتووس، گالاتیا، فریژی Phrygia, Galatia, Pontus یش گواستبۆوە. جێنشینەکانیان لە ((لیدیا)) لە ڕۆژگاری دەستەڵاتداری (ئانتۆنیۆنەکان)) Antonines لە شوێنە پیرۆزەکان سروودە تایبەتەکانی خۆیانیان بە ناوی کوڕووش بەشێوەی کۆرس و ئاواز دەخوێندەوە. چارەنووس وایکرد کە ئەم ئەنجوومەنە مێهرئایینیانە دوای سەرکەوتن و زاڵبوونی مەسیحیەت، لە دەست درێژی و ڕەگەزپەرستی و لەناوبردن لەلایەن مەسیحیەکانەوە ئاسوودە بن و داب و نەریت و ڕێوەڕەسمەکانیان تاکوو سەدەی پێنجەمیش هەروەها بەردەوام بوو.

لە سەرەتادا واپێدەچێت دوای داریووش ئەم ئایینە وەکوو پێویست بایەخی پێنەدراوە و یان لە پاش ئەو وای بۆچوون کە ئایینێکی لەم چەشنە خراپ و زیان بەخشە. بەڵام لەناوچوونی دەستەڵاتی هەخامەنشی بەپێچەوانەوە بووە هۆی پێشکەوتن و گەشەکران و تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی چونکە جێگرەکانی ئەسکەندەر بوونە پشتیوانانێکی شایستە بۆ ئەم ئایینە.

دوای ڕووخانی دەوڵەتی هەخامەنشی و سەرکەوتنی ئەسکەندەر (٣٢٣ ی پێش زایین) ئەو خانەوادانەی کە خزمایەتیان لەگەڵ ئەسکەندەر هەبوو و لە پۆنتووس، کاپادۆکیا، ئەرمینیا و کۆماژن Commagene دا مانەوە و بۆ ئەوەی کە پلەوپایەی خۆیان بسەلمێنن جاڕی ئەوەیان

* بەتە لمیووس Tetrabibl, II. 2. .

لێدا کە لە پاشماوە و نەژادی هەخامەنشیەکانن، جا نازانین خزمایەتیان هەبووە یان پەیدایان کردووە و یان خود تەنیا قسەیەکە و هیچی تر. بەڵام لە ڕوانگەی کولتوور و ڕەوشت و ڕێوڕەسم و داب و نەریتەوە شانازیان بە ئێرانی بوونی خۆیان دەکرد. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیان دەبوایە دەست بدەنە ئەفراندنی کۆمەڵێك خواوەندی دروستکراو. بەم چەشنە ئەوان لە پەرستن و ڕێزلێنان لە خواوەند و ئەنجوومەنی خواوەندە کۆنە ئاسیاییەکان هەستیان بەجۆرێك گەورەیی و لەخۆباییبوون دەکرد و هۆی ئەمەشیان بۆ ئێرانی بوونیان دەگەڕاندەوە. بەڵام ڕفتارێکی ئەوها نەبووە هۆی ئەوە تاکوو زەخت و گوشار بخرێتە سەر ئایینەکانی تر و هەڵ و مەرج و بارودۆخی دەستەڵاتەکەشیان شایستەی ڕفتارێکی لەم چەشنە نەبوو.

سەرنجێکی تایبەتیان بە بیروباوەڕ و خواوەندەکانی مەزدەیەسنایی دەدا. ڕێزیان لە ئاهورامەزدا و ئۆمانووس Omanos و ڤۆهۆمەنا ٣٠ و ئارتاگنێس Artagnes = ڤێرتراغنا ٣١ Verethraghna (=بارام، ڤەهرام) و ئانائی تیس Anaitis یان ئاناهیتا و خواوەندانی تر دەگرت و ستایشیان دەکردن و باوەڕیان پێدەهێنان.بەڵام میترا لە کۆڕی خواوەندەکانی ئێرانیدا پلەوپایەکی بەرز و شکۆداری پێدرا و بەچەشنێك گەورەیان کرد کە هەر زۆر زوو ناسرا و ناوی میترادانیس Mithradates لە گشت سوێندخواردن و پەیمان و بەڵێنەکاندا دووبارە دەکراوە و لەگشت لایەنەکانی بواری خێزانی خێزانە خانەدان و دەستەڵاتدارەکانیشەوە شوێنی دیار و بەرچاوبوو. هەر بەوجۆرەی کە لەلای دەستەڵاتدارانی هەخامەنشی وەکوو داریووش و ئەردەشێر بە خواوەندی سەرکەوتن بەخش و بەختەوەری هێنەر و گەورەیی بەخش و بە پشتیوانی دەستەڵاتداریان دادەنرا.





**وێنەی ژمارە ١**

ئانتیۆخووس Antiochus ی پاشا و میترا

نەخشێکی هەڵکەنراوی پەرستگەیەکی شکۆداری ئانتیۆخوسی یەکەمین پاشای کۆماژن (٣٤ — ٦٩ی پێش زایین) کە لە چیای نەمروودی سەربە زنجیرەچیاکانی تۆرووس هەڵکەنراوە.

لەسەر نووسراوە بەردینێکی گەورە بە ئاشکرایی پەیمان و داب و نەریت و بیروباوەڕەکانی میترایی کە بەگوێرەی ئەوەوە پاکی و ڕاستی تەنیا شتێکن کە دەستەبەری بەردەوامی تاج و تەختی پاشایەتی و بەختەوەری دەکەن، دەربڕاوە*. ئەم نووسراوە لەلایەن ئانتیۆخوسی یەکەمی ((ئێپیفانس**)) ی خەڵکی ((کۆماژن)) (٣٤ — ٦٩ پێش زایین) کە فرمانڕەوای سنوورێکی بەرفراوانی دۆڵی فورات بوو لە زنجیرە چیاکانی تۆرووس، Taurus لەسەر تەختە بەردێك دۆزراوەتەوە. ئانتیۆخووس پاشای کۆماژێن کوڕی دایکێکی سلووکی سووری و باوکێکە کە گوایە گووتوویەتی(؟) داریووشی یەکەمی کوڕی (ڤیشتاسپ) ە. میراتەکانی ئەساتیری — ئایینی خانەوادەی باوکی و دایکی واتا خواوەندان و ئایینەکانی ئێرانی — یۆنانی ئاوێتەی یەکتری کردن و لەجێگەی ناوی ئانتیۆخووس، ((میتراتس)) ی هەڵبژارد.

* M.,vol.II, p.39,no.I. T.et بەراورد بکرێت لەگەڵ Michel, Recueil inscr, Gr., No.735.

** Antiochus I,. Epiphanes. Of commagene.

بەپێی ئەم ڕەوتە شازادە و خانەدان و مۆبەدە ئێرانیەکانیش لە نیشتیمانە دراوسێکان بەهۆی دزەی کولتوور و ئایین و ئەساتیر و بیروباوەڕەکانی یۆنانی ئەم جۆرە پێکهاتانەیان پەسندکردن و یان بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی. هەخامەنشەکان لە بواری ئایینی و بیروباوەڕەکانی نەتەوەییەوە ئاسانکاریەکی زۆریان کردبوو و هیچ جۆرە توندوتیژیەکیان پیشان نەداوە. بەڵام لەم ناوەدا دەبێ بەچاوێکی تر سەیری ڕۆژگاری ((خەشایارشا)) بکەین. لە نووسراوە بەردینەکانی ئەم فرمانڕەوایەدا توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی و سیاسەتێکی جیاواز لەبابەت ئایینێك کە دەیویست بڵاوبێتەوە و بەتەواوی بۆ ئێمە دیارنیە کە کام ئایینە، بەدیدەکرێت[*]. لە ڕۆژگاری دەستەڵاتداری هەخامەنشیەکاندا کۆمەڵێك نەتەوەی جیاجیا لە نێوان دەریای ڕەش و زنجیرە چیاکانی تۆرووس لە باکووری ڕۆژئاوا لەژێرئاڵای هەخامەنشیدا دەژیان و جابۆیە ئەم ئاسانکاری و ئازادی ئایینیە کە لەلایەن دەستەڵاتی ناوەندیەوە پەیڕەوی دەکرا، جێگەی نیگەرانی بوو. بەڵام ئەو بێ سەروبەریە و شڵەژاویەی کە دوابەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆری ڕوویدا گشت یاسا و بنەماکان و ڕێبازە سیاسی — ئایینیەکانی تێکشکاند. دوو نەژاد و دوو نەتەوەی جیاوازی ئێرانی — یۆنانی لە هەڵ و مەرجی نوێ و تێکەڵبوون لەگەڵ یەکتریدا، سنوورەکانی ڕەگەزپەرستی، ئایین باوەڕی و کولتووریان هەڵپچڕی و ئاسیای گەورە بە قۆناغێکی هاوچەشندا کە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆما ڕوویدا، تێپەڕی. نزیکایەتی و پەیوەندی گشت بیروباوەڕ و ئایینەکان و کولتووری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ئەساتیر و ئایین و فەلسەفەی یۆنانیدا یەکێك لە گەورەترین دیاردە فیکرییەکانی لێکەوتەوە، و لەم قۆناغەدا کێبرکێی نێوان ئایینە جۆراوجۆرەکانی بەرفراوانترکرد.

شێوازەکانی فەلسەفی ـ ئایینی یۆنانییەکان بوونە هۆی ئەوەی تاکوو ئایینەکانی ئاسیایی بکەونە ململانێوە. زۆربەی مۆغانی ئەرمینیا و فریژی و لیدی بەپشت بەستن بە ڕێباز و داب و نەریتە کۆنەکانیان بەبێ هیچ جۆرە ڕەگەزپەرستیەك هەوڵی بەدیهێنانی ئایینی ئاوێتەییان دەدا و وەکوو یەهوودیەکان توانیان کۆمەڵێك فێرگە بۆ پەروەردەکردنی فێرخوازە تازە هاتووەکان

* مێژووی لێکۆلینەوە لە ئاینیەکانی ئێرانی، هاشمی رەزی، لاپەڕە ١٠٨ بەدواوە. کتێبی زەرڤان نهێنیەکی ئایینی زەردەشتی، زینەر، بەشی یەکەم،

Zaehner: Zurvan., pp.38.



دامەزرێنن. دواتر لەبەر ئازار و ئەشکەنجەکانی ئیمپراتۆری ڕۆما ناچاربوون بۆ زێد و شوێنی ڕەسەنی خۆیان بگەڕێنەوە.

بێ گومان دەتوانین دان بەو بیرۆکەیە دابنێین کە بە سەرکەوتنی مەقدوونیەکان و دزەکردن و تەشەنەسەندنی ئایین و کولتووری یۆنانی بۆ ناو ڕۆژهەڵات، ئایینی مێهر شێوە و سیما و قاڵبی یەکجارەکی خۆی وەرگرت؛ بە چەشنێك کە هاوکات لەگەڵ هاتن و بڵاوبوونەوەی لە ڕۆمادا بەشێوەی ئایینێکی تەواو و کامڵی لێهاتبوو و ناتوانین باوەڕبکەین ئایینی مێهرپەرستی بەبێ پێکهاتە و سیستەمێکی ڕێك و داب و نەریت و بیر و هزری ڕێکخراو لە ڕۆما بەوپەڕی بەختەوەری و دڵشادیەوە پەسندبکرێ و باوەشی دڵی بۆ بکرێتەوە. دوور نیە داب و نەریت و بنەما و ڕێورەسم و نیایشەکانی ئەم ئایینە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆمادا، دانرابێت و ڕێکخرابێت. بەڵام بەداخەوە ناتوانین بەدیاربخەین ئەم پێکهاتەیە لە کام نیشتیمان و کام کات و ڕۆژگاری دیاریکراودا ئەو سیما تایبەتەی وەرگرتووە کە لە ئیتاڵیا پیشانی داوە.

لەبەر دەست دانەبوونی بەڵگەی تەواو و بێ ئاگایی توێژەران لە چۆنیەتی ئەو ئایینانەی کە لە ڕۆژگاری ئەسکەندەر و جێگرەکانی، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیان خستۆتە ناو تەم و مژ و لێڵیەوە و هەروەها نەبوونی زانیاری سەبارەت بە باردۆخی ئایینی ئێرانیەکان لە سێ سەدەی یەکەمی پێش زایین یەکێك لەو کیشانەیە کە بۆتە کۆسپ لەبەردەم ناسینی ڕاست و دڵنیاکەرەوەی ئایینی میترایی و هەروەها هۆکاری بڵاوبوونەوەی خێرای ئایینەکە. تەنیا لە سایەی هەوڵە هەڵسەنگراوەکانەکە دەتوانین ئەو هۆکارە سەرەکیانە بدۆزینەوە کە ببوونە هۆی گۆڕانی ئایینی مۆغان بەتایبەتی لە ئاسیای بچووك و ئەو کاریگەریانە پیشان بدەین کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵك و گەلانیترەوە هاتنە ناو ئەم ئایینەوە.

ئایینی مەزدەیەسنایی مۆغان لە ئەرمینیا لەلایەك لەگەڵ بیروباوەڕە ناوچەییەکان و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ بیروباوەڕی خەڵکی سامی نەژادی سوورياييدا تێکەڵبوو. لەم چەشنە گۆڕانکاریانە لە ناوچەکانی تری ئاسیای بچووکیشدا ڕوویاندا. لە ئەنجامدا بووە هۆی دروستبوونی ئەو کۆمەڵە ڕیوایەت و ئەفسانە و ئۆستوورانەی کە سەبارەت بە میترا دروستببوون. لەم ڕووەوەیە کە لە ڕۆژئاوادا هەندێك میترایان بە گەوهەری ئاگر داناوە.



**وێنەی ژمارە ٢**

سکەکانی ئیمپراتۆریەتی تراپیزۆس Trapezus (Trebizond)

وێنەی ستایشگەری میترا کە سواری ئەسپێك بووە و لە ((مرۆڤ- میترا)) دەچێت و پیشاندەری میترایە و لە پۆنتووس Pontus بەیەکەوە ناسراون.

A – سکەی برۆنزی. روی یەکەمی سیکە: نیو پەیکەری ئەلکساندێر سێڤرووس Alexander Severus ە کە جل و بەرگێکی تایبەتی ڕۆمی لەبەرە و تاجێکی لەگەڵا درووستکراوی لەسەرە. هەروەها وێنەیەکی ئاوێتەیی لە ((میترا ــ مرۆڤ)) کە جل و بەرگێکی ڕۆژهەڵاتی و کڵاوێکی فریژی لە سەرناوە و سواری ئەسپ بووە و لە پێش مێهرابەیەکی داگیرساو بەرەو ئاراستەی ڕاست دەڕوات. ڕووەکەی تری سیکەکە:وێنەی دارێك کە گەڵاکانی سێبەری بەسەر سوارەکەدا هەڵکێشاوە

B – سکەکە کە لە سکەی یەکەم دەچێت.

C – ڕووی سیکەکە: ئەلکساندێر سێڤرووس- ڕووی پشتەوە: میترا- یان نموونەی میترائاسا کە سوواری ئەسپ بووە.

D – سکەکی لە نموونە و شێوەی پێشوو: ڕووی پێشەوە وێنەی گۆردیانووس Gordianus ی سێیەم.



هەندێ پێیان وابوو کە ئەو خۆرە و لە ئاوێتەبوونی ئاهوورامەزدا لەگەڵ ((سێپەندارمەذ))٣٢ ی [یەزدان ژنی زەوی] بەدیهاتەوە*. یان وەك کەسایەتیەکیان دانا و گووتیان ڕۆڵەی مرۆڤی فانی یە. بەڵام لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا ئێمە پشت بەم ئەفسانە و چیرۆکانە نابەستین. بنچینەی ئەم جۆرە ئەفسانانە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کە ئیماندارانی ڕۆژئاوایی لەبابەت ئەم خواوەندە ئێرانیە باوەڕیان پێهێنا، جیاوازە. بەڵام ئەو شتەی کە دەبێ تێی بگەین ئەوەیە کە سەروچاوەی ئەم ئەفسانانە، بیروباوەڕە سەرەکی و بنچینەییەکانە کە لەبابەت ئەوەوە هەبوونە و هەروەها جۆری ئەو گۆڕانانەی کە لە ئەرمینیا تێکەڵ بەم بنەما سەرەکیانە ببوون. ئەم ئایینە دێرینە کە پەیڕەوانەکەی ستایشگەرانی ئاگری پیرۆز بوون نەدەکرا بەئاسانی لەگەڵ ئایینەکانی پەرستنی سیبێلێ Cybele سازگاربکرێت.

لەماوەی ئەو چەند سەدەیەی کە مۆغانی کۆچکردوو لە ناوچەکانی ئاسیای بچووك لەناو گەلانی ناوچەیی و ڕەسەندا دەژیان، لەگەڵ ئەوەشدا کە بیروباوەڕەکان لەگەڵ یەکتری دا تێکەڵببوون، هێشتاش لە ژێرکاریگەری یەکتری دابوون. لە پۆنتووس میترایان بە سواری ئەسپ وەکوو مرۆڤێك پیشان داوە. لەم شوێنەدا ئەم خواوەندە وەکوو سەنبوولی مانگ لە سەرانسەری دوورگەدا دەپەرسترا. لە شوێنەکانی تر ئەم خواوەندەیان بە پانتۆڵێکی بەرین و دەلینگ بەرین Anaxyrides پیشانداوە بەشێوەیەك کە ئاتیس Attis مان وەبیردێنێتەوە. لە لیدیا میترا– ئاناهیتا Mithra-Anahita گۆڕا بە سابازیووس– ئانائی تیس Sabazius-Anaithis خواوەندە ناوچەییەکانی ئەم مەڵبەندەش کەوتنە خزمەت میتراوە. ئەوەی بۆمان روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کاهینان و مۆبەدەکانی ئەم ناوچە دواکەوتووانە هەوڵیان دەدا تاکوو خواوەندەکانی خۆیان بگەیێننە پلەوپایەی ئەو خواوەندانەی کە لەلایەن پاشا و فرمانڕەواکانەوە دەپەرستران. بەڵام لەلایەکی ترەوە زانیاریەکانی ئێمە لەبابەت بیروباوەڕەکانی خەڵکی ئەم نیشتیمانانە کەمن و بۆمان ئاشکرانیە ئایینی میترایی تا چ ڕادەیەك کەوتە ژێر کاریگەری ئەم

* ئاماژەیەکە بە ریوایەتی ئێزنیك کە بۆ ڕۆژگاری ساسانییەکان دەگەڕێتەوە و لە کتێبی "رەددی مەزاهیب" لەبەشی ئایینی زەرڤانیدا نوسراوە، (زەرڤان لە هەرێمی ئایین و ئۆستوورەدا): هاشمی رەزی. وەرگێرانی دەقی ئەم ریوایەتە لە بەشی زەرڤاندا هاتووە. هەروەها وەرگێرانی دەقی تەواوی ئەم ریوایەتە لە کتێبی مێژووی پڕنهێنی ئایینی میترای، بەشی سێزدەم و چواردەم هاتووە.

گەلانە و یان بەپێچەوانەوە تا چ ڕادەیەك كاری تێكردن. هەرچی هەبێ ئاشكرایە، ئەم كاریگەریە دوولایەنە بووە، بەڵام ناتوانین چۆنیەتی و شێوەی ئەم كاریگەریانە دەست نیشان بكەین. بەهەرحال ئەوە ئەو ئالۆگۆڕانە بوون كە دوواتر كێشەی دیار و بەرچاوی ئایینی میتراییان لە ڕۆژئاوادا وەكوو ئایینێكی دایك بەدیارخست*.



**وێنەی ژمارە ٣**

لەسەر ڕووی سكەی ((كانێركێس)) Kanerkes و ((هووێركێس)) Hooerkes ی پاشاكانی سەكایی كە لەساڵانی نێوان ٨٧ تاكوو ١٢٩ ی پێش زایین بەسەر بابل و باكووری ڕۆژئاوای هیند فرمانڕەواییان دەكرد، وێنەی میتراو خواوەندانی تری هیندی و یۆنانی و ئێرانی بەرچاودەكەوێت. ئەم سكانە بە بەراوردكردن لەگەڵ سكە ڕۆژئاواییەكان پەیوەندیەكی كەمتریان لەگەڵ میترادا هەیە.بەڵام وەكوو تەنیا نوێنەرانی میترا لە دەرەوەی سنووری ئیمپراتۆری ڕۆما شایانی سەرەنجدانن.

---

* ئەگەرچی "م. جین .ریڤیل" M. Jean Reville لە لێكۆلینەوەكانی لەبابەت یەزدان ناسی:
Etudes de theologie et dhist Pudl. En homage ala Faculte de Montauban. Paris 1901,P.336.
هەوڵیداوە تاكوو لە دەورو و كاریگەری ئایینە ئاسیاییەكان بكۆڵێتەوە كە دەوریان هەبووە لە درووستبوونی ئایینی میترایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوی نەتوانراوە شێوەی بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی یەك لایی بكرێتەوە.



A- ڕووی پێشەوەی سكە: وێنەی كەنێركێس ی پاشا. ڕووی پشتەوەی سكە: وێنەی میترا.

B- ڕووی پێشەوەی سكە: وێنەی هوێئێركێس ی پاشا. ڕووی پشتەوەی سكە. وێنەی میترا.

C- ڕووی پێشەوەی سكە: وێنەی هوێئێركێس ی پاشا. ڕووی پشتەوەی سكە. خواوەندی خۆر و مانگ، میترا.

D- ڕووی پێشەوەی سكە: وێنەی نیوە پەیكەری هوێئێركێس ی پاشا. ڕووی پشتەوەی سكە*، میترا.

---

* بڕوانە بەشی "هونەری میترایی".

## ڕێگاکانی دزەکردن و پەسندکردن و بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە ئەورووپا

ئەوکاتەی کە ئەسکەندەر هێرشی کردەسەر ئاسیا (٣٢٣ - ٣٣٤) ڕووبەڕووی ئایینی بەتوانای مەزدەیەسنایی لە ئاسیا و دەسەڵات و نیشتیمانی بەرفراوانی ئیمپراتۆری ئێران بۆوە. هەر ئەم نیشتیمانە بەرفراوانانە کەوتنە بەر کاریگەری کولتوور و شارستانیەتی یۆنانی. بەڵام کەوتنەبەر ئەم کاریگەرییە، تایبەتمەندی کولتووری ئێرانی و هۆکاری بەردەوامبوونیەتی. ئەگەر سەرەنجی کاریگەریەکانی یۆنان بدەین دەبینین ئایینی ئێرانی هەرگیز ملکەجی ئامانجەکانی یۆنانی نەبوو و کولتووری ئێرانی بەرگی یۆنانی لەبەر نەکرد، بەڵکوو تارادەیەك لە کات و زەمەنێکی دیاریکراو دا ئەوە یۆنان بوو کە بەرەو کولتووری ئێرانی هات و ئێران تایبەتمەندی و سیستەمی پێکهاتە و دەسەڵاتی ڕەوشتی خۆی لەتەك سەربەخۆیی سیاسی بوژاندەوە. توانای بەردەوامبوون و نەگۆڕانی کولتووری ڕەسەنی ئیرانی لەبەرامبەر ئاڵووگۆڕگەلێك کە لە بوارە جیاجیاکاندا لەگەڵ کولتوور و شارستانیەتی یۆنانیدا بەدی دەکرێت، یەکێك لەبەرچاوترین نیشانەکانی پەیوەندی مێژوویی کولتووری لە ئاسیایە. بەڵام لە پەیوەستداربوون بە مۆغانی ئاسیای بچووك کە نیشتەجێی وڵاتەکانی دراوسێی ئێران و یان ناوچەکان و گەلانی سەربە ئێران بوون ئەم دیاردەیە جیاوازبوو. ئەم ناوچانە بەهۆی نزیك بوون لە مەڵبەندە کولتوورییەکانی ڕۆژئاوا لەکاتی دەسەڵاتداری ئەسکەندەر و دوای ئەو، زیاتر کاریان تێکرا. بەڵام یۆنان هەرگیز نەیتوانی بەسەر ئەم ناوچانە و کولتوورەکانی دا زاڵبێت، بەڵکوو هەوڵی چاکسازی ئایینی خۆیانیان دا و خواوەندەکانیان وەکوو ناوکی سەرەکی بە ئۆستوورە و بیروباوەڕەکانی یۆنانی ڕازاندنەوە. بۆ نموونە هەوڵیاندا هاوچەشنیەك لە نێوان بەهەشتی مەزدەیەسنایی و دانیشتوانی ئۆلێمپ دابمەزرێنن. ئاهوورامەزدایان لەگەڵ زیووس، ڤێرترەغنا/ بارام لەگەڵ هەرکوول Heracles ، ئاناهیتا کە گا فدیەکەی بوو لەگەڵ ئارتمیس– تائورۆپۆلۆس -Artemis



Tauroplos بەیەك دادەنران. ئەم هاوچەشنکردنانە نەتەنیا لەلایەك پیشاندەری گەڕاندنەوەی ڕفتار و کرداری خواوەندانی یۆنانی بۆ ڕفتار و کرداری خواوەندانی ئاسیایی بوون بەڵکوو لە بواری هونەری لە پەیکەرتاشی و نەخشە هەڵکەنراوەکانی سەر بەرد و میعماریشدا دەناسرێتەوە. ئەم چەشنە بەوێناکێشانی کەسایەتی (ئەساتیری- ئایینی) یە تاکوو جێگیربوونی ئەفسانەکانی ئۆرێستیس Oreates لە پەرستگەکانی ئارتمیس- تائۆرۆپۆلۆس -Artemis Tauropolos بەرەوپێش ڕۆیشت.

میترا کە پێشتر لە بابل لەگەڵ شەمەشدا بەیەك دادەنرا، لەگەڵ هێلیۆسی خواوەندی خۆری یۆنانی بەیەك دانرا (وێنەی ٥، ٤). بەڵام جێگەی سەرەنجدانە کە لەم یەکساندنانەدا ئەوە هێلیۆس بوو کەوتە ژێرکاریگەری میتراوە. لەم کاتەدا پەیکەرتاشی و بەردتاشی سەرەتایی ڕۆژهەڵاتی گۆڕا و ئەوشێوە و قالبەی وەرگرت کە هونەرمەندانی یۆنانی خواوەندەکانی ئۆلێمپیان پێ دەنواندن. لە هەڵسەنگاندن و ڕادەی کارتێکردن دەبێ سەرەنجی ئەم خاڵە بدەین کە بەشێوەیەکی گشتی خواوەندە ڕۆژهەڵاتییەکانی بەسیمای مرۆیی پیشان نەدەدران و یان لە ماوەیەکی سنووورداری زەمەنیدا لەژێر کاریگەری کولتووری میزۆپۆتامیاوە وەکوو گەلانی ئاشووری و بابلی، شێوەی بوتەکانیان تەنیا وەکوو کۆمەڵە وێنەیەکی نەخشێنراو بەرچاو دەکەوتن. بەڵام بەپێچەوانەوە لە یۆنان پەیکەری خواوەندەکان بە سیمایەکی جوانکاری کراو دەرازێنراوە و ئەمەش بنەمایەکی سەرەکی بوو کە بینای هونەرێکی مەزهەبی بەرزی دامەزراندبوو. بەم چەشنە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو کولتوورەی کە لە ڕوانگەی هونەریەوە یەکێکیان بەرز دەنرخێنرا و ئەویتریان نزم، کولتووورە نزمەکە لاسایی کولتووورە بەرزەکەی کردەوە، بەڵام ئەم لاسایی کردنەوەیە زۆر بایەخدارنەبوو. کەواتا بە وێناکێشانی خواوەندانی مەزدەیەسنایی بەشێوەی پەیکەر و نەخشی هەڵکەنراوی سەر بەرد یان دار و عاجی فیل و نیگارکێشی، بەپێی بنەمای پەیڕەوی کردن و بینای یۆنانی کە بەوپەڕی جوانی و ناسکیەوە دەنوێنرا، بووە هۆی گۆڕانی خواوەندەکان و یەزدانە ڕۆژهەڵاتییەکان. بەم پێیە سیما و قالب و وێنەی پەیکەر و نەخشی هەڵکەنراوی یۆنانی خواوەندە ڕۆژهەڵاتییەکان، بووە هۆکارێك تاکوو ئاسانتر لەلای کۆمەڵانی خەڵکی نیشتیمانەکانی ڕۆژئاوا پەسند بکرێن.

لەم بوارەدا بەیارمەتی کۆمەڵێك پێشینەی مەزهەبی بۆ مەبەستی زیاتر ڕاکێشانی خەڵك بۆ ناو باوەشی ئەم ئایینە لەڕێگەی هونەرەوە دەرفەتێك ڕەخسا تاکوو لە سەدەی دووەمی پێش زاییندا پەیکەرتاشێکی سەربە ڕێبازی پێرگامۆن Pergamon وێنەی میترای لە کاتی

کوشتنی گادا ڕسکاند و لەوکاتەوە ئەمە بووە نەریتێك کە وەها وێنەیەك (نەخشێك) لە هۆڵەکانی مێهرابەدا، لەسەرەوەی شانشیندا شوێنێکی تایبەت بە دەست بێنێ.



**وێنەی ژمارە ٤**

نەخشی هەڵکەنراو. مەرمەڕی سپی. مێهرابەی کاپیتۆل. مۆزەخانەی لوور.

میترا لە ئەشکەوتدا گا دەکاتە قوربانی. گشت پێشهاتەکانی ژیانی میترا لەم نەخشە هەڵکەنراوەدا پیشاندران: دوو یەزدانی مەشغەڵ هەڵگر لە دوو لای میتراوە وەستاون. مار، سەگ، قەڵەباسکە، هێلیووسی خواوەندی خۆر.سێلێن Selen یەزدان ژنی مانگ. کڵاوی فیریژی میترا. گشت ئەم نەخشە هەڵکەنراوانە بەرهەمی دەستی هونەرمەندێکی پێرگامۆنی Pergamon ین. P.194،T.et M.





**وێنەی ژمارە ٥**

میترای گا ئۆژەن.

نەخشی هەڵکەنراوە. پێشتر لە ((دێمۆ ئاندرێ سینکونیا)) Demo andrae cinquinoe بوو و ئێستا لە ((لێنین گراد)) ە. (P.229،T.et M.)



**وێنەی ژمارە ٦**

لەو کۆمەڵە نەخشە هەڵکەنراوەی کە لە مەرمەڕی سپی درووستکراوە.

ڤاتیکان. P. 210،T.et M.

ئەمە تەنیا هونەری یۆنانی ـــ ڕۆمایی نەبوو کە گشت پێداویستیەکانی بۆ پێشکەوتن و بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ئایینی میترایی پێشکەش دەکرد، بەڵکوو فەلسەفەش لەم ڕێگایە دا هەوڵی دا تاکوو پەروەردەکانی ئایینی میترایی لەگەڵ خۆیدا هەماهەنگ بکات. لەم ناوە دا هیچ کام لە ڕێبازە فەلسەفییەکان وەکوو قوتابخانەی ڕەواقی٣٣ بۆ چوونە ناو ئەم ئایینە ئامادە و سازگار نەبوو. هاتنی ئەم ڕێبازە فەلسەفیە بۆ ناو ئەم ئایینە پشکێکی بەرچاوی لە پێکهاتن و ڕێکخستنی بینای ئایینەکە دا هەبوو. دیۆن کریسۆستۆمۆس* Dion chrisostomos ریوایەتێکی کۆنی سروودێك دەگێڕێتەوە کە مۆغەکان بەئاواز خوێندوویانەتەوە. لێکچوونێکی زۆر لەنێوان گێڕانەوەی ئەم ریوایەتە و شێوەیەکی تەمسیلی گیتی ناسی Cosmology ڕەواقی، لەئارا دایە. هەروەها لە ئاوەژووبوونەوە یان گۆڕانی هێزی ڕەواقی زۆربەی بنەما فیکریەکانی ئێرانی لەناو ئاگردانی بیروباوەڕەکانی یەکێتی بوونی زێنۆن Zeno تووشی گۆڕان بوون و بیرمەندان و توێژەران لەکاتی توێژینەوە و قوڵبوونەوە لە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسم و داب و نەریتی نیایشی میترایی ئاگاداری ئەم بنەما فیکریانە دەبوونەوە و گشت ئەم گۆڕانکاریانە لەگەڵ نەریت و بیروباوەڕی مۆبەدانی مەزدەیەسنایی بێ ئەوەی بەخۆیان دەستی تێوەربدەن، هەماهەنگ کران.

هەرچەندە گۆڕانکاری فەلسەفی و خزینی پێکهاتەی ڕۆژئاوایی بینای بیروباوەڕی مۆغانی توشی گۆڕان کرد، بەڵام ئامانجێکی پێشکەش بەوان کرد کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لێی بێ بەشبوون. ئەم بابەتە لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕانی بیروباوەڕی مۆغەکان لەولاوە بووە هۆی ئەوەی زۆرتر هەوڵی پاراستن و پارێزگاری کردن لە میراتی ڕەسەنی خۆیان بدەن. ئەوەی ڕاستی بێت فەلسەفە بە پۆشاندنی ئەفسانە لەناو بەرگی سمبول و خوازەدا شێوەیەکی ماقووڵی پێبەخشی و کۆمەڵێك ڕاڤە و شیکردنەوەی مەنتیقی بۆ ئەو بەشانەی کە نارێك و لێڵ و ناروون بوون پێشکەشکرد کە بوونە هۆی ئەوە تاکوو ئەم چەشنە بیروباوەڕانە لە سیما و پەیکەرێکی نوێدا خۆیان بنوێنن.

* بڕوانە بەشی کۆتایی لەژێر ناونیشانی هونەری میترایی.

Dioa chryso, or., XXXVI.,chap,39,et seq.(T.etm,. Vol. II.,P.60, No.461).





**وێنەی ژمارە ٧**

یەکێك لە کۆنترین نموونەکانی پێرگامۆن. بەشێکی دۆزراوەی میترای گا ئۆژەن.
لە مەڕمەڕی سپیە و لە مۆزەخانەی هونەرە جوانەکانی بۆستۆن پارێزگاری لێدەکرێت.

ئەگەرچی بینای یەزدانناسی ئایینی میترایی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەرداهات، بەڵام داب و نەریتی نیایش و ڕێوڕەسمی نیایشەکان وەك خۆیان مانەوە. گۆڕانی یەزدانناسیش لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە خواوەندانی هاوڕێی میترا کە لە ئاڤێستا ـــ ڕیگ ڤیدا مێهریەشت، یەشتی دەیەم- ئاماژەیان پێکراوە لە ڕۆژئاوادا شوێنی خۆیان بە خواوەندانی ئەورووپی بەخشی. بێگومان ئەو نەریتانەی کە پێشاندەری خورافەپەرستی و سنووریداری و ڕێوڕەسمی وشکی پاکبوونەوە و هەبوونی جیهانێکی پڕلە گیانی ناپاك و ناشرین و دڕنج و دێو و هەروەها ئەو سزا قورسانەی کە لە کتێبەکانی وەکوو ڤێندیداد ٣٤ Vendidad دا هاتووە، بۆ ڕۆژگاری پێش ساسانیەکان دەگەڕێنەوە. ڕێوڕەسمی قوربانیکردن کە بەپێی گوتەی ئێسترابۆ (نزیکەی ٦٣ ی پێش زایین تاکوو ٢١ ی زایینی) لەلایەن مۆغانی کاپادۆکیاوە بەڕێوەدەچوو، ڕێوڕەسم و نەریتەکانی ئاڤێستامان بیردەخاتەوە. ئەم نیایشانە بریتیبوون لەو نیایشانەی کە بە شێوەی ئاوازی کۆرس و تاك خوانی بەڕێوەدەچوون، لەوەڵامدا و بەئاواز زەوت ـــ ڕاسپی٣٥ یان لەبەردەم ئاگری پیرۆز دەدرکاند، لقی بەرسەم [ =بەرێسمان Baresman] یان بەدەستەوە بوو و پێشکەشکردنی ئابزوور٣٦ [ زائوترا Zaothra ] و شیر و هەنگوین [هووم ـــ پەراهووم ] لەکاتێك دا کە پەنام٣٧ Panam یان لە دەم و ڕوخساریان بەستابوو بۆ ئەوەی لەکاتی دەرکردنی هەناسە ئاگری پیرۆزدا پیس نەکەن و

لە نووسراوە بەردینەکەی ئانتیۆخووس ( ٣٤ — ٦٩ ی پێش زایین) لەناو ئەو یاسایانەی کە دایناون کۆمەڵە دەستوور و یاسایەك سەبارەت بە پاراستن و ڕێزلێنان و وەفاداری سەبارەت بەوان بەرچاو دەکەون. ئانتیۆخۆس لە بینای داب و نەریتی ئێرانی و یۆنانی ڕازیە، بەهۆی پەرستنی ئەو خواوەندانەی کە لەلایەن باب و باپیرانییەوە پەرستراون. هەروەها دەیویست پیاوانی ئایینی کە لە پەرستگە تازە دروستکراوەکاندا ڕێوڕەسمی ئایینیان بەڕێوەدەبرد جل و بەرگی تایبەتی مۆبەدانی ئێرانی لەبەر بکەن و ڕێوڕەسمەکانیش بەشێوە ئێرانیەکەی جێبەجێکرابان(بەرێوەچوویان).



**وێنەی ژمارە ٨**

ئانتیۆخۆس پاشای کۆماژێن و ئاهوورامەزدا

نەخشێکی هەڵکەنراوی پەرستنگەی ئانتیۆخۆسی یەکەم، کۆماژێن (٣٤ — ٦٩ ی پێش زایین) لە تۆرووس- نەمروودکێو. .T.et، M.p ،188

لە ساڵژمێری ئێرانیدا شانزەمین ڕۆژی هەموو مانگێك بەناوی میترا و تایبەت بەم خواوەندە بوو. ئانتیۆخووس ڕایگەیاند ئەمرۆژە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەوە. پاش تێپەڕینی ڕۆژگارێکی زۆر یەکێك بەناوی لووسین Lucian کە خەڵکی کۆماژێن بوو ڕەخنەی لە ڕێوڕەسمێکی مۆغانە گرتبوو کە لە زێدی ئەودا بەڕێوەچووبوو. لە نووسینێکی



ڕوونکەرەوانەدا ڕەخنەی لە و ڕێوڕەسمی شوشتن و پاکبوونەوە و دوعا و وێردە درێژخایەنانە گرتبوو کە بەدزی و لەناو دەم دا دەردەبڕان و گاڵتەی بەو ڕێبوارانە دەکرد کە لە کاتی مەراسیمەکەدا جل و بەرگی درێژ و تەنپۆشی مۆغانی مادیان لەبەردابوو. هەروەها لۆمەی خەڵکی شاری خۆی و یۆنانیەکانیشی کرد* بەهۆی بەرپاکردنی ئەم جۆرە ڕێوڕەسمە بێهوودە و پوچانە کە لە نەزانیەوە سەریان هەڵدابوو**.

دوای سەرکەوتن و زاڵبوونی ڕەوتی ئایینی مەسیحی بەسەر ئایینی میتراییدا، دەروونی سەخت و نەگۆڕی مۆغانی کاپادۆکیە و سوربوون و پێداگرتن لەسەر پاراستنی نەریتە دێرین و بۆماوەییەکان کە بەشێوەیەکی توندوتیژانە بەڕێوەدەچوون گۆڕانکارییان بەسەر دانەهات. بازیلی پیرۆز St.Basil لە ڕاپۆرتەکانی دا توێژەرانی ئاگادار کردۆتەوە کە تاکوو کۆتایی سەدەی چوارەم ئەم گیان و هەڵسووکەوت و ڕفتارە گۆڕانێکی بەسەردانەهات.***

بێگومان ئایینی میترایی لە ڕۆما زۆربەی ڕێوڕەسم و داب و نەریتەکانی نیایش و پەرستنی ئایینی مەزدەیەسنایی پاراستبوو، کە ڕۆژگارێك لەناو ئەم ئایینە دا پشتگوێ خرابوون و لە ئاسیای بچووك بەڕێوەدەچوون. گەورەترین داهێنان لەم کاتەدا دانانی زمانی لاتینی و یۆنانی وەکوو زمانی ئایینی لە شوێن زمانی پارسی/ فارسی بوو. ئەم بابەتە بووە هۆیەك تاکوو هەندێك لە دەقە نووسراوەکانی ئێرانی بپارێزرێن. پێدەچێت پاش ئەسکەندەر و جێنشینەکانی ئەو سروود و دەقانەی کە بەشێوەی سەرزارەکی گواسترابوونەوە بۆمەبەستی پاراستن و لەناو نەچوون کۆکرانەوە و شێوەی نووسراویان پێدرا. بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووە گواستنەوە و چوونە

* Lus., Menipp, c,6 (T.et, m,vol. II, p ,22)

** Lus, Deorum Conc, c,9 . jup, trag . c.8, C.13 (T.et M Ibid.)
Priscus. Fr. 31 (I.342 Hist. min, dind).
Basil: Epist. 238 ad Epiph. (T.et M., Vol, I., P. 10, No.
Compare Priscus, fr.31 (I.342 Hist. min. Dind)

*** بڕوانە بەشی "ڕێورەسم و داب و نەریت" (هەروەها ڤیندیداد، وەرگێران و شیکردنەوەی هاشمی ڕەزی.)

ناو کۆمەڵگای گەلان و تێکەڵبوون لەگەڵ زمانە جۆراوجۆرەکان و ئایینەکان و ڕێوڕەسمە جیاجیاکان، ئایینی میترایی ڕێوڕەسم و داب و نەریت و نیایشە تایبەتەکانی ئێرانی پاراستن.

ناوە یۆنانییەکەی ئایینی پڕنهێنی Mysteries کە بە ئایینی میترایی ناوبراوە، نابێ ببێتە هۆی ئەم بیرۆکەیە کە پەیرەوانەکەی لە ئەنجومەنەکانی ئایینی دا ڕەچەڵەك و ڕەسەنایەتی و پەروەردەکانی بنچینەیی ئێرانی ئەم ئایینەیان بەلاوە ناوە و پەنایان بۆ ئایینە یۆنانییەکان بردووە. لەم کۆڕە ئایینیانەدا فێرکردنی نهێنیەکان لە قۆناغی جۆراوجۆردا کە شوێنکەوتووەکە دەبوایە پیایاندا تێپەڕێت، فێردەکرا. مۆغەکان لە ئێران کۆمەڵەیەکی سنووورداری چینایەتیان دامەزراندبوو. ئیمتیازاتی چینایەتی و توێژەکەیان بەشێوەی بۆماوەیی بوو. لەناوخۆیاندا بەسەر چەندین پلەوپایە و مەنسەبەوە دابەش دەکران. هەندێ لەو مۆغانەی کە لەناو ئەو نەتەوە بێگانانەدا دەژیان کە خاوەن زمان و داب و نەریت و کولتوور و ڕێوڕەسمی جیاوازبوون، بەشێوەیەکی سروشتی هێشتا زۆر بەتوندی بەرگریان لە پلەوپایە و بیروباوەڕی خۆیان دەکرد. بەهەر قۆناغێکی تردا کە سەردەکەوتن زیاتر لایەنە نهێنی و شاراوەکانی ئەم ئایینەیان بۆ ئاشکرا دەبوو و پلەوپایە و مەنسەبیان بەرزتر دەبووەوە؛ ئەم ((ئاگاداربوونە یان شارەزابوونە)) یان لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا دەبووە هۆی چەسپان و بەرزی و گرنگی پلەوپایەیان. فێربوونی نهێنیەکان لە چەندین قۆناغ و لە سەرەتادا بە ڕێوڕەسمی هاتنەناو کۆڕ یان ئاشناکردن بەڕێوەدەچوون بەهەمان ئەو ڕادەیەی کە بە ناخی ئایینەکەدا قووڵدەبوونەوە زیاتر نهێنیەکانیان بۆ ئاشکرا دەبوو. لەم ڕوانگەوە بڵاوبوونەوەی ئێرانیەکانی سەر بەم توێژە زۆرتر لە ئاوارەبوونی یەهوودیەکان دەچوو. بەڵام ئاگاداربوون و شارەزابوونی تەواو بۆ هەندێك کەسی تایبەت و دیاریکراو دەرەخسا و پەردەی تاریکییان بۆ لەسەر نهێنیەکان وەلادەبردرا؛ بەشێوەیەکی گشتی گرنگی و ناوبانگی ئەم ئایینە بۆ لایەنە نهێنی و شاراوەییەکان و جەخت کردن و هەوڵدان بۆ شاراوە مانەوەی نهێنیەکانی دەگەڕێتەوە.

بەپێی زۆربەی ڕێوڕەسم و نەریتە بنچینەییەکان کە تایبەتمەندی دیاریکراوی ئایینی میترایی ناوچەیی بوو، دەتوانین ڕەچەڵەکە ئاسیاییەکانی بناسینەوە. ئەو جل و بەرگانەی کە لەکاتی پێشکەشکردنی شانۆ و ئەو دەمامکانەی کە لەکاتی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی بەکاریان دەبردن و دەیانکردە بەریان، دەگەڕانەوە بۆ داب و نەریتە زۆر کۆنەکان کە ئێستاش لە ڕۆژگاری ئێمە دا باون و دەبینرێن. بێگومان ئەو ڕێوڕەسمانەی کە لە ئەشکەوت ئاساکان (= مێهرابە)٣٨ بەڕێوەدەچوون پاشماوەی میراتێکی زۆر دوور و درێژی مێژوویین، ئەو



ڕۆژگارەی کە هێشتا مێهرابەکان درووستنەکرابوون. تاقیکردنەوەی زۆر قورس و زۆر توندوتیژ کە بۆ مەبەستی هاتنەناو کۆڕ و شارەزایی شوێنکەوتووان بوو، وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕێوڕەسمە خوێناویانەیە کە شوێنکەوتووان و ڕێبوارانی ستایشگەری مااا Ma و سی بێل Cybele ئەندامەکانی جەستەی خۆیان دەبڕی و خۆیان زامدار دەکرد. بەم چەشنە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو نهێنیانە و ئەو ئەفسانانەی کە میترا تێیاندا پاڵەوانە لە ڕۆژگار و چاخی شوانیەتیەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم جۆرە ڕێوڕەسم و نەریتە کۆنانەی ئەو ڕۆژگار، کە لە پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵگای سەرەتاییەوە سەرچاوەیان گرتبوو، کەوتنە ژێر چاودێری و پاراستنی سامان گرتووی یەزداننناسی و سیستەمێکی ئامادەکراو و شێوازێکی عیرفانی و ڕەوشتی کە هەمان ئایینی میترایی بوو.

بۆ ئەو توێژەرانەی کە هەوڵدەدەن لە بینای پێکهاتەی بنچینەیی ئەم ئایینە وردبنەوە، ئەم کارە وەکوو کاری زەوی ناسێکە کە بە هەڵکەندنی زەوی ئەو چین و پێکهاتە نیشتووانە بەهەمان ئەو شێوەیەی کە نیشتوونە بخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. چینی ژێرەوە و کۆنی ئەم لێکۆڵینەوە و ناسینەوەیە هەمان بیروباوەڕەکانی ئێرانی کۆنە کە ئەم ئایینە لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە بابل لەسەر ئەم چینە نیشتەیەکی بەتینی بیروباوەڕ و داب و نەریتی سامی کەڵەکە بۆوە. و لەسەر ئەم چینەش نیشتەیەکی تر لە بیروباوەڕ و ئەفسانەکانی گەلانی نیشتەجێی ئاسیای بچووك کەڵەکە بوون. لەکۆتایی دا لەسەر ئەم زەویە بەپیتە لەسەر بنەماکانی بیروباوەڕ و داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی یۆنانی، دارێك ڕووا و نەش و نمای کرد کە ڕەگ و ڕیشە و سرووشتی ڕاستەقینەی ئایینەکەی شاردەوە.

نهێنیەکانی پێکهاتە ئاوێتەکان و ئەو شتانەی کە وایانکردووە ئەم ئایینە وەکوو نهێنیەك بەشاراوەیی بمێنێتەوە، لە ئەنجامی ئەو پێکهاتە ئاوێتانەوەیە کە هەندێجار لەوانەیە زۆریش لێکدووربووبن، بەڵام پێکەوە لکاون و لە ڕێڕەوێکدا بەرەوپێش ڕۆیشتوونە کە لە ڕۆژگاری ئەسکەندەر و جێگرەکانی لە ئەرمینیا و کاپادووکیا و پونتووسدا شێوەیەکی دیاریکراوی وەرگرت. زۆربەی توێژەران پێیان وایە ئەگەر کاتێك بارودۆخەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەچووبا ئەم ئایینە بە ڕەسەن ئێرانیە کە لەناو پۆششێکی یۆنانیدا پێشکەشکرابوو بێگومان بەشێوەی ئایینێکی فەرمی لە نیشتیمانە بەرفراوانەکانی ئاسیا و بەشە گرنگەکانی ئەورووپا پێشوازی لێدەکرا. بەڵام ئەم کارە کە پێدەچوو بابەتێکی نەگۆڕبێت بە لەناوچوونی ئێۆپاتۆر میتریداتس Mithriates Eupator ی بەهێزترین نەیاری بەتوانای ڕۆما سەرینەگرت

(٦٦ ی پێش زایین). لە ئەنجامی ئەم شڵەژاوی و ئاڵۆزیە بوو کە ژێرکەوتووان و پاشماوەی سوپاکانی پۆنتووس و هێزەکانی دەریایی و هەڵاتوەکانی تری جەنگەکە و بڵاوبوونەوەیان لەلایەك بوونە هۆی جیابوونەوە و ئاڵۆزی و لەلایەکی تر بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی. ئەم گەلانە هانایان بۆ حەشارگە کوێستانیەکانی سیسیل برد و ئایینی میترایی لەم ڕێگەیەوە گەیشتە ئەورووپا و لەم نیشتیمانەدا بەوپەڕی هێز و توانـاوە بڵاوبۆوە و تاکوو لەناوچوونی ئیمپراتۆری لە شاری تارسووس Tarsusدا بەردەوام بوو (وێنەی ژمارە ٩).



**وێنەی ژمارە ٩**

مەدالیای میترایی لەسەر برۆنز نەخشێنراو و هەڵکەنراو. لە ناوچەی تارسووسی سیسیل. لەسەر ڕووی پێشەوەی مەدالیا وێنەی گۆردیانووسی سێیەم Gordianus بە جلی ڕۆمایی و تانجێکی بلێسەداری خۆرەتاوی نەخشێنراوە. ڕووی پشتەوەی مەدالیا بە وێنەی میترا کە تانجێکی بریسکەداری بەسەرەوەیە دەبینرێت و دەسماڵی سەرشانی بە هۆی شنەباوە بزواوە. تەنپۆش و زرێپۆشی بەسینگیەوەیە و پانتۆلێکی کورتی لەبەردایە. بەدەستی چەپ بەچەشنێك کە ئەنگوستەکانی لەناو لووتی گا ڕاکردووە و گایەکەی خستووە، بەدەستی ڕاستی چەقۆیەکی بۆ کوشتنی گایەکە بەدەستەوەیە.

ئەم میهرئایینانە لەتەك زۆربەی گەلانی ئاسیای بچووك و ناوەڕاستدا، لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆما لە جەنگ دابوون و بەهۆی ئەو شکستە فراوانانە و هەل و مەرجی سروشتی لە سیسیل



نیشتەجێبوون، زۆری پێنەچوو ئەم سووپاییانە لەناو ئیمپراتۆریەتی بەتوانای ڕۆمادا هێز و دەستەڵاتێکی زۆریان وەدەست هێنا*.

چارەنووس وابوو ئەمانە ئایینی خۆری نەبەز یان ئایینی میترایی لە باشووری ئەورووپا بڵاوبکەنەوە تاکوو دواتر لە باڵکان و تەنانەت باکوور و ناوەڕاستی ئەورووپا و باکووری ئەفریقا و تەنانەت لە گەڕانەوە بەشێوەی ئەم ئایینە پڕنهێنیە لە ئاسیادا بڵاوبێتەوە. ئەم خەڵکە بەپشت بەستن بە پشتیوانی میترای نەبەز پەرستنگە ڕازاوەکانی ڕۆما و یۆنانیان تاڵان کردن و زۆری پێنەچوو جیهانی لاتین بێ هیچ بەسەر داسەپاندنێك ئەم ئایینەی پەسند کرد.



پەیکەرەیەکی سی بێلێ و دوو نەخشی کووشانی میرۆ یان مێهر ــ میترا لەسەر سکە [لە هەردوو نەخشەکەدا مێهر بە تریفەیەکی پرشنگدار پیشاندراوە پاڵتۆیەکی درێژی لەبەردایە و جزمەیەکی کورتیشی لە پێدایە. لەنەخشی یەکەمدا گۆچانێکی لە دەست دایە و بە نیشانەی نزاوپاڕانەوە دەستی خۆی هەڵکردووە. لە نەخشی دووەم بازنەیەکی لە دەست دایە و تاجێکی پاشایەتی لەسەر ناوە.]

* بەڵام بێگومان، ئەو بۆچوونەی "کۆمۆن" و هەندێ توێژەری تر کە پێیان وایە ئایینی میترایی لە ڕێگەی سەربازە بەزیوەکانی جەنگی نێوان ئاسیا و رۆما کە ڕێگری دەریاییان پێدەگوترا، بەرەو ئیمپراتۆری رۆما و ئەورووپا گواستراوە. نەتەنیا بۆچوونێکی هەڵە، بەڵکوو زۆر منداڵانەوە گاڵتەجاڕانەشە.

# پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١- کۆنترین نووسراوە ئایینیەکان لە هیند بریتینەلە دەقەکانی سانسیکریتی هیندوئەورووپی کە بە ڤیداکان ناوبراون. وشەی ڤیدا بەواتای زانست دێت. ئەم دەقانە لەخۆگری کۆمەڵە زانیارییەك سەبارەت بە ڕێوڕەسم و نەریتەکانی ئاگری پیرۆزن. دیاریکردنی مێژووی ڕاست و تەواوی ئەم نووسراوانە ئاسان نیە بەڵام توێژەران پێیانوایە لەنێوان ١٥٠٠ تاکوو ٦٠٠ ی پێش زایین نووسراون. ئەم ڤیدایانە بەشێوەی سەرزارەکی پارێزراون و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراونەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ڤیداکان لە چوار کۆمەڵە پێکهاتوونە: ـــ ڕیگ ڤیدا سامهیتا لەخۆگری دە کتێب سروودە کە سەبارەت بەخواوەندەکانەوە دەربڕاون. مۆغەکان لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئاگری پیرۆز ئەم سروودانەیان بەلەبەر دەخوێندەوە. ـــ ساما ڤیدا سامهیتا کتێبێکە لەو سروودانەی کە لەسەر بنەمای ریگ ڤیدا لەگەڵ کۆمەڵە یاسایەك بۆ فێربوونی چۆنیەتی لەبەرکردن و خوێندنەوە دانراوە. ـــ یاجوورڤیدا ئەو بڕگە کورتە پەخشاناوی و سەرواداراانەن کە لەکاتی بەڕێوەبردنی نەریتە ئایینییەکان بەکاردەبردرێن. ـــ ئاسسارڕووا ڤیدا کۆمەڵە سروودێکی ئایینی و بڕگەیی ئەفسووناوی بوون کە پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەوە بوون.

٢- ئاڤێستا: کۆنترین نووسراوی ئێرانیەکان و کۆنترین کتێبی ئایینی مەزداپەرستان ئاڤێستای ناوە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لە کتێبی دینکەرد دا ئاماژەیان پێکراوە، ئەم کتێبە بیست و یەك نەسەك واتا بەرگ بووە و ئێستا لەم بەشانەوە پێکهاتوونە: گاتاکان کە کۆنترین سروودەکانی ئایینی و سروودەکانی خودی زەردەشتن، یەسنا، یەشتەکان، ڤیسپەرد، خوردەئاڤێستا، ڤیندیداد. وشەی ئاڤێستا لە خودی کتێبەکەدا نەهاتووە، لە پێشگری ((ئا)) و سیفەتی بەرکاری ((ڤیستا)) لە چاوگی ((ڤید)) یان ((ڤەئید)) بەواتای ناسین، زانین، دۆزینەوە، بەدیارکەوتن، و ڕوونبوونەوە پێکهاتووە و لەگەڵ وشەی ((ڤیدا)) کە ناوی کۆنترین کتێبی هیندووەکانە هاوڕەگ و ڕیشەیە. بەسەریەکەوە ئاڤێستا دەتوانێ هەڵگری واتای ((زانیاری نامە یان زانست نامە)) بێت. بەشی گاتەکان ئاڤێستای کۆن و بەشە پێنج دانەییەکانیش کە لە ڕۆژگارەکانی دوای زەردەشت نووسراون، ئاڤێستای نوێی پێدەگووترێت.



٣- ئادیتا: ناوی هەندێ لە نزیکان و هاوڕێیانی خواوەندەکان کە لە ڕیگ ڤیدا دا بەشێوەی ئادیتا و لە ئاڤێستاشدا بەشێوەی ئەمشاسپەند ناویان هاتووە.

٤- ئەمشاسپەند: لە ئەڤێستای نوێدا بەشێوەی ((ئەمێشاسپێنتا)) و لە پەهلەوی ((ئەمێشۆسپەند)) یان ((ئەمەهرسپەند)) بەواتای ((هاودەمانی هەمیشەیی)) یان ((هاوڕێیانی نەمر)) دێت. بەو کۆمەڵە فریشتە مینۆڤیە دەگووترێت کە بەرلە ئەفراندنی جیهان لەتەك ئاهوورامەزدا هەبوونە و شەش هاوڕێی نزیکی ئاهوورەمەزدانە کە ئەرکی هەڵسووڕاندنی گەردوونیان بەئەستۆوەیە. و بریتین لە:

* ((ڤوهوومەنا یان ڤەهیشتامەن))، کە سیمبوولی (هزری باش و زانایی) پەروەردگارە. *((ئەشاڤەهیشتا)) واتا (باشترین ڕاستی) و ناوی یەکێك لە سێ نیایشە هەرە پیرۆزەکانی ئایینی زەردەشتیشە. * ((خشاتراڤەیریا)) لە پەهلەویدا بەشێوەی ((شاهریڤار)) هاتووە بەواتای (سەروەری ئایدیال یان شاری باشی) دێت و سیمبوولی سەروەری و شکۆی ئاهوورەمەزدایە. ئەم سێ ئەمشاسپەندە سێ ئەمشاسپەندی نێرینەیان پێدەگووترێت. * ((سپێنت ئارمەیتی یان سێپەندارمەت)) بەواتای (هزری کامڵ) دێت و سیمبوولی (خۆشەویستی و بەزەیی و گەورەیی) ئاهوورەمەزدایە. * ((هەوورڤەتات)) لە پەهلەویدا ((خەوەردات)) واتا بێگەردی و کامڵی و سیمبوولی پاکی و کامڵبوونی ئاهوورەمەزدایە. * ((ئەمێرهاتاتا)) لە پەهلەویدا ((ئەمۆرداتا)) واتای (نەمری و هەمیشەیی بوون) دەدات. سیمبوولی هەمیشەیی بوون و نەمری ئاهورەمەزدایە. ئەم سێ ئەمشاسپەندەی دوایی گرووپی سێ لایەنیەتی ڕەگەزی مێیینە پێکدێنن کە سیمبوولی ((دایك — یەزدانی)) ئاهوورەمەزدایە.

٥- مێهر: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((**میترا**)) و لە پەهلەویدا ((میترا)) یان ((مێهر)) ە. لە ئاڤێستای نوێدا خواوەندی ڕۆناکایی و تیشك و بەڵێن و پەیمان بەستنە و لە ئۆستوورە دێرینەکانی ئێرانی و هیندی دا یەکێك لە گەورەترین ئیزەدان و مێنۆڤیانە. ((مێهریەشت)) کە دەیەمین یەشتی ئاڤێستایە و یەکێك لە گەورەترین و جوانترین یەشتەکانە، سروودی ستایشکردن و نیایشکردن و گێڕانەوەی ڕووداوە شۆڕەسوارنەکەی ئەو ئیزەدەیە. لە ئۆستوورەکانی هیند و ئێرانیەکاندا مێهر پاسەوان و ڕاگری پەیمان و پاسەوان و پشتیوانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە. لە گاتەکانی ئاڤێستادا تەنیا یەکجار وشەی ((**میترا**)) هاتووە و بەواتای ((کردەوەی پاکی ئایینی)) بەکارهاتووە. لە ((ڤیندیداد)) دا بەواتای پەیمان بەکارهاتووە. لە ئاڤێستادا بەزۆری ناوی مێهر لەگەڵ سیفەتی ((ڤۆاوورگاڤیاوویتی))دا هاتووە کە بەواتای ((خاوەن لەوەڕگای بەرفراوان)) ە. شانزەیەمین ڕۆژی مانگ و حەوتەمین مانگی ساڵ بەناوی ئەم ئیزەدە کراوە و گوڵی وەنەوشەش تایبەت بە مێهرە.

پەرستن و ستایشکردنی ئەم خواوەندە لە ئۆستوورە و ئایینە هیند و ئێرانیەکاندا ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و دوواتر ئایینێکی تایبەت بەناوی ((مێهرئایینی)) یان ((میتراییزم)) بەدیهات و لە بەشێکی هەرە

گەورەی ئاسیا و ئەورووپا بڵاوبۆوە. بنەماکانی ئەم ئایینە کارییان کردە سەر زۆربەی ئایینەکانی تری وەکوو مەسیحی و مانەوەی و دەتوانین پاشماوەی مێهرابە کۆنەکان لەژێر زۆربەی کەنیسەکان دەربێنین و پەیکەری گەورەی میتراش لە مۆزەخانەی سەن پیتێری ڤاتیکان لە ڕۆما بەرهەمێکی نایابی هونەری میتراییە.

٦- مێهریەشت: ناوی دەیەمین یەشتی ئاڤێستایە و سروودەکانی باسی ستایشکردن و پەرستن و ڕووداوی پاڵەوانیەتی میتران. ئەم یەشتە یەکێك لە گەورەترین و جوانترین یەشتەکانی ئاڤێستایە و ٣٥ کەردە و ١٤٦ بەندی هەیە.

٧- مۆبەد: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((مۆغۆپایتی)) و لە پەهلەویدا ((مەغۆپات)) هاتووە و ناوی پێشەوایانی ئایینی زەردەشتیە.

٨- یەشت: لە ئاڤێستادا ((یەشتی)) پێدەگووترێت و هاوواتا و هاوڕیشەی ((یەسنا)) یە بەواتای ستایشکردن و نیایشکردن دێت. جیاوازی یەشت و یەسنا لەوەدایە کە یەسنا بەواتای ستایشکردن و نیایشکردن بەشێوەی گشتیە و یەشت بەواتای ستایش و نیایشکردنی تایبەت بە خواوەند و ئەمشاسپەندەکان و ئیزەدەکانە. ئاڤێستا ٢١ یەشتی هەیە کە هەرکامیان تایبەت بەخواوەندێکە.

٩- ڕەشن: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((ڕەشنۆ)) بەواتای دوورەپەرێز و بریسکەدار هاتووە، ناوی خواوەندی دادپەروەریە و یەکێك لە ئیزەدە ناودارەکانی مەزداپەرستیە.

١٠- ئەرشتاد: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((ئەرشتات و ئەرشتی)) و لە پەهلەویدا بەشێوەی ئەرشتاد و ئەشتاد هاتووە. ناوی یەکێك لە یەزدان ژنانی ئایینی زەردەشتیە و بەواتای ((ڕاستی و درووستی)) دێت و سیفەتی ((جیهان گوشا)) تایبەت بەم یەزدان ژنەیە. بەپێی بەندهشن کاری ئەم یەزدان ژنە هاوکاریکردنی خواوەندەکانی ترە لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆتایی لە هەڵسەنگاندنی کرداری خەڵکیدا.

١١- ئەشی ڤانگهووهی: ئەشی ناوی یەزدان ژنی زەنگینی و پاداشت و خەزێنەداری ئاهوورامەزدایە کە بەزۆری سیفەتی ((ڤانگهووی)) دەدرێتەپاڵ و هەندێجار ناو و سیفەتەکەی بەشێوەیەکی لێکدراو دەربڕاوە. ئەشی لە هاوڕێیان و یاوەرانی خواوەندی سرووشە. پاراستنی بیست و پێنجەمین ڕۆژی مانگی پێسپێردراوە و پشکۆتنەکانی بەهار تایبەت بە ئەون.

١٢- پارێندی: یەزدان ژنی پارێندی یەکێك لە یاوەرو نزیکەکانی ئەشی یە و بەزۆری ناوی ئەم دووانە پێکەوە هاتووە.

١٣- زامیاد: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((زەم یەزەتا)) بەواتای ((خواوەندی زەوی)) هاتووە و سیفەتی ((باشکردار)) ی دراوەتەپاڵ. نۆزدەمین یەشتی ئاڤێستاش بەناوی ئەم خواوەندەوە بە زامیادیەشت



ناوبراوە. و بیست و هەشتەمین ڕۆژی مانگیش بەناوی ئەم خواوەندەوە ناوزەدکراوە و گوڵی زەعفەران تایبەت بەم خواوەندەیە.

١٤- ڤەیوو: لە ئاڤێستا دا بەشێوەی ((ئەنتەرێ ڤەیوو)) هاتووە و بەواتای ((هەوا)) دێت و ناوی خواوەندی هەوایە و بیست و یەکەمین ڕۆژی مانگ بەناوی ئەم خواوەندە کراوە. بەپێی ((ڕام یەشت)) یەشتی تایبەت بەم خواوەندە ((ڤەیوو)) ناوی سنوورێکی بەرفراوانی گەردوونیە کە دەکەوێتە نێوان جیهانی باشی و ڕووناکی و جیهانی تاریکی ئاهریمەنی، ئەم خواوەندە جیهانی پاکی واتا ((سێپەنتامینیوو)) لە جیهانی ناپاکی ((ئانگرامەینیوو)) جیادەکاتەوە.

١٥- ئاناهیتا: واتا پاك و بێگەرد، لە پەهلەویدا ئەناهید و لە ئەرمەنیدا ئاناهیت و لە فارسی و کوردیشدا ناهیدی پێگووتراوە و ناوی ئەستێرەی زۆهرەشە و بەشێکی ناوی لێکدراوی ئەردووی سوورئاناهیتایە کە بەسەریەکەوە واتای ((ڕووباری بەهێزی بێگەرد)) دەبەخشێ.

١٦- هەوم: لە ئاڤێستادا ((هەوما)) و لە سانسیکریت ((سەوما)) یە و ناوی ڕوەکێکی پیرۆزە کە لە شیلە هەوێنکراوەکەی، جۆرە خواردەمەنیەکی ئایینی دروستدەکەن و لەکاتی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی دەیخۆنەوە. ((دوور ڕاگری مەرگ)) سیفەتی ئەم خواردنەوەیە. لە ((گاتاکان)) کە بە سروودی خودی زەردەشت دادەنرێن تەنیا دووجار ئەویش نەبە هێنانی ناوی هەوم ئاماژەی پێکراوە و خواردنەوەی ئەم خواردنەوە مەستیهێنەرە بە کارێکی ناڕەوا و ناشایست دانراوە. چونکە پاڵنەرێکە بەرەو ئەنجامدانی کاری ناڕەوا و خراپ. لە یەسنای هاتی ٣٢ بەندی ١٤ دا بەمجۆرە هاتووە: (( ( گێرەهما) و (کەوی) ەکان لە دێرزەمانەوە بۆ ئەوەی کە زەردەشت بخەنە ناو کێشەوە بیرو تواناکانی خۆیانیان بەکاربردووە. لە ناپاك و دێوپەرستەکان داوای هاوکاری و یارمەتیان کردو گووتیان دەبێ ژیان بەرەو ناپاکی و خراپی بڕوات تاکوو ((دوور ڕاگری مەرگ)) بۆ یارمەتیکردنیان هەڵبژێردرێت)). لە یەسنای هاتی ٥٨، بەندی ١٠ بەمجۆرە هاتووە: ((ئەی مەزدا! کەی ئەم خەڵکە لە پەروەردەکانی تۆ تێدەگەن؟ کەی ناپاکی ئەم مەیە لەناو دەبەی کە (کەرەپان) ی بەدکردار بەیارمەتی ئەوەوە ئەم خەڵکە فریودەدات و فرمانڕەوا ناپاکەکانیش بەیارمەتی ئەو بەبێهۆشی بەسەر وڵاتەکاندا فرمانڕەوایی دەکەن)). بەڵام لە ئاڤێستای نوێدا بە ستایش و نیایشەوە لە هەوم دواون و بەیەکێك لە دیاردە پیرۆزە ئایینییەکان لەکاتی نیایشدا دادەنرێت. (یەسنە هاتی ٩ بەندی ١٦): ((ئینجا زەردەشت گووتی: بەردەوام بیت ئەی هەوم! هەومی باش، هەومی پاك خولقاو، ئەی پاکی دەرمان بەخش، بەتین، ورووژێنەر و سەرکەوتوو. هەومی زێڕین کەد و ناسك کە شیلەکەی بۆ دەروون و ناخ باشترین و خۆشی هێنەرترین خواردنەوەیە)). لێرەدا بەئاشکرایی جیاوازی بیروباوەڕی گاتاکان و نوێ زەردەشتیگەری مان بۆ ڕووندەبێتەوە.

١٧- بەرسەم: لە ئاڤێستادا ((بەرێسمان)) یان ((بەرزمان)) ە. لە ڕەگی ((بەرز)) بەواتای بەرزبوون و ڕووان و گەورەبوونەوە هاتووە. ناوی کەد و شوولکی تازە بڕاوی دارە کە لەکاتی ڕێوڕەسمی پەرستن و نیایشدا بەدەستەوەیان دەگرت. لە هیچ شوێنێکی ئاڤێستادا ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئەم شوولکانە دەبێ لە چ دارێکەوە ببڕدرێن. بەڵام لە ئەدەبیاتی نوێی مەزداپەرستان دا هاتووە کە دەبێ لە داری هەنارەوە ببڕدرێن. قەبارەکەشیان دیاریکراوە.

١٨- ئاورمەزد: شێوە ڕەسەن و بنچینەییەکەی لە ئاڤێستا دا بەشێوەی ((ئاهوورەمەزداە)) یە و بەپێی ئایینی مەزداپەرستی ناوی بەدیهێنەری جیهانی ڕاستی و پاکی یە. لە پەهلەوی و پازەند دا ئەم ناوە بەشێوەی جۆراوجۆری ئەوهرمەزد، هۆرمەزد، ئاورمەزد و ئاهوورای مەزد و لە فارسیدا ئاهوورامەزدا و هۆرمۆز و لە کوردیدا ئاهوورەمەزدا، هاتووە. لە گاتاکان دا تەنیا بەسێ شێوەی ((ئاهوورە))، ((مەزدا)) و ((مەزدائاهوورە)) هاتووە. بەڵام لە بەشەکانی تری ئاڤێستا بەشێوەی ((ئاهوورەمەزدا)) بەرچاودەکەوێت. ناوی ئاهوورەمەزدا لە دوو بەشی ((ئاهوورە)) و ((مەزداە)) پێکهاتووە. ئاهوورە بەواتای گەورە و سەروەرە و لە گاتەکان و لە ئاڤێستای نوێشدا بەواتای فرمانڕەوا و سالار و گەورە و سەروەری جیهان و ئادەمیزاد دانراوە. لە گوزارشە پەهلەویەکان وەرگێڕدراوەتە سەر شێوەی ((خووتای)) یان ((خودای)). مەزدا کە خراوەتەسەر ئاهوورە بەواتای وشیار و زانا و ئاگادار دێت و لە گوزارشی پەهلەوی دا شێوەی ((داناك)) یان ((زاناك)) ی وەرگرتووە. لە سانسکریت دا وشەی ((مێزاس)) بەرامبەر مەزدای ئاڤێستایی بەواتای زانست و هۆش هاتووە. بەسەر یەکەوە ((ئاهوورە مەزدا)) واتای ((سەروەری زانا)) یان ((خواوەندی زانا)) دەدات.

١٩- فرەوەشی: ناوی پێنجەمین هێزی مینۆڤی خولقێنراوەکانە کە بەرلە ئەفراندنی گەردوون و بوونی لەش، هەبووە و دوای مەرگیش هەروا دەمێنێتەوە. کە هەمان گیان و ڕۆحی بوونەوەرانە. ئەم وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە و بریتیە لە: ((فەر)) و ((وەشی)) و واتای ((پۆشاندن و داپۆشین)) ی لێوە بەرهەست دەکەوێ. (فەرەوەتی) و (فەرەوەهر) و (فەوەر) و (فەروەرد) و (پەروەرد) یش شێوەکانی تری ئەم زاراوە ئاڤێستاییەن. گشت بوونەوەرەکان لە ئادەمیزادەوە بگرە تاکوو ئاژەڵ و ڕوەکەکانیش فەرەوەشیان هەیە. لەهەمووی ئەوانە گرنگ تر خوای پەروەردیگاریش فرەوەشی هەیە، لە ڤیندیدا (فەرگۆردی ١٩ بەندی ١٤) ئاهوورەمەزدا لە زەردەشتی دەوێ تاکوو ستایشی فەرەوەشی ئەو کە گەورەترین و باشترین و جوانترین و وریاترین و بەهێزترین فرەوەشیەکانە، بکات.

٢٠- ئەردوویسوورئاناهیتا: ناوی یەزدان ژنی ئاوەکانە و ((ئابان یەشت)) بریتیە لە سروودەکانی ستایشکردن و پەرستنی ئەم یەزدان ژنە. ناوی ئەم یەزدان ژنە لە سێ بەش پێکهاتووە: ((ئەردووی)) واتا



ڕووبار، ((سوورا)) یان ((سوورە)) واتا بەهێز، ((ئاناهیتا)) واتا پاك و بێگەرد. بەسەریەکەوە واتای ((ڕووباری بەهێزی بێگەرد)) دەدات.

٢١- میترای ناوەنجی: سیفەتێکە کە بۆ خواوەند مێهر دانراوە. بەگوێرەی واتای میترا و بەپێی ئەو ئەرکانەی کە بەئەستۆیەتی بۆمان بەدیاردەکەوێت کە سیفەتی ((بەرەڤان)) شیاوی ئەم خواوەندەیە، چونکە وەکوو بەرەڤانێك دەکەوێتە نێوان خواوەند و کۆمەڵانی خەڵکی. میترا وەکوو سنووری پەیوەندی نێوان خەڵك و یەزدان ڕزگاری بەخش و بەختەوەری هێنەرە.

٢٢- بۆندەهێشن: ناوی کتێبێکی پەهلەویە کە بریتیە لە زانیاری سەبارەت بە زەند و لەخۆگری وەرگێڕان و ڕاڤەکردنی ئاڤێستایە. بۆندەهێشن بەواتای ئەفراندنی هەوەڵین یان بەدیهێنانی بنچینەیی یە. نووسەرکەی دیارنیە. بۆندەهەشن لە ٣٦ بەش پێکهاتووە و بابەتەکانی دابەشی سێ پۆل کراون: - خولقانی ئاورمەزد و دوژمنایەتی ئاهریمەن. — چۆنیەتی بارودۆخی خولقێنراوەکان. — ژیان و سەردەمی فرمانڕەوایەتی و شوێنی کیانیان.

٢٣- نوێ زەردەشتێگەری: چەندین سەدە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی وردەوردە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی ئایینەکانی تریش دزەیان کردە ناو ئایینەکەوە و شێوە ڕەسەنەکەی تووشی گۆڕان هات و ئەم شێوە نوێیە ئایینی زەردەشتیگەری نوێی پێگووتراوە. مەبەست لە ئاڤێستای نوێش ئەو بەشەی ئاڤێستایە کە لە ڕۆژگارەکانی دوواتر نووسراون و تەنیا گاتەکان بە ئاڤێستای کۆن دادەنرێن کە سروودەکانی خودی زەردەشتن.

٢٤- خوەرێنوو: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((خوەرێنا)) یان ((خوەرێنانگاە)) و لە فارسی کۆن ((فەرێننا)) و لە پەهلەوی ((خووەراە)) و لە نووسراوەکانی مانەویەکاندا ((فەرە)) و لە کوردیدا دەتوانین شێوەی ((فەڕ)) ی بۆ دابنێین. بەواتای شکۆ و گەورەیی دێت. لە ئۆستوورەکانی ئایینی زەردەشتی دا شکۆ و گەورەیی و تیشك و بەرەکەتێکی یەزدانیە کە هەرکەسێك لێی بەهرەمەندبێت، دەبێتە فرمانڕەوایەکی دادپەروەر و خۆشی هێنەر. لە ئاڤێستادا باسی دوو جۆرە فەڕ یان خوەرێنا کراوە: یەکەم ((ئایریانییێم خوەرێنا)) واتا ((فەڕی ئێرانی)) و دووەم ((کاڤائێنێم خورێنا)) واتا ((فەڕی کیانی)). فەڕی ئێرانی بەدیهێنەری هزری باش و سامانی پاکە و لەناوبەری نائێرانیەکان و دوژمنان و دێوە بەدڕەوشتەکانە. فەڕی کیانی بەهرەی ناوداران و فرمانڕەواکان و ڕاستکردارانە و لەسایەی ئەوەوە کامەرانی و بەختەوەریان دەست دەکەوێ. ئەم فەڕە تایبەت بە ئێرانیەکانە (مەبەست لە ئێرانی ئاریایی نەژادەکانە).

٢٥- مێهرەگان: ناوی جەژنێکە کە لە شانزەمین ڕۆژی حەوتەمین مانگی ساڵی کوردی ((مێهر ڕۆژی مانگی مێهر)) واتا لە ١٦ ی ڕەزبەر بەرامبەربە ٧ ی ئۆکتۆبەر بەرپادەکرا و ((میتراکانا)) یان پێگووتووە. لە کوردی و فارسیدا مێهرەگان و لە کتێبە عەرەبیەکانیشدا مێهرەجانی پێگووتراوە. بەپێی کتێبی بۆندەهێشن ((مەشی و مەشیانا)) واتا یەکەمین جووتی ئادەمیزاد لەم ڕۆژەدا لە گیوومەرتەوە لەدایکبوون. ئەم جەژنە

شەش ڕۆژی دەخایاند و ڕۆژی یەکەمی جەژن ((مێهرەگانی گشتی)) و ڕۆژی کۆتایی ((مێهرەگانی تایبەتی)) پێگووتراوە. بەپێی شانامەی فردەوسی لەم ڕۆژەدابوو کە فەرەیدوون بەسەر زووحاك دا زاڵدەبێ و لە بیست و یەکەمی مانگ کە دووایین ڕۆژی جەژنە فەرەیدوون لە چیای دەماوەند زووحاك دەخاتە ناوبەندەوە. بەپێی ئۆستوورەکانی ئایینی، پەروەردیگار لەم ڕۆژەدا زەوی خولقاند و گیانی ئاخنیەناو لەشی بوونەوەران.

٢٦- ساتراپ نشین: ساتراپ زاراوەیەکی یۆنانیە بەواتای حاکم، والی، یان پارێزگار دێت و لە ئێرانی کۆن بەکاربراوە. ساتراپ نشین ئەو هەرێم و سنووره جوگرافیاییە بوو کە پارێزگار یان والی هەبووایە. ئەمەش بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان دەست نیشان دەکرا.

٢٧- زامیاد یەشت: نۆزدەمین یەشت لە یەشتە بیست و یەك دانەییەکانی ئاڤێستایە. هەشت بەندی یەکەمی ئەم یەشتە ئاماژە بە ((ناوی کێوەکانی سەر ڕووبەری زەوی)) دەکات پانزە کەردەکەی تریشی کە بریتیە لە ٨٨ بەند تایبەتە بە فەڕ و شکۆ یان خوەڕێنا. ئەم یەشتە ((گیان یەشت)) یشی پێگووتراوە.

٢٨- مۆغ: لە ڕەگی ئاڤێستایی ((مۆگوو Mogu)) بەواتای ((کاری گەورە))، ((ئەرکی گرنگ))، ((گەورەیی و شکۆ)) وەرگیراوە و ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی ((مەگهاە)) ی سانسکریتی کە بەواتای ((سامان))، ((پاداشت)) و ((پێ بەخشین)) ە، نزیکایەتی هەیە. لە گوزارشەکانی پەهلەوی ئاڤێستادا ئەم وشەیە بە makih بەواتای ((گەورەیی و بەڕێزی)) دانراوە. لە ڕۆژگارە دێرینەکان ((مۆغ)) بەواتای ((مۆبەد)) و هەروەها ((ئاترۆپان)) یان خود ((ئاگرپاد)) و هەروەها ((پەیرەوی ئایینی زەردەشتی)) بەکاربردراوە. لە گاتاکان دا شوێنەوارێکی ئەم وشەیە بەدیناکرێت. پێدەچێت بەکاربردنەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نووسینەوەی ئاڤێستای نوێ و لقە ڕۆژئاواییەکەی ئایینی زەردەشتی. بەڵام چەندجارێك لە گاتاکان دا وشەی ((مەگاە)) یان ((مەگەوەن)) بەکاربردراوە. مەگە وشەیەکی گاتانیە و لەوانەیە واتاکەی ئەنجومەنی پەیرەوانی ئایینی زەردەشتی بێت، و مەگەوەن بەواتای ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە بێت. بەڵام تاکوو ئێستا توێژەران و ئاڤێستاناسەکان نەیانتوانیوە واتایەکی تەواو و شیاوی بۆ دابنێین و زۆر کەسیش ئەم وشەیەی لەگەڵ مۆغ بە هاوڕیشە داناوە. وشەی مۆغ لە ئەدەب و زمانی کوردیش بەشێوەیەکی زۆر بەکاربردراوە و لە دیوانی زۆربەی شاعیرانی کلاسیکیمان ئەم وشەیە و پێکهاتەکانیان بەرچاودەکەون. وشەی ((مەجووس)) کە لە کتێبە عەرەبیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەواتای زەردەشتی و پەیرەوی ئایینی زەردەشتی بەکارهێنراوە، بەعەرەبی کراوی ((مەگووس)) ی یۆنانیە کە لە خودی وشەی مۆغەوە سەرچاوەی گرتووە و لە زمانە ئەورووپیەکان شێوەی Mage ی وەرگرتووە کە بەزۆری واتای ئەفسوونکار و جادووگەری هەیە.

٢٩- مێهرئایین: یان میتراپەرستی یان میترابیزم واتا پەیرەوی ئایینی میترایی. ئەم ئایینە لە ئایینی مەزداپەرستیەوە جیابۆتەوە و لە بەشێکی هەرە گەورەی ئاسیا و ئەورووپا بڵاوبۆتەوە. زۆربەی بنەماکانی ئایینی



مەسیحی و هەندێ لە ئایینەکانی تر لە ئایینی میتراییەوە سەرچاوەیان گرتووە. شوێنەواری پەرستگەکانی میترایی کە مێهرابەیان پێدەگووترێت لە ژێر بینای زۆربەی کەلیساکانی مەسیحیدا دۆزراونەتەوە.

٣٠- ڤۆهۆمەنا: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((ڤۆهومەننگاە)) ە و بەواتای ڕفتاری باش یان دەروونی پاك و هەندێجاریش بەشێوەی ((ڤەهیشتامەن)) بەواتای باشترین ڕفتار هاتووە. ((وەهمەن)) شێوە کوردی و پەهلەویەکەیەتی و لەفارسیدا بەشێوەی ((بەهمەن)) بەکارهاتووە. لە گاتاکان دا وەهمەن یەکێك لە فریشتەکانی بارەگای مەزدائاهوورەیە کە سیمبوولی هزری باش و عەقڵ و زانایی پەروەردیگارە. کەڵەشێر و جلی سپی و گوڵی یاسەمین تایبەت بە وەهمەنە. دووەمین ڕۆژی مانگ و یازدەمین مانگی ساڵ بەناوی وەهمەن یان بەهمەنەوە ناونراوە کە لە کوردیدا ڕێبەندانی پێدەگووترێت.

٣١- ڤێرترەغنا: یان بارام، ئیزەدی سەرکەوتوویی یە و یەشتی چواردەم کە تایبەت بەئەوە داستانێکی شکۆدارە و وەسفی پاڵەوانیەتی و جەنگاوەری و هێز و توانا و سەرکەوتنی بارام دەکات. ڤێرترەغنا سیمبوولی بارامە و جۆرە باڵندەیەك بووە و ئەم باڵندەیە پێدەچێت شاهین بێت و پەڕی ئەم باڵندەیە کاریگەریەکی موعجیزئاسای هەبووە و لە بەندی ٣٤ تاکوو ٤٦ دا ئاماژەی پێکراوە: ((زەردەشت لە ئاهوورەمەزدای پرسی: ئەی ئاهوورەمەزدا! ئەی سێپەندترین مەینیوو! ئەی پەروەردیگاری جیهانی خاکی! ئەی بەدیهێنەری ڕاستی! ئەگەر من لە جادوو و ئەفسوونی خەڵکی زۆر خراپە خواز تووشی ئازار و ناخۆشی هاتم، چارەم چیە؟ *** ئاهوورەمەزدا گووتی: پەڕێکی باڵندەی ((ڤێرترەغنا)) ی گەورەی شاپەڕ گەورە بدۆزەوە و بە لەشتەوە هەڵیواسە، بەیارمەتی ئەم پەڕەوە جادووی دوژمنان پووچەڵ بکەوە. *** ئەوکەسەی کە ئێسك یان پەڕێکی ئەم باڵندە دلێرەی لەلابێت، هیچ پیاوێکی بەتین ناتوانی ئازاری پێبگەینێت و بیکوژێ. ئەم پەڕەی گەورەی باڵندە بەهانای ئەو کەسەوە دێت و فەڕ و شکۆ و گەورەیی پێدەبەخشێت و ...)).

٣٢- سێپەندارمەز: لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((سێپەنتائارمەیتی)) و لە پەهلەوی ((سێپەندارمەت)) و لە فارسیدا ((سێپەندارمەذ)) یان ((ئێسفەند)) هاتووە. لە دووبەشی ((سێپەنتا)) بەواتای ((ڤەرجاڤەند)) و ((ئارمەیتی)) یان ((ئەرمەیتی)) کە بەواتای هزر و خۆبەختکردن و سازگاری و خاکساری دێت. لە پەهلەویدا ئەم ناوە لێکدراوە واتای ((عەقڵی کامڵ)) دەدات. لە گاتاکان دا بەزۆری بەشە دووەمەکەی واتا ((ئارمەیتی)) بەتەنیایی هاتووە و یەکێك لە فریشتە نوورانیەکانی بارەگای مەزدائاهوورەیە. بەڵام لە ئاڤێستای نوێدا یەکێك لە ئەمشاسپەندەکانە و یەکێك لە سیمبوولەکانی ( دایك- یەزدان) ی ئاهوورەمەزدایە. لە ڤێداکان دا بەشێوەی aramati ئاراماتی هاتووە کە هەندێ لە توێژەران لەگەڵ زەوی بەیەکیان داناوە. مۆڵتێن پێی وایە کە ئەم ناوە لە بنچینەدا ara-mata بەواتای ((دایك زەوی)) بووە. بەپێی کتێبە ئایینیەکانی زەردەشتیەکان ئەم ئەمشاسپەند ژنە لە جیهانی مینۆڤی/ گیانی و ڕۆحانی، هێمای خۆشەویستی و خۆڕاگری و خاکەساری

ئاهوورەمەزدا و لە جیهانی خاکی و مادیشدا پاسەوانی زەوی و پاکی و زاوزێ و سەرسەوزیە. پێنجەمین ڕۆژی مانگ و دوازدەمین مانگی ساڵ (ڕەشەمێی کوردی) بەناوی ئەوەوەیە.

٣٣- ڕەواقی: ناوی قوتابخانە و ڕێبازێکی فەلسەفی کۆنە و هۆی دانانی ئەم زاراوەیە بۆ ئەم شێوە فەلسەفیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی پێش زایین. لە یۆنان لە شاری ئاتینا زێنۆنی فەیلەسوف لە ئەیوانێك وانەی فەلسەفەی دەداوە کە بنمێچدار بوو، جا لەبەرئەوە ئەم شێوە فەلسەفیە بەناوی ڕەواقی واتا ئەیوان و ڕێڕەوی بنمێچدار ناوبراوە.

٣٤- ڤیندیداد: ((ڤی دەئیڤا داتا)) واتا ((دادی دژە دێو)) یان ((یاسای دژە دێو)) ناوی بەشێکی ئاڤێستای نوێیە کە لە فارسیدا بە هەڵە ((ڤیندیداد)) یان ((وەندیداد)) ی پێگووتراوە. ئەم ناوە لە سێ بەش پێکهاتووە: یەکەم ((ڤی)) یان ((ڤە)) پێشگرێکە کە دەخرێتە سەر زۆربەی ناوەکان یان ڕەگی کار لە زمانی ئاڤێستاییدا و واتای دوورکەوتنەوە و جیابوونەوەیان پێدەدات. لە زمانی کوردیدا شێوەی ڤە لە زاری ژووروو و وە لە شێوەزارەکانی تردا بەدیدەکرێت وەك (ڤەگەڕیان)، (ڤەزڤران) و لە شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاستیشدا، سۆرانی (وەمەکە)، (وەسووڕێ). بەشی دووەم ((دەئیڤا)) یان ((دەێوە)) لە کوردیدا بەشێوەی ((دێو)) ماوەتەوە. سێیەم ((داتا)) بەواتای ((ڕێکخستن)) و ((یاسا)) دێت و شێوە کوردیەکەی ((داد)) ە. ئەم دەستەواژەیە بەسەریەکەوە بە واتای ((دادی دوورڕاگری دێو)) یان ((یاسای دژە دێو)) دێت.

٣٥- زەوت ڕاسپی: لە ئاڤێستادا ((زەوتەرا)) ناونیشانی گەورەترین پێشەوای ئایینیە. کە چاودێری ڕێوڕەسمی ستایش و نیایشکردن دەکات و حەوت مۆبەدەکەی تر کە بریتین لە: ئابرت، ئاترۆخش، ئاسنتەر، ڕاسپی، سرووشاوەرز، فربرتار و هاونان لەژێر فرمانی ئەودا لەناو ڕێوڕەسمەکەدا ئەرکی جیا و تایبەتیان پێدەسپێردرێ. لە ڕۆژی دۆماهی بۆ لەناوبردنی ئاهریمەن ئەم ڕێوڕەسمە ئایینیە بەسەرپەرشتی خودی ئاهوورامەزدا بەرپادەکرێ، واتا ئاهوورەمەزدا خۆی دەوری ((زەوت)) دەبینێ. لە گاتاکان دا زەوت بەواتای سروودخوێن هاتووە. ئێستا ڕاسپی بەتەنیایی لە ڕێوڕەسمی ئایینیدا دەوری ئەو حەوت مۆبەدە دەگێڕێ کە لەژێر چاودێری زەوت یان سروودخوێنەوە کاردەکەن. بەرامبەری ئەم وشەیە لە سانسکریت ((هووتا)) یان ((هوتەر)) ە بەواتای سروودخوێنەوە و هەڵبەستوان کە لە خوێندنەوەی سروودە ئایینیەکاندا کارامەیە.

٣٦- ئابزەور: یان ئاوزەور، لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((زەوثرا)) و لە پەهلەوشیدا بەشێوەی ((زەوهەر)) هاتووە، بەواتای نیاز و پێشکەشیە ئاوەکیەکانە کە لەکاتی ڕێوڕەسمی ئایینی کەلکیان لێوەردەگرن، وەکوو شیر و خواردنەوەی ((هەوم)) و لەم چەشنانە. نیاز و پێشکەشیە نائاوەکیە ئایینیەکان لە ئایینی زەردەشتیدا (میەزدا) ی پێگووتراوە.



٣٧- پەنام: ناوی دوو لەتکە کۆتاڵی کەتانی سپیە کە لەبەر دەم و لووت دادەنرێن و بە دوو قەیتان لە پشتەوەی سەر دەیبەستن. زەردەشتیەکان ڕووبەندیان پێگووتووە. مۆبەد کاتێك کە لەبەر دەم ئاگری پیرۆز ڕادەوەستا و ئامادەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نیایش و خوێندنەوەی سروودەکانی ئاڤێستا دەبوو، دەبوایە پەنامی لە دەم بەستبا. بەستنی پەنام بۆ ئەوە بوو تاکوو ئاگر بەهۆی هەناسە و هەڵمی دەم و زارەوە پیس نەبێت. شتێکی پێویست بۆ ئاگروانان یان ئاتوورەبانان و ((مۆبەدان)) بوو.

٣٨- مێهرابە: پەرستگەی میتراپەرستەکان مێهرابەی پێگووتراوە. ئێستاش وشەی مێهرابە لەلایەن کوردەوە بەکاردەبردرێ و دۆخە ئایینیەکەی پارێزراوە. لە شوێنی خواپەرستی ئایینی پیرۆزی ئیسلام واتا لە مزگەوتدا، پیرۆزترین جێگا مێهرابی پێدەگووترێت. و لێکچوونێکی زۆر لەنێوان شێوەی میعماری مێهرابەکانی ناو مزگەوتەکان و سیمای ئەندازەیی مێهرابەکانی میتراپەرستەکان بەدیدەکرێت.



# بەشی دووەم

## بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە ڕۆما و جیهانی لاتیندا

## بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە ڕۆما و جیهانی لاتیندا

ڕێگەکانی دزەکردنی ئایینی میترایی بۆ ئەورووپا، گەلان و مەڵبەندەکانی سەربە یۆنان لە ئاسیا، هۆکاری سەرنەکەوتن لە یۆنان، مێژوو و کاتی هاتنی بۆ ئیتاڵیا، وڵاتانی داگیرکراو و ژێردەستی ڕۆما و ئایینەکە، بەڵگە نووسراوەکان، پەیکەرەکان و نووسراوە بەردینەکان، لێژیۆنەکانی ڕۆمایی و سەربازە بەکرێگیراوەکانی ئاسیایی، چۆنیەتی دزەی خێرا و گواستنەوەی ئایین بۆ ناو لێژیۆنەکان، بیرئانینی جۆاوجۆری مێهری لە سەرانسەری سنووری دەستەڵاتی ئیمپراتۆریدا هۆکاری دزەکردن و گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی بەتایبەت لە ڕۆمادا.

لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکە لەوانەیە ئەم بۆچوونە بێتە ئاراوە کە هەرگیز ئایینی میترا لە جیهانی یۆنانی بڵاونەبۆتەوە. نووسەرە یۆنانییەکان لە ڕۆژگاری ڕابردوودا تەنیا وەکوو خواوەندێکی ئێرانی کە لە نیشتیمانەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەپەرسترا باسی میترایان کردووە.

لە ڕۆژگاری ئەسکەندەر و جێگرەکانی هیچ شوێنەوارێك لە دزەکردن و هاتنی ئایینی میترایی بۆ لێوارەکانی ئیوونیە Ionia بەرچاو ناکەوێت. لەناوچەکانی دەورووبەری کەنارەکانی دەریای ئێژەدا تەنیا نووسراوە بەردینێکی میترایی لە پیراووس Piraeus دۆزراوەتەوە. لە دێلۆس Delos و دەورووبەری ئەو ناوچانەی کە لەژێردەستەڵاتی یۆنان بوون، بەدەگمەن دەتوانین شوێنەوارێکی میترا لە نێوان ئەو کۆمەڵە خواوەندانەی کە دەپەرستران بدۆزینەوە. لە میسر و لەنزیك ئاردووس Ardus سیدا و ئەسکەندەریەدا شوێنەوارێکی وامان دەست ناکەوێ کە پیشاندەری ڕۆڵ و کاریگەری و ناسین و بایەخدان بە میترا بێت. بێگومان دەبێ سەرەنجی ئەوە بدەین کە لەوانەیە پەرستگە و مێهرابە و شوێنەوار هەبووبێت کە یان لەناوچوونە و یان هێشتا نەدۆزراونەتەوە. دۆزینەوەی پەرستگەیەکی میترایی لە مەمفیس شتێکی شازنیە بەڵکوو بێگومان دەبێ هێشتاش لەم چەشنە پەرستگایانە هەبن. یان لەوانەیە بڵاوبوونەوی



ئایینی میترایی لەم شارە دێرینەدا تاکوو رۆژگاری زاڵبوونی ڕۆمەکان هێشتا خۆی نەگرتبێت. تاکوو بەرلەو سەردەمە ناوی میترا لە هیچ شوێنێك لەناو نووسراوەکانی میسری نەبینراوە و هیچ بەڵگە و پاشماوەیەك کە بسەلمێنێ مێهرابەیەك لە نیشتیمانی سلووکییەکاندا هەبووبێت بەرچاوناکەوێت. ڕوون و ئاشکرایە لەم وڵاتە نیمچە ڕۆژهەڵاتیانەدا کۆمەڵانی خەڵکی هۆگر و ئەودالّی خواوەندانی ڕەسەنی ناوچەیی و کاهین و مۆغەکانی خۆیانن و میتراییەکان شوێنێك یان دەرفەتێکی زۆریان بۆ نەرەخساوە تاکوو بەختی خۆیان بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان تاقیکەنەوە.

توێژینەوەکان ئەوەمان پیشاندەدەن کە ئایینی میترایی نەیتوانیبوو لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچە بەیۆنانیکراوەکاندا سەرکەوتنێك بەدەست بێنێت. ناوناسی و لێکۆڵینەوە لە ناوی ئەو کۆمەڵە خواوەندانەی کە لەم ناوچانەدا بایەخیان پێدەدرا و دەپەرستران ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە خواوەندانی فریژی و میسری لە یۆنان و نیشتیمانەکانی ژێردەستەڵاتی یۆناندا پلەوپایەکی شایستەیان هەبووە، بەڵام لێکۆڵینەوە لەم ناوانە هیچ کام لە ناوەکانی میترۆن Mithrion ، میترۆکلێس Mithrocles ، میترۆدۆروس Mithrodorus ی نەدەگرتەوە. تا وەکوو هاوتا مێنۆفیلیMenophili ، مێترۆدۆتی Metrodoti ، ئیزۆدۆری Isodori و سێراپیۆنس Serapions ەکانیان پیشان بدرێن. ئەو لقانەی کە لە ئایینی میترایی جیابوونەتەوە پێکهاتەیەکی بێگانەیان هەیە ئەگەرچی خواوەندانی تری ئاسیایی لە یۆنان و نیشتیمانەکانی ژێردەستەڵاتی یۆناندا وەکوو خواوەند پەسنددەکران و دەپەرستران.

بێگومان کۆمەڵە هۆکارێك لەئارادابوون کەتاکوو ئەم کاتە ئایینی میترایی لە ڕۆژئاوا بڵاونەببۆوە. لەساڵی (٢٠٤ ی پێش زایین) لە ڕۆما پەرستنی گەورە دایك پێسی نیووس Magna-Mater Pessinius شێوەیەکی فەرمی و ڕەسمی وەرگرت. ئیزیس Isis و سێراپیس Serapis ی میسریش لە سەدەی یەکەمی پێش زایین لە ئیتاڵیادا بایەخێکی زۆریان پێدرابوو. لە ڕۆژگارێکدا کە ئایینی میترایی لەم ناوچانەدا مەنزڵگایەکی نەبوو، خواوەندەکانی ئاسیای بچووك لەم مەڵبەندانە ناسرابوون و هێنرابوونە ناو کۆڕی ئەنجوومەنی خواوەندەکانی ڕۆژئاوایی ئیمپراتۆری و خاوەن پەرستگەش بوون. لەکاتێکدا ئەم خواوەندانە لە نیشتیمانی خۆیان سنوورێکی دیاریکراویان هەبوو، بەڵام سنووری بڵاوبوونەوە و کاریگەری و پێشکەوتنی ئایینی میترایی لە سیندەوە تاکوو دەریای ڕەش و ئەوپەڕی دەریای ڕەش بەرفراوان بوو. ئەم بڵاوبوونەوە و گەشەسەندن و بەرەوپێش ڕۆیشتنە تەنانەت تاکوو ڕۆژگاری ئۆگۆستووس Augustus یش

تاکوو ئەوپەڕی سنوورەکانی ئیمپراتۆری ڕۆما ڕۆیشتبوو و ڕەشماڵی هەڵدابوو. بەڵام ناوچەکانی ئاسیای بچووك کە بەئاسانی ملکەجی کولتووری یۆنانی نەببوون، لەبەرامبەر کولتووری ڕۆماییدا زۆرتر پێداگریان کرد و تەنانەت تاڕادەیەك دژایەتی و ڕکابەریشی لەگەڵدا دەکردن. ئەم نیشتیمانە کە خاوەن دەشتی بەرفراوان و سەرسەوز و کێڵگەی زۆر و بناری بەپیت بوو چیاکان و ئاووهەواکەی بۆ ژیانێکی ئاسوودە سازگارنەبوون و سەرەنجی بێگانەکانی ڕانەدەکێشا و دەستەڵاتە ناوچەییەکان بەپێچەوانەی خاوەن زەویەکان و میرەکان و دەرەبەگەکان تەنانەت لە ڕۆژگاری دەستەڵات و توانایی ڕۆما و دەستەڵاتداریەتی سیزارەکانیشدا سەربەخۆیی خۆیان پاراست و کەیفیان بە ئیمپراتۆری ڕۆما نەدەهات و بەڵکوو بەپێچەوانەشەوە لەسەر شێوەی سەربەخۆییەکەیان زیاتر پێیاندادەگرت.

سیسیل لە نزیکەی یەك سەدە پێش زایینەوە تازە ببووە وڵاتێکی ژێرفرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما و ئەویش تەنیا ناوچە بەندەریەکانی و تاکوو دوو سەدە دوواتر ئەم مەڵبەندەی بەتەواوی نەکەوتە ژێردەست. کاپادۆکیا تاکوو ڕۆژگاری دەستەڵاتداری تیبێریووس Tiberius و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی پۆنتووس تاکوو سەردەمی فرمانڕەوایی نێرۆن Neron و کۆمازێن Commagene و ئەرمینیا تاکوو ڕۆژگاری دەستەڵاتی ڤیسپازین Vespasian هێشتا لەژێردەستی ڕۆما دابوون و چەند ناوچەیەکی لێکترازاوبوون و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتریدا نەبوو. درووستکردنی دەزگا سەربازیەکانی ڕۆمایی و دامەزراندنی سوپا و بەکرێ گرتنی سوپا و لەشکری زۆر و وەرگرتنی باج و خەراج و دامەزراندنی پەیوەندی کە لەسایەی بەسەربازیکردن و داگیرکردنی نیشتیمانە جیاجیاکان و درووستکردنی کۆمەڵە موستەعمەرەیەك کە ڕێ و بانی پەیوەندیان ئاڵۆز و کوێستانی بوو، وردەوردە ئەم وڵاتە داگیرکراوانە وەکوو کۆمەڵە ویلایەتێکی پێکەوە لکاوی ژێردەستەڵاتی ڕۆمایان لێهات. دوایی ئەم داگیرکردنانە و جەنگەکانی تراژان Trajan و لوسیووس ڤیریووس Lucius-verus و سێپ تی می یووس- سێڤێریووس Septimius Severus بوونە هۆی ئەوەی تاکوو زاڵبوون بەسەر چەند نیشتیمانێك بێتەئاراوە کە تاکوو میزۆپۆتامیا هەڵدەکشا. ئەم وڵاتە داگیرکراوە پێکەوە لکاوانە تاکوو نەینەوا و ئەوپەڕی سنوورەکانی ئێران بەرەوپێشچوون و بووە هۆی ئەوەی تاکوو ئێران بە مەدیتەرانەوە بلکێت. ئەم داگیرکردنانەی ڕۆمەکان بێ هیچ وچانێك بەرەوپێش دەچوون، یەکێك لە گرنگترین پێشهاتە بەرچاوەکان، بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی بوو کە بووە هۆی هاتن و ناساندنی ئەم ئایینە بۆ ناو جیهانی لاتین.



ئەم ئایینە لە ڕۆژگاری فرمانڕەوایی فلاوینەکان Flavinan دا دەرفەتی بڵاوبوونەوەی پەیداکرد. لەسەردەمی دوای دەستەڵاتی فلاوینەکان زۆر بەجوانی هەست بە بڵاوبوونەوەی دەکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوتە لە کۆمازێندا ڕووبەڕووی ئایینێك بەناوی ئایینی ژوپیتێر دۆڵی کێنیووس Gupiter-dolichenus دەبینەوە کە سەرەنجی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاکێشا و لەوکاتەوە لەگشت سنووری دەستەڵاتی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا بڵاوبۆوە.

بەپێی ئاماژەکانی پلۆتارك Plutarck بۆمان ڕوونبۆتەوە کە لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆن ئایینی میترایی ناسراوبووە[*]. بەم چەشنە ڕۆمیەکان لەڕێگەی ڕێگرانی دەریایی سیسیلەوە کە بەدەستی پۆمپی Pompey شکستیان خواردبوو ئەم ئایینەیان ناسی ( پێشتر ئاماژە بەوەکرا کە ئەم بۆچوونە دوور لە ڕاستی و عەقڵە کە ئەم ئایینە بەهۆی ڕێگرانی دەریاییەوە بڵاوبووبێتەوە و ناسرابێت). بەم چەشنە لە کۆتاییەکانی ڕۆژگاری دەستەڵاتداری پۆمپی، ئایینی میترا لە ئیتاڵیا ناسرا، بەڵام لەسەرەتادا پەیرەوانێکی کەمی هەبوو کە لەگەڵ زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە باوەڕیان بە ئایینەکانی تر هەبوو بەراوردناکرێت.

کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی زایینی لە ڕۆما بەسەرەتای گەشەی ئەم ئایینە دادەنرێت. لەدەورووبەری هەشتا ساڵ پێش زایین ستاتیووس Statius یەکەمین لاپەڕەی بەرهەمەکەی خۆی Thebaid ی نووسی[*] و ئەمەش کاتێك بوو کە پەیکەر و نەخشە هەڵکەنراوەکانی میترای گائۆژەنی بینیبوون. لە نووسراوەکەی پلۆتارك دا واهەڵدەسەنگێنرێ ئەم ئایینە کە لقێکی مەزداپەرستی یە لە ڕۆژگاری ئەودا ناوبانگێکی زۆری دەرکردبوو[*]. و لەبارەی ئەوەوە ئاماژە بە کۆمەڵە نووسراوە بەردینێك دەکرێت. یەکێك لە کۆنترینی ئەو نووسراوە بەردینانەی کە بۆ میترا دەگەڕێتەوە نووسراوە بەردینە دوو زمانەکەی کۆیلە ئازادکراوەکەی فلاوین Flavinsە؛ و هەروەها کلۆکسیۆنی بەردی مەڕمەڕی کلادیووس لی ڤیانووس Cladius Livanus کە لە ڕۆژگاری فرمانڕەوایی تراژێن پێشکەشی میترای کردبوو (وێنەی ١٠). خۆری نەبەز لەم ڕۆژگارەدا لەناوەندی ئیتاڵیا ناسراوە و لەناو کۆڕی خواوەندانی ڕۆژهەڵاتی شوێن و پلەوپایەی

*Plutarck: Vit. Pomp., 24 (T.et M, Vol.II.P. 35.d).

* Statius: Theb., I, 717: Persei Sub rupios antri indiganata sequi torquentem cornua Mithram.

*Plutarck, L.C.

پێدرابوو. لە نێرزی Nersae کە دەکەوێتە ناوچەی ئێکوویی Aequi یش نووسراوە بەردینێك لە ١٠٢ ی پێش زایین دۆزراوەتەوە کە تێیدا باسی مێهرابەیەك کراوە کە لە ڕۆژگاری ڕابردوودا لەناوچووە. لەباکووری ئیتاڵیاش لەم ڕۆژگارەدا شوێنەواری ئەم ئایینە بەدیدەکرێت. لەوانەیە بتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە ئەوا لەسەرەتای دەستەڵاتداری ڤێسپازیەوە بوو کە ئایینی میترایی گەیشتە کارنوونتووم Carnuntum کە دەکەوتە کەنارەکانی دانووب، واتا لە دەورووبەری ساڵی ١٤٨ ی زایینی و لەم کاتەیە کە پەرستنی میترا باوبووە. ئێمە ئاگادارین کە لە ڕۆژگاری دەستەڵاتداری ئانتۆنیۆنەکانەوە و بەتایبەتی لەسەرەتای پاشایەتی کۆمۆدووس Commdus لەگشت ناوچە و هەرێمەکانی ژێردەستەڵات، ئایینی میترایی باوبووە.




**وێنەی ژمارە ١٠**

کۆلکسیۆنێکی بەردی مەڕمەڕ. سەدەی دووەمی زایینی. مۆزەخانەی بریتانیا. ئەوشتەی کە لەم وێنەیەدا شایانی باسکردنە، ئەوەیە کە لەجێگەی خوێن لە گەردنی گایەکەوە سێ گوڵە گەنم ڕوواوە. بەپێی بیروباوەڕەکانی میترایی گەنم و مێو لە خوێنی گای قوربانیکراوەوە بەدیدێن. 228،T.et.M.P



لەگەڵ ئەوەشدا ناگونجێت کە باسی گشت ئەو نیشتیمانانە کە ئایینەکەیان وەرگرت و مێهرابەیان تێدا بیناکرد و هەروەها چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە بکەین. تەنانەت بەوردبوونەوە لەو نووسراوە بەردینانە و ئەو نووسراوانەی کە لەسەر شتی کانزایی هەڵکەنراون ناشێ مێژووی ناوچەیی ئایینەکە لەم مەڵبەندە جوگرافیاییە دیاری بکرێت. هەروەها ناتوانین نەخشەی پێشڕەوی و بڵاوبوونەوە و شێوەی مێهرابەکان و هۆکارەکانی بەرەوپیل چوونی ئەم ئایینە بنووسینەوە و بخوێنینەوە. تەنیا دەتوانین ئاماژەبەوە بکەین گەیشتۆتە کام نیشتیمان و لەلایەن چ کەسانێکەوە پێشوازی لێکراوە؛ ئەویش بەپشت بەستن بەو شوێنەوارە فراوانانەی کە کەمێکیان بەدەستی ئێمە گەیشتوون.

هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی یەکەمین بڵاوبوونەوە، سوپاییەکان بوون. چونکە ئایینی میترایی ئایینی سوپاییەکان بوو و لە قۆناغێکی دیاریکراودا فێرخوازانی تازەهاتووی ئایینی میترایی، سوپاییان پێدەگووترا کە ئەمەش هەروا لەخۆوە نەبووە*.

سەربازانی سوپای ئیمپراتۆری ڕەوانەی ئۆردووگا و ناوچە ئاوەدانەکان دەکران و بەزۆری لەسەردەمی هادریان Hadrian لە نێوان ساڵانی ١٣٨ — ١١٧ ی زایینی لەو ویلایەتانەی کە نیشتەجێ دەبوون دادەمەزران. بەڵام ئەو شێوازە باوە هەندێجار لایەنی شازیشی دەبوو. بۆ نموونە ئاسیانیەکان لە دێرزەمانەوە لە داڵماتیا Dalmatia و مۆزیا Moesia و هەروەها لە مەودای ماوەیەکی دیاریکراودا کۆمەڵە سوپایەکی ئامادەیان لە ئەفریقاوە پێکدێنا. هەروەها

* دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێك لە قۆناغەکانی ئەم ئایینە کە نهێنیخواز پێیدا تێدەپەڕێت قۆناغی سەربازی پێدەگوترێ، ئەم وشەیە درکەیە. هەر بەوجۆرەی کە گشت بنەماو قۆناغەکانی فێربوونی نهێنی و درووشم و ڕێورەسم و ناوەکانی ئەم ئایینە درکە و پڕ لە نهێنین. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵە قۆناغێکی تریش هەبوون کە ڕێبوار و نهێنیخوازەکان دەبوایە پێدا تێپەڕن لە هەرکام لەم قۆناغانەدا ڕێبوارەکە بەناوی ئەو قۆناغەوە بانگ دەکرا کە تێیدا تاقیدەکراوە. لەلایەکی ترەوە ئاینێکی ئەوها کە پڕبوو لە دروشم و ئاڵۆزی و هەروەها بە پێی ناوکی سەرەکی ئایینەکەوە کە بریتی بوو لە عیرفان و گۆنووس و ئاکار و فەلسەفە، ناکرێ ئایینی تایبەتی توێژێکی دیاریکراوبێت کە هەرگیز هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان پێیەوە نەبووبێ. هەروەها ناتوانێ بەپێی ڕاوبۆچوونی توێژەرانی ئەورووپی، ڕێگرانی دەریایی و سەربازانی سوپا هەرەس هێناو و هەڵاتوو ئەم ئایینەیان بڵاوکردبێتەوە؟!

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو سەربازێکی سوپایی دوای چەندین ساڵ ئەزموون و خزمەتکردن لە وڵاتی خۆی تاکوو پلەی پۆڵەوانی و سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵە سەربازێك پێشدەکەوت، وەکوو فەرماندە بۆ پێگە سەربازیەکان دەنێردرا و دوای تێپەڕاندنی پلە و ناونیشان و ئەرکی تر بەرەو پێگەیەکی تر دەنێردرا. بەم چەشنە گشت فەرماندەکانی هەر لەشکرێك جۆرە ئیمپراتۆریەتێکی بچووکیان پێکدێنا*. ئەم فەرماندانە هۆکاری سەرەکی کارتێکردن بوون، چونکە ئەم پلەوپایەیان دەبووە هۆی کاریگەریەکی بەرچاوی ڕەوشتی بەسەر ئەو سەربازانەی کە لەژێرفرمانیان دابوون. لەلایەکی تریشەوە ئەو ناوبانگەی کە ئەم فەرماندانە بەدەستیان دێنا دەبووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵە کەسانێك بەم هۆیە ڕەوانەی دوورترین شوێنەکان و ئەو ئۆردووگایانە بکرێن کە چەندین نەژاد و چەندین گەلی خاوەن ئایینی جۆراوجۆری لەتەك یەکتریدا کۆکردبوونەوە.

بێگومان ئەم گواستنەوە و جێگۆڕکێیانە بەشێك لە سیاسەتی سەربازی ئیمپراتۆری بوون تاکوو سوپا بیانیەکان لە نیشتیمانی دایکیان و ئەو شوێنانەی کە ناوبانگێکیان دەرکردبوو دوور ببنەوە، تاکوو ئەگەری شۆڕشکردن لەناوبچێت. بەم جۆرە لە ڕۆژگاری فرمانڕەوایی فلاوینەکاندا سوپا ناوچەییەکان و هاوپەیمانانەکان بەشێکی ئەو سوپایە بوون کە بۆ پاراستنی ناوچەکانی دەورووبەری ڕاین و دانووب ڕەوانەدەکران. زۆربەی ئەو سەربازانەی کە لە وڵاتە بێگانەکاندا لەڕیزی سوپای نیشتیمانی بەرەو شوێنە دوورەکان ڕەوانەدەکران ئاسیایی بوون. کۆمازێن واتا ئەو شوێنەی کە تیایدا ئایینی میترایی بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوببووەوە بەپێی زۆری پانتایی ڕووبەرەکەی زیاتر لە شوێنەکانی تر و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی، سوپا و هێزی خستە خزمەت لەشکری دووەمەوە. هەروەها هێزە ناوچەییەکانی کاپادۆکیا و پۆنتووس و سیسیل بێ بەژمارهێنانی سووریەکان زۆربوون. سیزارەکان هەرگیز لە بەخزمەتگرتنی گرووپێکی بچووکی سەربازیش کە ئاشنای شێوەی جەنگی و کارامەییان بان، دەریغیان نەدەکرد.

*Jung: Fasten der Provinz, dacien, 1984, P. Xlv



لە بنچینەدا سەربازانی سوپای ڕۆما خواترس و ئیمانداربوون*. چونکە بەردەوام ڕوبەڕووی مەترسی و هەڕەشە دەبوونەوە، باوەڕیان بە کۆمەڵێك دیاردەی خورافی هەبوو کە پێیان وابوو لە کاتی مەترسی و هەروەها بەرەکانی جەنگدا دەیانپارێزێت. دیاردە ئاسمانیەکان و ئەستێرەکان لە ژمارەی ئەم بیروباوەڕانە بوون. باوەڕهێنان بە پێشگوویی و تەلیسم و پێشکەشکردنی قوربانی لەم جۆرە بیروباوەڕانە بوون. ئەو سوپا و هێزانەی کە نزیکەی بیست ساڵ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە لەلایەن ڕۆماکانەوە بەرەو وڵاتی بێگانە و نامۆ ڕەوانە دەکران، لە وڵاتی بێگانە و غەریبی زۆرتر هەستیان بەوە دەکرد خواوەندەکانی خۆیان بیانپارێزن، و لەبەر ئەوە لەکاتە جۆراوجۆرەکاندا ڕێوڕەسمی ستایشکردنی ئەم خواوەندانەیان فەرامۆش نەدەکرد. بۆ نموونە لە ناخی دڵەوە خواوەندی گەورە بەعل Ba`l یان دەپەرستی و قوربانیان بۆ دەکرد و وەکوو منداڵێك لە تووڕەبوونی ئەو خواوەندە دەترسان. لەلایەکی تریشەوە لە وڵاتە نامۆکاندا ئەم جۆرە پەرستن و ستایشکردنانە بەگوێرەی لایەنی دەروونیەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە دڵەڕاوکێ و ترس و ڕاڕایی لە نێوانیاندا هۆگری و پەیوەندیەکی نزیکی بەدیدەهێنا. ئەوان بە دڵشادی و

* هەروەك باسکرا لە دوو شوێنی ئەم کتێبە بە نرخەی کۆمۆن بە ناوی نهێنیەکانی ئایینی میترایی کە وەرگێڕانەکەی ئێستا لەبەر دەست ئێوەدایە، جێگەی سەرسوڕمانە بۆ گشت خوێنەرێك کە ئەم توێژەرە گەورەیە کۆمەڵە بابەتێك دەخاتە روو، ئەگەر کەمێك بیری لێ بکرێتەوە باوەڕی پێ ناکرێ و هەندێ جار وای لێدێ متمانەی پێ نەکرێ. بۆ نموونە، ئەم ئایینە بەوپەڕی بەرزی بنەما رەوشتی و ئاکاریەکان و بەرزی هونەری و ئالۆزی، لە رێگای رێگرانی دەریایی و سوپا سەربازیە جیاجیاکانی رۆمایی لەئەوروپادا بڵاوبووبێتەوە. یان خود سوپا سەربازیەکانی رۆمایی کەسانێکی ئیماندار و دوورە پەرێز بووبن. کەچی ئەنجامی گشت توێژینەوەکان دەسەڵمێنن ئەوە بیرمەندان، فەیلەسووفان، هونەرمەندان، و زانایان و مێژوو نووسانی یۆنانی — رۆمایی بوونە کە بەرەو رۆژهەڵات و ناوەندەکانی کەلتوور و شارنشینی وەکو : ئێران، میزۆپۆتامیا ، هیند و سوریا و میسر و... بۆ فێربوون و دەستەبەر کردنی زانیاری بارگەیان تێکناوەو سەفەریان کردووە و دەستکەوتەکانی ئەم سەفەرەیان بۆ ولاتی خۆیان بردووە، نەك سەربازان و جەنگاوەران. کەسانێکی وەکوو: ئەبوورەیحانی بیرونی، ئەبو عەلی سینا، ئیبنی خەڵدوون، ئیبنی بەتۆتە، ئەفلاتوون و فیساغورەس و... بە هۆکاری گواستنەوەی کولتوور و فەرهەنگ دادەنرێن و پێشترش ئاماژەبەم بابەتەکراوە. وەرگێڕانی ئەم بەشە بۆ مەبەستی وردبوونەوە لە چۆنییەتی بڵاوبوونەی ئایینی میترایی لە ئەوروپایەو خوێنەر بە وردبینی لەکاتی خوێندنەوە زۆرشتی بۆ روون دەبێتەوە.

سینگ فراوانیەوە یاران و هاوڕێیانی سەربازی خۆیانیان سەربە هەر نەژاد و وڵاتێك بانە، وەكوو پشتیوانەیەك بۆ مەبەستی لەناوبردنی ترس و تەنیایی بانگێشەی ناو ئایینەكە دەكرد. بەڵام ئەم ئایینەی سوپا بۆ دابینكردن و ڕازیكردنی پێداویستیە دەروونییەكانی سەربازەكان سەركەوتوونەبوو. بەڵام میترا ئەم خواوەند بیانیە، هاوكاریەكی زۆرتر و برایەتیەكی زۆرتری دەنواند و دەیتوانی لەناو شڵەژاوی و جەنگەكاندا ورەیان بەرزبكاتەوە و بە بەڵێنی دەستەبەركردنی ژیانێكی ئاسوودە و بەختەوەری و ڕزگاری گیان و دەروون و جیهانی ڕازاوەی دوای مەرگ دڵشادیان بكات. هەر لەبەرئەوە سەربازە سوپاییەكان بەرەوپیلی ئەم ئایینە دەڕۆیشتن و فێری نهێنیەكان و ناوەڕۆكی ستایشەكان و ڕێوڕەسمی پەرستن و بنەماكانی ئایینەكە دەبوونەوە. دوواتر ئەم فێرخوازە نوێیانە بوون كە بۆ ئۆردووگاكانی تر گواسترانەوە. بەگوێرەی ئەو پێداویستیە دەروونیانەی كە لە ئۆردووگاكانی تریش بەدیدەكران، ژمارەیەكی زۆرتر دەهاتنە ناو ئایینەكەوە و بەئەسپایی بناغەی بڵاوبوونەوە و تەشەنەكردن و ناوكی سەرەكی پێكهاتەی ڕاگەیێنەرە ئایینییەكان پێكدەهات. بەم چەشنە ئایینی میترایی كە بەهۆی سەربازە نیمچە بیانییەكان لە كاپادۆكیا و كۆماژێنەوە بەرەو ئەورووپا گواستراوە، بەخێراییەكی زۆرتر لە جیهانی ئەوكات بڵاوبۆوە.

شوێنەواری میترایی لەگشت ڕووبەری بەرفراوانی جیهانی ئەو سەردەم كە خاوەن شارستانیەت و كولتووری ئاسیایی – ئەورووپایی بوو، بەفراوانی بەرچاودەكەوێ. لە كەنارەكانی دەریای ڕەشەوە تاكوو كوێستانەكانی ئەسكوتلەندا و سنوورەكانی بیابانی گەورە و سەرانسەری ڕۆما و وڵاتانی ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆری، شوێنەواری ئایینی میتراییان لێدۆزراوەتەوە. بێگومان لە ناوچەكانی تر كە هێشتا شوێنەوارێك نەدۆزراوەتەوە. لەپاش هەڵكۆڵین و بەدواداگەڕان لەم ناوچانەشدا لەوانەیە زۆر شت بدۆزرێتەوە، ماوەیەك لەمەوبەر لە مۆسیا Moesia ی خواروودا شوێنەوارێك دۆزراوە. شایانی ئاماژەپێكردنە بەهۆی بوونی هێزەكانی سوپای ڕۆژهەڵاتی لەم وڵاتەدا هەست بە كەمبوونی سەربازانی ناوچەیی نەدەكرا.

بێ ئەوەی بەندەری تۆمی Tomi بەژماربێنین، ئایینی بەڕەسەن ئێرانی میترایی لە ترۆسمیس Troesmis و دوورۆستroوم Durostrum و ئۆسكووس Oescus و هەروەها لە ترۆپۆئووم – تریانی Tropoeum-Traini یش باوبوو. ئیدی خزایەناو وڵاتی مۆنتانا Montana و نیكۆپۆلیس Nichopolis و بێگومان هەر لە ڕێگەی ئەم شارە باكووریانەوە بوو كە دزەی كردە ناو باڵكانیش و لە بەشەكانی باكووری تراس Thrace و هەروەها تاكوو



سەردیكا Serdica (صوفیا) فلیپۆپۆلیس Philipopolis كە دەكەوتە دۆڵی هێربووس Herbus بڵاوبۆوە.

ئایینی میترایی لەكاتی هەڵكشانی بەرەو باشوور لەلای دانووب لە ڤیمیناكیووم Viminacium ی پایتەختی موسیای سەروو پاڵپشتێكی باشی پەیداكرد. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی نەبوونی بەڵگە و شوێنەواری پێویست ئاگاداری چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی لەم وڵاتەدا نین. ئەو هێزە دەریاییەی كە لەسەر ڕووبەری ئەم ڕووبارە پان و بەرینە چالاكی دەنواند، لەلایەن بیانیەكانەوە بەڕێوەدەچوو و بێگومان ئەم هێزە دەریاییە ئەم ئایینە ئاسیاییەی لە گشت پێگە سەربازیەكانی كەناری ڕووباردا بڵاودەكردەوە.

بەكەمێك وەستان و بیركردنەوە لەبابەت چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە داكیا Dacia زانیاریەكی زۆرتر بەدەست دێت. ئەوكاتەی كە تراژان لەساڵی ١٠٧ ی زایینی ئەم وڵاتەی خستە ڕیزی ناوچەكانی ئیمپراتۆریەتەوە تەنیا ناوچەیەكی خاپوور و وێران بوو. بەپێی قسەكەی ئێوترۆپیووس Eutropius[*] بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە ئاوەدان بكرێتەوە ئیمپراتۆری داوای یارمەتی لەگشت وڵاتە ژێردەست و داگیركراوەكانی كرد. لەسەدەی دووەمی زایینییدا كە گەلانی ئەورووپی زۆر بەتوندی و دڕندانە لەگەڵ یەكتری دەجەنگان، خەڵكی نیشتەجێی ئەم وڵاتە لەگەڵ یەكتری زۆر تێكەڵبوون. لە توێژینەوەكاندا واپێدەچێت كە پاشماوەكانی داكیای گەورە بریتیبن لە: ئیللیریاكان Ellyrians ، گاڵاتیاكان Gallatians ، كاریاكان Carians و ئاسیاییەكان و خەڵكی ئێدێسا Edessa و پاڵمیرا Palmyra و هەروەها لەوانەیە كۆمەڵە نەتەوەیەكی تریش لەم مەڵبەندە ژیابن و ئەمانە گشتیان خاوەن بیروباوەڕی ئایینی ڕەسەنی ناوچەیی خۆیان بوون و ڕێوڕەسمە ئایینیەكانی خۆیانیان بەڕێوەدەبرد. بەڵام سەركەوتوویی و گەورەیی هیچ كام لەم ئایینانە وەكوو ئایینی میترایی نەبووە. پێشكەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە مەودای سەدوپەنجا ساڵی دەستەڵاتداری ڕۆمەكان لەم مەڵبەندەدا سەرسامهێنەرە؛ نەتەنیا لە پایتەختی ئەم ویلایەتە واتا لە سارمیزێگێتۆسا Sarmizegetusa و شارە تازە دروستكراوەكانی وەكوو ئاپوولووم Apulum و پۆتائیسا كە بۆ مەبەستی دیاریكراو لە چواردەوری پێگە سەربازیەكانی لێژیۆنەكانەوە دروستكرابوون، بەڵكوو لە سنوورێكی

* .Eutropius, VIII,6

بەرفراوانی ئەو وڵاتانەش کە لەلایەن ڕۆمییەکانەوە داگیرکرابوون. لەلایەکی تریش لە داکیا شوێنەوارێکی وابەنرخ سەبارەت بە بوونی ئەنجوومەنەکانی ئایینی مەسیحی بەرچاوناکەوێت.

لە سەرانسەری ناوچەیەکەوە لە کۆشکی زامۆس یوور Samos-Ujvar ەوە بگرە بەرەو ئاراستەی باکوور تاکوو ڕۆموولا Romula کە دەکەوێتە ڤالاکیا Wallachia ژمارەیەکی زۆر مێهرابە و نووسراوە بەردین و پەیکەرە و نەخشی هەڵکەنراو دۆزراونەتەوە کە دوای هێرش و خاپوورکردنی مێهرابەکان بە ئێمە گەیشتوون. ئەم شوێنەوارانە بەتایبەت و بەزۆری لە بەشی ناوەندی ئەم وڵاتە لە گوزەرگایەکدا کە دەکەوتە کۆتایی دۆڵی مارۆس Maros بەرچاودەکەوێت. دۆڵی مارۆس دەکەوتە نزیك ڕێگەیەکی زۆر گەورە و گشتی کە کولتووری ڕۆمایی لە ڕێگەی ئەوەوە لە سەرانسەری ناوچەکانی کوێستانیدا بڵاودەبۆوە. بەتەنیایی لە ((ئاپۆلۆم)) ی داگیرکراو چوار مێهرابە ((پەرستگە)) ی میترایی دۆزراوەتەوە. لە ((سارمیزێگێتۆسا)) مێهرابەیەکی سەرەنجڕاکیش دۆزراوەتەوە کە شوێنەوارەکەی هەروا ماوەتەوە و نزیکەی پەنجا نەخشی هەڵکەنراو و لەوحە (تابلۆ) ی پێشکەشکراو بە میترا و کۆمەڵێك شتی تر دۆزراونەتەوە کە پێشکەش بە خواوەند کراون.

بەم چەشنە ئایینی میترایی هەروەك چۆن بەخێراییەکی زۆر لە پانۆنیا Pannonia گەشەی کرد لە شارە گەورەکانی تری وەکوو کوزووم Cusum ، ئینتێرسیسا Intercisa ، ئاکوئینکووم Aquincum بریگێتیۆ Brigetio ، کارنۆنتۆم، ڤیندۆبۆنا Vindobona ش بڵاوبۆوە و تەنانەت ڕێی کەوتە دێهاتەکانی دەوروبەریشەوە. لەڕاستیدا ئەم ناوچانە بریتیبوون لەو کۆلێن[1] و پێگە سەربازی و شار و دێهاتانەی کە لە لێوارەکانی دانووب هێڵێکی پاراستن و بەرگریکردنیان بۆ ڕۆما پێکدێنا. ئایینی میترایی بەزۆری و بەتایبەت لە دوو ناوەندی گرنگی ئەم ویلایەتە واتا ئاکۆئینکۆم و کارنتۆم دەورێکی زۆری هەبوو کە ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەست بە شکۆ و گەورەیی و دەورە کاریگەرەکەی دەکرێت. لە ئاکۆئینکۆم لە سەدەی سێیەمی زایینی، بەلایەنی کەمەوە پێنج مێهرابەی گەورە هەبوون. ئەوکات ئەم شارە ناوەندی فەرماندەیی لێژیۆنی دووەم ئادیۆتریکس* Legio II adjutrix بوو کە لە سالی هەفتای زایینی بەفرمانی ڤێسپازین، لە سەربازانی سووپای ئۆردووگای ڕاونا Ravenna پێکهاتبوو و دامەزرابوو. لەناو ئەو کۆمەڵە دیلانەی کە سەربەست کرابوون و خرابوونە ریزی لێژیۆنەکانەوە،

* یەکێك لەو لێژیۆنانەی کە بۆ مەبەستی یارمەتی و پاڵپشتی کردنی لێژیۆنی کۆن لەویلایەتە ڕۆمیەکان دامەزرا.



گرووپە ئاسیاییەکان گرنگ بوون و پێدەچێت هەر لەم کاتەدا ئایینی میترایی دزەی کردە ئەم بەشە و بڵاوبۆوە. لە ساڵی ١٢٠ ی زایینی لە پانۆنیای خوارووش لێژیۆنێکی ئاوها لەلایەن هادریان Hadrian ەوە دامەزرا و پێدەچێت ئایینی میترایی تاکوو کاتی کزبوون و لەناوچوونی لەم ناوچەیە بەردەوام بووە و هەروەها بەشێوەیەکی هاوچەشن بەرەو ناوچەی بریگتیڤ هەڵکشاوە و ڕەگ وڕیشەی داکوتاوە.

بە توێژینەوە و هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسیانە دەتوانین بەرێکی چۆنیەتی بڵاوبوونەوە و سەقامگیربوونی ئەم ئایینە لەگەڵ کارنۆنتۆم دیاریبکەین. ڤێسپازین لە ساڵی ٧١ یان ٧٢ ی زایینی ئەم ناوچە گرنگە ستراتیژیەی بەیارمەتی لێژیۆنی پازدەی ئاپۆلیناریس Apollinaris XV Legio داگیرکرد. ئەم لێژیۆنە نزیکەی هەشتا یان نەوەد ساڵ لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە شەڕدابوو و لە ساڵی ٦٣ ی زایینی بۆ یارمەتی دانی ئەو هێزەی کە بەفرماندەیی کۆربوولۆ Corbulo دژبە پارتەکان دەجەنگان بەرەو کەنارەکانی فورات ڕەوانە کرابوون. دوای ئەمە لە ساڵی ٦٧ تاکوو ٧٠ شۆرشی جوولەکەکانی سەرکوت کرد و لەگەڵ تی تووس لەکاتی هاتنەناو ئەسکەندەریە بوو، کە لەناو ئەو جەنگ و پێکدادانانەی کە ڕوویدا زەرەر و زیانێکی زۆر بەر ئەم سوپایە کەوت و بەم چەشنە ناچاربوو کە کەمبوونەوەی ژمارەی سەربازەکان لە ئاسیا قەرەبۆ بکاتەوە. ئەو کەسانەی کە بەم جۆرە خرانە ڕیزی سوپاوە بەزۆری لە خەڵکی ڕەسەن و ناوچەی کاپادۆکیا بوون کە دوای گواستنەوەی لێژیۆن بەرەو لێوارەکانی دانووب یەکەمین قوربانیەکانیان پێشکەش بە میترا کرد. ئەو خواوەندەی کە تا ئەوکات لە وڵاتانی باکووری ئاڵپدا نەناسرابوو.

لە کارنۆنتووم نووسراوە بەردینێك سەبارەت بە میترا دۆزراوەتەوە کە سەربازێکی سوپایی سەربە لێژیۆنی ئاپۆلیناری Apollinarian بەناوی باربارۆس Barbarus پێشکەشکارەکەیەتی. لەم شوێنەدا پێشەنگانی پەرستنکاری خۆری نەبەز Sol Invictus (یان میترا) لە لێواری ڕووبار ئەشکەوتێکیان وەکوو مێهرابە بۆ مەبەستی پەرستنی خواوەند ئامادەکرد کە لە سەدەی دووەمی زایینی لەلایەن مێهرئایینێکی ڕۆمیەوە نۆژەن کراوەوە. مێژووی کۆنی ئەم مێهرابە بەشێوەیەکی ئاشکرا دیارە. تراژان دوای هەڵکشان و بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی بەرەو ڕۆژئاوا بۆ دووەمینجار لێژیۆنی پازدەی بەرەو کەنارەکانی فوڕات ڕەوانەکرد. ئایینی میترایی ئەوکات لەناوەندی پانۆنیای سەروو بەتەواوی باوببوو. لێژیۆنی چواردەم بەناوی جێمیناماڕتیا Jemina-Martia و لێژیۆنەکانی شازدەیەم

و سێزدەیەمیش هاتنە ڕیزی ئەم لێژیۆنە و بەخێرایی ملکەجی ئایینی میترایی بوون و بەم چەشنە پەیڕەوانێکی زۆری پەیداکرد. زۆرپێینەچوو، زانیان مێهرابەیەك بەتەنیایی بۆ ئەم کۆمەڵە خەڵکە کەمە و لەمڕووەوە دووەمین مێهرابەش بیناکرا، و دەبێ ئاماژەبەوە بکەین کە ئەم پەرستگایە پەیوەست کرا بە پەرستگەی ژووپیتێر دولیکێنیووس Jupiter delichenus ، کە لە کۆماژێن بوو. لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی بوو کە بەهۆی زۆری ژمارەی کۆمەڵانی خەڵك و پەیڕەوانی ئایینەکە سێیەمین مێهرابە لە نزیك ئەم ئۆردووگایە بیناکرا کە قەبارە و گەورەیی مێهرابەکە بۆ مەبەستی ئاخنینی ئیمانداران گەورەتر و فراوانترکرا. لە ساڵی ٣٠٧ ی زایینی دا دیۆکلتیس Diocleteion و شازادەکانی هاوپەیمانی دوای سەقامگیربوون لە کانۆنتوم دەستیان بە نۆژەنکردنەوە و بەرفراوانکردنی مێهرابەکان کرد و بەم چەشنە ئەمانە کە لەم شارەدا دۆخێکی پیرۆزیان وەرگرتبوو ڕەسمی بوونی ئایینی میتراییان سەلماند. لەنێوان گشت وڵات و ناوچە باکوورییەکانی، شاری کارنۆنتوم خاوەن زۆرترین ژمارەی مێهرابە و پەرستگەی میترایییە.

ئەوەی کە لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەوە دەستدەکەوێت ئەوەیە کە ئەم شارە گرنگترین ناوچەی جەنگی و مەڵبەندی ئایینی بووە. ئایینی میترایی لەم شارەوە سەرپەرشتی ئەنجوومەنەکانی تری ئایینەکەی دەکرد. ئەم ئایینە لە سەدەی دووەمی زایینی، لە ستیکس نیۆسیدڵ Stix-Neusiedl یش بڵاوبۆوە کە تەنیا گوندی گرنگی ئەم شارە بوو. بەڵام زۆری پێنەچوو لە باشوور لە ناوچەی کارنونتی Carnunti مێهرابەی سکێربانی تا Scarbanita ش بە پشتگیریکردنی پارێزگار شێوەیەکی ڕەسمی وەرگرت. لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی بەرفراوانی ئاکوویی نۆکتیووم Aquinoctium نووسراوە بەردینێك دۆزراوەتەوە کە پێشکەش بە پێتراجێنتریچی Petra Genetrici کراوە. کەمێك بەولاوەتر لە ڤیەننا Viwnna پێدەچێت سەربازانی لێژیۆنی دەیەم ئەم ئایینەیان لەو ئۆردووگایانەوە وەرگرتبێ کە لە نزیك ئەوانەوە دامەزرابوون. تەنانەت لە ئەفریقاش کۆمەڵە بیروباوەڕێکی میترایی دزەییان کردبوو و شوێنەوار و بەرهەمەکانییان دەتوانرێ بەپێی ئەو جۆر و شێوە و سیمایەی کە لە پانۆنیا Pannonia باوبوو، بناسرێنەوە.

نزیکەی چەند کیلۆمەترێك دوورتر لە ڤیەننا بە تێپەڕین لە سنووری نۆریکوم Noricum دەگەینە کۆماژێن. نۆریکوم گوندێکە و هۆی ناونانی بەم ناوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵێك لە دانیشتووانی کۆماژێن an al commagenorum بەرەو ئەو شوێنە کۆچیان



کردبوو و نیشتەجێببوون. هەر لەبەر ئەوەبوو بەردێکی هەڵکەنراوی سەربە میترای گائۆژەن Tauroctonous-god لەم گوندەدا دۆزراوەتەوە. ئەگەرچی شوێنەوارێکی ئاوها لەم ناوچەیەدا دۆزراوەتەوە بەڵام پێناچێت ئەم ئایینە لەم ناوچەیە وەکوو ڕۆیتیا Rhoetia شێوەیەکی بەربڵاوی هەبووبێت. هەروەها نووسراوە بەردینێکی سەردەمی کۆن لەم ناوچەیەدا دۆزراوەتەوە کە سەربە لێژیۆنی یەکەمی نۆریکوومە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە بەشی دانووبی سەروو شوێنەواری میترایی کەمە. لەو گوزەرگایەوە تاکوو بنارەکانی ئالێپیش شوێنەواری میترایی بەرچاودەکەون بەڵام کەمن و ناتوانین بەتەواوی بڵێین کە لە سەربازەکانەوە بەجێماون.

## شوێنەواری ئایینی میترایی لە ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بریتانیا و ئەسپانیا

پاراستن و ڕاگرتنی وڵاتی ئەڵمانیا بۆ ئیمپراتۆری ڕۆما پێویستی بەوە هەبوو کە بەردەوام لێژیۆنی چالاك و لێهاتوو لەوێدا سەقامگیربن و بەوریاییەوە کاربکەن. بەم چەشنە ئایینی میترایی بەهۆی لێژیۆنەکان یان سەربازەکانەوە بەرەو ئەم سنوورەش ڕۆیشت و جێگیربوو. لەم وڵاتە نووسراوە بەردینێك دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ ١٤٨ ی زایینی دەگەڕێتەوە و لەلایەن فەرماندەیەکی سەربازییەوە پێشکەش بە میترا خۆری نەبەز Soil Invicto Mithroe کراوە. بەپێی ئەو بەڵگە و مێژووانە پێدەچێت ئایینی میترایی لە نیوەی سەدەی دووەمی زایینیدا لەناو ئۆردووگاکان و لەناو سوپایەکانی ڕۆمادا باوبووە. لەناو لێژیۆنەکانی هەشتەمی ئۆگۆست Augusta و دوازدەمی پری می جی نا Primigina و سیەمی ئوولّ پی یا Ulpia و هەروەها لێژیۆنە ئاوێتەییەکانی تر کە لەو کەسانە پێکدەهاتن کە بەویستی خۆیان جلی سەربازیان دەکردەبەر، ئایینی پەرستنی میترا بەشێوەیەکی بەرفراوان، بڵاو و باوبووە.

هێشتاش لێرەدا بەشێوەیەکی ورد و تەواو ناتوانین ئاراستە و دەروازەی هاتنی ئەم ئایینە دەسنیشان بکەین. بەڵام بنەمایەکی سەرەکی لەئارادایە، ئەو شوێنانەی کە لە ڕۆژهەڵات و ناوچە ڕۆژهەڵاتیەکانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئایینی میتراییان بۆ هاتبێ کەمن، بەڵکوو ئەم ئایینە لەڕێگەی پێگە سەربازیەکان و سەربازە سەقامگرتووەکانی کەناری دانووب بڵاوبۆتەوە. لێژیۆنی هەشتەم لە ساڵی ٧٠ ی زایینی لە مێسیاوە بەرەو ئەڵمانیای باکووری ڕەوانە کرا، ژمارەیەکی زۆر لە پەیرەوانی ئایینی میترایی لەناو ئەم لێژیۆنە دابوون و ژمارەیان تا ئەوڕادەیە بوو کە وەکوو شوێنەکانی تر لە وڵاتی ئەڵمانیا دا ببنە هۆی بڵاوبووەنەوەی ئەم ئایینە.

بە گوێرەی شوێنەکانی تر لە ئەڵمانیا، مێهرابە و پەرستنگەیەکی زۆرتر دۆزراونەتەوە. هەروەها لە ئەڵمانیا گەورەترین نەخشە هەڵکەنراوەکان بەگوێرەی قەبارە و وێنەی تەواوی دیمەنەکانی میترایی کە پیشاندەری سیمبوول و ڕێوڕەسم و سیمای خواوەند و یاوەرەکانیەتی دۆزراونەتەوە. زۆری ژمارەی ئەم شوێنەوار و نەخشە هەڵکەنراوانە دەسەلمێنێت کە لەم وڵاتەدا ئەم خواوەندە بەندەی ئیماندار و یاوەری وەفادار و ئەودالّ و تاسەباری زۆرن. لە هەڵکۆڵینەکانی شوێنەوارناسانەی کەنارەکانی ڕووباری ڕاین لە ئاگری دێکوماتس Agre decimates کە سنوورەکانی بەرەی جەنگی ئیمپراتۆرییان دەگرتەوە و هەوەها لە ئۆردووگاکان و شوێنی سەقامگیربوونی سەربازە ڕۆماییەکان کە دەکەوتە نێوان ڕووباری ماین Main و تەپۆلکە ئاهەکییەکان، ژمارەیەکی زۆر شوێنەوار و نەخشی هەڵکەنراو لەلایەن توێژەرانی شوێنەوارناسی دۆزراونەتەوە. لە سیۆیتتاس تائۆنێن سیووم Taunensium Civitasی دێرینیش کە دەکەوێتە باکووری فرانکفۆڕت و نزیک لادێی هێدێرنهایم Hedernheim مێهرابە و پەرستگەی میترایی دۆزراوەتەوە. (وێنەی ١٣ و ١٤). سێ پەرستگەی تر لە فرییدبێرگ هێسێ Friedberg in hesse دۆزراونەتەوە، هەروەها سێ مێهرابەی تریش لە هەمان ئەو دەورووبەرە دۆزراوەتەوە.

فراوانی نەخشە هەڵکەنراو و شوێنەوارە بەردینەکانی میترایی پیشاندەری تەشەنەی لە ڕادەبەدەری ئەم ئایینە لە سەرتاسەری ئەم هێلە و ئەم وڵاتەیە. ئەم سنوورە لە ئۆگست Augst (ڕائۆریکا Raurica) وە لە نزیک بازڵ Basel تاکوو کسانتێن Xanten (ڤاتێرا Vatera) دوای تێپەڕین لە ستراسبۆرگ لە ماینس Mayence ، نیۆڤیێد Neuwied بەرەو بۆن و کۆڵن و دۆرماگێن Dormagen هەڵکشاوە.



**وێنەی ژمارە ١١**

خواوەندی خۆر. پارچەیەکی جوان و هەڵکەنراوی شکۆدار لە ڤیروونووم Virunum ی نۆریکوم.

(P. 336،T.et M.)






**وێنەی ژمارە ١٢**

نەخشی هەڵکەنراوی میترایی لە ئۆستێربورکێن Osterburken کە لە ساڵی ١٨٦١ لە نزیک وێرانەکانی قەڵایەکی ڕۆمی لە ئۆدێن ڤالد Oden Wald دۆزراوەتەوە. (T.et.M Plate VI)

بڵاوبوونەوەی ئایینی مێهر لەناو ((گوولّ)) Gaul دا بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، بۆ ئەوەی کاریگەری ئەم ئایینە بەسەر سوپاییەکانەوە کە بەشێوەیەکی ناڕێك بەئاراستەی هێڵی ڕووباری ڕاین بڵاوبوونەوە، هەڵسەنگێنین. سەربازێکی ئیمانداری سەربە لیژیۆنی هەشتەم لە ژێنێڤ مێهرابەیەکی بۆ ئەم خواوەندە بیناکردبوو. ئەم مێهرابە دەکەوێتە نزیك گوزەرگای جەنگی ئەڵمانیا بەرەو ناوچەکانی مەدیتەرانە. کۆمەڵە شوێنەوار و بەڵگەیەك لە سویسرا و یووڕا Jura ی فەڕەنساش بەدەست هاتوون. هەروەها لە ساربۆورگ Sarrebourg (پۆنس ساراڤی Pons Saravi) لە ڕێڕەو و گوزەرگای کوێستانی ڤۆگس Vosges کە ناوچەکانی مۆسێڵ Mosel و سێین Sein بەیەکەوە دەلکێنێت، ئەشکەوتێك کە پەرستنگەی میترایی بووە و مێژووەکەی بۆ سەدەی سێیەمی زایینی دەگەڕێتەوە، دۆزراوەتەوە. ئەشکەوتێکی تر لەم چەشنە لە شێوارتزێڕدێن Schwarzerden لەنێوان مێتز Metz و ماینسدا Mayenceدۆزراوەتەوە کە تێیدا نەخشی هەڵکەنراوی لەدایکبوونی بەغی مێهر[٢] لە دڵی کێوی بەردیندا بەرچاودەکەوێت.



**وێنەی ژمارە ١٣**

نەخشەی بینای مێهرابەیەك كە لە هێدێرنهایم Hedernheim دۆزارەوتەوە.

A : ڕێڕەوی ستووندار. B : ڕێگەی هاتن بەرەو پەیژەكان. C : شوێنی پاراستن ودانانی جام و كەل و پەلە پیرۆزەكان كە لەكاتی ڕێوڕەسمە ئایینیەكاندا بەكاریان دەبردن. D : (ڕێڕەو) ڕاڕۆ یان مەمەڕ. E : شوێنی دانیشتن كە لە بەردێكی لاكێشەیی درووستكراوە و لە هەر دوولا دانراوە. F : شوێنی تایبەت بە چاودێران و بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمی ئایینی.

. G : مێهرابە و شوێنی وێنە سیمبوولیە ڕەسەنەكان. (T. et. M. P. 370)



**وێنەی ژمارە ١٤**

نەخشێكی هەڵكەنراوی شكۆدار كە لە هێدێرنهایمی ئەڵمانیادا دۆزراوەتەوە.



لەگەڵ ئەوەشدا شاری گەورەی تڕێڤێس Treves شوێنی نیشتەجێبوون و مەڵبەندی هەمیشەیی فەرماندەكان بوو، بەڵام پاشماوەیەكی كەمی نووسراوەی بەردین و پەیكەر و نەخشی هەڵكەنراوی لێ بەجێماوە. هۆكارەكەی دەتوانێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە ئەم شارە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی جێنشینانی كۆنستانتینیدا واتا ئەو ئیمپراتۆرەی كە بووە مەسیحی، بەتوندی و بێ بەزەییانە هەوڵی لەناوبردنی ئایینی میترایی دەدرا و لەناو بردنی مێهرابە و شوێنەوار و بەرهەمە هونەریەكان بە شێوەیەكی بەرفراوان تر بەڕێوەدەچوو. هەروەها لە دۆڵی مێوس Meuse واتا لەنزیك ئەو شوێنەی كە جادەی كۆڵن و باڤای Bavay و باگاكووم Bagacum یش بەیەكەوە دەبەستێتەوە، كۆمەڵە شوێنەوارێكی نایاب دۆزراونەتەوە.



**وێنەی ژمارە ١٥**

نەخشی هەڵكەنراوی نیۆن هایم Neuenheim لە نزیك هایدێلبێرگی ئەڵمانیا دۆزراوەتەوە.

ئەم نەخشە لە مەترسی لەناوچوون دەربازبووە و بەدەست ئێمە گەیشتووە. لە ساڵی ١٨٣٨ لە ئەشكەوتێكی نزیك نیۆن هایم لەلایەن ئەو كرێكارانەی كە لە كێڵگەیەكدا كاریان دەكرد دۆزراوەتەوە. ئەم كۆمەڵە وێنانە لەمڕووەوە گرنگن كە هاوكات دوازدە دیمەنی سەردەمی ژیانی میترایان تێدا بەوێنا كێشراوە: لەدایكبوونی خواوەند لە تەختە بەردێك (سەرەوە لای چەپ)، گرتنی گا و بردنی بۆ ناو ئەشكەوت (لای ڕاست) گەشتی ئاسمانی خواوەند بەرەوە ئاهوورامەزدا (دیمەنی دووەمی لای سەرەوە)، لای چەپی نەخشە هەڵكەنراوەكە سەرەنجڕاكێشە لەم لایە كرۆنووس Kronos (زەرڤان) ی پیشانداوە كە گۆچانی فرمانڕەوایی جیهان بە زیووس (ئاهوورامەزدا) دەدات.

ئـەم ڕێگایـە لـە (بـاقی) ەوە دەگەیـشتە بۆولـۆنی Boulogne (جێـسووریاکۆم) Gesoriacum، واتا بە شوێنگەی کەشتیوانی کلاسیس بریتانیـك Clasis-Britanica کـە هێزی دەریاوانی ئینگلیز بوو. پەیکەری بەردینی دوو خواوەندی مەشخەڵ هەڵگر کە لە نەخشە هەڵکـەنراوە سـیمبوولیەکاندا لـە دوولای ڕاسـت و چـەپی مـیتراوە وەسـتاون، لـەم شـوێنە دۆزراونەتەوە و بێگومـان دەبـێ هـەر لـەم شـوێنەش دروسـتکرابن کـە لەلایـەن دەریـاوان و دەریادارەکانەوە پێشکەشی خواوەند کراون. ئەم شوێن و پێگەیە بـۆ مەبەسـتی دروسـتکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو دوورگە گەورەیە دامەزرابوو کە دەکەوتە بەرامبەری. هەروەها بـۆ ئـەوەی پەیوەندی لەگەڵ لەندەن هەبێت کە ئەوکات مەڵبەندی هاتووچۆی بازرگانەکان بوو. لەبـەر ئـەم هێلە بازرگانی و هەروەها سەربازیانە مێهرابەیەك لە بریتانیا دروستکرابوو، تاکوو ئیمانـداران ڕێوڕەسمی ئایینی و پەرستن بەرپابکەن.

پەرستگەکانی ئایینی میترایی لە وڵاتی ئینگلتەڕا بەشێوەیەکی گشتی بە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی تردا لە شوێنی ئەمن و پارێزراو بینادەکران و درەنگتر زیانییـان پێدەگەیـشت. بێگومـان دەبێ بەوەش بزانین کە لە بیناکردنی پەرستگەکان مەبەست و ئامانجی ڕوون و ئاشکرایان هـەبووە، چونکە پەیرەوانی ئایینەکە و هەروەها پەرستگەکانیش دەکەوتنە بـەر هەڕەشـە و هێرشـی هـۆزە شـەڕخوازەکان. ئـایینی میترایـی لـە دەرەوەی سـنووری ناوچـەی یـۆرك York (ئێبووراکـۆم Eburacum) کە ناوەند و مەڵبەندی سەرکردە سەربازیەکان بوو، تەنیا لە بەشی ڕۆژئاوا واتا لـە کارلێۆن Carleon (ئیس کا Isca) و چێستێر Chester (دێڤا deva) کە لەوێـدا ژمارەیـەك سەربازگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ هۆزەکـانی گـوڵ و ((سـیلورێس)) Silures و ئـۆردۆڤیس Ordovis سەقامگیربوون، هێلێکی بـەرگری دامەزرانـدبوو و هـەروەها دوایـی لـە بنارەکـانی باکووری ئەم ناوچەیە و بەدرێژایی دیوارەکانی هاردیـان کـە بەشـە داگیرکـراو و ژێردەسـتییەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمای لـە بەرامبـەر هێرشـی پیکـت Pict ەکـان و کالیدۆنـەکان Cakedonians دەپاراست پڕۆسەی بەرگریکردنی بەڕێوەدەبرد. ئاشکرایە، گشت ئەم کۆشك و سەربازگە و شـارانە مێهرابە و پەرستنگەیەکیان هەبووە. ئەم بەڵگە و شوێنەوارانە دەسەلمێنن پەرستنی ئەم خواوەنـدە ئێرانیە و ئایینە تایبەتەکـەی لەگـشت ناوچـەکانی ژێردەسـتی ڕۆماکـان و شـارە ئاوەدانـەکان و تەنانەت هەر شوێنێك کە کۆمەڵە کەسێك کۆببوونەوە باوبووە و ناتوانین کـات و مێژوویـەکی ورد و دیاریکراو بۆ هاتن و بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە دەست نیشان بکـەین، بـەڵام دەتـوانین بڵـێین ئـەم ئایینە لە نیوەی سەدەی دووەم لەم شوێنەدا بڵاو و باوبووە.



ئایینی میترایی لە ناوچەکانی تری ئیمپراتۆری ڕۆما ڕێزی لێدەگیرا و ستایش دەکرا. لـە لێژیۆنی سێیەم کۆمەڵە مێهرئایینێکی بڕوادار هەبوون کە بۆ مەبەستی پاسەوانی کـردن لـە لامبائێس Lambaese و ئۆردووگاکـانی کوێـستانی ئۆراسـیا Aurasian و دەورووپـشتی بیابانی گەورە سەقامگیربوون. بەڵام ئەوشتەی کە سەرەنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئایینی میترایی بەوجۆرەی کە لە باکوور باوبوو لە وڵاتەکانی باشوری مەدیتەرانە باونەبووە. ئێستاش بـا لـە ئەسـپانیا بـدوێین. لـەم وڵاتـە کـەمترین شـوێنەواری میترایـی دۆزراوەتـەوە. پەیوەنـدی شوێنەوارەکانی میترایی کە لەم شوێنەدا دۆزراونەتەوە لەگەڵ سوپاییەکان بەئاشکرایی دیارە. لەسەر ڕووبەری ئەم نیمچە دوورگەیە کە کۆمەڵە شارێکی زۆری تێدا بەدیدەکرێت و هەروەها لە شارە ئاوەدان و پڕ خەڵکەکانیشدا کەمبوونی ئەم جۆرە شوێنەوارانە بەرچاوە. لە ئێمێریتا Emerita و تـاراکۆ Taraco ی مەڵبەنـدی لووسـی تانیـا Lusitania و تاراکۆنێـسیس Tarraconensis هیچ شوێنەوارێك نەدۆزراوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئایینی میترایی لە ناوچە دووردەستەکان و دێهاتەکاندا وەکوو ئاستووریاس Asturias و گاڵاکیـا Gallaecia خاوەن پەیرەوانێکی زۆرە. ئەوکاتـەی کـە سـەرەنجی ئـەوە بـدرێت لێـژیۆنێکی ڕۆمـایی بـۆ ماوەیەکی درێژخایەن لێرەدا جێگیربووە، کاتێکە کە بۆمان ڕووندەبێتەوە ئایینی میترایی لەم ناوچەیە بڵاو و سەقامگیربووە. لەوانەیە باوەڕدارانی ئایین و دەروێشان و شوێنکەوتووانی بەغ مێهر لەناو سەربازانی کۆنی ئەسپانیاییدا هەبووبن و هەرئـەوان بـوون کـە لـە کـەنارەکانی ڕووباری ڕاین و دانووب دەژیان و ئەوکاتەی کە بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە هەمان ئەو پێکهاتە ئایینیەیان ڕاگرت و بڵاویانکردەوە.

بەم چەشنە لەسنووری فرمانڕەوایی ئیمپراتۆری ڕۆما ئایینی میترایی لەرێگەی فەرماندە و ئەفسەر و سەربازە سوپاییەکانەوە، بە سیستەم و ڕێورەسم و نەریتێکی تایبەت بڵـاودەبۆوە و بەهۆی گواستنەوەی لێژیۆنەکان و فرماندە شـارەزاکان شـێوە و ڕێبـازێکی یـەکگرتوو لـە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینی بەدیهاتبوو و بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی لـە نێـوان ئـەم مەڵبەندانە لەئارادابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ناشێ بڵێین ئەم شـێوازە تـەنیا ڕێگـەی پەیوەنـدی و بڵاوبوونەوەی ئایینی میتراییە. هـەروەك ئامـاژەی پێکـرا دوای کۆتـایی هـاتنی سـەردەمی سەربازی و سوپا و لەشکرداری، ئایینەکە لەلایەن ئەو سـەربازانەی کـە بەدرێـژایی سـاڵانی سەربازبوونیان فێریببوون و هۆگری ببوون پارێزرا و لەکاتی گەڕانەوە، لە زێدی خۆیـان و لـە شوێنی نیشتەجێبوونیان لەناو خەڵکانی تردا بڵاویانکردەوە. ئەم سەربازانە بەزۆری لە شـارە

گەورەکان و مەڵبەندە پڕهامۆشۆکان کە لە شوێنی خزمەتکردنیان نزیك بوون نیشتەجێدەبوون و بەیارمەتی یەکتری مەڵبەندی نوێیان دادەمەزراند. شاری لیۆن Lyons یەکێك لەو شوێنانە بوو کە کۆمەڵێکی زۆری سەربازی ئەڵمانی لەوێدا دەمانەوە. تەنیا نووسراوێکی میترایی کە لێرەدا دۆزراوەتەوە، نووسراوێکی بەردینە کە لەلایەن سەربازە بریتانییەکانەوە دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی سەربازی پێشکەشی میترا کراوە. لەلایەکی تریشەوە لە ئیمپراتۆریدا واباوبووە کە وڵاتانی داگیرکراو پێداویستیەکانی مانەوە و ئاسایشی ئەو سەربازانەی کە سەردەمی خزمەتکردنیان تەواو دەبێت فەراهەم بکەن. ئایینی میترایی لە ئێلووزا Elusa کە دەکەوێتە ئێکووئی تانیا Equitania لەلایەن ئەم کۆمەڵە سەربازانە بڵاوبۆوە. ئەم سەربازانە لەلایەن ئیمپراتۆر سێپتیمووس سێڤێرووس Septemus severus (93 – 211) زایینی لەم ناوچەیەدا نیشتەجێکران. دەستەیەکی تر لە سەربازانی دێرین کە هەندێجار تاکوو نزیکەی بیست و پێنج ساڵ لەناو سوپادا دەمانەوە دوای کۆتایی هاتنی خزمەتی سەربازی شایانی ئەوە بوون تاکوو بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە. ئەمانە بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر هۆگری ئایینی میترایی بوونە و بەدڵ و گیان وەریانگرتووە و لەگەڵ خوێنیان ئاوێتەبووە و دوای گەڕانەوە وایان پێ باشتر بووە کە لەسەر ئەم ئایینەیان بمێننەوە و لەسەرووی ئایینە ڕەسەنەکانی ناوچەکان دایبنێن. بەم چەشنە مەڵبەندەکانی بڵاوبوونەوە گەشەیان دەکرد. بەم پێیە ئایینی میترایی توانی و ڕێگەی پێدرا لەو ناوچانەی کە هەرگیز سوپاکانی ڕۆما تێیدا سەقامگیرنەبوون بڵاوبێتەوە.

ئەوکاتەی کە ڕۆما بەپشت بەستن بەهێزی سەربازی خۆی کۆمەڵە وڵاتێکی زۆری داگیرکردن، لەئاسیادا توانی هۆزە سامی نەژادەکان و شارەکانیان بخاتە ژێرفرمان و دەستەڵات و ئاڵای ئیمپراتۆرییەوە و بەدابینکردنی ئاسوودەیی و ئاسایش، گەشەی بازرگانی و ڕێگەکانی پەیوەندی و یەکێتی کولتووری بەدیهێنا. سووری و فینیقی و کارتاژەکان کاتێك کە بەرەو کەنارەکانی مەدیتەرانە کۆچیانکرد بوونە هۆی ئاوەدانی و پەیوەندی بەستن و ئاسانکاری بازرگانی. ئەم نەتەوانە لە ڕۆژگاری گەشە و پێشکەوتنی کولتووری یۆنانی لە مەڵبەندە بازرگانییەکاندا سەقامگیربوون. ئەم سەقامگیربوونە بەتایبەتی لە دێلۆس Delos شایانی سەرەنجدانە. هەندێکیان بەرەو ڕۆما ڕۆیشتن و لە پازوولی Pazzuli و ئۆستیا Ostiaدا مانەوە و لە مێژوودا بۆمان ڕوون و ئاشکرایە کە بەسەرکەوتوویی کاروباری بازرگانیان لە زۆربەی شارەکان بەرەو پێش برد. ئەم کۆمەڵە نەتەوە و هۆزانە لە ئیتاڵیا و ڕاڤێنا Ravenna و



ئێکووئی لێیا Equileia و تێرگێستا Tergesta و ساڵۆنا Salonae کە دەکەوێتە داڵمێتیا Dalmetia و هەروەها تاکوو دەگاتە ماڵگای ئیسپانیا دەبینرێن. کاری بازرگانی ئەو هۆزانەی بەرەو دوورترین ناوچەکانی ئەم سەرزەمینانە ڕادەکێشا کە سوودی بازرگانی تێدا دەستەبەردەکرا. لە دۆڵی دانووبەوە تاکوو سارمێزێگێتوسا Sarmizegetusa و ئاپۆلومی ناوچەی داکیا و سیرمیووم Sirmium ی پانوونیایان پێوا. بەتایبەتی ئەم کۆمەڵە هۆزە ئاسیاییانە زۆرتر لە ((گووڵ)) دەبینران. لە گێرۆند Gerondeەوە بەرەو بۆردۆ Bordeoux و لە ڕۆون Rhone ەوە تاکوو لیۆن هەڵکشابوون و لە هەموو شوێنێك دەبینران. دوای بڵاوبوونەوەی لەکەنارەکانی ئەم ڕووبارە لە ناوچەی ترێڤیس Trevesی ناوەندی ناوچەی باکوور، سەرەنجی دانیشتوانی ئەم سەرزەمینانەیان بەرەو خۆیان ڕاکێشا. سنووری ئیمپراتۆری ڕۆما لەم کۆمەڵە هۆز و نەتەوانە پڕ ببوو. ماوەیەك دواتر کە هۆزەکانی بەربەر هەڵیانکوتایە سەر سنووری دەستەڵاتی ڕۆما، نەیانتوانی شیرازە و زنجیرەی پێکهاتە و ئابووری ئەم هۆزانە بپچڕێنن. ئەم هۆزانە لە ڕۆژگاری فرمانڕەوایی مێرۆڤینگەکان Merovingians لە ئۆڕڵلیان، هێشتا زمانی ڕەسەنی ناوچەیی خۆیانیان بەکاردەبرد و پێیدەدوان. ئەم هەوڵ و تێکۆشان و دەورە ڕادەبەدەرەیان لە کاتێکدا لە بەرەوپێشچوون وەستا کە سارکینەکان Saracens چالاکی دەریایی و هێزی دەریایی مەدیتەرانەیان لەناوبرد.

سووریەکان لەبابەت بیروباوەڕی ئایینی نەتەوەکەیان زۆر هەستیار و ئایین پەرەستبوون. هیچکام لە نەتەوە و گەلەکان تەنانەت میسریەکانیش بەم جۆرە ڕێزیان لە خواوەندانی خۆیان نەدەگرت. لەبەرئەوە کاتێك کە لە سەرزەمینە جیاجیاکان سەقامگیردەبوون و کۆمەڵە موستەعمیرەیەکیان دادەمەزراند، یەکەم هەنگاویان لەم شوێنانەدا چەسپاندنی سیستەمی ئایینیەکەیان بوو. لەلایەن وڵاتەکەشیانەوە بەوپەڕی تواناوە پشتگیریان لێدەکرا و بەم چەشنەبوو کە خواوەندانی هێلیۆپۆلیس Heliopolis خۆیان لە ئیتاڵیا بینیەوە.

ئەوکات ناونیشانی ((سووری)) Syrian واتایەکی دوولایەنانەی هەبوو. ئەم وشەیە کە کورتکراوی ((ئاسووری)) بوو لەگەڵ ناوی ئاسووریەکان بەیەك دادەنرا کە لەڕاستیدا هەڵەبوو، و بەگشت ئەو سامی نەژادانە دەگووترا کە لە ڕۆژگاری کۆن لە ژێر دەستەڵاتی فرمانڕەوایی پاشایانی ((نەینەوا)) دابوون و لە ناوچەکانی تر تاکوو کەنارەکانی فورات هەڵکشابوون. لەبەرئەوە ئەم ناونیشانە بۆ گشت کۆمەڵەکانی میترایی بەکاردەهات کە لە دۆڵەکانی ئەم ڕووبارە نیشتەجێبوون. بەهەمان ئەوڕادەیەی کە ناوچەیەکی زۆرتر لەلایەن ڕۆماکان داگیردەکرا

و دەستەڵاتی ڕۆما بەرفراوانتردەبوو، بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لەشارە لاتینی زەمانـەکانیش کە لە ژێرفرمانی سووریەکاندا بوون زۆرتردەبوو.

بەڵام نابێ ئەمە لەیادبکەین بابلیە سـامی نـەژادەکان کـە ((بـەعل)) یـان دەپەرسـت لـە دامەزراندنی ناوەندەکانی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی پشکێکی زۆرتریان هەبوو. لەم ناوەدا پەیڕەوانی ئایینی میترایی لەڕیزی ئـەو ئاسـیاییانە بـوون کـە سـەربە توێـژی خـوارەوە و یـان کۆیلەکان بوون (و ئەمەش بەپێچەوانەی بۆچوونی (کومۆن)ە کە پێیوایە ئایینی میترایی ئایینی سەرداران و سـوپاییەکان و دەسـتـەڵاتداران و ئیمپراتۆرەکـان بـووە). لـە بەشـەکانی ڕۆژئـاوای ئیمپراتۆری ڕۆما ژمارەیەك مێهرابە و پەرستگەی میترایی دامەزرابوون و کۆنترین مێهرابەکان لـەم ناوچـانەدا بینـاکرابوون، کـە کۆیلەفرۆشـەکان یـان مانگۆنـەکان Mangones بـەزۆری کۆیلەکانیان لەم شـوێنانە دەفرۆشـتەوە و بـەزۆری شـتوومەکەکانیان لـە وڵـات و ناوچـەکانی ڕۆژهەڵات فەراهەم دەکردن. لە دوورترین ناوچەکانی ئاسیای بچووك ژمارەیەکی زۆری کۆیلەیان لە کاپادۆکیا و ناوچەکانی پۆنتووس و ناوچەکانی تر بەرەو ڕۆما دەگواستەوە. بەپێی نووسـینی یەکێك لە نووسەران ئەو کۆیلە زۆرانە لە پایتەختی ئیمپراتۆریدا گەڕەك و شارۆچکەی تایبـەت بە نیشتەجێبوونیان بۆ خۆیان دامەزراند. بەڵام بازاری کۆیلە فرۆشان و خوازیـارانی کۆیلـە لـە ڕۆما ڕۆژبەڕۆژ گەرمتر دەبوو و هێنانی ئەم ژمارە کۆیلەیە وەڵامدەری پێداویستیەکان نـەبوون. تی تووس Titus تەنیا لەماوەی جەنگێکدا کە لە ساڵی هەفتای زایینی ڕوویدا نـەوەد هـەزار کەسی لە ناوچەی یەهوودیە بەدیل گـرت. بـەم چەشـنە جـەنگیش یـەکێك لـە سەرچـاوەکانی دابینکردنی کۆیلە بوو و ئەگەر بەپێی ئامارەکان بەراوردبکرێت دیلـەکانی جـەنگ کـە وەکـوو کۆیلە لە بازارەکاندا مازاد دەکران ژمارەیان لەو ژمارە زیاتربوو کە ئیمپراتۆری پێویستی بـوو. ئەم کۆیلانە هاوکات لەگەڵ هـاتنی سـووریەکان و چـالاکی بازرگانیـان، بـە هەگبـەی ئـایینی میتراییـەوە هاتنـە نـاو خـاکی ئیمپراتـۆری و وڵاتـانی ژێردەسـتـەڵاتی ڕۆمـاوە. لـە زۆربـەی بەندەرەکانی مەدیتەرانە پەرستنگەی میترایی دۆزراوەتەوە.

دەبێ سەرەنجی بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی و شوێنەوارەکانی میترایی لە سیدۆن Sidon، فینیقیە Phoenicia و ئەسکەندەریەی میسر بدەین. ئەوەی کـە بۆچـی لەشـارەکانی ئیتاڵیـا وەکـوو پـازۆڵی و ناوچـەکانی دەورووبـەری و نـاپۆل بەرهـەم و شـوێنەواری میترایـی کـەم دۆزراونەتەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم شارە لەسـەدەی دووەمـی زایینیـدا لەوکاتـە دا کـە بازرگـانی گەیـشتبووە لوتکـە، لـەڕیزی ناوچـە بازرگانییـەکان نـەبوو. تـایرین Tyrian کـە




ناوچەیەکی کۆچەرنشینی نزیك پازۆلی بوو لە سەردەمێکی بەرلەوە ناوچەیەکی زەنگین و بەتوانا بوو، بەڵام لە ساڵی ١٧٢ ی زایینی گرنگی خـۆی لەدەسـت دا و خـەڵکێکی کـەمی تێـدابوو. ئەوکاتەی کە بەفرمانی کلادیووس و تراژان لـە ئۆسـتیا کۆمەڵـە بینایـەکی شـکۆدار و ڕازاوە دروستکران و ئۆستیا بەیەکجاری دەستی لە پازۆڵی وەرگـرت، لەبەرئـەوە گـشت ئـەو ئایینـە ئاسیاییانەی کە لەوێدا سەقامگیرببوون، پەرستنگەی تایبەت بـەخۆیانیان دامەزرانـد و دوایـی کۆمەڵە پەیرەو وهاندەرێکیان بۆ زیادبوون. لەم ناوەدا ئایینی میترایی بایەخێکی زۆرتری پێدرا و ئەم ئایینەش باوەشی بۆ پەیرەوانێکی زۆرتر کردەوە. لەسەدەی دووەم بەلایەنی کەم چوار یان پێنج مێهرابەی تێدا بیناکران. یەکێك لەم پەرستنگانە کە لە ساڵی ١٦٢ دا بیناکرا و لە ئـاوە گەرمەکانی ئانتۆنیووس Antonius ەوە نزیکبوو، دەکەوتە شوێنێك کە کەشـتیە بازرگانییـە بیانیەکان لەوێدا پاڵوویان دەگرت (وێنەی ١٦ و ١٧).

هـەروەها پەرسـتگەیەکی تـر لـە مـێترۆن Metroon یـان شـوێنگەی پـیرۆزی مێهرابـە بیناکرابوو کە لەوێدا ڕێوڕەسمی ئایینی ((گـەورە دایـك)) magan-mater بەڕێوەدەچـوو. لـە بەشـی باشـووری دێهـاتی ئانتیوومـدا (Porto-d Anzio،Antium خواوەنـدی دراوسـێ دەپەرسترا و لە ئێتوریا Eturia و رووسێلی Ruselloe (گێرۆستۆ Geroseto) پیزاش Pisa میترای خواوەندی ئێرانییەکان دەپەرسترا.

لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیتاڵیا واتا لە ئێکۆیی لیا بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی جێگـەی سەرەنجدانە و کۆمەڵە نووسراوە بەردینێکی لێدۆزراونەتەوە. ئەم شارە وەکوو شاری ترێـست Trisete ی هەنووکەیی ئەوکات لەبەرئـەوەی هەڵکـەوتێکی باشـی جوگرافیـایی هـەبوو، شـوێنێکی شـیاوبوو بـۆ مەبەسـتی پەیوەنـدی بازرگـانی لـەنێوان بەشـە بـاکووری و باشوورییەکانی دانووب. لە گشت ئەم ناوچەیەدا لـە پـۆلا Pola وە لـە کۆتـایی سـنووری ئیـستێریا Isteria و دوورگـەکانی ئاربـا Arba و براتیـا Brattia و هـەروەها ئـەو بەندەرانەی کە دەکەونە کەنارەکانی داڵماتیا Dalmatia سـێنیا Senia لادێـر Lader و ساڵۆنا Salona و نارۆنـا ئێپیـدۆررووس Epidurus کـە دایراکیـووم Dayrachium ی مەقدوونیای دەگرتەوە و هەروەها ناوچەکانی دەورووبەریش، شوێنەواری ئـایینی میتراییـان بەڕوونی و ئاشکرایی تێدا بەدیدەکرێت.

دەتوانین هێڵی جوگرافیایی بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە وڵاتانی ڕۆژئاوای مەدیتەرانەش دیاری بکەین و لێیان بکۆڵینەوە. ئەم ئایینە، لە سیـسیل و سـیراکوس Syracus و پـاڵێرمۆ

Palermo و هەروەها لە لێوارەکانی ئەفریقا لە کارتاژCartaje و ڕووسیکادا Rusicada و کاسارێئا Caesarea ، لە سنوورەکانی بەردەم ئەسپانیا لە مالگا و تاراکۆ و لەناو خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکان کە لە ڕێگەی دەریاوە هاتبوونە ئەم ناوچانە و دوورتر لەم مەڵبەندانە بەرەو باکوور لە کەنداوی لیۆن و ناربۆن Narbonne یش بڵاوبۆوە. (وێنەی ١٨).




**وێنەی ژمارە ١٦**

پلان یان نەخشەی بینای مێهرابەیەك لە ((ئوستیا)) كە دەكەوێتە سەر لێوارەکانی ڕووباری تیبێر.

B،B- سەکۆی لاکێشەیی بۆ دانیشتن. D- دەرگای دەرچوون کە دەگاتە ئاوە گەرمەکانی ئانتۆنیووس. E-پەیژەکان. F- جێگەی کۆرسەکان و شوێنی پیرۆز. G- شوێنی پشوودان. HH- شوێنی پەیکەرەکان. II- دیوارە پاڵپشتەکان.

ئەو نووسراوانەی کە لە سەر ڕووبەری زەوی مێهرابەیە و هەروەها ئەو کاشیکاریانەی کە شێوەیەکی موزاییکیان هەیە لە بابەت میترا و خۆری نەبەزەوەن.

.( P240،T. et. M.)





**وێنەی ژمارە ١٧**

سیلڤانووس Silvanus

دیمەنێکی کاشیکاری لەو شوێنەی مێهرابەدا کە پەیکەرەکانیان لێدادەنا — مێهرابەی ئۆستیا.


سیلڤانووس بەدەستێك کەدی دار سنووبەر و بەدەستەکەی تر تەورێکی هەڵگرتووە.

لەناوچەی گوڵیش دا بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی شێوەیەکی بەرفراوانی هەبوو. لەم شوێنەدا پەیوەندیەکی زۆر لەنێوان پەسندکردنی ئایینەکە و هاتن و چوونی ڕۆژهەڵاتیەکان لەئارادابوو. لە ناوچەی ڕۆنی نێوان زنجیرەچیاکانی ئالپی سێڤێنز Sevennes یشدا شوێنەوارێکی زۆری ئایینی میترایی بەرچاودەکەون. لە سێکستانتیۆ Sextantio لە نزیك مۆنت پێلییێر Montpellier نووسراوی گۆڕی موغێکی میترایی (باوکی پیرۆز Pater Sacrorum) دۆزراوەتەوە. هەروەها لە ئایکس Aix کە دەکەوێتە پرۆڤێنس Provence

وێنەیەکی میترایی کە دیمەنی خۆرێکە کە سواری کەژاوە بووە، دۆزراوەتەوە. دوای تێپەڕین لەم شوێنە بەرەو سەرەوەی ڕووباری ئارڵێس Arles پەیکەرێکی کرۆنۆس[٣] Kornos ی خواوەندەی شێرسەر دۆزراوەتەوە و ئەم خواوەندە لەلایەن میترایییەکانەوە پەرستراوە. لە بۆرگ سێنت، ئاندێلۆ Bourg-saing Andelo ی نزیك مۆنت لیمار Montelimar وێنەیەکی میترای گائۆژەن لەتەك کانیاوێك دۆزراوەتەوە. لە ڤاسیۆن Vasion ی نزیك ئۆرانژ Orange نووسراوە بەردینێك دەستکەوتووە کە یەکێك لە قۆناغەکانی هاتنەناوی، ئایینەکەمان پیشاندەدا. لە ڤیەننا لە مێهرابەیەکدا نەخشی هەڵکەنراوی خواوەندی شێرسەر دۆزراوەتەوە کە لەکاتی بەراوردکردنی لەگەڵ دۆزراوەی تری لەم چەشنەدا بەها و نرخێکی زۆرتری هەیە.

لە لیۆن بڵاوبوونەوە و هەڵکەوتی ئایینی میترایی زۆر جیاوازە. لەسەرەتای مێژووی زایینەوە ئەم ناوچەیە بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاسیای بچووك زۆر بەناوبانگە. لە ناوچەکانی سەرووتری ئەم ناوچەیە لەلایەك لە ژێنێڤ و لەلایەکی ترەوە لە بێسانکۆن Besancon و ماندوور Mandeure و دۆوبس ئەم ئایینە بڵاوبۆتەوە. بەم چەشنە پێگە و ناوەندەکانی کۆبوونەوەی مێهرئایینەکان کە بەردەوام پەیوەندیان بەیەکەوە هەبووە، لەلایەك پەیوەندی نێوان ئۆردووگا ئەڵمانییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا هەموار دەکرد و لەلایەکی تریش پەیوەندیان لەگەڵ ناوچەکانی تردا بەدی دەهێنا.






**وێنەی ژمارە ١٨**

وێنەی دوو مەشخەڵ هەڵگر لەگەڵ میترا. مەشخەڵ هەڵگری دەدۆفۆری Dadophori لە مێهرابەی ئۆستیادا کە ئێستا دەکەوێتە لاتێرن Lateran ەوە.

بەخێرایی لە شار و ناوەندە پڕهامۆشۆکان لە دۆڵی ڕووباری ڕۆن مەڵبەندەکانی ئایینی مێهر گەشەیان کرد. گەیشتە ناخی کوێستانەکانی داوفینی Dauphiny و لەپاش تێپەڕین لەوێ بەرەو ساڤۆی Savoy و بۆگی هەنگاوی نا. لە لاباتی Labati نزیك گاپ و هەروەها لە لووسی نزیك باڵی Balley لە ڤیێووئێنڤاڵ ڕۆمای Vieu-Enval-Romay ژمارەیەك مێهرابە و پەیکەر و نەخشی هەڵکەنراو دۆزراونەتەوە. ئاماژە بەوە کرا کە توانا و وزەی بازرگانە ڕۆژهەڵاتییەکان تەنیا لەڕێگەی کاری ئاڵووگۆڕیەوە بەکارنەدەبردرا. وەك پێشتر گووترا ئەوان کاری کۆیلە فرۆشیشیان دەکرد، کە سوودێکی زۆری هەبوو. بەدیلگیراوانی جەنگی کە وەکوو کاڵایەکی مرۆیی بازاڕێکی گەرموگوڕیان هەبوو و لەبەرئەوەی لەلایەن کۆیلەفرۆشانەوە

بەرەو شوێنی جۆراوجۆر دەبردران، ناچاربوون بۆ مەبەستی دابینکردنی ژیان، کار و پیشەی جۆراوجۆر بەئەستۆوەبگرن.

بەزۆری ئەم دیل و کۆیلانە بەرەو ناوەندەکانی دەسەڵات و بۆ ئەو شوێنانەی کە لە کاری بازرگانی و دەستەڵاتداری بەناوبانگتر بوون دەبردران. زۆربەی ئەم کۆیلانە لەلایەن ئیمپراتۆرەوە راسپێردران بۆ کاری درووستکردنی جادە، کە زۆر بەپێویست دەزانرا و هەندێجار بەهۆی پێداویستی خاوەنەکانیان و پسپۆڕی و لێهاتوییان تائەوڕادەیە پێشکەوتن کە دەبوونە هاونشین و هاودەمی خاوەنەکانیان. هەندێجار لە شارەوانیەکان دادەمەزران و وەکوو کەنناس یان سەرپەرشتیاری بەشەکان ئەرکیان پێدەسپێردرا. تەنانەت هەندێجار پلەوپایەی بەرزیان پێدەدرا وەکوو کارکردن لە دیوانی باڵادا. بەم چەشنە دەبینین لەم ناوچانەدا کە پێشتر ئەم ئایینە ناوێکی نەبوو، بڵاوبوونەوەی بەخێراییەکی ڕادەبەدەر ڕوویدا.

نووسراوە بەردینێك کە بەدوو زمان نووسراوە لە نێرسا Nersae دۆزراوەتەوە کە پیشاندەدات کۆیلەیەك پلەی خەزانەداری شاری وەرگرتووە و مێهرابەیەکی نۆژەن کردۆتەوە کە پێویستی بە چاککردنەوە هەبووە. لە ڤێنیزیش لە ناوەڕۆکی نووسراوە بەردینێکی یۆنانییەوە بەدیاردەکەوێت کە لەلایەن خزمەتکاری پیاوێکی زەنگینەوە پێشکەشکراوە. ناوی ئەم خزمەتکارە ساگاریس Sagaris بووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە کەسێکی ئاسیاییە. بێگومان ئەم جۆرە نموونانە دەگمەن نین. بابەتی لەم جۆرە ئەمە دەسەلمێنن کە پەیرەوان و بەندە ئیمانداەرەکانی خواوەند میترا، نەتەنیا لە شارەکانی ڕۆما و ناوەندەکانی ئیتاڵیا بەڵکوو لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەکەدا لە کالبڕیا Calabria وە تاکوو زنجیرە چیاکانی ئالپ هەڵکشاون و چالاکترین دیاردەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە بوون. بەم جۆرە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئایینی میترایی گەیشتۆتە گروومێنتووم Grumentum کە دەکەوێتە ناوەندی لووکانیا. ئەم بڵاوبوونەوەیە وەکوو ئاماژەی پێکرا لێرەشدا وەکوو ئەڵقەکانی بەیەکەوە لکاوی زنجیرێك بەدوای یەك داهاتن و بەردەوام بوو. ئەم ئایینە بێ وچان لە ئاپۆڵیا و نۆزا و ئاڤیا و ڤێستی نی Vestini و ئۆمبێریا کە دەکەوێتە نزیك ڕێگەی فلامین و هەروەها ئۆسپۆلیتووم Ospoletum کە دەکەوێتە ئێنتێرامنا Interamna ئەو شوێنەی کە ژمارەیەك مێهرابەی جوان و ڕازاوەی لێدۆزراوەنەتەوە و هەروەها لە سێنتی نووم Sentinum کە لەوێدا پۆلێك پەیڕەوی پڕهەست و سۆزی ئەم خواوەندە ژیاون و لە ئێتووریا Eturia لەکۆتایی ڕێگەی کاسین Cassin بڵاودەبۆوە. هەروەها لەسووتریووم Sutrium و بۆڵسێنا Bolsena و ئاتیووم Artium و فلۆڕانسیش بڵاوبۆوە. لەم ناوچانەدا ژمارەیەکی زۆر



شوێنەوار و بەرهەمی جوان و نایاب وەکوو ئەو جۆرەی کە لە باکووری ئاپێنی نێس Apennines دۆزراوەتەوە، بەدەست هاتوون. بەڵام لە هەندێ شوێن وەکوو ئێمیلیا Emilia ئەم شوێنەوارە دۆزراوانە زۆر گرنگ نینە. لە ناوچەکانی بۆلووگنا و مۆدێنا Modena و پۆ po شوێنەوارە دۆزراوەکان سەرەنجڕاکێشن. لەم کات وساتەدا بوو کە میلان بەخێرایی بووە شارێکی گەورە و سەرەنجڕاکێشی ئیمپراتۆری. ئایینی میترایی لەم شارە دا بەباوەشێکی گەرم پێشوازی لێکرا و بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر بڵاوبۆوە. ئەم شوێنەوارانەی کە لە هەندێ شوێنی وەکوو تۆڕتۆنا Tortona ی سەربە ئیندووستریا Industria و نۆڤارا Novara دۆزراونەتەوە، دەسەلمێنن کە بەشێوەیەکی بەرفراوان و خێرا و چاوەڕوان نەکراو ئەم ئایینە لە گشت شوێنەکانی ئیتاڵیادا بڵاوبووەتەوە.

ئەو شوێنەوارانەی کە بەهۆی هەڵکۆڵینەکانی تەپۆڵکە و بنارەکان و ناوچەکانی ئالپ دۆزراونەتەوە لە باکووری ئیتاڵیا دا لە ڕیزی باشترین و بایەخدارترین دۆزراوەکانی میتراییینە. لە هەندێ شوێنی وەکوو ئینترۆبیۆ Introbio و ڤاڵ ساسی نا Val-Sassina و بەرەو ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی کۆمۆ Como کە دەکەوێتە ڤاڵ کامۆنیکا Val-Camonica کۆمەڵێك مێهرابە بۆ ئەم خواوەندە بیناکراون. بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەش بەم خواوەندە کراون زۆرتر لە لێوارەکانی ڕووباری ئێدیگ Edige ەوە(Etsch) دۆزراونەتەوە. لە ترێنت Trent مێهرابەیەك لەتەك تاڤگەیەك دۆزاوەتەوە. لە نزیك سان زێنۆ San-Zeno نەخشێکی هەڵکەنراو دۆزراوەتەوە. لە کاستێلۆ دی تووێنۆ Castello-di Tuenno بەهۆی هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی کۆمەڵە نووسراوە بەردینێك دەستکەوتوون کە بەزۆری هەردوو دیویان نەخش و نیگاری لەسەرە. لەلێوارەکانی ئیساك Eissach نووسراوە بەردینێك کە پێشکەش بە میترا و خۆر کراوە، دۆزراوەتەوە. لە سەدەی شانزەیەم لەماوڵ Mauls نەخشە هەڵکەنراوێك دۆزراوەتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی ڤیەننا پارێزراوە.

بەڵام پێشڕەوی و گەشەی ئایینی میترایی لەم بەشەی خاکی ئیتاڵیادا کە لەگەڵ کوێستانەکان هاوسنوور بوو، نەوەستا. هەر کاتێك کە لەسەر ئەم ڕێگایانە بەرەو ئاراستەی دۆڵی دراڤ Drave بەردەوام بین، شوێنەوار و بەرهەمە مێژوویی و ئایینیەکانی تێۆڕنیا Teurnia و ڤیرۆنووم Virunum کە گەورەترین شارەکانی نۆریکووم Noricum ن بەرچاودەکەون. بەلایەنی کەم لەسەدەی سێیەمی زایینی نۆریکووم دو مێهرابەی هەبوو. کەمێك دوورتر لە قووڵایی دەشتێکدا لەناو دارستانێکدا مێهرابەی سێیەمیش دۆرزاوەتەوە.

ئێ کۆیی لیا شارێکی گەورەی کۆچەرنشینە کە لەڕوانگەی گەشەی ئایینیەوە بایەخێکی زۆری هەیە. مێهرابەکەی پیشانددات کە پەرستگەیەکی ئاوەدان و ناوەندێك بووە کە لەگەڵ زۆربەی مەڵبەندەکانی مێهرئایینەکان پەیوەندی هەبووە. پێدەچێت لە هەموو ئەم شارانەدا میترا تاڕادەیەك وەکوو خواوەندێکی تاقانە پەرسترابێت. ئایینەکە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی شارەکانی نێڤیۆدوونووم Neviodunum ، ئێمۆنا Emona و لاتۆبیسی Latobici و سیسیا Sisia و ساڤا Sava و دوایی بەرەو باکوور چەند شارێکی وەکوو ئەدرانس Adrans و سێلیا Celeia و پۆئێتۆڤیۆ Poetovio وە... بەگەرمی پێشوازی لێدەکرا و گەشەی دەکرد.

لەم سەرزەمینەدا، بەدیلگیراوە ڕۆژهەڵاتییەکان هەر بەوجۆرەی کە لە ناوچەکانی باشووری زنجیرە چیاکانی ئالپ وەکوو پەیرەوانی میترا و مێهرئایینەکان دەژیان، بەڵام شێوەی کارکردنیان جیاوازبوو. لە شارەکانی باکوور چڕی ژمارەی دانیشتووان و خەڵك کەمتر بوو. کولتووری شارستانی لەگەڵ ئەوەدا سازگارنەبوو کە بەدیلگیراوان و کۆیلەکان لەسەر کێڵگەکان کاربکەن و دامەزرێن. لەڕوانگەی بژێوی ژیانەوە، خۆیان کارەکانی خۆیانیان بەڕێوەدەبرد و هەرگیز ناچارنەبوون یان پێویستیان بەوە نەبوو کە کۆیلە سەربەستکراوەکان یان بەدیلگیراوانی کارامە وەکوو کارمەند یان خزمەتکار لە فەرمانگە حکوومیەکان دامەزرێن. کاربەدەستان و دەزگا حکوومیەکان خۆیان کاری هێنانی کۆیلەیان بەئەستۆوەبوو و هەرکام لەوانە کۆمەڵێك خزمەتکاریان لەبەردەست دابوو کە کارێکی زۆر بەرچاویان بەڕێوەنەدەبرد. ئەو ئەفسەرانەی کە لەم ناوچانەدا دەژیان کەسانێکی سەربەست و سەربەخۆنەبوون، بەڵکوو وەکوو ساماندارەکان و یان خاوەنانی زەوی و زار بۆ بەرەوپێش بردنی کارەکانیان ژمارەیەکی زۆر بەدیلگیراو یان کۆیلەی ئازادکراویان دادەمەزراندن. ئەم جۆرە کەسانە لەڕاستیدا خزمەتکارانی ئیمپراتۆری بوون و یان خود ڕاسپێردراوێك کە ئیمپراتۆر خۆی هەڵیدەبژاردن و ناوی ئەم کەسانە چەندین جار لە نووسراوەکانی نۆریکووم و پانۆنیادا هاتووە. ئەوانە خۆیان لەڕیزی مێهرئایینانی ئیمانداربوون و بەگواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر پشکێکی بەرچاویان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی ئایینەکە. نەتەنیا لەناو ئیتاڵیا و لەناو ئەو خەڵکانەی کە پەیرەوانی ئایینەکەبوون بەڵکوو ئایینەکەیان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگواستەوە. لە نەخشە هەڵکەنراوێك دا بە زمانی لاتین کە لە کاسارێئا Caesarea ی کاپادۆکیا دۆزراوەتەوە بەدیاردەکەوێت کە بەدیلگیراوێکی جەنگی  کە کاربەدەستی خەزانەداری ئیمپراتۆری بووە، وێنەیەکی ڕازاوەی خواوەندی خۆری پێشکەش بە میترا کردووە. لە داڵاماتیا Dalamatia شوێنەواری میترایی



کەمتر بەرچاودەکەوێت چونکە لیژیۆنێك نەهاتۆتە ئەم شوێنە و کردەیەکی سەربازی تێدا بەڕێوەنەچووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئەم بەڵگە کەمانە، چەند کەس لە کارمەندانی خەزانەداری و بازرگانەکان و ((چاپارەکان))[٤] مان ناسیون کە لەڕیزی بەندەکانی ئەم خواوەندە بوونە، هەر لەبەرئەوەیە کە ناوی ئەم دەستە و توێژانە لە نووسراوەکانی میترایی داکیا و ئەفریقا بەرچاودەکەوێت، چونکە بەپێی هەل و مەرجی بازرگانی و کاری هێنان و گواستنەوەی کاڵا لەم شوێنانەدا وای دەخواست کە ڕاسپێردراوانی خەزانە و بەڕێوەبەرایەتی مالیات هامۆشۆیان هەبێت.

بەم چەشنە ئەم شوێنە دووەمین گوزەرگایەکە کە ئایینی میترایی لەڕێگەی ئەوەوە پێی ناوتە ناو ئۆردووگاکانی ئیمپراتۆری. سەرپەرشتان و ئەفسەران و خاوەن پۆستە سەربازیەکان هۆکاری گواستنەوەی بەدیلگیراوانی جەنگی و کۆیلە تایبەتەکانی خۆیان بۆ گشت ناوەندە سەربازیەکان بوون. لەلایەکی تر ئاماژە بەوەکرا کە ئەو سەرباز و سوپاییانەی کە لە بەئەستۆگرتنی ئەرکی سەربازی دەبەخشران، لە بەندەر و شارە گەورەکاندا نیشتەجی دەبوون و پەیوەندیان لەگەڵ بازرگانەکان و بەدیلگیراوەکانی شوێنی دانیشتنی خۆیان دەبەست. ئەمانە گشتیان لە هۆکارەکانی تەشەنە کردن و بڵاوبوونەوەی ئایینەکەن. بەڵام لەڕوانگەی ئێمەوە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دیارنیە کە ئەم تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەیە چۆن بووە. ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم ئایینە بەشێوەیەکی دڵنیاکەرەوە بابەتێکی ڕوون و ئاشکرانینە، هەربەوجۆرەی کە هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە وەڵامێك کە بتوانێ دڵنیامان بکاتەوە بێ ئەنجام ماوەتەوە. تەنیا بەڵگەی نووسراو کە دەتوانێ ڕێبەریمان بکات، ئەو نووسراوە کورتانەن کە سەبارەت بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی دەست ئێمە کەوتوون. لێرەدا ڕووبەڕووی ژمارەیەك نووسراوە بەردین دەبینەوە کە بەداخەوە بێ بەروار و مێژووی دیاریکراون. بەزۆری لەناو ئەم بەڵگانەدا ناوی میترا لەتەك ناوی ئەو کەسە ئیماندارە هاتووە و ئەمانەش بۆ بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی چۆنیەتی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە تەواونین و کۆمەڵێك پرسیار و بیرۆکەی نادیار دەخەنەڕوو: ئایا لەکاتی فرمانڕەوایی ڤێسپازیەن (٦٩ ی زایینی ) مانەوەی درێژخایەنی سوپاکانی سووری کە میترایان دەپەرستی کاریگەریەکی ئەرێیانەی لە ئیتاڵیا هەبوو؟ ئایا ئەو لیژیۆنەی لەلایەن ئەلەکساندەر سێڤێریووسەوە (٢٣٥ – ٢٢٢ زایینی) ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا بەپێی گوزارشەکەی لەمپڕیدیووس بەشێوەیەکی گشتی لە ئەرمینی و ئۆسرانی Osrhoenians و

پارتەکان پێکهاتبوو*؟ ئایا ئەمە هۆکارێکبوو بۆ بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ئایینی میترایی لە کەنارەکانی ڕاین؟ ئایا ئەو پشکێنەر و شارەزایانەی کە ساڵانە لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆماوە بەرەو میزۆپۆتامیا و کەنارەکانی فورات بۆ مەبەستی پشکنین ڕەوانە دەکران هۆکاری گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی ئایینەکە بوون؟ ئایا میتراپەرستە کاپادووکیایی و پۆنتووسییەکان کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوایی کۆچیان کرد، هۆکاری بڵاوبوونەوە بوون؟ هەرکام لەم نەتەوە و هۆزانە ئایین و خواوەندی تایبەت بە خۆیانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و هەر بەوجۆرەی کە گووترا هەر هۆز و گەل و نەتەوەیەك لە کۆچەرنشینەکانی ڕۆژئاوا بۆ خواوەندەکانیان و بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی پەرستن، چەند پەرستنگەیەکیان بەرپاکرد. تەنانەت کلدانیەکانیش لە ناوەندە گشتیەکانی ئیتالیا بڵاوبوونەوە و ئەستێرەناسان و ئەستێرەپەرستان و پێشگوو و فاڵگرەکان و فاڵگرانی کۆماژێنی و ئەرمەنی لە ڕۆما لەسەر پیشەی خۆیان مانەوە و بەردەوام بوون. پێدەچێت میتراپەرستان سوودیان لەگشت ئەم خەڵکە وەرگرتبێت کە هەریەکەیان بەشێوەیەك هەوڵی گواستنەوەی کولتووری ئایینی خۆیانیان دەدا، و ئەمە لەوانەیە بەم شێوەیە بووبێتە هۆی بڵاوبوونەوەیەکی ئاوها سەرسامهێنەر. بەڵام دیسانیش دەبێ ئاماژە بەوەبکەینەوە کە گرنگترین و دیارترین هۆکاری گواستنەوە: بەدیلگیراوان و سوپایی و بازرگانانەکان بوون. جگە لەو بەڵگە کەمانەی کە باسمانکردن بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵە شوێنەوارێکی میترایی بکەین کە لەم شوێنانە دەستکەوتوونە کە بەردەوام مەیدانی جەنگ و گۆڕەپانی بازرگانی بووە و هەروەها لەو وڵاتانەی کە کۆچەرەوە بەرفراوانەکەی گەلانی ئاسیایی بەردەوام بەرەو ئەوێ بووە.

بڵاونەبوونەوەی ئایین و بەرهەمی میترایی لە شوێنەکانی تر کە هۆکارەکانی سەرەوەی تێدابەدیناکرێ، بەڵگەیە بۆ بۆچوونەکەی سەرەوە. دەشێ بپرسین بۆچی لە پرۆپێریا — ئاسیا Asia-Properia و بی تی نیا Bithynia و گالاتیا Galatia و هەروەها وڵاتانی سەربەو ویلایەتانەی کە لەماوەی چەندین سەدە ئەم ئایینەیان تێدا نەبینراوە، شوێنەوارێکی میترایی بەرچاوناکەوێت؟ هۆکارەکە بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمهێنانی ئەم وڵاتانە لە مەسرەفکردن

*Lamprid, Alex, Ser, C, 16,of. Cmpital, Maximin, c, II.



و بەکاربردنیان زۆرتربوو. کاری بازرگانیان لەڕێگەی دەریاوەبوو و ئەمەش لەدەست یۆنانیەکاندا بوو. چونکە خەڵکی ئەم وڵاتە پێویستیان بە هێنانی کۆیلە نەبوو، بەڵکوو خەڵکیان هاندەدا تاکوو بەرەو وڵاتانی تر و هەندەران بڕۆن، چونکە بەلایەنی کەم لە ڕۆژگاری دەستەڵاتداری ڤێسپازیەنەوە هیچ سوپایەك پێی نەنابووە ناو سنووری دەستەڵاتی ئەوانەوە. یۆنان بەوپەڕی هەستیاری نەتەوەیی و بە ڕێزگرتن و هۆگربوون لەگەڵ میراتی ڕابردووی کە دیارترین نیشانەی گیانی یۆنانی پەرستی لە سنووری دەستەڵاتی ئیمپراتۆری بوو، لە بەرامبەر هێرش و لێشاوی ئایینەکان و خواوەندانی بیانی بەرگری لەخۆی کرد. نەهاتنی سەربازانی بیانی و بەدیلگیراوەکان بۆناو خاکی یۆنان، یۆنانی لەم بابەتە پاراست و هەروەها شوێنەواری میترایی لە ناوچەکانی ناوەندی، ڕۆژئاوای گووڵ لە ئەسپانیا و باشووری بریتانیا تووشی فەرامۆشی و لە بیرچوونەوە دەبن و لە ناوەندی داڵماتیاش زۆر کەم و بێ بایەخن. هەرگیز لەم ناوچانەدا لەشکر یان لێژیۆنێك بەشێوەیەکی یەکجارەکی سەقامگیرنەبوو و لەبەرئەوە ئاسیاییەکان نەهاتنە ئەوێ و پێداویستی بازرگانی کە هۆکاری ڕاکێشانی ئاسیاییەکان بوو لەم ناوچانە بەدی نەدەکران.

لەلایەکی تریشەوە ئەو شوێنەوارانەی کە سەبارەت بە میتراوە و لە شاری ڕۆما دۆزراونەتەوە هەمەچەشن و بەگوێرەی چەندیەتی و چۆنیەتی جێگەی سەرنجدانن. ئایینی میترایی لە گشت سنووری ئیمپراتۆریدا بۆ پێشکەوتن و گەشەکردن شوێنێکی شیاو و باشی وەکوو ڕۆمای دەستنەدەکەوت. ڕۆما بەردەوام لێژیۆنی جیاجیای تێدابوو. سەیری ئەم لێژیۆنانە لە پێکهاتەی نەژادی و نەتەوەییە جیاجیاکانی دابوو کە سەربازەکانی لە هەموو سەرزەمین و ناوچەکانی ژێرفرمانی ئیمپراتۆریدا کۆکرابوونەوە. زۆربەی سەربازە دێرینەکان کە چەندین ساڵ لە ڕیزی لەشکری ئیمپراتۆری خزمەتیان دەکرد، دوای خانەنشینکرد بەرەو ڕۆما دەڕۆیشتن. هەروەها زۆربەی خانەدانەکان و کەسێتیە ناودار و سەربازی و سیاسییەکان لە ڕۆما خاوەن کۆشکی شکۆدار و ژمارەیەکی زۆر کۆیلە بوون. پێگە و ناوەندی فەرماندەیی و ڕێکخستنی ئیمپراتۆری و فرمانگەکان لەناو ڕۆمادا بوون. زۆربەی بەدیلگیراوەکان لەم دەزگا و ڕێکخراوە حکوومیانەدا کاریان دەکرد. گشت ئەو کەسانەی کە خولیای ناوداری و گەیشتن بە سەروەت و سامان بوون لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەوە بەرەو ڕۆما و بەرەو ئەم ((کاروانسەرا جیهانیە)) Caravansaray of the universe تێهەڵدەکشان و توورەگەی بیروباوەڕ و داب و نەریتەکانیان لە پشت هەڵدەدا. بوونی هەندێ شازادە و خانەدانی ئاسیایی لە ڕۆما کە یان وەکوو ڕاگوێزراو یان پەنابەر و یان وەکوو بارمتە دەژیان، یەکێك لە هۆکارەکانی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەزدەیەسنایی بوو.

بێگومان پەیرەوانی میترا وەکوو نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی پەرستنگەکانی خۆیانیان لە دەرەوەی سنووری پەرستگە و شوێنە پیرۆزەکانی ڕۆما دروستدەکرد. زۆربەی شوێنەوارە دۆزراوەکان ئەمەمان بۆ دەسەلمێنن. بەڵام ئەوشتەی کە دیار و چەسپاوە ئەوەیە کە پەیرەوانی ئەم ئایینە لە ساڵی ١٨١ ی زایینی تائەوڕادەیە ڕێزیان لێگیراوە و باوەڕیان پێکراوە کە لە ناوەندی شاردا مێهرابەیان بینا کردوە. هەروەك پێشتریش گووترا ناتوانین بەگەڕان و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە گەشەی قۆناغ بە قۆناغی ئایینەکە بەجۆرێك دیاربکەین کە بتوانێ بەگوێرەی کات و شوێن وەڵامدەری پرسیارەکانی ئێمە بێت، تاکوو چۆنیەتی گەشە و بڵاوبوونەوەی ڕێك و وردی لە گەورەترین ناوەندی ئیمپراتۆریدا ئاشکرابێت.

دەتوانین ئەو گرنگی و بایەخەی کە لە ڕۆما بەم ئایینە درابوو بەدیاربخەین. دەکرێ زیاتر لە سەد نووسراوە بەردین و هەفتاوپێنج بەرهەمی پەیکەرتاشی و کۆلکسیۆنێکی بەنرخ لە بواری لێکۆڵینەوە لەو مێهرابانە دەستەبەر بکەین کە لە دەورووبەری شاری ڕۆمادا بیناکرابوون. شکۆدارترین مێهرابەیەك کە دۆزرابێتەوە پەرستگەیەکە کە لە سەردەمی ڕێنسانسدا[5] لە ئەشکەوتێکی کاپیتۆڵ Capitol دۆزراوەتەوە. جوانترین و کاریگەرترین نەخشی هەڵکەنراو کە لەم شوێنەدا دۆزراوەتەوە (وێنەی ٤) ە و پێدەچێت لە سەدەی دووەم بەدیهاتبێ. (ئەم دەستنیشان کردنانە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێنەوە چونکە دوای ئەوەش کۆمەڵێك شوێنەواری تر دۆزراونەتەوە).

لەم سەردەمە دابوو کە میترا و ئایینی میترایی ناوی دەرکرد و بووە یەکێك لە دیارترین خواوەندەکانی توێژی خانەدان و دیوانی ئیمپراتۆری. پێشتر گووترا میترا وەکوو یەکێك لە خواوەندەکانی ڕەسەنی ئاسیایی لەگەڵ کۆچەرەکان و یان ڕاگوێزراوەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆما هات. لە سەرەتادا خەڵکی هەژار و پەڕپووت باوەشی دڵیان بۆ ئەم خواوەندە کردەوە و ماوەیەکی زۆر میتراپەرستی ئایینی کۆمەڵانی خەڵکی هەژاری ناو کۆمەڵگا بوو. کۆنترین نووسراوەکان ئەمانە دەسەلمێنن چونکە ناوەکان گشتیان ئاماژە بە بەدیلگیراوەکان و کۆیلەئازادکراوەکان و یان سەربازانی ئامادەی خزمەت و خانەنشینکراو دەکەن. بەڵام لە سنووری ژێرفرمانی ئیمپراتۆردا دیلەئازادکراوەکان دەیانتوانی کار و پۆستی بەرز بەئەستۆوە بگرن و لەم ڕووەوە بەربەستێك لەئارادانەبوو. زۆرجار وادەهاتەپێش کە سەربازە بەئەزموونەکان و سەربازە خانەنشینکراوەکان و منداڵەکانیان بگەن بە کورسی دەستەڵات و سەروەت و سامان و لەناو توێژی خانەدان و ڕەسەنەکان دا بتوێنەوە، بەم چەشنە لەناو ڕەهەندێکی سروشتی دا ئەم



ئایینە بەڕەسەن ئێرانیە کە مۆرکی نیشتیمانی لاتینی پێوە لکابوو، ڕێیکەوتە ناو کۆڕ و بەزمی توێژی خانەدان و ڕەسەنەوە[*].

لە نێوان ساڵانی (١٨٠ — ١٣٨ ) ی زایینی لە ڕۆژگاری دەستەڵاتداری ئانتۆنیۆنەکان دا زانایانی ئەو سەردەم واتا وتاربێژ و بیرمەند و فەیلەسووفەکان باوەشیان بۆ بنەما و ڕێبازەکانی ئەم ئایینە کردەوە. لەناو بەرهەمەکانی لووسین Lucian دا دەبینرێت کە گاڵتە بە داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی میترایی کراوە. لە ساڵی ١٧٧ ی زایینیدا کێڵسووس Celsus لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەناوی گفتووگۆی ڕاستەقینە True-Discaurse بنەماکانی ئاینی میترایی لە بەرامبەر بنەماکانی ئایینی مەسیحی دادەنێت و هەڵیان دەسەنگێنێ و بەرەو ڕووی ڕکابەرێیەکی ئایینی ڕایکێشان. ئالەم کات و ساتەدایە کە بەرهەمێکی تایبەت بە ئایینی میترایی لەلایەن پاڵاس Pallas ەوە پێشکەش کرا[*]. پرۆفیر لە کەسێکی ناسراو بەناوی ئووبروس Eubulus دەدوێت کە بەرهەمێکی چەند بەرگی لەبابەت ئایینی میتراییەوە نووسیوە[*]. بێگومان ئەگەر ئەم کۆمەڵە بەرهەمە بەدەستی ئێمە گەیشتبان زۆربەی لایەنە شاراوە و ئاڵۆزییەکانی ئەم ئایینە ئاشکرادەبوون. کۆمەڵە شتێکی شاراوەی وەکوو مێژوو و بەروارەکان، چۆنیەتی وەرگرتنی ئایینەکە لەلایەن سەرباز و فەرماندە ڕۆمی و نارۆمییەکان کە پەیڕەوی ئایینی دوژمنانیان کردبوو. گوزارشی ئەو گەورەپیاو و کاربەدەستانەی کە بەهۆی ڕێبەری و ڕوونکردنەوەکانی کۆیلەکانیان ئایینی خۆیان گۆڕی. لە نووسراوە بەردینەکاندا بەزۆری ڕووبەڕووی ناوی بەدیلگیراوانێك دەبینەوە کە ناویان لەڕیزی ناوی دیلەئازادکراوەکاندا هاتووە. هەندێجار ئەم کۆیلەیە کەسێکە کە گەیشتۆتە لووتکەی بەرزی ڕێبواری لە ڕێبازی میترایی گەیشتۆتە بەزترین پلەی ئایینی و سەرجەم نهێنیەکانی لا ئاشکرابووە. ئەوشتەی کە

*Lucian, Menipp., c.e, 6 et seq. Cf. Deor Coneit, c, 9; Jup. C. 8, 13 (T, et M., Vol II, P. 22).

* Origenm Contra Contra. Cels., I 9 (T. et M., Vol II, p. 30).

** Prophyr, De antr . nymph., C. 5;De abstin., II56, IV.16 (cf.T.et M,.Vol.II, p. 39et seq. and I., p. 26 et seq).

بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ زانیاریەکی زیاتریان دەستکەوێ، بڕوانە مێژووی پڕ نهێنی میترایی نووسینی هاشمی ڕەزی.

لە ئەنجومەنیەکانی ئایینی میتراییەوە بەرچاودەکەوێت ئەوەیە، هەندێجار کەسێك کە سەربە نزمترین توێژی کۆمەڵگایە لەناو ئایینەکەدا بەرزترین پلەی هەیە و بەپێچەوانەوە کەسێك کە سەربە بەرزترین توێژی کۆمەڵگایە ژێردەست ترین کەسی دەستەی هۆگرەکانە.

گشت ئەو لێکۆڵینەوانەی خرانەڕوو لەڕاستیدا کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی زنجیرەیی بوون و بەپێی ئەمانەوە دەگەین بە ئەنجامێکی بنەڕەتی. بڵاوبوونەوە و گەشەی ئایینی میترایی دەبێ بەخێرایی ڕوویدابێت. ئەم ئایینە بەخێراییەکی سەرسامهێنەر وەکوو پڕیشکێکی ئاگر کە بەر باڕووت بکەوێت هاوکات لەناو کۆمەڵە وڵات و ناوچەیەکدا کە زۆر لەیەکتری دووربوون بڵاوبۆوە، لە ڕۆما، لە کارۆنتۆم و کەنارەکانی دانووب و ئاگری - دێکوومات Agre-decumates، ئەم لقەی ئایینی مەزدەیەسنایی کە گۆڕانی بەسەرداهاتبوو بە سیما و پەیکەرێکی سەرەنجڕاکێش و بەهێز لە سەدەی دووەم دا بڵاوبۆوە؛ و ئێمە لە کاتی ئێستا دا دەتوانین بەشێوەیەکی ناتەواو لە چۆنیەتی گەشەکردن و بڵاوبوونەوە و بنەماکان و بنچینەکانی ئەم ئایینە بکۆڵینەوە.

بەڵام جگەلە سیما و دیاردە سەرەنجڕاکێش و سرووشتیەکانی ئایینەکە کە کۆمەڵێکی زۆری بەرەو پەرستن و ستایشکردنی خواوەندی گائۆژەن پاڵدەدا، هۆکاری دەرەکیش لەم کارەدا دەوریان هەبوو: ئەویش خواست و ئارەزووی ئیمپراتۆری بوو. لامپڕی دیووس ڕادەگەیێنێ کە: کۆموودۆس (١٩٢ — ١٨٠ ی زایینی) ((شارەزای ئاییني میترایی بووە و لە ڕێوڕەسمی خوێناوی قوربانیکردن و ڕێوڕەسمەکانی تردا بەژداری دەکرد))*. بەپێی بابەتە کورتەکانی ناو نووسراوە بەردینەکان پەسندکردنی ئاییني میترایی لەلایەن ئیمپراتۆر و پیاوماقوول و کاربەدەستەکانەوە، لە ڕۆما گۆوڕانێکی بنەڕەتی و ئایندەسازانەی لێکەوتەوە. ئەو گۆڕانەی کە هاوکاری بڵاوبوونەوەی خێرای ئایینەکەی کرد. هەرلەبەرئەوە دەبێنین زۆربەی ناودارانی وەکوو فەیلەسووف و وتاربێژەکان بەچاولێکەری ئیمپراتۆرەکەیان دێنەڕیزی مورید و بەندە و هۆگر و شوێنکەوتووەکانی میتراوە. بەپێی نووسراوە بەردینەکان زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە درووستکردنی مێهرابەکاندا دەوریان هەبوو و هەروەها پێشکەشکارانی نووسراوە بەردینەکان و پەیکەرەکان، فەرماندە پایەبەرزەکان و دەریادارە پایەدار و خانەدانەکان بوون و ناوەکانیان

* Lampridus, Commod., C. 9 (T. et M., Vol. II, P. 21). See infra, chap, III,P.73 .



بەرچاودەکەوێت و تاکوو ڕۆژگاری بەرلە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەسیحیەت و لەناوچوونی ئاییني بەغانی میترایی وەفادار و ئەودالّی ئایینەکەیان بوون.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لەو ئامانجە ڕەوشتی و سیاسیانەی کە بوونەتە هۆکارێك تاکوو کاربەدەست و دیواندارەکان هاودەنگ و هاوڕا ئەم ئایینە پەسندبکەن، پێویست دەکات سەرەنجی بنەماکانی ئاییني میترایی لەبابەت چۆنیەتی فرمانڕەوایی و دەوڵەت و کەسایەتی و دەوری پاشاکان بدەین و هەروەها سەرەنجی ئەم خاڵەش بدەین کە سیزارەکان خۆیان بەخواوەند دادەنا*.

* ئەگەرچی لە بەشەکانی دواتر لەبارەی ئەم بابەتەوە، کۆمەڵەباسێك هەیە، بەلاّم بۆ زانیاری زیاتر و پەسندتر و بەڵگەدارتر بەتایبەتی لەبارەی زاراوە تایبەتەکانی ئاییني میترایی کە هەندێجار وەرگێر شێوە تایبەت و هونەریە ئێرانییەکەی هێناوە، بڕوانە کتێبی: مێژووی ئاییني پڕنهێنی میترایی.

# پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١- کۆلێنی: موستەعمیرە، هەرێمێك کە گرووپێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵك لە شوێنێکی ترەوە بەرەو ئەوێ کۆچیان کردبێ و کۆمەڵگەیەکی نوێیان دامەزراندبێ.

٢- بەغ مێهر: بەغ لە پەهلەویدا بەواتای ((بەخشندە)) و ((خواوەند)) هاتووە. لە ئاڤێستادا ((بەغە)) یە و لە زمانی ئێستای کوردی فۆرمی ((بەخت و بەخش)) ی لێوە ماوەتەوە و لە وشە لێکدراوەکان وەکوو وشەی بەختیار و بەخشندە و ... بەدیدەکرێن. لە نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنێشەکان نازناوی ئاهوورامەزدا و خواوەندەکانی ترە. لە ئاڤێستای نوێدا بۆ میترا بەکاربردراوە و لە نووسراوە پەهلەویەکاندا تایبەت بە میترا و مانی یە. بەغ مێهر واتای خواوەند مێهر، یەزدان مێهرە. لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بەغ شێوەی (فەغ و فەخ و بەگ) ی وەرگرتووە بۆ نموونە فەغفوور لە شیعری شاعیرانی کلاسیك بەرچاودەکەوێت. هەروەها بەگ واتای خودان و خاوەن و سەروەری هەیە. لە زمانە لاتینیەکاندا بەواتای پەیرەوی ئایینی مێهر یان ئایینی بەغانی هاتووە. لە نووسراوەکانی مێهرپەرستە سەغدییەکاندا مێهر ((میشی بەغی)) پێگووتراوە. ئەو شوێنانەی کە بە مەڵبەندی ئایینی میترایی دادەنرێن بەم ناوەوە ناونراون، وەکوو: ((بەغستان)) کە ئەمڕۆ بێستوونی ناوە. هەروەها بەغدادیش لەم وشەیەوە هاتووە بەواتای ((خولقێنراوی یەزدان)) یان ((پێ بەخشراو لەلایەن خواوەندەوەیە)).

٣- کرۆنووس: خواوەندی شێرسەر، یان ((زەرڤان ئەکرانا)) لە پەهلەویدا ((زوورڤان یان زەرڤان)) بەواتای ((زەمەن)) هاتووە. ناوی خواوەندێکە و هەڵگری سیفەتی ((بێ سنوور)) و ((خواوەندی هەرەپێشوو)) ە. وەکوو گشت خولقێنراوەکانی دەستی ئاهوورەمەزدا شایستەی پەرستن و نیایشکردنە. توێژەران پێیان وایە لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا ئایینی زەردەشتی لقێکی لێ جیابۆتەوە کە زەرفانییان پێگووتووە. بەڵام بەپێی مێژووی ئایینەکان ئەم ئایینە بۆ ڕژگاری پێش زەردەشت دەگەڕێتەوە و ئایینێکی بەربڵاوبووە. بەپێی بیروباوەڕی



زەرڤانیەکان ئاورمەزد و ئاهریمەن کە یەکێکیان خواوەندی باشی و ئەوی تریان خواوەندی خراپیە، خولقێنراوی زەرڤانن. زەرڤان پەرستان باوەڕیان وابوو فرمانڕەوایی جیهان بۆ ماوەی نۆ هەزار ساڵ کەوتۆتە دەست ئاهریمەن بەڵام لە کۆتاییدا ئاورمەزد بەسەر ئاهریمەن دا سەردەکەوێ و جیهان لەناپاکی و تاریکی ڕزگار دەکات. لە ئایینی زەرڤانی دا میترا لەناوکی دەستەڵاتی ئاسمانی دادەنرێت و زۆرجاریش بەهۆی ئەو دەستەڵات و توانایی و دەورە کاریگەرەی کە هەیەتی لە شوێن زەرڤان دادەنرێت. هەرلەبەرئەوە بوو کە دوواتر لە ئەورووپا شێوەیەکی نوێکراوی ئایینی زەرڤانی بەناوی ئایینی میترایی یان میتراییزم هاتەئاراوە.

٤- نامە گەیێنەر، پەیامنێر، هەواڵ پێسپێردراو. لە ڕۆژگارە دوورەکانی مێژوودا بۆ ناردنی هەواڵ و پەیامێکی فەرمی لەلایەن دەستەڵاتداری هەرێمێك بۆ هەرێمێکی تر یان خود ویلایەتێك بۆ ویلایەتێکی تر یان بەشێوەیەکی گشتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کەسانێکی سوارچاك پەروەردە دەکران کە چاپاریان پێدەگووترا. لەسەر ڕێگەی ئەم چاپارانە کۆمەڵە شوێنێك ئامادەکرابوون کە ئەسپیان لێڕادەگیرا کە چاپارخانەی ناوبووە. چاپارەکان لە چاپارخانەکان ئەسپە ماندووەکانیان دەگۆڕی و ئەسپی بەتین و خێرایان زین دەکرد و بەڕێدەکەوتن.

٥- ڕێنسانس: واتا بووژانەوە، دووبارە ژیاندنەوە، گەڕانەوە. ئەو سەردەمەی کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی دەست پێکردنی جەنگەکانی ئیتاڵیا لەساڵی ١٤٩٤ ەوە تاکوو کۆتایی شەڕە ناوخۆییەکانی فەڕەنسا لە ساڵی ١٥٩٨ سەردەمی ڕێنسانس یان بوژانەوەی پێدەگووترێت. گەڕانەوە بەرەو کولتوور و ئەدەبیاتی کۆن و لاساییکردنەوەیان و بەرەو زانستی کۆن ڕۆیشتن، تایبەتمەندیەکانی ئەم سەردەمە بوون. لەم ڕۆژگارەدا بوارەکانی زانست و ئەدەب و هونەر و پیشەسازی گەشە و بەرەوپێش چوونێکی باشیان بەخۆوە بینی.



# بەشی سێیەم

## ئایینی مێهر، بناغەی پتەوی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری

## ئایینی مێهر، بناغەی پتەوی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری

ئایینی مێهر وەکوو ئایینێکی ڕەسەنی ناوچەیی تاکوو سەدەی دووەم لە ئیتالیا، کۆموودۆس و سەرەتای پاڵپشتیکردنی ڕەسمی لە ئایینەکە، سیزارە مێهرئایینەکان، بونیاتی ئایینی/ سیاسی خۆرپەرستی، بنەماکانی بیروباوەڕی ئایینی خۆرپەرستی و درووستبوونی دەستەڵاتی دیکتاتۆری، باش پیشاندانی نەریت و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی میترایی، پیرۆزی خۆر و سیمبوولی ئاگر، میترا خاوەندی پشتیوانی ئیمپراتۆری، ئامانجە سیاسیەکانی خۆرپەرستی، بیروباوەڕی مەزدەیەسنایی خوەڕنا یان شکۆی پاشایەتی لە خزمەت و دەستی سیزارەکاندا، سەرکەوتنی مەسیحیەت و بەردەوامبوونی بنەمای مافی ئاسمانی شاکان لەلایەن کەنیسەوە، تریفە و بریسکەی ڕووناکی دەوری سەری پاشاکان و خاوەن شکۆکان.

بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە ڕۆما بەگوێرەی ئایینەکانی تری ڕۆژهەڵاتی درەنگتر ڕوویداوە. ئەو کاردانەوە و خۆڕاگریانەی کە ڕۆمییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەبوایە لەبەرامبەر بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی ئایینەکانی تر هەیانبێت، لەپێشتردا ڕووینەدابوو. بۆ نموونە لە سەرەتادا لەبەردەم ئایینی ئیزیس Isis دا ڕاوەستان و پەیرەوانێکی زۆری پەیدانەکرد. لەوانەیە هەندێ لە ئەستێرەناسان و پێشگۆیان و فاڵگرە کلدانییەکان کە لە سەردەمی بەرایی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری لە ڕۆمادا چالاکبوون و بەفرمانی پاشاکانەوە دەرکران، بەهۆی ئاشنابوون لەگەڵ خواوەندەکانی ئێرانی کاریان لە کۆمەڵگای ڕۆمایی کردبێت. ئەگەرچی ئەنجومەنی پیران/ سینای ڕۆمی لە پاشکۆی یاسایەك بڕیاری دەرکردنی مۆغانی ڕاگەیاند، بەڵام لەوەدەچێت بەتەواوی جێبەجێنەکرابێ و بەردەوام نەبووە و پاش ماوەیەکی کەم سەرلەنوێ بەرەو پایتەختی ئیتاڵیا گەڕانەوە. ئیتر لەڕیزی کاهینانی ڕۆژهەڵاتیش بەژمارنەدەهاتن و بە گەرمی هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینێکی تایبەتیان نەدا.



ئایینی میترایی هاوکات لەگەڵ سەرەتای یەکەمین سەدەی زایینیدا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. بەڵام ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و توند و دوژمنکارانەی دەوڵەتی ئیتاڵیا نەبۆوە و بەڵکوو لەسەرەتادا بەجۆرە ئاسانکاری و دواتر بەچاوێکی پەسندکراوانەوە سەیری کرا. ئەمە لەکاتێك دابوو کە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی سەرەکی کە توند و تیژی بەرامبەربە پەیامبەرە ئایینییە بێگانەکان بوو، نەهاتبووەئاراوە. دوایی هەرئەم ئاسانکاریە سیاسیانە بوونە هۆی ئەوەی تاکوو بەردی بناغەی یەکەمی ئەم دیاردەیە بەئاسانی دابنرێت.

ئەوکاتەی کە تیردادی پاشای ئەرمینیا لەگەڵ شاندی یاوەری کە ژمارەیەك مۆغیشی لەگەڵ دابوون هاتنە ڕۆما، نێرۆن ٦٨ — ٥٤ ی زایینی پێیخۆشبوو فێری بنەما و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی میترایی ببێت. تیرداد بە ئیمپراتۆری ڕاگەیاندبوو کە خاوەن سیفات و سیمای میترای خواوەندە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا زانیارییەکی ئەوتۆ لەبابەت هەل و مەرج و ڕۆڵ و بینای ئەنجومەنەکانی خۆری نەبەز واتا میترا **Cultores so list**... مان لەبەردەست دانیە تاکوو بەگوێرەی ئەوەوە بزانین لەلایەن دەستەڵات و کۆمەڵگاوە دەرفەتی کارکردنیان پێدەدرا، یان لەبەرئەوەی لەلایەن ئیمپراتۆریەوە پەسندکرابوون بەنەرمی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکردن و مافی هاوڵاتی بوون، وەکوو مافی خاوەنداریەتی و ئەنجامدانی کاری بازرگانیان لێنەدەستاندنەوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ناشێت ئیمپراتۆری ئایینێك پشتگوێ بخات کە خزایێتە ناو بینای دەوڵەت و سیستەمی سەربازییەوە و لەلایەکی تریشەوە پەیرەوانێکی زۆری پەیداکردبن. هەروەها لەلایەکی تریشەوە ناشێت دەستەبەرکردنی مافی خاوەنداریەتی و بەڕێوەبردنی ژیانێکی هەمەلایەنانە بە ئەسپایی بەدیهاتبێت. ئەوکاتەی کە لە سەرەتادا بەسەر ئەو شوێنەوار و بەرهەمە دۆزراوانەدا دەچینەوە و دەیانخەینە ژێرتیشکی لێکۆڵینەوە، ئایینی ئێرانی لەتەك ئایینی Magna-Moter (گەورە دایك یان Gread-Mother ) پێسینیووس Pesinius دەبینینەوە کە سێ سەدە بەرلە میتراییزم ئایینی فەرمی ڕۆمیەکان بوو. لەلایەکی ترەوە پێدەچێت لە سەردەمی مارکووس ئۆرێلیووسیشدا Marcus Aurelius (161 – 180) ی زایینی ئاسانکاری مەزهەبی و ئەو سەربەستیە یاساییانەی کە بەدیهاتن، بوونە هۆی باوبوونی ئایینی بەغ مێهر و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی گاکوژی و شووشتنەوە و پاکژکردنەوە بە خوێنی گا.

ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە لە ژێرکاریگەری نەریتێکی ئایینی و کۆنی مەزدەیەسنایی و ڕێوڕەسمێکی ئاسایی یەزدان ژنی فریژی بەڕێوەدەچوون. بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم ئایینە ئەم

گومانەمان لا درووست دەکات کە ئاوێتەبوون و ئاخنینی ئەم ئایینە دەشێت لەلایەن سینا یان ئیمپراتۆرەوە مۆری پەسندکردنی لێدرابێت و دۆخێکی فەرمی وەرگربێ. چونکە لە هەل و مەرجێکی ئاوهادا پێویست بوو خواوەندی ئێرانی بێ بیرکردنەوە و وچان، مافی ڕەسەنایەتی نەتەوەیی و خواوەندی ئەو خواوەندانە واتا سی بێلیّ Cybele و بێلۆنای کۆمانا Bellona of Comana ی پێبدرێت، کە لەم نیشتیمانەدا پەرستراون. بەڵام تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڵگەیەکمان نیە بۆ سەلماندنی ڕەسمی بوونی ئایینەکە، بەگوێرەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە بێ خۆڕاگریەی کە لەبەرامبەر بڵاوبوونەوەی دا لەئارادابووە، دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە پەرستنی میتراش وەکوو پەرستنی ئاتیس Attis کە بەهاوچەشنی میترا دادەنرێت، بە ئایینی (گەورە دایك) هوە لکاوە و لەسایەی ئەوەوە ناسراوە و ڕێگەی پەرستنی پێدراوە. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەنجومەنەکان جارجار لە خەزێنەوە هەندێ یارمەتیان وەردەگرت، بەڵام بەڵگەیەکمان لەبەردەست دانیە کە پیشانبدات ئەم ئەنجومەنانە و کاهین و مۆبەدەکان موچەیەکی دیاریکراویان هەبووبێت.

تاکوو کۆتاییەکانی سەدەی دووەم سیزارەکان بەنەرمی و بەبەزەییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئایینی میترایی دا دەکرد. بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەم ئەم ڕفتارە نەرمانە شێوەی پشتیوانیەکی کاریگەرییان وەرگرت. کۆمۆدووس (١٩٢ — ١٨٠ ی زایینی) وەکوو وەرگیراوێك هاتەناو ئەنجومەنەکە و بەژداری لە ڕێوڕەسمی پڕ نهێنی و شاراوەی میتراییەکان کرد. ئەو نووسراوە بەردینانەی کە مێژووی ڕۆژگاری ئەوییان پێوەیە بەچڕی و بەکورتی باسی گۆڕانی سیاسەتی ئیمپراتۆر دەکەن کە دەیەوێ ڕوو لەم ئایینە بکات و پەرەی پێبدات. ئەم سیاسەتە پاش فرمانڕەوایی دوایین ئیمپراتۆری ئانتۆنیۆنەکان پەیڕەوکرا و پشتیوانی کردن لە ئایینی میترایی بەشێوەیەکی فەرمی بێ ڕەچاوگرتنی هیچ شتێك جێبەجێکرا. لە یەکەمین ساڵانی سەدەی دووەمی زایینیەوە مۆبەدەکانی میترایی هامۆشۆی کۆشکی ئاگۆستی Agusti یان کردووە. پەیرەوانی ئەم خواوەندە، قوربانی و دیاری وپێشکەشیەکانی خۆیانیان بۆ مەبەستی تەندرووستی و سەرکەوتوویی سێڤێریووس و فیلی پووس Philiphus پێشکەشدەکرد. ئاوورلێن Aurelin لە(٢٧٥ — ٢٧٠ ) ی زایننیدا کە فەرمی بوونی ئایینی میترایی پەسندکرد و ڕایگەیاند، تەنیا دەیتوانی ڕێگە بەو ڕێوڕەسمانەی پەرستنی خواوەندی دێرین بدات کە بەرلەوە لەلایەن کاهینەکانی دەوڵەتی ئایینەکەوە بەڕێوەدەچوون. زۆری پێنەچوو کە میترا بووە خواوەندی پشتیوان و یارمەتیدەری ئیمپراتۆری. لە ساڵی ٣٠٧ ی زایینیدا دیۆکلتیان و



گالێریووس Galerius و لی سینیووس Licinius لە کارنۆنتۆم مێهرابەیەکی شکۆداریان بۆ میترا بیناکرد. (وێنەی ١٩). دوایین سیزاری میترایی کە دەستەڵاتی وەرگرت یوولیان ئەپۆستات Julian-Apostate (= یوولیانی مورتەد) بوو.



**وێنەی ژمارە ١٩**

پایەی ستوونێك لە کارنونتووم Carnuntum پێشکەشیەك لەلایەن دیۆکلتیان و لی سینیووسەوە.

. ( P.491،T. et M.)

ئەمجۆرە ئەودالّی و شەیداییە لەلایەن سیزارەکانەوە کە خاوەن هزر و شێوەی جۆراوجۆری ڕەوشتی و ڕفتاری و سیاسی بوون و لەگەڵ ئەوەشدا کە نوێنەرانی نەتەوەیەك بوون کە هێزی سەرەکی ڕۆژگاری خۆیان بوون و نوێنەری گەلانێك بوون کە دەبوایە داب و نەریت و میراتە ئایینی و کولتووریەکانیان بپارێزن، نابێ بە ئاوات و ئارەزووەکی تاکەکەسی و شەیداییەکی ساتەوەختی دابنرێت، بەڵکوو دەبێ بەدوای ئاوات و ئامانجێکی جدی تردا بگەڕێین. سیزارەکان و شازادە و خانەدانە ڕۆماییەکان لەماوەی دووسەدە دا بەگەرمی و بەجدی پەیڕەوی ئایینێکیان کرد و هەولّی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەیان دا کە لە ئێرانەوە سەرچاوەی گرتبوو و پەیرەوانەکەشی لە نیشتیمانێك دەژیان کە بە دوژمنی خوێنی دادەنران و بەدرێژایی دەیان ساڵ

لەگەڵ یەکتری لە جەنگ و ململانێ دابوون. کەواتە ئامانجی سەرەکی چیبوو؟ بنەماکان و تیۆرە پەروەردەییەکانی ئەم ئایینە پشتیوان و یاوەرێکی بەهێزبوون بۆ سیاسەت و دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی و مانەوە و بەردەوامبوونیان، کە بەدرێژایی چەندین سەدە هەوڵی گەشەکردن و پێشکەوتنیان دابوو.

بەرەوپێشچوون و گەشەی قۆناغ بە قۆناغی دەوڵەت لە ڕۆما پیشاندەری ئەم بۆچوونەمانە. ئاگوستووس بە پشتیوانەی شێوازی تایبەتی خۆی، دامەزرێنەری دەستەڵات و توانایییەك بوو کە لەڕوویەکی ترەوە بووە هۆی درووستبوونی دەوڵەتێکی بەهێز کە ئیرادەی خواوەند لەگەڵ ئەم دەستەڵاتەدا هەماهەنگ و هاوتەریب بوو. ئەم گەشە قۆناغ بە قۆناغە بەم چەشنە بوو: هێز و توانای ئیمپراتۆر لە خەڵکەوە هەڵقوڵابوو. نوێنەری خەڵکی بوو و لەلایەن ئەوانەوە هەڵبژێردرابوو. لەبەرئەوە یەکەمین سەرچاوەی دادپەروەری و بەتەنگەوە هاتن و بەهانا هاتنی خەڵکی لەبەرامبەر ستەم و بێدادپەروەری بوو. ئەرکی ئیمپراتۆر پشتیوانیکردن لە مافی کۆمەڵانی خەڵك بوو. هەروەها بەپێی ئەم هەڵبژاردنەش بە کاهینی گەورە دادەنرا و ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی تاکوو کەسێتیەکی پاك و پیرۆزی هەبێت. وردەوردە ئەم هەڵبژاردنە دەستەڵاتێکی ڕەهای بە ئیمپراتۆر بەخشی. بەفراوانبوونی جڵەوی دەستەڵاتداری، سنوور و چوارچێوەکان بۆ ئیمپراتۆر بەولاوە نران و ناونیشانی نوێنەر و جێگری خواوەندی وەرگرت و دواتر ناونیشانی خواوەندی سەر ڕووی زەوی بۆ خۆی هەڵبژارد. دوای جەنگی ئاکتیووم Actium (31 ی پێش زایین) سەرەتای بڵێسەی ئاگری دیکتاتۆریەت داگیرسا. لەلایەن دیوانداران و کاربەدەستانی دیوانی ئاگوستووسەوە بزاوێك سەری هەڵدا. ناوکی سەرەکی ئەم بزاوە ئەوە بوو، بنەمای ئازادی لەچۆنیەتی فرمانڕەوایی کردن کە سیزارەکان دەبوایە ڕەچاوی بکەن، بنەمایەکی ناڕاستە و دەستەڵاتی دەوڵەتی سنووردار دەکات. لە زۆربەی شارە ئاسیاییەکاندا کە لەلایەن ڕۆمیەکانەوە داگیرکرابوون، ژمارەیەك پەرستگە بۆ مەبەستی ڕێزلێنان لە ئاگوستووس دامەزران و بانگێشتی خەڵکیان کرد تاکوو لەم پەرستگانەوە پەیرەوی و ملکەچی خۆیان بۆ سیزار ڕابگەینن کە لەتەك ڕێوڕەسم و نەریتی تایبەتدا بەڕێوەدەچوو. لەڕاسیدا ئەمە بیرۆکە و خواستێکی ڕۆمایی نەبوو، لەڕۆما پێویست بوو یاسا جێبەجێ بکرێت. سیزار نەیدەتوانی لە چوارچێوەی یاساوە دەربچێت. ئیتاڵیەکان بەهۆی ئەو خۆبەزل زانین و ڕەگەزپەرستیەی کە لە ئەنجامی داگیرکردنی نیشتیمانەکانی تر لەلایەن ئیمپراتۆریەوە بەدیهاتبوو دەیانویست ئەم نەریتە تێکبشکێنن و لە فرمانڕەوا و پیاوی یاسا، خواوەند و دەستەڵاتدارێکی دیکتاتۆر درووستبکەن و بیروباوەڕ و



هزری ڕۆژهەڵاتی ئەم شێواز و ڕێگەیەی خستە بەردەمیانەوە و ئەمەش لەڕاستیدا بەسەرکەوتنی بیرو هزری ڕۆژهەڵاتی بەسەر بینای دەوڵەتی ڕۆمی و لەڕوویەکی ترەوە سەرکەوتنی ئارمانجی ئایینی بەسەر هزری یاساخوازیدا دادەنرا.

کەواتە مەبەستی سەرەکی ڕووهێنانی فرمانڕەواکان بۆ ئایینی میترایی، دەتوانێ هۆکارێکی سیاسی بێت بۆ باش پیشاندانی دیکتاتۆریەت و دوورکەوتنەوە لە بنەمای ئیمپراتۆری هەڵبژێردراوی خەڵکی کە بەڕێوەبەری یاسا و دادپەروەری بوو و هەروەها گۆڕان و بوونی بە جێگری خواوەند و کاهینی گەورە لە سەرزەوی و بوونی بە فرمانڕەوای ڕەها. لەلایەن ژمارەیەك لە زاناکانەوە ئەم ئامانجە سیاسیەی کە پەسندکردن و بڵاوبوونەوەی ئایینەکە دەگرێتەوە، خراوەتە ژێرتیشکی سەرەنج و لێکۆڵینەوە. بەڵام لە توێژینەوەکانیان دا لە بینای (یەزدانناسی) وردنەبوونەتەوە و تەنیا بەسەندەیان بەمەندە کردووە کە سیزارەکان نەتەنیا لەکاتی ژیانیاندا بەڵکوو دوای مردنیش خاوەن پلەی خواوەندی بوونە. کەم و کوڕیەکی تری کاری ئەم مێژوونووسانە لەوەدایە کە ڕوونیان نەکردۆتەوە لەبەرچی گەیاندنی فرمانڕەوایەك بە پلەوپایەی خواوەندی کە تەواو پێچەوانەی شێوەی بیرکرنەوە و سیستەمی سیاسی/ دەوڵەتی ڕۆمەکان بوو، لەلایەن خەڵکەوە پەسندکرا.

لێرەدا دەبێ سەرەنجی ئەم خاڵە گرنگە بدەین: لەگەڵ هاتن و بڵاوبوونەوەی ئایینەکانی ئاسیایی بۆ ڕۆما یان زۆربەی ناوچەکانی ئیتالیا، زۆربەی خەڵکی کەوتنە ژێرکاریگەری ئایینەکان و باوەشیان بۆ کردنەوە، بێگومان پەسندکردنی ئەم ئایینانە شێوەی بیرکردنەوە و سیستەمی بیروباوەڕی ئەوانی تووشی گۆڕان کرد. بەپێی بنەمایەکی بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتی، ئیمپراتۆر و فرمانڕەواکان لە ئاست مرۆڤەکان خاوەن پلەوپایەکی بەرزتر و مافێکی زۆرتری مرۆیی بوونە. ئەمجۆرە بیرکردنەوە سەرەنجی ئەو فرمانڕەوایانەی ڕاکێشا کە خوازیاری توانایەکی زۆرتری کارکردن و شێوەیەکی ڕەهایانە بوون و کۆمەڵە هۆکارێکی بێ بەڵگەی بۆ ڕۆیشتن بەرەو دیکتاتۆریەت و تێکشکاندنی ڕیساکانی ڕابردوو بەدەستەوە دەدان و خەڵکیش بەهۆی ڕۆیشتن بەرەوپیلی ئایینی ڕۆژهەڵاتی، ئەم باش پیشاندانانەیان پەسندکردبوو. بەم جۆرەبوو کە بیروباوەڕێك لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکانی ئایینی و ئەودیو سرووشتی لەشوێن بنەما و داب و نەریتە دێرینیەکانی ئیمپراتۆری دانران.

سەرچاوە مێژووییەکان بۆمەبەستی پشت بەستن و بەڵگەهێنانەوە کەمن. ڕۆماکان زۆربەی بیروباوەڕەکانیان لەبابەت فرمانڕەواکانەوە لە میسریەکانەوە وەرگرتووە. لەخودی میسردا ئەو

سیستەم و پێکهاتەیەی کە کاری پێدەکرا، هەڵبژێردرا تاکوو لە پێکهاتەی دەوڵەتی ڕۆما دا جێگیربکرێت و بە پێکهاتە و سیستەمێکی پتەو و بە بناغەی حکوومەتێکی یەزدانی، جۆرە ڕەوایی و شەرعیەتێك بە ئیمپراتۆریەکە ببەخشێت. بەپێی بیروباوەڕەکانی دێرینی میسری، باب و باپیرانی فرعەونەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕەع R'a خواوەندی خۆرەوە فرمانی پاشایەتیان وەردەگرت. هەروەها گیانی هەرکام لە فیرعەونەکان بەشێك لە گەوهەری بوون (وجود) ی هۆرووس Horus ی لەگەڵ خۆیدا هەبوو، بەم چەشنە هەر فیرعەونێك لەسەر زەوی وێنە و نموونەی بەرجەستەی خواوەندە. ئەمە بیروباوەڕێکی گشتی بوو کە فیرعەون نەتەنیا نموونەی بەرجەستەی خواوەند، بەڵکوو خودی خۆی خواوەندێکی زیندوو بوو کە بەچەشنی خواوەندێکی ئاسمانی دەپەرسترا.

ئەو کاتەی کە ((هەخامەنشەکان)) بەسەر میسردا سەرکەوتن و دوابەدوای هەخامەنشیەکانیش کە ((بەتاڵمیێ)) Ptolemies کان بوونە دەستەڵاتداری میسر، و دوای ئەویش ئۆگوستووس و جێگرەکانی بۆ مەبەستی سەقامگیربوونی دەوڵەتەکەیان ڕێزیان لە گشت داب و نەریتەکانی میسری گرت و پێکهاتەی سیاسی ئەو وڵاتە کە بناغەیەکی ئایینی هەبوو وەك خۆی مایەوە.

باوەڕهێنان بە خواوەندانی میسر و ناوبانگەکەیان لە ئەسکەندەریەوە تاکوو دوورترین سنوورەکانی ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆری هەڵکشا و بڵاوبۆوە. لایەنگرانی ئیریس لە ئیتاڵیا ئایینی خواوەندانی میسریان بڵاوکردەوە و تەنانەت چەندین فێرگەشیان دامەزراند کە تێیدا ڕێوڕەسمی ئایینیان فێری ئەو فێرخوازانە دەکرد کە زۆربەیان سەربە توێژی سەرەوە و خانەدانی کۆمەڵگابوون. ئالەم کاتەدا سیزارەکان و هەڵسووڕێنەرانی سیاسەت و دەستەڵات، کە ئاواتیان بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی ئەم بیروباوەڕانە بوو، پشتگیریان لێکرد و هەوڵی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنیان دا. ئەگەرچی پشتیوانیکردن و بڵاوکردنەوەی ئایینی میسری دەیتوانی ببێتە پشتیوانەیەکی بەتوانا بۆ سیاسەتی بینای دیکتاتۆری و ستەمکاری ئیمپراتۆری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە هەوڵێکی زۆریان دا، لە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەدا سەرکەوتوو نەبوون. ئەو نەمامەی کە دەیانویست بیڕوێنن زەویەکی شیاوی نەبوو. لە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینیدا سیزارەکان زۆریان هەوڵدا تاکوو لەلایەن دیواندار و کاربەدەستەکانی دیوانەوە نازناوی خواوەندی خاوەن شکۆیان پێبدرێ بەڵام سەرکەوتوونەبوون و هێشتاش بارودۆخەکە بۆ ئەوە هەموارنەببوو تاکوو خۆیان ئەم نازناوە ڕابگەیەنن.



هەندێ لە سیزارەکان وەکوو کالیگولا Caligula و نێرۆن دەیانویست لە ئیتاڵیا و میسر دەوری ((بەتاڵمێسەکان)) بەئەستۆوە بگرن و جاڕی ئەوە لێبدەن کە خواوەندەکان لەناو ئەواندا تواونەتەوە و نموونەی بەرجەستەی خواوەندن لەسەر زەوی. بەڵام جاڕێ هێشتا ئەم بڕوایانە لەلایەن ڕۆماکانەوە پەسندنەدەکران. ڕۆماکان خاوەن پەروەردەیەکی جیابوون، ئەم بڕوایە کە ستایشکردنی سیزارەکان وەکوو ستایشکردنی خواوەندەکانە و تەنانەت شێوە و زەمینە ڕۆژهەڵاتیەکەش لەلایەن ئەوانەوە پەسندنەدەکرا. لەسەردەمەکانی دواتریش دا ئەمجۆرە زەمینەسازی و بیروباوەڕانە کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. بیرکردنەوە و زەمینەیەکی تەواو و کاملێ و کاراتر پێویست بوو تاکوو بتوانێ ئەم بابەتە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی دا بسەپێنێ و ئایینی میترایی ئەم توانایییەی هەبوو.

ئێرانیەکانیش وەکوو میسریەکانیان دەکرد. لەبەردەم پاشاکانیان دەکەوتنە سەرزەوی و کرنۆشیان بۆ دەبردن، بەڵام هەرگیز پاشاکانی خۆیانیان وەك خواوەند دانەدەنا. ئەوان لەبوونی پاشادا ستایشی گەوهەری خواوەندیان دەکرد ((فەڕی فەرمانرەوای / کوەئیین — خوەرێنۆ Kvaen-Xvareno)) گەوهەرێك کە لە بوونی هەموو مرۆڤێکدا بەدیدەکرێت و بە بەشێك لە ئەندامەکانی پێکهێنەری ئادەمیزاد دادەنرێت، بەڵام بە بەشێکی هەرە بەرزی دەروون و گیان دادەنرا. هێزی پاشایی و فەرمانرەوای پیرۆزبوو، چونکە بەویستی ئاهوورامەزدا پێشکەش بە فرمانڕەوا کرابوو. هەر ئەو نازناوەی کە بۆ سیزارەکان دانرابوو، بەگەوهەری سیزارەکان Genius Caesaris ناوبرابوو. لە ئێراندا هەرگیز وەکوو میسر کە فیرعەونەکان بە خوای زیندووی سەرزەوی دادەنران، پاشا یان فەرمانڕەوا بە یەزدان دانەدەنرا. بەڵام پاشا بە فرمان و ویستی ئاهوورامەزداوە لەسەر کورسی فرمانڕەوایی دادەنیشت و بە ویستی خواوەندی بەدیهێنەر کە بە سەرزەوی و ئاسماندا فرمانڕەوایی دەکرد دەبووە پاشا و جیهانی ژێردەستەڵاتی خۆی بەڕێوەدەبرد. بەلای ئەوانەوە ویست و ئیرادەی خواوەند کە وەکوو تریفەیەکی ڕووناکی و تیشك وایە و لە ئاسمانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە ڕووناکایی و بریسکەیەکی ڕادەبەدەر خۆی دەنوێنێت و بریسکە و ڕووناکیەکەی دەپژایە سەر پاشاکان و بەهۆی ئەمەوە هێزوتوانایەکی یەزدانی و شکۆ و گەورەیی و فەڕێکی تایبەتیان بەردەکەوت.

ئەم شکۆ و فەڕ یان خوەرێنۆ (Hvareno Xvareno)یە ڕووناکی و ڕۆشنایی بە فەرمانڕەوا و پاشا ڕاستکردار و باشکردارەکان دەبەخشێت. هەروەك ئاماژەی پێکرا گشت مرۆڤەکان خاوەنی ئەم گەوهەرە (تیشك، شکۆ و گەورەییە) بوون. بەڵام هی پاشاکان بەپێی

ئەرکەکانیان شێوەیەکی تری هەبووە و جیاواز و بەرزتر بوو. ئاهوورامەزدا ئەم شکۆ و گەورەییەی لە کەسانێك و بەتایبەت لەو پاشایانەی کە لە ڕێگەی ڕاست دەردەچوون دەستاندەوە و بەمجۆرە بوو کە لە سەرتەختی پاشایەتی و فرمانڕەوایی دەستەڵاتەوە دادەبەزین* . بەڵام ئەوانەی کە شایستەی پاشایەتی بوون و ئەرکەکانیان بە تەواوی جێبەجێدەکردن، بەختەوەری هەمیشەییان بەردەکەوت و بەردەوام بەسەر دوژمنان و خراپەکاران دا سەردەکەوتن.

ئەمە بیروباوەڕێکی ئێرانیەکانە و لە ئەساتیری گەلانی تردا ئەم جۆرە هزرانە بەدیناکرێن. گەلان و نەتەوەکانی تر ئەم جۆرە تێگەیشتنە پەیوەستدار دەکەن بە بەخت، چارەنووسەوە. لەناو گەلانی سامی دا گادا Gada ی پێدەگوترا. یۆنانیەکان زاراوەی تیکە Tyche یان بۆ داناوە. ئەو گەل و هۆزانەی کە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی لە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا دەستەڵاتیان وەرگرت، هەوڵیاندا تاکوو (شەجەرەنامەی) خۆیان بە هەخامەنێشیەکان یان خانەوادە ڕەسەنەکانی ئێرانیەوە بلکێنن و فەڕ و شکۆی یەزدانی بکەن بە هاوڕێی دەستەڵاتی پاشایەتیان، تاکوو لایەنی متمانەی ئێرانیەکان بۆخۆیان ڕابکێشن. هەر لەبەرئەوە بوو کە فرمانڕەواکانی کاپادووکیا، پوونتووس و باکتریانا (بەڵخ و بەشێکی ئەفغانستان) ستایشی فەڕ و شکۆی پاشایەتیان دەکرد. سلووکیەکان کە دوای هەخامەنشیەکان لەلایەن یۆنانیەکانەوە بوونە دەستەڵاتداری ئێران ڕایانگەیاند کە خوەڕنە یان فەڕ بەوانەوە لکاوە و لەسەر تەختی پاشایەتی پاسەوانی یان لێدەکات و دیانپارێزێ. ئانتیۆخووسی کۆماژێنی لە نووسراوە بەردینی خۆیدا تا ئەو شوێنە شانازی بەوەوە کردووە کە خۆی لەگەڵ یەزدان ژنی Goddes (؟ خوەڕنە، فەڕ)دا بەیەك داناوە.

بەم چەشنەیە کە بیروباوەڕەکانی مەزدەیەسنایی لەبابەت شکۆ و فەڕ و گەورەیی و بەختەوەری پاشایەتی لەڕێگەی ئایینی میتراییەوە لە ئاسیای ڕۆژئاوا دا بڵاوبونەوە. بەڵام پێکهاتە بنەڕەتی و سەرەتاییەکەی لەگەڵ بیروباوەڕی سامیەکان ئاوێتە بوو. ئەم باوەڕە کە هەم مەرگ هێنەر و هەم لێسەنێرەوەی پاشایەتیشە، تەنانەت لەناو هەخامەنشیەکانیش واتایەکی تری بە بینای ئەم بیروباوەڕە بەخشی. بەپێی بیروباوەڕی کلدانیەکان بمانەوێ و نەمانەوێ بەگوێرەی دەور و خولی دیاردە ئاسمانیەکانەوە چارەنووس دیاری دەکرێت. گەورەترین دیاردەی

* بڕوانە کتێبی حیکمەتی خۆسرەوانی.



بریسکەداری ئاسمانی واتا خۆر کە سرووشت لەژێر فرمانی ئەودابوو، بە ئەستێرەی پاشایەتی دادەنرێت. لەبەرئەوە لە سەردەمی دەستەڵاتداری جێگرانی ئەسکەندەر، خۆری نەبەز کە میترای پێدەگوترا و هێما و سیمبوولی ڕووناکی ((خوەڕنە)) ی پێوەلکابوو و گەیشتبووە پلەی نەمری و هەمیشە زیندوویی، لەلایەن پەیرەوەکانییەوە وەکوو خواوەندێك دەپەرسترا. دوای لەناوچوونی هەندێ لە پاشاکانی ئاسیایی، کە خۆیان بە میراتگرانی ئێران دادەنا، ئەم میراتە کەوتە دەستی سیزارەکانی ڕۆما. ئێستا کە لە نیشتیمانەکانی ڕۆژئاوا بوار و زەمینە ڕەخسابوو، کۆمەڵانی خەڵکی فرمانڕەواکانی خۆیانیان بەمجۆرە و لەسەر ئەم پلەوپایەیە ڕازاندەوە و وەکوو کەسانێکی خاوەن هێزوتوانا و دەستەڵاتی ڕەهای خواوەندی ستایشیان کردن. بەم چەشنە هەروەك چۆن ئایینەکانی سووریایی و بەتایبەت ئایینی میترایی لە ڕۆما بڵاوبۆوە، هزری کۆنی مەزدەیەسنایی کە ئێستا لەگەڵ بیروباوەڕەکانی سامی ئاوێتەببوو، زۆربەی پاڵەوانەکانی ئایینی خۆی لە جیهانی ڕۆما دا دۆزیەوە. لە سەرەتادا ئایینی میترایی بەنەرمی و بە ئەسپایی و دواتر بوێرانە و نەترسانە خۆی لەناو ئەنجومەن و کۆڕی ئایینی ڕەسمی و لەناو شکۆدار و کاربەدەستەکانی ئیمپراتۆریدا جێگیرکرد.

لە سەردەمی کۆماریەوە، فۆرتوون Fortune ی ڕۆمیەکان بەشێوەی جۆراوجۆر لەلایەن خەڵکەوە دەپرسترا. لەوانەیە چارەنووس و تەقدیر و وای کردبوو کە لە هەموو شار و شوێنێك ڕێزی لێبگیرێ و بەهۆی تەشەنەکردن و بڵاوبونەوەی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە کۆمەڵێك بیروباوەڕی نوێی گرتبووە باوەش. کاتێك کە پلۆتارك دەنووسێ تیکە Tyche ئاشووریەکان و ئێرانیەکانی جێهێشت و لە میسر و سووریا تێپەڕی و لەسەر تەپۆلکەی پاڵاتین Palatine دابەزی، ئەم بەوێناکێشانە لە چوارچێوەی واتایەکی جیا لەوەی کە مەبەستی بوو خۆی دەنوێنێ. بەم شێوەیە ئیمپراتۆرەکان کە لە ژێرکاریگەری داب و نەریت و بیروباوەڕە ڕەسەنە سەرەتاییەکانی ئاسیاییدا بوون توانیان بە پەسندکردن و ئاسانکاری کردن خۆیان بخەنە ڕیزی ئەم چینە نەتەوەییەوە تاکوو ستایش بکرێن و ڕێزیان لێبگیرێ.

لە ڕۆژگاری ڤێسپازیاندا فۆرتوونی ئاوگووستی (بەخت، چارەنووسی ئاسمانی/فەڕ) بووە نەخشی سەرسیکەکان و دوای ئەمە کۆمەڵانی خەڵکی و ژێردەستانی سیزارەکان سوێندیان بە فۆرتوونی پاشا و فرمانڕەواکانیان دەخوارد. باوەڕ و ئیمانی فرمانڕەواکان بەم پشتیوان و بەخت و شکۆیە تا ئەوڕادەیە بوو کە ریشەی لەناو دڵیاندا داکوتابوو و بە فرمانی فرمانڕەواکان پەیکەریان بۆ ئەم فۆرتوونە دروستکرد و بەردەوام ئەم بووتە زێڕینانەیان لەگەڵ خۆیاندا دەگێڕا

و کاتی ترس و تەنانەت لە کاتی نوستنیشدا لێی دوورنەدەکەوتنەوە و لەکاتی مردندا وەکوو میراتێکی پیرۆز بە میراتگری خۆیانیان دەسپاردن و بەناوی فۆرتوونا - ڕێگا -Fortuna Regia وە ستایشیاندەکردن. کاتێك ئەم خواوەندە پاسەوانە ئەوانی جێهێشتبا تووشی لەناوچوون و شکست خواردن و بەئاکام نەگەیشتن دەبوون و لەبەرئەوە بەردەوام هەوڵیان دەدا تاکوو بە بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی نیایشکردن و پەرستن لەلای خۆیان ڕایبگرن. بڕوانن کە چەمکی فەڕ یان ((خوەڕنە)) ی ئێرانی لێرەدا چ مەفووم و واتایەکی وەرگرت.

پاش ئەم ڕۆژگارە لە سەردەمی فرمانڕەوایی کۆمودووسدا (١٩٢ — ١٨٠ زایینی) گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی بەباشی دەبینرێت. لەم ناوەدا ئایینی میترایی ناوبانگ و لایەنگرێکی زۆرتری هەبوون. ئێمپراتۆرەکان نازناو و ناونیشانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژارد کە تایبەتمەندی ڕۆژهەڵاتی هەبوو، بەتایبەتی ئایینی میترایی و کاریگەربوونی بەهۆی بیروباوەڕی مەزدەیەسنایی لەناو ئەم نازناوانەدا بەئاسانی جیادەکرێتەوە. ئەم ناونیشانە ڕەسمیانە بەزۆری بریتیبوون لە: دوورەپەرێز Pius، بەختەوەر Felix، نەبەز Invictus . ئەم ناونیشان و نازناوانە بەشێوەیەکی فەرمی پەسندکران و بەشێوەی پەیوەستە و بەردەوام گەیشتنە قۆناغی بەکاربردن. تایبەتمەندی بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتی لەم وەرگرتن و ناودانانە بەرچاودەکەوێت.

فەرمانڕەوا یان پاشا دوورەپەرێزە. لە ڕۆژهەڵات و ئێران پاشا - مۆبەد ناونیشانێکی لێکتر نەترازاو بوو. کەواتە دەبوایە و پێویست بوو پاشا دوورەپەرێز بێت. لە میزۆپۆتامیا بەهۆی ئەم دوورەپەرێزیەوە بوو کە پاشا دەیتوانی ئەو پشتیوانی و پاراستنەی کە لە ئاسمانەکان پێی بەخشرابوو و پێیەوە لکابوو بپارێزێ. بەختەوەر بوو چونکە لەلایەن خواوەندەوە پیرۆز کرابوو. هەمیشە سەرکەوتوو و نەبەزبوو چونکە شکست نەخواردنەکەی هێمای ئەوە بوو کە خواوەند چاوی لێیەتی و ئاگاداریەتی. پلەوپایە و دەستەڵاتی پاشایەتی نەلەڕێگەی میرات و نەبە دەنگی سیناوە شێوەی ڕەسمی وەردەگرت، بەڵکوو لەڕێگەی خواوەندەکانەوە و لەلایەن ئەوانەوە پێیدەگەیشت و ئەمەش لەڕێگەی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانەوە خۆی دەنواند.

ئەم ناونیشان و بنەمایانە کە شێوازێکی ڕەسمیان پێدرا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەگەڵ بیروباوەڕی ئێرانیدا دێنەوە. ئەم سێ سیفەتەی کە ئاماژەیان پێکرا، کاریگەری دیاردەی ئاسمانی و ئەستێرەکان پیشاندەدات کە لەڕێگەی کلدانیەکان و نەتەوەکانی میزۆپۆتامیاوە تێکەڵ بە بیروباوەڕی ئێرانی ببوون. هەمیشە سەرکەوتوو یان نەبەز، سیفەتێکی تایبەت بەو خواوەندە ئاسمانیانە بوو کە لە نیشتیمانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون و بەتایبەت بەسیفەتی



تایبەت و دیاریکراوی خواوەندی خۆر دادەنرا. ئیمپراتۆرەکان لەبەرئەوە ئەم سیفەتانەیان وەکوو ناو بۆ خۆیان دادەنا، چونکە ئەمە پیشاندەری ئەوەیە ئەوان جێگرانی خواوەندەکانی ئاسمانی بوون لەسەر زەوی. ئەمجۆرە بڕوایە، کە چارەنووسی دەوڵەتانیش وەکوو چارەنووسی خەڵکی بەپێی هەڵکەوت و جوولەی ئەستێرەکانەوە دیاریدەکرێت، و لەلایەکی تریشەوە ئەم بابەتە پەیوەستکرا لەگەڵ ئەوەی کە ڕابەر و سەروەری دیاردە ئاسمانیەکان فۆرتوونی پاشاکان بوو و ئەم پیرۆزیە و خواوەند ئاسا بوونەی ئەوان سیمایەکی باش و ماقووڵی بە دەستەڵاتی دیکتاتۆریانە و فرمانڕەوایەتی ڕهایانەی پاشاکان دەبەخشی. بەڵام گەیشتن بە پلەی پاشایەتی و لێکەوتنی لەلایەن خۆرەوە بوو، سەرکەوتنی پێدەبەخشین و بە پێشبینیکردنی ڕووداوەکان پاشاکانی لە ئەگەری ڕوودانی هەر پێشهاتێك ئاگاداردەکردەوە. خۆر وەکوو Comes، واتا هاوڕێی بەردەوام و ڕزگاری بەخش و ڕێبەر Conservator ی ئیمپراتۆری دادەنرا. دیۆکلتیان میترای وەکوو خواوەندی پارێزەر و پاسەوانی ئیمپراتۆری خۆی Fautor imperii sui دەپەرستی.

سیزارەکان بۆ پیشاندانی شایستەبوونی هەڵبژاردنی سیفەتی نەبەز بۆ خۆیان پەیمانی یەکبوونیان لەگەڵ خۆر ڕاگەیاند و ئەمەش پەیمان و بەڵێنێکی فەرمی بوو. بۆ پتەوکردنی پلەوپایەی خواوەندی، سیفەت و نازناوێکی تر واتا نەمریشیان بۆ خۆیان هەڵبژارد. ئەم سیفەتەش لە پۆلی سیفەتەکانی خواوەندانی ڕۆژهەڵاتی بوو، بۆ نموونە نەبەز کە یەکێك لە سیفەتەکانی خۆر بوو، لە ئیتاڵیا جێگرببوو.

پەیوەندی لەگەڵ خۆر بەشێوەیەکی سیمبوولی و وێنەیی لە ڕێوڕەسمەکاندا بەدیاردەکەوێت. ئەو ئەستێرە بریسکەدارەی کە لەناو ئەستێرەکانی تری ئاسمانی دا پڕشنگدار تر بوو و بەردەوام دەترووسکاوە و هەمیشە بەسەر تاریکایی دا سەردەکەوت؛ واتا هەمان ئەوبڵێسە سوورە هەمیشە ڕووناکانەی کە لەناو ئاگردانێکی شکۆداردا بەردەوام لە کۆشکی سیزارەکان دادەگیرسان و لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان لەڕیزی پێشەوەی هەموان بەرز ڕادەگیران. ئەمەش یەکێك لەو ڕێوڕەسمە سەمبوولیك و پڕنهێنیانە بوو کە لە دیوان و کۆشکی پاشاکانی ئێراندا بەڕێوەدەچوو و لەوێوە گەیشتە دەستی ڕۆمیەکان.

ئەو تاجە بریسکەدار و پڕشنگدارەی کە بە بڵێسەی ئاگرینی خۆرەوە ڕازابۆوە لەسەردەمی نێرۆنەوە بەلاساییکردنەوە لە سلووکیەکان و بەتاڵمیسەکان بەکارهێنراوە و ئەمەش تەنیا لاساییکردنەوەیەکی ئایینی نەبوو، بەڵکوو مەبەست وئامانجی سیاسی بەدواوە بوو و پیشاندەری ئەو بڕوایە بوو کە شکۆ و گەورەیی هەتاو و تیشکەکانی یەزدانی

لە ئیمپراتۆرەوە هەڵدەپژێت و یان خود ئەوە گەورەیی و توانای خۆرە کە لەسەر سەری ئیمپراتۆرەوە خۆی دەنوێنێ.

پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە ئەو پەیوەندیە پیرۆزەی کە لەنێوان خۆری ئاسمانی و ئەو مرۆڤەی کە بەجێگری ئەو لەسەر زەوی دادەنرا بە چ شێوەیەکە؟ ئەو ڕۆژهەڵاتیانەی کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر وەفاداری تانج و تەختی پاشایەتی و هەروەها داب و نەریت و بیروباوەڕی پیرۆز بوون، بۆ ستایشکردن و پەرستنی خۆر لە هیچ هەوڵێك سڵیان نەدەکردەوە. پاشاکانی ساسانی وەکوو فیرعەونەکانی میسر دەیانگووت: ((برای مانگ و هەتاون*)). سیزارەکانیش بەپێی ئەم بیروباوەڕەوە بوو کە لە ئاسیادا بەجێگرانی هێلیووس Avatars of Helios دادەنران. هەندێ لە فرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان خۆیان لەگەڵ خواوەندی خۆر بەیەك دادەنا و دەستووریان دا تاکوو پەیکەری ڕازاوە بە هێمای هەتاویان بۆ دروستبکرێ و لە هەموو شوێنێك دابنرێن. تەنانەت هەوڵیان دا تاکوو وەکوو سێبەر و هاوتایەکی میترا بپەرسترێن. بەڵام لەناو توێژی خانەدان و دیواندار و خەڵکە وریاکاندا ئەمە وەکوو ساختەکاری و پیلانێکی بێڕەنگ و ناکاریگەر ماوە. خەڵکی نیشتیمانەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەمجۆرە بیروباوەڕ و ئەم شێوە دیکتاتۆریەتەدا نامۆبوون و لێی ڕانەهاتبوون، بەڵام لەڕوانگەی ڕەوانبێژی

---

* بەپێی بیروباوەڕی ئاینی زەرڤانی و مەزدایی، کاتێك کە ئاورمەزد جیهانی ئەفراند، ئەفراندنەکەی تارێك بوو. رووناکایی لە ئارادانەبوو. ئاهریمەن گووتی ئەگەر ئاورمەزد دەیزانی جووت بوون لەگەڵ دایکی دەبێتە هۆی درووستبوونی رۆژو جووت بوون لەگەڵ خوشکی دەبێتە هۆی بەدی هاتنی مانگ، جیهانی رسکاوی ئەو رووناك دەبوو. ئەم نهێنیە گەیشتە گۆیی ئاورمەزد. جا بۆیە لەگەڵ دایکی واتا (سێپەندارمەز) جووتبوو، لە ئەنجامی ئەم ئاوێتەبوونە رۆژ بەدی هات. لەگەڵ خوشکی واتا (ئارت) جووتبوو مانگ بەدی هات، لە ریوایەتی پەهلەویدا لەبابەت خانەوادەی ئاورمەزد گووتراوە کە سێپەندارمەز هاوسەر و کچی ئاورمەزدە. لە ئارت یەشت دا هەندێ شت لەم بارەوە دەربڕاوە و لە یەسنا(گاتەکان)یش چەند ئاماژەیەك لە بارەی سێپەندارمەز کچی ئاهوورامەزدا دراوە. نهێنی"هاوسەر گیری پیرۆز" لە ناومەزدەیەسناییدا کە هۆکاری پەیدابوونی رووناکایی و شکۆ و گەورەییە، لەم بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەویش خۆی بیروباوەڕێکی زەرڤانییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نووسینەکانی هاشمی رەزی بۆ بەندی ١٣ی فەرگەردی هەشتەمی ڤیندیدا، نووسینی ٥١ لە ژێر ناونیشانی "خویتووك داس" بەرگی دووەم.



و فەلسەفەوە تام و چێژیان لەمجۆرە لێکچواندنانە وەردەگرت. کۆمەڵانی خەڵکی دڵشادبوون و وایاندەزانی ئیمپراتۆر بە دەستەڵات و هێزێکی سەرسووڕهێنەر بەسەر جیهاندا دەوردەگێڕێ و هیچشتێك لە دەرەوەی سنووری دەستەڵاتی ئەو دانیە و هیچ ڕووداو و پێشهاتێك بێ ویست و ئیرادەی ئەوەوە ڕوونادات و هەروەها بە بەراوردکردنی لەگەڵ پڕشنگدارترین ئەستێرەی گەردوون کە سەرچاوەی ڕووناکی جیهان بوو و تەقدیر و چارەنووسی هەمووکەس و هەمووشتێك بەپێی ویست و خواستی ئەوەوە لەقەڵەم دەدرێت. ئەو دەستەواژە و سیفەت و سنوورە دەستەڵاتەی کە لەلایەن ئیمپراتۆرەوە بە وشەی سیمبوولیك و بەشێوەیەکی ئەفسووناوی و تەم و مژاوی دەردەبڕان، لەلایەن خەڵکەوە پەسنددەکرا و هەروەها ئەوەی کە یەك لە دوای یەك دەبوونە میراتگری ئەم هێز و توانا نائاسایی و ئەودیو سرووشتیە، وایدەکرد کە ئیمپراتۆرەکان خەڵکی هان بدەن تاکوو بەژداری لە جۆری بیرکردنەوەی ئەواندا بکەن و ئەوانیش هەستیان بەوە دەکرد کە لە دەستەڵات و هاوچەشنی لەگەڵ نەمراندا دەوریان پێدراوە و ئەمەش تام و چێژێکی تایبەتی پێدەبەخشین و هەستیان بەگەورەیی و شکۆداری و لەخۆبایی بوون دەکرد.

لە ئەنجومەن و کۆڕی فێربوونی نهێنیەکانی ئایینی میترایی دا، فێرخوازان فێری دەروونناسی دەکران و ئەمەش دۆخێکی زانستی بەم کۆڕ و ئەنجومەنانە دەبەخشی. بەپێی ئەم پەروەردانە گیانی ئادەمیزاد شوێنی لە ئاسمانەکان دابوو، کاتێك کە بەرەو زەوی دادبەزی تاکوو جوولە و ژیان بدات بەو لەش و جەستەیەی کە تێیدا بەنددەکرا، لە ئاسمانەکاندا دەخولاوە و گەشتی دەکرد و ئەستێرەکانی دەپێوی و لە هەرکام لەم ئەستێرانەدا تایبەتمەندیەکی هەڵدەچنی. لەناو پۆلی ئەستێرەکان و لەلای ئەستێرەناسان خۆر ئەستێرەی پاشایەتی بوو کە ئیمتیازی پاشایەتی و فرمانڕەوایی بە هەڵبژێردراوانی خۆی دەبەخشی و تاج و کڵاوی پاشایەتی پێشکەشدەکردن.

لە باسەکانی دواتردا ئەم بابەتە ڕوونتر و ئاشکراتر دەبێت کە چۆن ئەم بیروباوەڕانە لەلایەن سیزارەکانەوە پەسندکران. سیزارەکان بەپاشا و فرمانڕەوای هەڵبژێردراو لەدایکدەبوون و لەهەمان سات و کاتی لەدایکبوونیانەوە پاشا و سەروەری جیهان deus et dominus natus بوون، ئەمە چارەنووس بوو و ئەستێرەکان ئەمەیان دەستنیشان کردبوو. ئەوان خاوەن گەوهەرێکی ئاسمانی بوون چونکە زۆربەی سیفەتەکانی هەتاو/ خۆر لەناو دەروونیان دا تواببۆوە و نموونەیەکی زیندووی خۆر بوون لەسەر زەوی و هەرلەبەرئەوەش کە ڕەگەز و بنچینەیەکی ئاسمانیان هەبوو، دوای مردن بەرەو ئاسمان دەگەڕانەوە تاکوو لەگەڵ خواوەند و یەزدانەکاندا بە نەمری و هەمیشەیی بمێننەوە. مرۆڤی فانی دوای مردنی ئیمپراتۆر ئەوی بە هاوچەشنی میترا

دادەنا کە کۆتایی بە ئەرك و میعراج ((= بەرەوئاسمان ڕۆیشتن)) ی هێناوە و لەلایەن هێلیووسەوە لەناو کەژاوەی پڕشنگداری خۆی، بەرەو ئاسمان ڕێبەری دەکرا.

بەم چەشنە باوەڕناسی ئایینی Dogmatology لەڕێگەی ئایینی میتراییەوە دوو بۆچوونی جیاوازی لەیەك نزیك کردەوە. لەم دوو بۆچوونەدا چەمکێك دەخرایەڕوو، پاشاکان بەگوێرەی خەڵکانی تر خاوەن پلەوپایەکی بەرزتر بوون، و بێگومان لە سنووری بیرکردنەوەی ئایینی ئەم بیروبۆچوونەدا کاریگەربووە. لەلایەکەوە بیرۆکەی کۆنی مەزدەیەسنایی (خوەڕنە) یان فەڕ گۆڕا بۆ فۆرتوونی پاشا کە منزڵگەیەکی بەرزی ئاسمانی پێدەبەخشی و دەبووە هۆی شکۆداری و بەختەوەری. ئالەم ڕوانگەیەوە ئەم بۆچوونە هاتە ئاراوە کە کاتێك گیانی پاشا بەهۆی بەخت و ئیقبال و چارەنووسەوە بەرەو زەوی دابەزی شکۆ و گەورەیی و فەڕی لەگەڵدابوو کە لە خۆرەوە پێیگەیشتبوو. ئەم بیروباوەڕە بەچەشنێك تەشەنەی کرد کە گیانی پاشا لە ڕوانگەی ئاسمانی بوونیەوە لە بنچینەدا لەگەڵ خۆر هاوپشکە و نوێنەر و هەڵبژێردراوی ئەوە لەسەر زەوی.

ئەمجۆرە بیرکردنەوە و بیروباوەڕە لەوانەیە ئەمڕۆ گاڵتەجارانە و ناماقوول بێت، بەڵام لەوکات بەدرێژایی چەندین سەدە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی نەتەوە جۆراوجۆرەکان دا باوبووە و ئەم لایەنە لێکچوونە ببووە هۆی ئەوە تاکوو لە ڕوانگەی دەوڵەتیەوە لە ژێر ئاڵای ئایینی پاشایەتی یەکبگرن و ئەمەش لایەنێکی کاریگەر بوو لەڕووی ئاسانکاری فرمانڕەوایی بەسەر کۆمەڵە خەڵکە جیاوازەکاندا. ئەگەرچی ئەوکات کۆمەڵە خەڵکێکی وریا و زانا و خاوەن بیر هەبوون کە پەیوەندیان لەگەڵ کۆماری کۆندا هەبوو و ئەم بیروباوەڕانەیان ڕەتدەکردەوە و پەسندیان نەدەکرد، بەڵام هەست و سۆزی خەڵکی بۆ وەرگرتنی ئەم بیروباوەڕانە کە سەرچاوەیەکی مەزەبییان هەبوو بەئاسانی هەڵچوو و پەسندیانکردن و پاراستنیان و تاکوو کۆتایی ڕۆژگاری دەستەڵات و توانایی ئایینی بەغانی لەسەر ئەم بیروباوەڕە مانەوە و بەردەوامبوون. لێرەدا لەوانەیە ئەم بڕوایە سەرهەڵبدات کە ئەمجۆرە بیروباوەڕانە بوونە هۆی لەناوچوونی بوت و بوتپەرستن؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵانی خەڵکی و ڕێوڕەسمەکانی دیوانداری ستایشی ئیمپراتۆرەکانیان دەکرد، هەرگیز نەبووە هۆی ئەوە کە پاشا وەکوو خودێکی زیندووی خواوەندی و خودێکی ئەودیو سرووشتی بەرجەستە بکرێت. ئائۆڕلیان(270 – 275 Aurelian ی زایینی) دەیویست ئایینێکی ڕەسمی دابمەزرێنێ تاکوو بتوانێ بە گشتگیرکردن گشت پەیرەوانی ئایینەکانی تر لە نیشتیمانەکانی ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆری یەکبخات، هەربەوجۆرەی کە ئێرانیەکان ئەزمونیان کردبوو. ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت و خۆڕاگری و



بەردەوامبوونی سەرسەختانەی بووە هۆی ئەوەی تاکوو لەم کارەی دا سەرکەوتوونەبێت، بەڵام خەون و ئاواتی یەکبوون و ئاوێتەکردنی تاج و تەخت لەگەڵ مێهرابەدا کە لە سەدەی سێیەمی زایینی هیوا و ئاواتی سیزارەکان بوو لەناو قاڵب و پێکهاتەیەکی تردا خۆی پیشاندا و بەگۆڕانی سەرسامهێنەری چارەنووس، کەنیسە ئەرکی پاراستن و پارێزگاری کردن لە بینایەکی بەئەستۆوەگرت کە بەتوندی بناغەکانی تێکشکاندبوو و دایڕماندبوو. ئەوان لە ڕیزی یەکەمینی ئەو کەسانە بوون کە لە ڕۆژئاوا دوای سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت، بنەمای مافی ئاسمانی پاشاکان لە سایەی ئایین باوەڕییەوە، بنەماکانی ئایینیان بڵاوکردەوە و بەم چەشنە بوونە شوێنکەوتوانی باوەڕێك کە دەبوایە ڕەنگدانەوەکەی تاکوو دوایین ساتەکانی مێژوو بماباوە.



# بەشی چوارەم

# بناغەی پەروەردەکانی ئایینی میترایی و نهێنیەکانی

## بناغەی پەروەدەکانی ئایینی میترایی و نهێنیەکانی

ڕەسەنایەتی ئایینی میترایی لە ئیتاڵیا، ئایینێك کە خاوەن بنچینەیەکی پتەو و بەتینە، یەزدانناسی میترایی، زەرڤان خواوەندی وەهم بەخشی ئایین، زەرڤان و نەخش ونیگاری سیمبوولیك، زەرڤانی میترایی نهێنیەکی سەرسامهێنەر، ئەفراندن و سێ لایەنیەتی میترایی، خواوەندانی ئاسمانی، لایەنەکانی خراپی و خواوەندانی سنووری تاریکی، یەزدانناسی سرووشتی، دزەی بیروباوەڕی ئەستێرەناسی لە زانست و ئایینی بابلی — کلدانیەوە، میترا و ئۆستوورەکانی ژیان، لە لەدایکبوونەوە تاکوو میعراج، خواوەندانی هاوڕێ، چیرۆکە سەرەتاییەکان و بنچینەی گاکوژی، پەیدابوونی یەکەمین دوو مرۆڤ، دەستپێکردنی تۆفان، میترا دوای بەرەو ئاسمان ڕۆیشتن، ئەرك و ڕێگەکانی مێهرئایینەکان، ڕێگەی بەختەوەری و رەفتاری ئایینی، داب و نەریت و قۆناغەکانی رەفتار، تەشەنەی بیری عیرفانی، بیروباوەڕەکانی جیهانی پاش مەرگ، بەهەشت و دۆزەخ و دادوەری و پاداشت و سزا، لەناوچوون و شکست خواردنی ئەهریمەن لە کۆتایی جیهان، ڕۆژی دۆماهی و ئاگرکەوتنەوە لە گشت جیهان، نوێبوونەوە و پاکبوونەوەی جیهان.

ماوەیەکی زیاتر لە سێ سەدە ئایینی میترایی لە ناوەندی ئیتاڵیاوە واتا لە ڕۆما تاکوو دوورترین شوێنەکانی ئیمپراتۆری بڵاوبۆوە و دەوری کاریگەری هەبوو. ئەم ئایینە لەم ماوە دوور و درێژەدا لە هەل و مەرجی جیاواز و بگۆڕدا لەسەر پێی خۆی مایەوە. بەپێی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر ئیمپراتۆریەتی بەرفراوان و کولتوورە جۆراوجۆرەکانیدا تێدەپەڕی، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە بنەما و ڕێوڕەسم و بیروباوەڕەکانی وەکوو خۆی مابنەوە و تووشی گۆڕان نەبووبن. بەڵکوو ئەو هەل و مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە ئیمپراتۆری دا



بەرچاودەکەوتن و ئەو ئایین و هزرە فەلسەفیانەی کە یەك بەدوای یەك بەگوێرەی کات و شوێن بەدی دەهاتن و بیروباوەڕ و هزرەکانییان دەخستە ژێرکاریگەریەوە، لەماوەی ئەم چەند سەدەیەدا کاریانکردە سەر ئەو بنەما و ڕێوڕەسم و بیروباوەڕانە. کەمبوونی زانیاریەکانی ئێمە و نارێکبوون و ناتەواوی بەڵگەکان و دەستنەکەتنی پەرتۆکێك لەبابەت ئەم ئایینەوە و هەروەها دوژمنایەتی و دژایەتی ڕەگەزپەرستانە کە دوای سەدەی سێیەم لەماوەیەکی کەم دا بەشێوەیەکی توند و تیژانە گشت بەرهەمەکان لەناوبردران و مێهرابەکان خاپوورکران و ڕاوی پەیڕەوانی ئایینەکانیشیان نا و زۆربەیان کوژران، دەبنە هۆی ئەوە تاکوو نەتوانین لە هەر قۆناغ و بەشێك دا ئەنجامێکی باش و کامڵمان دەست کەوێت.

ئەو شتەی کە لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانین بیکەین. ڕێکخستنی پێرستێکی گشتی لە بنەما و بنچینە سەرەتاییەکانە تاکوو بەهۆی ئەوەوە بتوانین بە لێکۆڵینەوەکانی دوایی ئەو شتانەی کە دواتر خراونەتە سەر ئایینەکە و یان لێی کەم کراونەتەوە و گۆڕانیان بەسەر داهاتووە دیاریبکەین. بەڵام لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ لە گۆڕانکاریەکان بەپێویست دانران، دەبێ بڵێین ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەناو ئەم ئایینەدا هاتنە ئاراوە زۆر سەرەکی بوونە و نەیانتوانیوە هیچکام لە بنەما بنچینەییەکان لە شێوە ڕەسەن و ڕاستەکەی خۆی دووربکەنەوە، چونکە وردبوونەوە لە کێشەی بنەڕەتی دوورترین داب و نەریت و ڕێوڕەسم و بنەماکان لەشوێنە سەرەکیەکەیان دەسەلمێنن بینا گۆڕاوەکەیان لە سێ سەدەی یەکەمی زایینیدا لاوەکی و ڕواڵەتی بووە و بەپێچەوانەی یەزدانپەرستی یۆنانی — ڕۆمایی کە لەخۆگری کۆمەڵێك داب و نەریت و بیروباوەڕی سست و بگۆڕبوو، ئایینی میترایی خاوەن یەزدانناسیەکی ڕێك و پێك بوو کە لەسەر بنەما و یاسا و ڕێسای دیاریکراو ڕێکخرابوو و بنەما سەرەکیەکانی لەسەر بناغەی زانستی دامەزرابوون.

بەشێوەیەکی گشتی میترا تەنیا خواوەندێکی ئێرانی بوو کە لە ڕۆژئاوا ناسرا و پێشوازی لێکرا. لەناو ئەم ئایینەدا ئەوشتەی کە ڕەسەنایەتیەکی نەبوایە لەڕیزی ئەو بابەتانە دادەنرا کە خراونەتە سەر ئایینەکە و یان خود لە ئایینێکی ترەوە وەرگیراون. بەڵام ئەمە بیروبۆچوونێکی ڕاست نیە چونکە بەپێی ئەو کۆمەڵە خواوەندە هاوڕێیەی کە هەیبوو، دەبێ ڕەچاوی گۆڕانی ناوەکان و جێگۆڕکێیان بکەین. زۆربەی گۆڕانی ناوەکان و جێگۆڕکێیان، بۆ ناوی خواوەندانی یۆنانی — ڕۆمایی دەگەڕێتەوە کە بەرامبەر ناوی خواوەندانی ئێرانینە و لە شوێن ئەوانەوە دانراون. ئایینی میترایی بەرەو هەر وڵات ونیشتیمان و ناوچەیەك هەنگاوی نابا کۆمەڵە

خواوەندێکی مەزدەیەسناییشی لەگەڵ دابوو. ئەگەرچی لە ئاییینی میترایی دا خـودی خواوەنـد پاڵەوانی بەرچاوی ئاییینەکە بوو، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا خواوەنـدی یـەکتا و تاقانـە نـەبوو، و ئەمەش تایبەتمەندی ئاییینی مەزدەیەسـنایی پێوەدیـارە، واتـا لـە ئـاییینی مەزدەیەسناییـشدا دەوری ئەم خواوەندە هەربەم شێوەیەیە.

یەزداناسی میترایی لێوان لێوە لە چەمك و واتای یەزداناسی مۆغانی زەرڤانی. زەرڤان - ئاکرانا Zarvan-Akrana یان زەمەنی بێ سنوور لەم ئاییینەدا لە سـەرووی گـشت خواوەنـدە ئاسمانییەکانـەوە و بەسەرچـاوەی بوونـەوەرەکان دادەنرێـت و سـاکوولووم Saeculum یـان ساتوورنووس Saturnus یان پێگووتووە. بەڵام ئەم ناوانە و ئـەم نـاوە جێگربووانـە پێدەچێت بەهەڵکەوت بوونە یان خود هۆکارە ڕاستەقینەکەی بۆ ئێمە ئاشـکرانیە. ئـەم خواوەنـدە لـەناو سێبەری نادیاری و لێڵی و نهێنی دا شاراوەتەوە. ناوەکەی شاراوەیە، ئەرکەکەی نادیار و خۆشی بێ ڕەگەزە و هیچ جۆرە هەستێکی ئەومان لا ناسراو نیـە. یەکـەمین نەخشە هەڵکـەنراوەکانی ڕۆژهەڵاتی لەبابەت ئەوەوە، پەیکەرێکی (مرۆڤی — ئەژدەهایی)یە کە سـەری پەیکەرەکـە لـە شێوەی سەری شێرە و مارێك خۆی لە لەشی هاڵانـدووە. کۆمەڵـە سـیمبولێکی جۆراوجـۆر و نەخـشی جیاجیـا و ڕەنگاڵـە لەسـەر لـەش و دەورووبـەری دەبینـرێن کـە پیـشاندەری ئەرکـە جیاجیاکانیەتی. گۆچانی فرمانڕەوایی و تیر و ڕمڵەکانی فرمانڕەوایی ئاسمانی بەدەستەوەن. لـە ناو دەسـتەکانی دا کلیـل دەبینـرێن کـە سـیمبوولی فرمانڕەوایـەتی ئاسمانـەکان و کردنـەوەی دەرگاکانی ئاسمانە و هەروەها بەخشندەی بەختەوەری و چارەنووسـە. باڵـەکانی هێمـای بـەرزە فڕیەتی. ئەو مارەی کە لە لەشـی هاڵـاوە پیـشاندەری ڕێـڕەوی خـۆر و ((مـانگ گـیران[1])) و ((خۆرگیران[2])) ە. نەخشی دوازدە بورج[3] و هـەروەها سـیمبوولی وەرزەکـان کـە لەسـەر لەشـی هەڵکەنراوە پیـشاندەری ڕووداوە زەمینـی و ئاسمانیـەکانن کـە تێپـەڕینی کـات و سـاڵەکانمان وەبیردێنێتەوە. هەم بەدیهێنەر و هەمیش لەناوبەرە. چوار پێکهاتە سەرەکیەکە کە سەرچـاوەی خولقاندنن لە ژێر ئەمر و فرمانی ئەودانـە. هەنـدێجار لەگـەڵ ڕووناکـایی ((تیـشك)) بەیـەك دادەنرێت؛ و هەندێجار چارەنووس و (بەخت Baxta) ە. یان ئاگری بەرایی و هەرەپێشووە. ئەم دوو دۆخەی بەدیهێنەری و لەناوبەری ئەم خواوەندەیان لەگەڵ ((بنەمای سـەرتر)) -Supreme Cause ی ڕەواقیەکان بەیەکداناوە و لەگەڵ یەکتریاندا بـەراوردکردوون. ئـەو گەرماییـەی کـە تێکەڵ بەگشت بوونەوەرەکان بووە و هەموو شـتێك دەگۆڕێـت و لـە کۆتاییـدا ئـەو لەناوبـەری هەموو شتێکە. (وێنەی ٢٣ — ٢٠ )، هەروەها وێنەی ٤٩ .






**وێنەی ژمارە ٢٠**

ئەم پەیکەرە لە مێهرابەی ئوستیا دۆزراوەتەوە، لە شوێنێك کە ڤالێریووس هێراکلێس Valerius Heracles و کوڕەکانی لە ساڵی ١٩٠ ی زایینیدا پێشکەشیان کردووە. ئەم پەیکەرە شێرسەرە بەڕووتی پیشاندراوە. مارێك شەش جار بەدەوری پەیکەرەکەدا سووڕاوەتەوە. سەری مارەکە دەکەوێتە سەر تەوقی سەری خواوەند. چوار باڵی هەیە و سیمبوولی چوار وەرزی ساڵە. لەهەر دەستێکی دا کلیلێك هەیە. لەناو دەستی ڕاستیدا گۆچانێك دەبینرێت کە هێمای هێز و دەستەڵاتی فەرمانڕەواییە. لەهەر دوولای خوارەوەی پەیکەرەکە کوتك و زنجیرپسێن و ڤۆلکان Vulcan بەرچاودەکەون. کەڵەشێر و نەخشی دوو مار کە هێمای تایبەت بە ئێسکولاپیووس Esculapius (یان لەوانەیە: خۆر و ئاتیس) بن، گشتیان سیمبوول و هێماکانی ساتوورن Saturn ی میتراییە و هێمای زۆربەی خواوەندەکان لێرەدا کۆکراونەتەوە.

P. 238،T.et. M.



**وێنەی ژمارە ۲۱**

کرۆنووسی میترایی. لە فلۆرانس دۆزراوەتەوە.

T.et.M.P. 259

## سەرەتای درووستبوونی جیهان، کاملْ بوون و ناسینی خواوەندە ئاسمانییەکان سنووری جیهانی ژێرەوە

پەیامبەران و ڕاگەیێنەرانی ئایینی میترایی هەولیان دا تاکوو بابەتی سەرەتای جیهان و بنەمای دیاردەی کاملبوون بەپێی بنچینەی هزر و بیروباوەڕی نەوەکانی ڕابردوو پیشان بدەن. بەپێی بیروبۆچوونێك کە ڕەگ و ریشەیەکی دێرینی هەیە و لەناو خەلکی هیند و یۆنانیشدا بەهەمان ئەم شێوەیە دەبینرێت، سەرەتا لەلایەن بەدیهێنەرەوە کە بە بنچینەی یەکەم دادەنرێت زەوی و ئاسمان بەدیهاتن. زەوی کە لەلایەن براکەیەوە ئاوس ببوو، ئۆقیانووسێکی گەورە و بێ سنووری لێوە بەدیهات کە بەگوێرەی هێزەوە، توانایییەکەی بەڕادەی توانایی و هێزی دایك و باوکی بوو و واپێدەچێت ئاسمان و زەوی و ئۆقیانووس سێ لایەنی میترایی و نموونەی خواوەندانی سێیینەیی بەدەستەوەبدەن. بەڵام پەیوەندی ئەم کۆمەڵە سێ لایەنیە لەگەڵ کڕۆنووس یان زەمەنی بێ سنوور کە بەخۆی بەدیهێنەر و سەرچاوەی ئەم گرووپەیە لە پشت پەردەی نادیاریەوە ماوەتەوە. لەلایەکی ترەوە واپێدەچێت گشت ئەستێرەکان لەگەڵ چارەنووسی هەمیشەییدا بەیەك دانراون و گشت گۆڕانەکان و ڕووداوەکان و چارەنووسی جیهان لەلایەن ئەم ئەستێرانەوە دیاری دەکرێت.

بۆ ناساندنی ئەم سێ خواوەندە جیهانیە ناوی نائاشکرا و پڕنهێنی بەکاربردرا. پلەوپایە و ڕێزی ئاسمانەکان نزمتر لە پلەوپایەی ئاورمەزد یان ژووپیتێر نەبوو. بەڵام زەوی بەناوی سپێنتا ئاڕمایتی Spenta Armaiti (سپندارمز) یان ژوونۆ Juno ، ئۆقیانووسیش ئەپانم ناپات Apanm-Napat یان نێپتوون Neptune ناوزەدکراون. لە نێوان بیروباوەڕەکانی میترایی و یۆنانی هاوسانی و نزیکایەتی بەرچاودەکەوێت، زیووس بەگوێرەی فرمانڕەوایی کردن بەسەر جیهاندا لە کڕۆنووس سەرتر و بەرچاوترە. ئەو شتەی کە لە نەخشە هەلکەنراوەکانی میتراییەوە بەدیارکەوتووە، ئەم ساتۆڕن Saturn ەی مەزدایی، ((ئازەڕەخش[٤])) کە هێمای هێز و بناغەی دەوڵەتەکەیەتی بەدەست کوڕەکەی دەسپێرێت. ئەوکاتە ژووپیتێر و ژوونۆ (زەوی، سپندارمز) ی هاوسەری بەسەر ئەو خواوەندانەوە کە لەم دوانەوە بەدیدێن پاشایەتی دەکەن.



بەپێی ئەساتیری یۆنانی خواوەندانی ئۆلێمپ لە ئەنجامی هاوسەرایەتی ژووپیتێری ئاسمانی و ژوونۆی زەمینییەوە بەدیدێن. گەورەترین کچەکەیان فۆڕتووناپریمیگێنیا Fortuna Primigenia یە کە جوانی لەش و ناسکی گیان پێشکەش بە ستایشگەرانی دەکات و دیاریە باشەکەی تری کە چارەنووس و تەقدیرە بەپێچەوانەی سیماکەی تریەتی کە ئانانگك Anangke ەی تووڕەیی و گرژیە. لەم ناوەدا بەخت و چارەنووس بایەخێکی تایبەتییان هەبوو. تێمیس Temis یان یاسای مۆریا Moria سیمبوول و وێنەیەکی تری بەخت و چارەنووس بوو کە چەندین سیمای جۆربەجۆر و چەندین ئەرکی بگۆڕی هەبوون.

ژووپیتێر و ژوونۆی هاوسەری جگەلەوەی کە نیپتۆن دەخولقێنن کە بەپێی پلەوپایە و گەورەیی وەکوو ئەوانە کۆمەڵە خواوەندێکی تریش دەخولقێنن: ئەڕتاگنێس Artagnes کە ڕووداو پاڵەوانیەتییەکانی لە سروودەکاندا گێڕدراونەتەوە. شاریوەر یان مارس یەزدانی پشتیوانی جەنگاوەرانی پاکدڵ و باشکردار ، و ڤوولکان Vulcan یان ئاتاڕ Atar خواوەندی پاسەوانی ئاگری پیرۆز، مێرکووری Mercury قاسید و ڕاسپێردراوی زیووس، باکووس Bacchus یا هائووما Haoma (=هاوم) سیمبوولی ڕوەکی پیرۆز کە لە شیلە پاڵاوتووەکەی، خواردنەوەی مەستی هێنەری هاوم درووست دەکرێت. سیلڤانووس Silvanus یان دڕۆڤاسپا Drvaspa چاودێری ئەسپەکان و جووتیاری. ئانائی تیس Anaitis ی یەزدان ژنی پارێزەری ئاوەکان کە لە ڤینۆس و سی بێلێ Cybele دەچێت و هەروەها بەناوی می نێرڤا Minerva وە دەپەرسترا. دیانا یان لۆنا بەدیهێنەری هەنگوین کە پیرۆزی و گرنگیەکەی لەکاتی ڕێوڕەسمی پاکژبوونەوە بەدیاردەکەوێت. ڤانائی نیتی Vanainiti یان خود هەمان نیکا Nice کە سەرکەوتنی بە فرمانڕەواکان دەبەخشی. ئاشی Asa یان ئاڕێتێ (ئاڕت Art ) پاکی و ڕاستی و باوەڕ و بێ گەردی،... و ژمارەیەکی تر لە کەسایەتیە نەمر و هەمیشەییەکان لەگەڵ زیووس و ژووپیتێر لە بەرزاییەکانی چیای ئۆلێمپ[٥] Olympus ئەنجوومەن و دیوانی خواوەندەکانی ئاسمانیان پێکدێنا.

لەبەرامبەر ئەم ئەنجومەنە ئاسمانیە و سنووری ڕووناکی و تیشکە، سنووری تاریکی دەکەوتە ژێرەوە و ناو دەروونی زەوی. لەوێدا ئاهریمەن یان پلۆتۆ Pluto کە وەکوو ژووپیتێر لە زەمەنی بێ سنوورەوە — لە زەرڤانەوە لەدایکببوو — بە هاوکاری هێکاتە Hecate ی هاوسەری و دەستەیەك لە خراپەکاران کە لەوانەوە بەدیهاتبوون، فرمانڕەوایی دەکرد.



**وێنەی ژمارە ٢٢**

کرۆنووسی میترایی ( ئێۆن Aeon )


پەیکەری خواوەندی شێرسەری ڕووت. لەسەر گۆیەك وەستاوە. لەهەر دەستێکی دا کلیلێك هەیە. سەری مار لە سەرسەر و نێوچاوانی تێپەڕیوە و لەلای دەمیەتی. ئەم وێنەیە لەلایەن بارتۆلی Bartoli یەوە بەگوێرەی نووسراوەکانی مێهرابەیەك کە لە سەدەی شانزەم لە گۆڕەپانی کوویرینالێ Quirinal و ڤیمینالێ Viminal لە ڕۆمادا دۆزراوەتەوە دارێژراوە.

(P.196،T.et M.fig.21)

ئەم دەستە خراپەکارانە بەفرمانی ئاهریمەن بۆ لەناوبردنی جیهانی ژێرەوە بەرەو ئاسمان ڕۆیشتن و هەوڵیاندا تاکوو جێگرانی کرۆنوس لە دەستەڵاتداری بخەن. بەڵام هەروەك خراپەکارانی یۆنانی، بەدەستی فەرمانڕەوای خواوەندەکان ڕووبەڕووی شکست و نا ئاکامی بوونەوە و لەم ڕووەوە بەرەو قووڵایی زەوی کە هەر لەوێوە هاتبوون ڕووچوونەوە (وێنەی ٢٤ ). بەڵام لە ژێرزەوی نەمانەوە و لەسەر ڕووبەری زەوی بڵاوبوونەوە تاکوو هەوڵی بڵاوکردنەوەی خراپی و بەدبەختی بدەن و ئیمان و باوەڕی خەڵکی لەناوبەرن و بەرەو خراپی و ناپاکی



وتاوانباری پاڵیان بدەن. مرۆڤەکانیش بۆ دوورکەوتنەوە لە خراپی و ئازارەکانی ئەم خراپەکارانە قوربانیان پێشکەش بە دێو و شوێنکەوتووان و خزمەتکارەکانیان دەکردن، تاکوو بە دڵشادکردنی ئەم گیانە ناپەسندو خراپانە لەئەمان



**وێنەی ژمارە ٢٣**

کرۆنووسی میترایی خواوەندی شێرسەر

نەخشی هەڵکەنراوی سەر مەڕمەڕی سپی (لە هەمان ئەو مێهرابەیەی کە لە وێنەی ٢٢ باسیکرا) پەیکەر نیوە ڕووتە. پانتۆڵێکی بەرینی لەبەردایە. دەستەکانی لێك کردۆتەوە و لەهەر دەستێکی دا مەشغەڵێك دەبینرێت. چوار باڵی هەیە. دوویان بەرەو سەرەوە و دوویان بەرەو خوارەوە. دوو مار لەسەرە باڵی لای خوارەوەی هەردوو باڵەکەی ئاڵاون. ئاگردانێکی بەگوڕی لە پێشە. لە دەمی خواوەندەوە هەناسە دەرچووە کە دەکەوێتە ناو ئاگردانەکەوە.

(P.196،T.et Mfig.22)

و ئاسوودەیی دابن. لەلایەکی تریشەوە پەیرەوانی خواوەندیش فێرببوون بە یارمەتی ئەفسوون و دوعا و ڕێوڕەسمی تایبەت ئەم خراپەکارانەبخەنە ژێردەستی خۆیان و خراپی و ئازارەکانیان بەرەو ڕووی دوژمنەکانیان هەڵسوڕێننەوە.

## یەزدانناسی و لایەنە ئاسمانی — زەمینی و سرووشتییەکان

خواوەندەکان لە ئۆستوورەکانی ئاییینی — داستانی، یۆنان، تەنیا ئەم لایەنەیان نەبوو کە لەسەر بەرزاییەکانی ئۆلێمپ و سنووری دەستەڵاتی ئاسمانییەکەیان دابنیشن. خواوەندانی پلە

دوو یان یەزدان — پاڵەوانەکان و نەمرەکانی تر لەسەرزەویش کۆمەڵە ئەرك و سنوورێکی بەرفراوانیان پێدرابوو. بەم چەشنە لەڕێگەی پێکهاتن و سیمای ڕەگەزناسی ئەم خواوەندانەوە دەبێ لە ڕوانگەی جیهان ناسیەوە لەم بابەتە بکۆڵدرێتەوە و لەم شێوە فیکریەدا، خواوەندەکانی میترایش لە ئەورووپادا لە چوارچێوەی یەزداننناسی میتراییدا، کاریان بۆ بکرێت. ئەم خواوەندانە لەڕوانگەی جیهانناسیەوە هۆکارێکی کارابوون لە پێشهات و گۆڕانکاریەکانی جیهان و بەکارایی و کۆشش و جوولانەوەیان دەبوونە هۆی بەپیتبوونی زەوی.



**وێنەی ژمارە ٢٤**

پاشماوەی نەخشێکی هەڵکەنراو لەسەر مەڕمەڕی سپی ئیتاڵیایی

لە ڤیرونیووم Virunium ی نۆریکۆم دۆزراوەتەوە و لە مۆزەخانەی مێژوویی ڕوودۆڵفینووم Rusdolfinum ی کلاگێنفوورت Clagenfurt ی نەمسا پارێزراوە. بەشی ناوەندی نەخشەکە لەناوچووە. لەلای چەپ سەری خواوەندی خۆر دەبینرێت. لە گۆشەی چەپ وێنەی بەیۆنانی کراوی جەنگی ئاهوورامەزدا لەگەڵ دێوەکان پیشاندراوە. لەخوارەوە لەدایکبوونی میترا بەرچاودەکەوێت.

(P. 336،T.et M.fig.)



ئاگر کە ڤوولکانی پیدەگووترا لە بەهێزترین و کاراترین هێزەکانی سرووشتی بەژماردەهات و لەگشت نموونە و دیاردەکانیدا بۆ نموونە: لە ئەستێرەکانی ئاسمانی دا، لە ڕووناکایی و لە توانایی بەخشینی ژیان بە بوونەوەران، و ڕووان و نەش و نومای ڕوەکەکان کە لەناو دەروونی زەوی دا نووستوونە، دەپەرسترا. ئاگر لە قووڵایی ئەشکەوتەکان و مێهرابەکان بەپیرۆزیەوە داگیرسابوو و بڵێسەی دەکرد و پەرستەندەکان هەوڵیان دەدا لە هەموجۆرە پیسبوونێك تەنانەت لە پەیوەندی دەست و لەشی خودی خۆیان بیپارێزن.

کۆمەڵانی خەڵك و ئیماندارە مەزهەبییەکان بەبیروباوەڕێکی سادەدڵانەوە پێیان وابوو کە ئاگر و ئاو خوشك و برای یەکترینە و ئەو ڕێزلێنان و وەسواسیەی کە لە پیرۆز ڕاگرتنی هەرکامیان ڕەچاودەکرا بۆ ئەوەی تریش ئەنجام دەدرا. ئاوە سوێرەکان کە نیپتۆن و ئۆقیانووس Oceanus یان پێگووتراوە و دەریاکانیان پڕئاو دەکرد، بەشێوەیەکی تر ستایشدەکران. ئەو کانیانەی کە لە دڵی زەویەوە هەڵدەقووڵان و هەروەها ئاوە بزاوەکان (ڕووبارەکان) و ئاوە نەبزاوەکان (دەریاچە، گۆماو) یش ستایشدەکران. مێهرابەکان و پەرستگەکانی میترایی لەسەرەتادا لە لێواری ڕووبار یان کانی دروستدەکران و لەلایەن ستایشگەرانەوە پیرۆز ڕادەگیران و قوربانی و دیاریان پێشکەش دەکردن. ئەم ئاوە پیرۆز و هەمیشەییە Fons-Perennis بریتیە لە بەپیتی و پاکی و گەشەی لایەنە ماددی و ڕەوشتییەکانی کە لە بەخشش و بەخشندەیی زەمەنی بێ سنوورەوە بۆ ئاسوودەیی و مانەوەی ئادەمیزاد و بەردەوامی ژیانی سرووشتی لە سەرانسەری جیهاندا، بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە جوولە دایە.

**وێنەکانی ((خواوەندئاسا)) بوونی دیاردە سرووشتیەکان، ئەستێرەناسی و خورافیات**

و زەوی. زەوی یەکەمین بەخشندە و پێشکەشکاری خۆراك. زەوی وەکوو دایك. ئەو زەویەی کە بەهۆی ئاوەکانی ئاسمانیەوە بەپیت و بەرهەمهێنە، پلەوپایەکی هاوتای زەویەکانی تری پێدرا. ئەگەرچی ئەم هاوسەنگی و پلەوپایەیە لە نەریت و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا شوێنێکی پێنەدرابوو، بەڵام لەناو پەروەردەکانی ئایینەکەدا پیرۆزیەکی تایبەتی هەبوو. هەروەها ((بایە چوارینەکان)) کە پەیوەندیان بە وەرزەکانی ئاسمانیەوە هەبوو چ بەهۆی خۆشەویستی، چ لەڕووی غەریزەی ترس و تۆقانەوە هەروەکوو گەوهەرێکی پیرۆز ستایش دەکران. لەمڕووەوە ستایشکردنەکانیان لەڕووی ترسەوە بووە چونکە دەبوونە هۆی ڕوودانی ڕووداوی وەکوو: سەرما، گەرما، تۆفان و هەروەها ئاسوودەیی و ئارامی. دەبوونە هۆی وشکی

و تەڕایەتی. بەهاران ڕوان و نەش و نومای ڕوەکەکان و پاییزان سیسبوون و ژاکاوی ئەوانیان بەدواوەبوو. هەروەها باکان کەش و هەواشیان دەگۆڕی، ئەو کەش و هەوایەی کە هۆکاری درووستبوون و بەپیتی جیهان بوو.

بەشێوەیەکی تر لە ئایینی میتراییدا چوار دیاردەی سادە کە بەپێی زانستی فیزیکی جیهانی کۆن، پێکهاتنی جیهان بەم چوارەوە بەندە، لەڕیزی خواوەندەکانن. خواوەند کەژاوەیەکی ڕازاوەی هەڵدەسووڕاند کە لەلایەن چوار ئەسپەوە پانتایی ئاسمانی دەپێوا و لەناو بازنەیەکی نەگۆڕدا دەخوولاوە. یەکەمین ئەسپ کە لەسەر زین و بەرگە بریسکەدارەکەی وێنەی ئەستێرە و شێوە فەلەکیەکان نەخشێنراوە، بەتین و چابوك و بەخێرایی ئەم بازنەیەی دەپێوی. دووەمین ئەسپ کە لەڕووی خێرایی و بەتینیەوە لەسەرووی ئەسپی یەکەمە، تەنپۆشێکی ڕەشی هەیە کە لایەکی بە بڵێسە و پریشکەکانی تیشکی خۆر ڕازێنراوە. سێیەمین ئەسپ لە چالاکی و ڕفتاردا لە دووەمی بێ هێزترە. چوارەمین ئەسپ لەو شوێنەی کە جێگەی گرتووە بەئەسپایی دەخولێتەوە و لە کاتێکدا کە نائارامە، لغاوە پۆڵاییینەکەی دەجوێت و ڕایدەکێشێت، لەکاتێکدا کە هاوسوڕێنەرانی بەدەوری ئەودا کە وەکوو ستوونێکی بێ جوولە کەوتۆتە ناوەند، دەسووڕێنەوە. کەژاوە کە بەردەوام لە ڕێڕەوی هەمیشەیی خۆیدا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دەسووڕێتەوە. بەڵام لەکاتێکی دیاریکراودا هەناسەدانەوەی ئاگرینی یەکەمین  ئەسپ دەگاتە چوارەمین ئەسپ و ئەسپی سێیەم کە بەهۆی کۆششێکی زۆرەوە بێ هێز و سست بووە، لە جوولە دەکەوێت، و لەناو دەریای ئارەقەی لەشی دا نقووم دەبێت. دوابەدوای ئەوە لە کۆتاییدا بەئەسپایی و بەئارامی ڕووداوێکی سەرسامهێنەر ڕوودەدات. ئیتر سیمای ئەم دەستەیە دەگۆڕێت. ئەسپەکان بەوجۆرە سرووشتی خۆیان دەگۆڕن کە ڕەسەنایەتی ڕەسەنترینیان دەبێتە هی بەهێزترین و چابوك ترینیان. ئەم دیاردەیە وەکوو کاری پەیکەرتاشێك وایە کە بۆ بەرجەستەکردنی سیمای ڕەسەن و هونەریانەی پەیکەرێك پیلانی ژمارەیەك پەیکەر بچنێت و ئینجا بۆ بەدیهێنانی پەیکەرێکی هونەریانە سوود لە تایبەتمەندیە نموونەییەکانی گشت پەیکەرەکان وەربگرێ. بەم چەشنە دوایین ئەسپ کە بەسەرکەوتن لەناو ئەم ململانێ ئاسمانیەدا هێز و توانا و دەستەڵاتێکی ڕەهای بەرکەوتووە لەگەڵ کەژاوەچیدا بەتەنیایی دەمێنێتەوە.

یەکەمین ئەسپ نموونەی وێنەیی ئازەرەخشی ئاسمانی یە. دووەمین ئەسپ هێمای بایە. سێیەمین ئەسپ سیمبوولی ئاو و چوارەمینیان پیشاندەری خاکە. ئەو بەسەرهاتەی کە چوارەمین



ئەسپ واتا ئەسپی سیمبوولی خاك تووشی هات ، پیشاندەری ئەو ئاگر و لافاوە گەورانەیە کە لە سەردەمێکدا جیهانییان وێرانکرد و لەداهاتووش دا وێران دەکات* .



نەخشی هەڵکەنراوی بەغ مێهر، میترای گائۆژەن. لە ساڵی ١٨٣٥ لە مێهرابەیەکی نزیك ئشتودگارت دۆزراوەتەوە. لە کتێبی Zarathustra (زاردوشترا)ی ڤاڵتێرهینتس، ئشتودگارت، ١٩٦١، لاپەڕەی ٦٥.

کەژاوەی گەردوونی کە خودی خواوەند دەیاژوێت لە نەخشە پیرۆزەکاندا پیشان نەدراوە. نەخش هەڵکەنێکی پیرۆز، ئەم گرووپە نموونەییەی کردۆتە مەبەست بۆ بەرجەستەکردن و پیشاندانی ئەو خواوەندەی کە دەبینرێت. ستایشگەرانی میترا وەکوو ئێرانیانی ڕۆژگاری کۆن، خۆرێکیان دەپەرستی کە هەموو ڕۆژێ بەکەژاوە ڕازاوەکەی پانتایی ئاسمانی بەسەردەکردەوە و

* بۆ دەسکەوتنی وەرگێڕانی سەرجەم دەقی ریوایەتی "دیۆخێری کووستووم" سەبارەت بە ئۆستوورەی کەژاوەی چوار ئەسپەو کەژاوەچی و هەڵسەنگاندن وراڤەی ئەم ئوستوورەیە، بڕوانە: مێژووی لێکۆلینەوە لە ئاینیەکانی ئێرانی، نووسینی هاشمی رەزی، لاپەڕە ٢١٨ بەدواوە.

ئێواران ئەوکاتەی کە دەگەیشتە هێڵی نێوان ئاسمان و دەریا، لەناو پانتایی ئۆقیانووسدا وندەبوو. کاتێك کە دووبارە بەیانیان لە ئاسۆوە بەدیاردەکەوتەوە، تیشکە پرشنگدارەکانی، خراپەکاران و تاریکایی راو دەنان و گشت بوونەوەرەکان کە لەناو شەپۆلی تیشکەکانی دەژیانەوە، پاك و بێگەرد دەکردنەوە. مانگیش بەم چەشنە ستایشدەکرا. مانگ لەناو کەژاوەیەك کە لەلایەن چەند گایەکەوە رادەکێشرا، پانتایی ئاسمانی دەپێوا. بەمجۆرە بە بەراوردکردنی نێوان گا و مانگ، مانگ وەکوو یەزدان ژنێك کە سیمبوولی نەش و نوما و رووان و جووتیاری بوو، ناسرا.



**وێنەی ژمارە ٢٥**

نەخشێکی هەڵکەنراو و جوانی میتراییە. لە هێدرنهایم Heddernheim ی ئەڵمانیا دۆزراوەتەوە. میترا لەناوەڕاست و دوو مەشغەڵدارەکەش لە دوولایەوە وەستاون. سەرەوە: نەخشی سیمبوولیکی دوازدە بورجە. لەسەرەوەی هێماکان: وێنەی پێکاندنی تیر لەلایەن میتراوە بەرووی تەختە بەردەکە. خوارەوە وێنەی گا. و دەستەی شێرەکان، جام، قەڵەباسکە.

(T.et M.,364)



بەم چەشنە ئەم پێکهاتانە تەنیا وەکوو دیاردەیەکی سرووشتی نەدەناسران، بەڵکوو سرووشت و ناخێکی خواوەندیشیان پێدرابوو. ئەم دوو گۆ درەخشانە کە هۆی بەپیتی سرووشت بوون لەئایینی مەزدەیەسنایی بەراییشدا ستایشکراون و پەرستراون، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە بیروباوەڕ و هزری ئاریاکان بەشێوەیەکی قووڵ کەوتە ژێرکاریگەری بیروباوەڕی کلدانیەکانەوە. و، گۆڕانی بەسەرداهات.

بیروباوەڕی ئایینی ئێرانیەکان لە بابل کەوتە ژێرکاریگەرییەوە، بەجۆرێك کە ئەو پێکهاتە و دیاردانەی لەسەر بناغەی ئەوانەوە ئایینی بابلی دامەزرابوو دزەییان کردە ناو ئایینی ئێرانیەکانەوە. ئەم کارتێکردنە بەزۆری لەبابەت زانستی ئەستێرەناسیەوە بوو. بەم پێیە زۆربەی خواوەندەکانی ئێرانی لەو ئەستێرانە چوێنران کە لە میزۆپۆتامیا دەپەرستران. بەم چەشنە سرووشتی ڕەسەنی ئەم خواوەندانە گۆڕانی بەسەرداهات و بەشێوەیەکی تەواو جیا لەوەی کە وابوون پیشاندران. مۆغەکان لە گۆڕین و وەرگرتن و هاوتەریب کردنی ئەم ئایینە لەگەڵ ئایینی ڕەسەنی خۆیاندا سەرکەوتنێکی بەرچاویان نەبوو، چونکە ئەستێرەناسی سامی هەروەك چۆن لەگەڵ یەزدانخوازی ((خواوەندگەرایی)) یۆنانیەکان سازگار نەبوو لەگەڵ سرووشتخوازی ئێرانیەکانیش ناسازگار بوو. بەڵام ئەگەر بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ئەم دژایەتیانە بکرێت دەبینرێت ئەم ناهەماهەنگیانە کۆمەڵە جیاوازیەکی سادەن لە تێگەیشتنی تاقە ڕاستیەکی ڕەها. مۆغەکان ئاشکراکردن و فێربوونی بنچینەکانی پەروەردەکاری مەزدایی سەبارەت بە بناغە و ڕەچەڵەکی خوڵقاندن و چارەنووسی جیهان و مرۆڤیان بۆ خۆیان و بۆ هەڵبژێردراوانی توێژەکەیان بەڕەوا دادەنا، لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دەبوایە لەبابەت نهێنیەکان و ئەو ڕەوانبێژیانەی کە لە چوارچێوەی دەستکاری و سواندن و خستنەسەری دیاردەی ئەستێرەناسیەوە دەردەبڕان، سەردابنوێنن و بێ یەك و دوو پەسندی بکەن.

ئەستێرەکان بەتواناترین خواوەندە ئەستێرەییەکان بەژماردەهاتن و زۆرترین ڕێوڕەسم و قوربانیکردن و پێشکەشی بۆ ئەوان ئەنجام دەدرا. بنەمای تێڕوانینەکان سەبارەت بە ئەستێرەناسی، گەڕاندنەوەی کۆمەڵە تایبەتمەندی و سیفاتێك بۆ ئەوان بوو کە بە شێوەی گشتی بەئاسانی بەڵگەی دڵنیاکەر بۆ پیشاندانی پێشکەش ناکرێت. هەریەك لە ئەستێرەکانی ئاسمانی سەرپەرشتی ڕۆژێکی هەفتەی بەئەستۆوە بوو، و هەرکام لەمانە کانزایەکی تایبەتیان هەبوو. هەرکام لەوانە پەیوەندی بە ڕێوڕەسمی تەشەڕوف و هاتنەناو کۆڕی ئایینی و ڕێوڕەسمی بەرگ

پۆشین و زۆرانبازی هەبوو. ژمارەکەیان ببووە هۆی پیرۆزی، ژمارە حەوت کە لە ڕوانگەی ئایینیەوە پانتاییەکی فراوان و تایبەتی پاوان کردبوو، بڕوایان وابوو کە گیانەکان لەکاتی دابەزین لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەوی تایبەتمەندی ڕۆحی خۆیان لە ئەستێرەکانەوە وەردەگرت. ئەم دیاردانە کە بەزۆری لەناو بەرهەمە کۆنەکاندا خۆیان دەنواند، بەرلەوە لە نەخش و قاڵبی سیمای پاڵەوانانی نەمری خواوەندشێوەی ئۆلێمپی یۆنان وەکوو: سێلێنیێ Selene، هێلیووس، ئارێس Ares، هورمۆس، زیووس، ئافرودێت، و کرۆنووس کە لەسەر تەخت دادەنیشتن پیشاندەدران، بەڵام دواتر لە شێوەی کۆمەڵە سیمبوولێکدا کە پیشاندەری کەرەسە پێکهێنەرەکانی خۆیان و یان قوربانیە پێشکەشکراوەکان بوون، پیشاندەدران. بەڵام ئەمجۆرە نموونە وێنەییانە بەگوێرەی ئەو کاتەی کە نوێنەری ئاهوورامەزدا، زەرڤان و یان خواوەندانی تری ئایینی مەزدایی بوون، لە ئۆلێمپ دا واتایەکی تەواو جیایان هەبوو. لە ئۆلێمپ دا هێمای ئاسمانەکان یان زەمەنی بێ سنووریان لێوە بەدینەدەکرا، بەڵکوو تەنیا وەکوو کۆمەڵە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دەهاتنە پێش چاو کە لەناو وێنە گەردوونیەکاندا ڕێڕەوی خولەکەیان ناسرابوو. ئەم شێوازە بەراڤەکردنی دوولایەنانە بەتایبەت لەبابەت خۆرەوە بەئاشکرایی خۆی دەنواند، سەردەمێك لەگەڵ میترا بەیەك دادەنرا و دوواتر ناسنامەیەکی جیا لە ئەوی وەرگرت. لەڕاستیدا دوو خواوەندی هەتاوی لەناو ئایینی میترایی دا هەبوون. یەکێکیان خواوەندی ئێرانی و بەخشندە و خاوەنی خوەڕنە یان فەڕی ئێرانی و ئەوی تریان خواوەندی سامی نەژادەکان کە لەبڕی شەمەش Shamash ی بابلی لەگەڵ میترادا بەیەك دانرابوو.

ئالەم کاتە دایە کە خواوەندانی ئەستێرەیی کە هێشتا لایەنێکی دووانەییان هەبوو لەگەڵ خواوەندانی ئەستێرەیی ڕاستەقینەدا بەیەك دانران. نەخشەکانی دوازدەلایەنی بورجەکان کە لەماوەی خولانەوەی ڕۆژانەیان بوونەوەرەکانیان دەخستە ژێرکاریگەری جۆراوجۆرەوە لەناو گشت مێهرابەکاندا Mithraeums لەشێوەی سیما و پەیکەری باب و باپیران پیشاندران (وێنەی ژمارە ٢٦). هەرکامیان لە سروودێکی نیایشدا کە تایبەت بە مانگێك بوو ڕێزیان لێگیرا، واتا ئەو مانگەی کە بەناوی ئەوانەوە ناونرابوو سەرپەرشتی کردنی ئەو مانگە بەئەستۆی ئەم خواوەندە بوو؛ لە کاتێکدا کە لەناو گرووپێکی سێ دانەیی و لەسەر بنەمای وەرزەکان پۆلین کرابوون و لەگەڵ ئەم وەرزانە هەماهەنگ و هاوتەریب کران و لەگەڵ ئەوان ستایشدەکران (وێنەی ٤٩).

بەڵام نەخش و هێمای بورجەکان تەنیا وێنە گەردوونیەکان نەبوون کە خزانە ناو یەزداناسی ئەوانەوە، بەڵکوو شێوەی ڕاڤەی ئەستێرەناسی کە لە ڕۆژگارێکی دوورتر هاتبووە ناو ئایینی



مەزداییەوە بارودۆخێکی لەباری بۆ ڕەخسا تاکوو بڵاوبێتەوە و تەشەنەی سەند و لەم کاتەدابوو کە گشت وێنە و هێما گەردوونیەکانی وەرگرت*.

زۆربەی ئاژەڵ و گیانلەبەران بەشێوەیەکی خوازەیی و سیمبوولی بە نموونە و هێمای گرووپی ئەستێرەیی دادەنران. بەم چەشنە: قەڵەباسکە، شێر و جام کە بەشێویەکی گشتی لە دەورووبەری میترا لەکاتی قوربانیکردنی گادا دەنەخشێنران بە بورجی هاوناوی گەردوونی بەرجەستە دەکران. دوو نیو لەتی ئاسمانی کە لەگەڵ یەکتری و بەنۆرە لە هەوراز و نشێوی ئاسماندا تێدەپەڕین لەگەڵ کوڕەکانی زیووس دیۆس کووری Dioscuri کە بەپێی ئۆستوورەکانی یۆنانی یەك بەدوای یەکتری دا دەژیان و دەمردن، دەنەخشێنران و بەوێنادەکێشران. ئۆستوورە و زانست لە هەموو شوێنێکدا ئاوێتەی یەکتری کرابوون. لە ئۆستوورەکاندا باسی پاڵەوانێکی وەکوو ئەتڵەسیان کردووە کە گۆیەکی ئاسمانی لەسەر پشتی خۆی داناوە و هەروەها بە دامەزرێنەری پێشگۆیی و فاڵگری دادەنرا. بەڵام ئەم نیوە خواوەندانە خاوەن دیرۆکێکی تایبەت بەخۆیان بوون و سەروەری و بەرجەستەیی وێنە گەردوونیەکان و ئەستێرەکان و بایەخی بورجە دوازدەدانەییەکان هەرگیز بەرەو کەمبوونەوە نەڕۆیشت، چونکە بەپێی بیروباوەڕ و ڕوونکردنەوەی ئەستێرەناسەکان ئەم تەوەرە گەردوونیانە و ئەم ئەستێرانە لەچاو بوونەوەرەکانی ((ئەودیو سرووشت (میتافیزیك) ))ی لەسەرتربوون و پێشهات و ڕووداوەکانی ژیان و چارەنووسی مرۆڤ و بوونەوەرەکان لەلایەن ئەوانەوە دیاریدەکرا.

---

* بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم بابەتەی کە ئاماژەی پێکرا، بڕوانە: دەمژمێری و جەژنەکانی ئێرانی کۆن، بەشی ٤، لاپەرە ٧٥ بەدواوە، چاپی ١٣٧١. هاشمی رەزی. بەتایبەتی کتێبی: مێژووی ئایینی پڕ نهێنی میترایی.




**وێنەی ژمارە ٢٦**

نەخشی هەڵکەنراو لەسەر مەرمەڕ. لەندەن

ناوەڕاست: میترا خەریکی کوشتنەوەی گایە و دوو مەشخەڵ هەڵگرەکەشی بەرچاودەکەون، لەناو بازنەکەی چواردەوری میترادا نەخشی تەوەرە دوازدەدانەییەکان بەوێناکێشراون. گۆشەکانی لای چەپ و راستی خوارەوەی نەخشەکە: بایەکانن. گۆشەکانی لای سەرەوە: خۆر و کەژاوەکەی و مانگیش بە کەژاوەکەیەوە کە گا ڕایدەکێشێت دەبینرێن.




**وێنەی ژمارە ٢٧**

شوێنەوارێکی میترایی: بەئاڵتوون نەخشێنراوە

یەکێك لەو پێکهاتە سەرەکیانەی کە بەهۆی بیروباوەڕی بابلی هاتە ناو مەزدەیەسناییەوە، باوەڕی بنچینەیی بە مەرگ و چارەنووس و قەزاوقەدەر بوو کە پێشهاتەکانی جیهان لە ژێر دەستەڵات و ویست و ئیرادەی ئەو دابوون و بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندیان بە وێنە و بورجە گەردوونی و ئەستێرەکانەوە بوو. ئەم چارەنووس (بەخت) و قەزاوقەدەرە کە بەشێوەی زەرڤان



پیشاندەدرا و دەناسرا وەکوو خواوەندێکی پایەبەرز ناسرا. خواوەندەێك کە تەواوی گەردوونی ئەفراند و بەپێی خواست و ویستی خۆی جیهانی بەڕێوەدەبرد. بەڵام گەشەی ئەم بوونە مادیە پابەندی کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بوو و پەیوەندیەکی نهێنی و دەروونی بەشە جۆراوجۆرەکانی خولقاندنی پێکەوە دەلکاند. هەڵکەوتنی ئەستێرەکان لە ئاسمان و توانا جیاجیاکانیان و کاردانەوەی ئەو تواناییانەیان و حاڵەتەکانی گۆڕانی بارودۆخەکیان لەسەر زەوی دەبوونە هۆی ڕوودان و درووستبوونی کۆمەڵە گۆڕانکاریەك. ئەستێرەناسی و بیروباوەڕە پەیوەستدارەکانی ئەستێرەناسی کە ئەم بیروباوەڕانە دەکەوتنە ناوکی ناوەوەیان، لەماوەیەکی زەمەنیدا لە ترۆپکی بڵاوبوونەوە و گەشەی خۆیدا، قەرزاری بڵاوبوونەوە و بەرفراوانی ئایینی میتراییە. هەرلەبەر ئەوەیە کە ئەم ئایینە تاڕادەیەك هۆکاری بڵاوبوونەوە و تەشەنەی ئەم بیروباوەڕە خورافیانە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایە.



**وێنەی ژمارە ٢٨**

شوێنەوارێکی میترایی: بەئاڵتوون نەخشێنراوە

لەدایکبوونی میترا لە تەختەبەردەوە لەناو کوڕەکانی زیووس دا.

نەخشی هێما و سیمبولەکانی میترایی: جام، کەوان، ئەستێرە و نانی پیرۆز (درۆن — درائۆنا) Draona و مار.

باوەڕ و ئیمانێکی قووڵ بەم بیروباوەڕانە ڕێگەی بۆ سەرکەوتنی هێزە خراپکارە و ئاهریمەنییەکان کردەوە. بۆ مەبەستی دوورکەوتنەوە لە زیانی شوێنکەوتووانی ئاهریمەن لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕێوڕەسمی ستایشکردنی هێزە خراپکارەکان بڵاوکراوە و گەشەی پێدرا. بەپێی بیروباوەڕی ئایینی مەزدەیەسنایی، بناغەی خراپەکاری و خودی ئاهریمەن هێزێکی سەربەخۆ و

کارا و چالاکیان هەبووە و لە پیشاندان و بەرجەستەکردنی هێز و توانا و کارکردەکانی دەزگای ئاهریمەنی زێدەڕەوییان دەکرد، هەرلەبەر ئەوە کۆمەڵە ڕێوڕەسم و نەریتێکیان بۆ شوێنکەوتووانی ئاهریمەن و خراپکاران پێشنیاردەکرد. پێشگۆیی، لێکدانەوەی خەون، بڕوابوون بەچاوپیسی، دوعای دوورکردنەوەی خراپی و زیانی ئاسمانی و زەمینی، تەلیسم کاری و دوعانووسی و فاڵگری، ئەفسوونگەری و جادووگەری و ... ئەمانە گشتیان لە دەوری کارای دێوان و دەست تێوەردانیان لە چارەنووسی ئادەمیزاد و بوونەوەران و سرووشتەوە بوو کە بەدیهاتبوون و پێویست دەکرا بەهەندێ ڕێگەوە کاریگەریەکەیان لەناوببردرێ. ئەگەرچی ئەم ئایینە بەڕەسەن ئێرانیە سەرچاوە و بەدیهێنەری ئەم جۆرە خورافیاتانە نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە بەئاسانی ڕێگەی بەم بیروباوەڕانە دا تاکوو بێنە ناو ئایینەکەوە شایانی سەرزەنشت کردنە و بەم چەشنەبوو کە ناونیشانی ماگووس[٦] Magus (= مەجووس، مۆغ، دوواتر مۆبەد) یان بۆ دانرا، کە لە ناو کۆمەڵانی گشتی خەڵکەوە بە هاواتای جادووگەر دادەنرێت.

بەڵام ئەم بیروباوەڕانە کە بەو پەڕی تواناوە مرۆڤیان بەرەو چارەنووس پاڵدەدا هەروەها ترسان لە زیانی خراپەکاران و شوێنکەوتووانی ئاهریمەن کە هەوڵی لەناوبردنی مرۆڤیان دەدا و بەرەو خراپی ڕایدەکێشان، لایەنێکی پێکهاتەی سیمای ئایینی میترایی بوون کە نەیدەتوانی لە پڕۆپەگەندەی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئایینیدا دەورێکیان هەبێت و یان کۆمەڵە کەسێك بەرەو ئایینەکە ڕابکێشن. لەلایەکی ترەوە باوەڕ و ئیمان بە هێزە باش و یەزدانیەکان کە خەم خۆری خەڵکی بوون و ڕێگەکانی دوورکەوتنەوە لە زیان و ئازار و ناخۆشی پیشاندەدان و دەروازەی بەختەوەری و دەربازبوونی بەرەو ڕوویان دەکردەوە، لایەن و سیماکەی تریان چاك دەکردەوە. هەروەها ڕووهێنان بەرەو بابەتی عیرفانی و (گونووسی) و ڕێوڕەسم و داب و نەریتێك کە تاڕادەیەك کۆمەڵانی خەڵکی لە ڕاستیە نەشیاوەکانی ژیان دووردەکردەوە، ڕێگەیەکی تری دوورکەوتنەوە لە ناخۆشیەکان و بەهێزکردنی خواوەندە چاکەخوازەکان بوو تاکوو باشتر لەلایەن ئەوانەوە بپارێزرێن و چاودێریان لێبکرێت و بەهەمان ئەو ڕادەیەی کە خواوەندەکان بەهێز دەبوون دێوەکان لاوازتر و بێ تواناتر دەبوون. لەناو نەریت و بیروباوەڕەکانی میتراییدا بەپێی ئەستێرەناسی ئیتر ئەستێرەکان بە هێز و دیاردەیەکی سرووشتی و جیهانی دانەدەنران و کاریگەری باش یان خراپی ئەمانە لە چۆنیەتی پێشهاتنی ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵ و تاك وەکوو بیروباوەڕی بنچینەیی و ڕیشەدار پەسندکرابوو. بەڵام زۆریش بەرفراوان و چەسپاو نەبوو، بەڵکوو هەندێجار لە سنووری خولانەوەی بازنەیەکی



سنووردار و داخراودا بەرتەسك دەبۆوە. ئەستێرەکان بەهەمان ئەو جۆرەی کە لە بیروباوەڕ و پەروەردەدێرینەکانی ئەستێرەناسی دا ئاماژەی پێکراوە، خواوەندانێك بوونە کە دەبینی هەمووشتێکیان و دەبیست و لە تام و چێژ و خۆشی بەهرەمەند دەبوون و یان خەمباردەبوون و ئازاریان پێدەگەیشت و تووڕە دەبوون، لەمڕووەوە شوێنکەوتووە ئیماندارەکانیان دەیانتوانی بە ڕێوڕەسمی پەرستن و ستایشکردن و پێشکەشکردنی قوربانی و نزا و پاڕانەوە دڵی ئەم خواوەندانە نەرم بکەن و خواوەندەکانیش بەهۆی ئەم ستایش و نیایش و پاڕانەوانە هێز و توانا و دڵشادی بە پەیرەوان و بەندەکانیان ببەخشن، تاکوو لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاهریمەن و بەکرێ گیراوەکانیدا، بەتوانا و بەهێزبن.

## میترا: لە لەدایکبوونەوە تاکوو میعراج
## میترا، ئۆستوورەکانی ژیان، سیما خودیەکانی ئەم خواوەندە خواوەندەهاوڕێکانی، درکاندنی نهێنیەکان

گشت توێژەرانی ئایینی میترایی ڕوبەڕووی ئەم کەم و کوڕیە دەبنەوە کە بەشێوەیەکی گشتی تەواوی سروود و نیایشەکانی سەربە میترا و خواوەندەکانی هاوڕێی لەناوچوونە. گشت بەرهەمە نووسراوەکانی ئایینی مێهری لەناوچوون. تەنیا ڕێگەی لێکۆڵینەوە شوێنەوارە دۆزراوەکانی مێهرابە و دەورووبەری پەرستنگەکانن کە تاڕادەیەك دەتوانرێ بۆ ناساندن و دۆزینەوە کارییان لەسەر بکرێت و بنچینە و پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەم نیایشانەمان بۆ بەدیاربخەن. لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانین لە شێوە بەرایی و دێرینەکەی ئایین و یان سروودەکانی ئەرمینیایی، ئاڤێستایی و سانسکریتدا، کۆمەڵە شتێکمان دەسکەوێ.

لە جەنگ و ململانێکانی نێوان ڤێرتراغنای (ئاڤێستایی یان بارام) ی مەزدەیەسنایی یان هێرکوولدا (هێراکلس) چەند بەشێکمان دەسکەوتووە. لەم سروودانە دا هاتووە کە بە چ شێوەیەك ئەژدیهای کوشت و چۆن یارمەتی ژووپیتێری دا تاکوو بەسەر دێوەکان دا سەرکەوێت. ڕۆمیە میترا پەرستەکان وەکوو مەزدەیەسنایەکان ئەم خواوەندەیان لە بەراز چوواندووە(یەشتی چواردەم، بارام یەشت) و نەخشی وێنەی بەراز لەسەر هەندێ لە شوێنەوارەکان بەدیدەکرێت کە هێمایەکە بۆ ئەم نیوە خواوەندە پاڵەوانە.

ئەو کەسێتیەی کە لەم سروودە داستانیانەدا دەوری یەکەمی بەئەستۆوە بوو، میترا بوو. زۆربەی ئەو کارە پاڵەوانەتیانە و کردە سەرسامهێنەرانەی کە لە سەرچاوە و نووسراوەکانی

زەردەشتی دا بۆ خواوەندانی تر دەگەڕاوە بە میترایان لکاند و وردەوردە ئایینی میترایی پلەوپایە و شوێنێکی بەرزی پێدرا. ئەو پلەوپایە و گەورەییە بۆ ڕفتار و کردارە گەورە و شکۆدارەکانی خودی میترا دەگەڕێتەوە. ئەم خواوەندە کە لەناو کۆڕی خواوەندانی ئاسمانی دا شوێن وپلەوپایەکی بەرچاوی نەبوو، لە ڕۆژئاوا بەپێی ئەو ڕفتار و کردارانەی کە بەهۆیەوە ناسێنرا شکۆ و گەورەییەکی ڕادەبەدەری دەستەبەرکرد. ﴿لە خودی ئاڤێستادا لە بەشی یەشتەکاندا، میترا لەناو کۆڕی خواوەندەکاندا بە گەورەترین خواوەند ناوی هاتووە و ئاهورامەزدا دەڵێت لە گەورەیی و شکۆ ئەوم بەهاوتای خۆم خولقاند﴾.

هەروەك دەزانین میترا لەڕوانگەی مۆغانی کۆنەوە خواوەندی ڕووناکی و تیشك بوو. لەبەر ئەوەی کە شوێنی هەڵپژانی تیشك و ڕووناکی لەڕێگەی هەوا و ئەتمۆسفێرەوەیە. ئەوان پێیان وابووە کە شوێنگەی میترا لە سنووری نێوان بەهەشت و دۆزەخە. بەپێی ئەم بیروباوەڕەیە کە بۆ ناونانی هەر کام لە ڕۆژەکانی مانگێك، ناوی شانزەمین ڕۆژ کە ناوەڕاستی مانگە بەناوی ئەوە. سەرەدەمێك بەناوی شەمەش یان خۆر ناسراوبووە و ڕۆژگارێکیش بە ((ناوەنجی)) ناوی دەرکردووە. پەیرەوانی میترا دەیانزانی کە بەپێی زانیاری ئەستێرەناسەکان، خۆر دەکەوتە ناو گرووپی ئەستێرەکانەوە.

بەڵام ئەم تایبەتمەندیەی میترا وەکوو ((ناوەنجی)) تەنیا بەگوێرەی شوێنی هەڵکەوتنی لە ئەتمۆسفێرەوە نەبوو، بەڵکوو سیمبوول و هێمای چەمکێکی ڕەوشتیش بوو. میترا کاناڵی پەیوەندی و ناوەندی پێکەوەلکاندنی سنووری نێوان خواوەندێکی بەدیهێنەر و نەناسراو ـــ کە سنووری دەستەڵاتەکەی ئاسمانەکان بوو ـــ و ئەو مرۆڤ و ئادەمیزادانە بوو کە لە سەر زەوی دەژیان، و لە سنووری نێوان زەوی و هەوا دا ئەرکەکانی خۆی بەجێدەگەیاند. شەمەشیش لە بابل دا تارادەیەك ئەم ئەرکانەی بەئەستۆوە بوو. فەیلەسووفانی یۆنانیش پێیان وابووە سیمایەکی پڕشنگدار و هەمیشەییان لەناو گۆیەکی درەخشانەوە دەبینی کە ڕووناکیەکەی بەسەر جیهان دا هەڵدەپژا و هۆکاری ڕزگاری ڕێبواران و شوێنکەوتووان و زیادکەری عەقڵی گشت کۆمەڵانی خەڵکی بوو.

تایبەتمەندی میترا لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە خاوەن گەوهەرەی تیشك و ڕووناکایەتی هەتاوی بوو. لەو شوێنەوارانەی کە دۆزراونەتەوە و بۆ مەبەستی ڕێزلێنان و بیرئانیینی میترا نەخشێنراون، ئاماژە بەم تایبەتمەندیەی میترا کراوە. بەزۆری لە نەخشە هەڵکەنراوەکانی میتراییدا، میترایان لەنێوان دوو مەشعەڵ هەڵگردا پیشانداوە. یەکێکیان مەشعەڵەکەی بەرەو



ئاراستەی سەرەوە ڕاگرتووە و ئەوی تر بەرەو خوارەوە، ئەم دووانە بەناوی خوازەیی کائوتی Cauti و کائووتۆپاتی Cautopati ناوبراون، ئەوەی ڕاستی بێت پیشاندانێکی سیمبوولییانەی میترایە، لەڕاستیدا سێ لایەنییە، کە جگە لە زات و خودێکی تاقانە و یەکتای خواوەندێك بەدەرنیە (وێنەی ١٨ و ٢٩). دوو خواوەندی مەشخەڵ هەڵگر و میترا پێکەوە گرووپێکی سێ لایەنی بەرجەستەدەکەن و هەندێجار لەتەك ئەم میترا سێ شێوەیە، خۆریش بەرچاودەکەوێت، کە کەڵەشێرێك بەبانگێکی پڕنهێنی هەڵهاتنی خۆرەکەمان پێ ڕادەگەینێت و دوای ئەوە ئەستێرەی ڕۆژ سەرکەوتووانە لە گۆمەدی ئاسمان تێدەپەڕێ و دەمەو ئێوارە ماندوو و شەکەت لە ئاسۆوە دەکەوێتە پشت پەردەی نادیاریەوە. هەندێجاریش هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەگەیشتە لوتکەی گەشە و کامڵبوونی، لەناو دڵی ئاسماندا دەکەوتە ناو ((بورجی گا)) و موژدەی هاتنی بەهاری ڕادەگەیاند. ئەم گۆ پڕشنگدارە کە لەناوەڕاستی هاوین بە پژاندنی ڕووناکی و تیشکەکانی دەبووە هۆی بەپیتی و پڕبەرهەمی زەوی، بەئەسپایی بچووکتر و بێ تواناتر دەبوو و بە ((بورجی دووپشك)) دا تێدەپەڕی. هەواڵی هاتنەوەی زستانی ڕادەگەیاند ﴿لە نەخشەهەڵکەنراوەکانی میتراییدا دەبینرێت دووپشك بە گونی گا ((سور)) وەدەدات و ژەهراوی دەکات و دەیخەسێنێت﴾. بەشێوەیەکی تر یەکێك لە مەشغەڵ هەڵگرەکان هێمای بەپیتی و بەرهەم هێنان و موژدەی گەرما و ژیانە و ئەوی تریان هێمای سەرما و مەرگە. بەم چەشنە بوو کە ئەنجومەنی میترای گائۆژەن و یاوەرانی بە هێما و زاراوەکانی ئەستێرەناسانە، بەشێوەی جۆراوجۆر پیشاندەدران.

بەم پێیە پێشکەشکردنی ئەم جۆرە زاراوانە لەناو قالبی ڕەوانبێژی ژیرانەوە شێوازێك بوو بۆ ئاخنینی نهێنی و لایەنە شاراوەکان بۆ ناو مێشکی ئەو فێرخوازە نوێیانەی کە بۆ ناو کۆڕی یاوەران و ڕێبواران وەردەگیران. بەکاربردنی ئەم زاراوە سیمبوولییانە، زمانی نائاشکرای ڕەوانبێژی لە فێرکردنەکاندا تەشەنەی کرد. ئەگەرچی بەڵگە دێرینەکانی ئێرانی لەبەر دەست دانین تاکوو بەپێی ئەوان، ئەو پەروەردەکاریانەی کە ئۆستوورەی ژیانی میترایان لەخۆگرتبوو بۆمان ئاشکرابکەن، بەڵام نەخشە هەڵکەنراوەکان و ڕیوایەتە داپۆشراوەکان بەم جۆرە دێنەگۆ:

لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بابەتەکانی میترایی کۆمەڵە ئاڵوگۆڕیەك لەبابەت ئەو ئۆستوورانەی کە مۆغەکان سەبارەت بە تیشك و ڕووناکی هەیانبوو ڕوویاندا. بەپێی ئەم ئۆستوورانە ئاسمانەکان گۆمەدێکی داخراویان هەبوو کە ڕووناکایی لێیەوە هەڵدەپژا. ئەم هەڵپژانەی ڕووناکی لە گۆمەدی ئاسمانەوە بووە هۆی ئەوە تاکوو میترا لە تەختە بەردێکی

گـەورەوە لـەدایکببێت.ئـەم بیروبـاوەڕە لـەڕووی ئـەو شـوێنەوارانەی کـە لـە مێهرابەکانـەوە دۆزراونەتەوە بەرچاوە. تەختەبەردی زاو Generative-Rock* کـە لـە مێهرابەکانـدا پـیرۆز ڕادەگیرا، لە لێواری ڕووبار و لـەژێر سـێبەری داردا میترامـان پیـشان دەدات کـە لـە تەختـە بەردێکەوە لەدایکدەبێت. ئەو شوانانەی کە لە دوورەوە سەیری ئـەم دیمەنـە سەرسـامهێنەرەیان دەکرد، بەچاوی خۆیان موعجیزەی لەدایکبوونی میترایان بینی، لەکاتێکدا کـە کڵـاوی فریـژی (کڵاوی لاری مێهـری) لەسـەربوو و چـەقۆیەکی بـە دەسـتەوە بـوو و بـە دەسـتەکەی تریـشی مەشغەڵێکی هەڵگرتبوو کە ڕووناکایی پێشکەش بە زەوی دەکرد (وێنەی ٣٠).



**وێنەی ژمارەی ٢٩**

پەیکەرەی دوو مەشخەڵ هەڵگری یاوەری میترا

مۆزەخانەی پالێرمۆ Palermo

(P.270،T.et M.)

* بۆ زانیاری زیاتر و ورد و فەرهەنگیانە لەبارەی ئەم زاراونە و شێوەی لاتینی و یۆنانی و هۆی ناونانیان، بڕوانە کتێبی: مێژووی ئایینی پڕنهێنی میترایی، بەشی زاراوەکانی تایبەت بە میترا.





**وێنەی ژمارە ٣٠**

لەدایکبوونی میترا لە تەختە بەردێکەوە. نەخشە هەڵکەنراوێك کە لەمێهرابەی ((سەنت کێلێمێنت)) ی ڕۆمادا دۆزراوەتەوە




**وێنەی ژمارە ٣١**

لەدایکبوونی میترا لە تەختە بەردێکەوە. لەناو دەستیدا هێشووە ترێ دەبینرێت کە لە ڕۆژئاوادا لە شوێن ((هەوم))ی زەردەشتیەکان دانرا.

(P.231،T.et M.)

کاتێك کە شوانەکان ئەم دیمەنە سەیرەیان بینی بە ستایشکردن و ڕێزلێنانەوە لێی نزیك کەوتنەوە، و لە بەرووبووم و بەرهەمی خەرمان و مێگەلەکەیان پێشکەشیان بۆی برد. بەڵام خواوەند بەڕووتی لەبەردەم ڕەشەبای بەتین بوو و لەبەر ئەوە هانای بردە بەر داری هەنجیر و لە مێوەی دارەکەی خوارد و لە گەڵاکانی تەنپۆشێکی بۆخۆی درووستکرد. بەم چەشنە خۆی ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەیەك کرد کە دەبوایە ڕوویدات و لەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە سەرسامهێنەرەکاندا، تەجروبەیەك دەستەبەربکات. ئەگەرچی ئەم ڕووداوە بەرلەو ڕۆژگارە ڕوویدا کە ژیانی ئادەمیزاد لەسەر گۆی زەوی پێکبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی لەدایکبوونی میترادا، شوانەکان سەرقاڵی لەوەڕاندنی مێگەلەکانیان بوون.[٧]

یەکەمین خواوەند کە لەگەڵ میترا زۆرانبازی کرد خۆر بوو و چونکە لەم زۆرانبازیەدا میترا سەرکەوت، خۆر بەناچاری پەیمانی هاوکاری بەست و لەبری ئەم پەیمانە میترا نیشانی هاوڕێیەتی پێبەخشی. کەواتە میترای سەرکەوتوو بەهۆی ئەم سەرکەوتنەوە، تانجێکی پرشنگداری خستەسەری خۆرەوە کە لەمەودوا لە ڕێڕەوی خولانەوەی ڕۆژانەی دا بەردەوام ئەم تاجەی بەسەرەوە بوو. دوای سەرکەوتن بەسەر خۆردا لەسەر پێ ڕایوەستاند و دەستی ڕاستی خۆی بەرەو رووی خۆر ڕاگرت و بە گرتن و گوشینی دەستی ئەو، پەیمانی هاوڕێیەتی دامەزراند.





وێنەی ژمارە ٣٢

پارچەیەك لە نەخشێکی هەڵکەنراوی ڤیروونوم Virunum.

دیمەنێکی ژیانی میترا: میترا تریفەیەکی ڕووناکی دەخاتە سەر سەری خواوەندی خۆر. میترا لەناو کەژاوەی هەتاوی دا بەرەو بەهەشت دەڕوات. میترا تیرێك بەرەو تەختە بەردێك دەردەکات تاکوو ئاوی لێوە بێنێ.

(P.336،T.et M.)

## گای هەوەڵین/ گای ئێڤاگدات
## Gao-evagdat

گــای یەکــەمین: یــەکێك لــە ورووژێنــەرترین ڕووداوەکــانی مــیترا - خــۆر، ڕووداوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گای یەکەمینە، ئەو سیمبوولە بەنرخەی کە بــووە بنــچینە و بناغــەی کۆمەڵە نهێنی و ڕێوڕەسمێك. ئەورمەزد گای یەکەمینی خولقاند. بێگومان ئۆستوورەی شوان و نێچیروانەکان (فشوویانت Fshuyant) کە لەڕێگەی چوارپێ و ئاژەڵــەکانی تــر بــژێوی ژیــانی خۆیانیان دابیندەکرد، لەماوەی تێپەڕینی کــات و زەمەنــدا تووشــی کۆمەڵــە گۆڕانێــك بــووە. سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر گای کێویدا، لــەلای ئــەم خەڵکــە ڕووداوێکــی لەخۆباییانــە بــوو، بەجۆرێك کە بە کارێکی باش و ڕەسەن دانرا.



**وێنەی ژمارە ٣٣**

جامێکی گڵین. لە لانوڤیووم Lanuvium دۆزراوەتەوە

لەسەرەوە: میترای گائۆژەن. خوارەوە: میترای سەرکەوتوو بەسەر گادا. لەناوەڕاست: ســەگ و ئەو جامە گڵینەی کە لە لانوڤیووم دۆزراوەتەوە.

(P.247،fig.80،T.et M.)



گای کێوی و شەمووس لە بناری چیایەك سەرگەرمی لەوەڕان بوو. میترای نەترس لێی نزیك کەوتەوە و بە پیلانێکی نەترسانە و ژیرانــە قۆچــەکانی ئــەم گیانلەبــەرەی گــرت و بەســەری دا زاڵبوو و سواری بوو. گا تووڕە ببوو و هەوڵی دەدا و هەڵبەز و دابەزی دەکرد. بەڵام بەوهــەموو هەوڵ و تەقەڵایە سوار بەتوندی و لێزانییەوە بەسەری پشتی گایەکە زاڵە و بــۆ ســاتێکیش ســڵ ناکات و بەری نــادات. بــەڵام دیــارە کــە ئــازاری پێــدەگات و وزەیــەکی زۆری بــەکارهێناوە و بەقۆچەکانی گاکەوە شۆڕبۆتەوە، لە کۆتاییدا گا ماندوو دەبێت و ملکەچی میترا دەبێــت. لــەم کات و ساتەدا خواوەندی دلێر و نەترس لە دوو پێ و دوو سمیــەوە گاکــە هەڵــدەگرێ و دەیخاتــە سەرپشتی و بەرەو ئەشکەوتێك کە شوێنی ژیانیەتی ڕایدەکێشێت (وێنەی ٣٣).

ئەم ڕێگە پڕئازار Transitusەی کە میترا تێیپەڕاند، بووە هێما و ســیمبولێکی پڕواتــای پێشهات و ئازارەکانی ئادەمیزاد. بەڵام گــا هــەلێکی قۆســتەوە و ڕایکــرد و دوای ئــەوەی کــە ڕایکرد لە پێدەشتەکاندا دەڵەوەڕی. پاشان خۆر قەلەباسکەی بەرەو شوێنی مــیترا ڕەوانــەکرد و پێی ڕاگەیاند تاکوو هاوپەیمان و یاوەرەکەی، واتــا مــیترا دووبــارە گــای هــەڵاتوو بگرێتــەوە و بیبەستێتەوە و ئەمجارەیان بیگوژێتەوە. میترا بەپێچەوانەی ویستی خۆی ئەم خواستە ئاسمانییەی وەرگرت. دوایی لەگەڵ سەگی هاوڕێیدا بەدوای گادا گەڕا. میترا کە بینی گایەکە خــۆی لــەناو ئەشکەوتەکەدا شاردۆتەوە، خۆی بەسەردادا و لە کاتێکدا کــە بــە دەســتێکی لمــووزی گاکــەی گرتبوو و ئەنگوستەکانی لەناو لووتی گاکەدا بەرەو لای ســەرەوە ڕاکێــشا، بەدەســتەکەی تــری بەچەقۆ، پاڵووی ئەم گیانلەبەرەی هەڵدڕی.

لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا دیاردەیەکی سەرسامهێنەر ڕوویدا. واتا لــە جەســتەی گایەکــەدا کــە لەسەرە مەرگ دابوو، کۆمەڵە ڕووەکێکی بەسوود ڕووان. لــە مــوخی ئێــسکەکانی گــەنم و لــە خوێنەکەی داری مێو ڕوا کە خواردنەوەی پیرۆزی ئایینی لێیەوە درووستدەکرا. بــەڵام ئاهریمــەن دێوە دەروون ناپاکەکانی بۆ لەناوبردنی ئەم بەپیتی و بەرەکەتە بەرەو گا ڕەوانــە کــردن، تــاکوو سەرچاوەی ژیان بەخش بە ژەهر گڵاوبکات. دووپــشك و مــار ﴿= خرافــستەران[^] Xrafstar ی زیانکار﴾ بەرەو ئەندامی نێرینەی گایەکە هێرشیان برد. دووپشك گونی گاکــەی ژەهــراوی کــرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی پێش ئەو موعجیزەیــە بگــرن. ئــاوی گــونی گــا کــە لەلایــەن مانگەوە پارێزرابوو و پاککرابۆوە و بــووە هــۆی پەیــدا بــوونی جــۆرە جیاجیاکــانی بوونــەوەرە بەسوودەکان و لەکۆتاییدا میترا لەگەڵ سەگە پاسەوان و وەفادارەکەی بەرەو ئاسمــان هەڵکــشا و لەتەك خواوەندی بەدیهێنەر ئارامی گــرت. پــاش ئــەم بەســەرهاتانە ســەگ لــەژێر ناونیــشانی

سێلڤانووس بووە پاسەوانی مێگەل و چوارپێیەکان. بەم چەشنەبوو کە میترای گائۆژەن بەهۆی ئەم قوربانیە پیرۆزەوە بووە هۆی بەدیهاتنی گشت بوونەوەرە بەکەڵك و ڕووەکە بەسوودەکانی سەرزەوی و کوژرانی گا کە لەلایەن ئەوەوە ژیانێکی نوێ و بەپیت تر و پڕ بەرهەم تری بەدیهێنا.



**وێنەی ژمارە ٣٤**

لەوحەیەکی بۆڕۆنزی (ڤاتیکان)

تابلۆی لای چەپ: سیمای ژووپیتێر (سیلڤانووس Silvanus) کە لاسکەی داری سنووبەری بەدەستی ڕاستیەوەیە و بەدەستی چەپی کەدەدارێکی هەڵگرتووە و مارێکی لێ ئاڵاوە. لەسەر شانی ڕاستی بازێك و لە سەر سینگیشتی نەخشێکی میترایی دەبینرێت: میترای گائۆژەن، جام. سەری بەران و نەخشی پارچەیەك کە پێنج تیشکی لێوە دەرچووە.

تابلۆی لای چەپ: کەلەی سەری ژووپیتێر بەشێوەیەکی ڕۆژهەڵاتی بە ڕێش و کڵاوی فریژی نەخشێنراوە. لاسکەی داری سنووبەری بەدەستی ڕاستیەوەیە و لەلای چەپی مەشغەڵێك هەیە کە مارێکی لێ ئاڵاوە. بەرهەمێکی سەرتاییە و دوورە لە ناسکی هونەری.

(p.260،97 and 98،fig،T.et M.)

## خولڤاندنی یەکەمین دوو مرۆڤ و تۆفانی گەورە

لە کاتێکی ئەوها دایە کە یەکەمین دوو مرۆڤ ﴿مەشیا – مەشیانا – Mashya Mashyana بەپێی ڕیوایەتەکانی مەزدایی﴾ بۆ ژیان و بڵاوکردنەوەی نەوەی ئادەمیزاد



خولقێنران و میتراش لەلایەن یەزدانەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم گیانلەبەرە هەڵبژێردرا و ڕاسپێردرا. ئاهریمەن بۆ مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنیان نەخۆشی تاعوونی بڵاوکردەوە. بەڵام لەم کارەی دا سەرکەوتوو نەبوو. میترا ((هەمیشە وریا)) بوو تاکوو زیان و خراپکاریەکانی ئاهریمەن پووچەڵ بکاتەوە. دوایی ئاهریمەن وشکسالێەکی دژواری خستە سەرزەوی بەچەشنێك کە زەمین وشك و بێ بەرووبووم بوو و دانیشتوانەکەی لە بێ ئاویەوە کەوتبوونە ناو تەنگەژە و تووشی ناخۆشی ببوون. لەبەرئەوە بۆ مەبەستی یارمەتی خواستن دەستی پاڕانەوە و خوازیاریان بەرەو پشتیوانی بەتوانا و هەمیشە سەرکەوتووی خۆیان ڕەوانەکرد. ئەم خواوەندە ئاسمانیە تیرێکی بەرەو تەختەبەردێکی گەورە پێکاند و بەردەکەی هەڵقەڵێشی و کانیاوێکی ژیانبەخش لێیەوە هەڵقوڵا، تاکوو کۆمەڵانی خەڵك و یاوەرانی تێرئاوبن (وێنەی ٢٥ و ٤٥).

بەڵام لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا تۆفانێکی گەورە ڕوویدا کە مەترسی لێکترازان و لەناوچوونی سرووشت و جیهانی لێکەوتەوە. بەهۆی هەڵکشان و بەرزبوونەوەی ئاوی ڕووبار و دەریاکان سەوزایی و ئاوەدانیەك نەدەبینرا و جیهان لەژێر ئاودا نقووم بوو. بۆ دەربازبوون لەم پێشهاتە ڕێگە چارەیەکی فێری یەزدان — مرۆڤەکان کرد. میترا کەشتیەکی گەورەی درووستکرد و خۆی و ئاژەڵە چوارپێیەکانی دەربازکردن. دوای ئەمە ڕووداوێکی خراپتر ڕوویدا، ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە جیهانی گرتەوە و خانوو و ماڵ و ژیانی کۆمەڵانی خەڵك و گیانلەبەرانی سووتاند و لەناوی بردن. بەڵام خولقاو و درووستکراوەکانی ئاوەرمەزد لەم ئافەت و زیانەش دەربازبوون. کاتێك کە زەوی و دانیشتووانی سەرزەوی لەم ڕووداوە ڕزگاریان بوو، لەمەوبەدواوە ئاسوودەیی باڵی بەسەر جیهان دا هەڵکێشا و فراوانی و بەپیتی بەدواوەی دا هات.

ئەمە سەردەمێکی مێژووی تەمەنی ئەفراندنی جیهان و ئادەمیزاد بوو. بە کۆتایی هاتنی ڕۆژگاری پڕ لە سەرفرازی و پاڵەوانیەتی، ئەرك و پەیامی زەمینی میتراش کۆتایی پێدێت و میعراج واتا سەفەری ئاسمانی میترا ڕوودەدات. شوێنکەوتووان و ڕێبوارانی ڕێگەی میترا، لە بەگماز و ئافەرینەگان کە لەگەڵ ڕێوڕەسمی جەژنە پڕنهێنیەکانی عیرفانیدا بەرپایان دەکرد، ڕێزیان لە میترا ، هێلیوس (سۆڵ) و یاوەرەکانیان دەگرت. بەهۆی کۆتایی هاتنی ڕۆژگاری بەدبەختی و ئاژاوەکان و هەڵکشان بەرەو ئاسمان جەژنیان بۆ دەگرتن. میترا لەناو کەژاوەی پڕشنگداری خۆردا سەرانسەری ئۆقیانووسی پێوا، لەکاتێکدا کە ئۆقیانووس Ocean بە کۆششێکی بێهوودە هەوڵدەدات تاکوو بەهاوکاری خواوەندەکانی تر نقوومی بکات و شوێنە

ئاسمانیەکەی بەدەستەوە بگرێ (وێنەی **٣٥**). بەڵام میترا لەو کاتەوە هەمیشە بە سەرکەوتوویی ڕێگەی خۆی گرتۆتەبەر و لە بەرزترین شوێنی ئاسماندا بەردەوام پشتیوانی لە پەیرەو و یاوەرە وەفادار و بەئیمانەکانی خۆی دەکات.

گێڕانەوەی ئەم ئۆستوورە میترایییە لەبابەت سەرەتای ئەفراندن و بابەتی گەشەکردن، پلەوپایەی تایبەتی میترا لەناو ئەم ئایینەمان بۆ ڕووندەکاتەوە. بەگوێرەی ئەم ئەفسانە گەشەییەوە دەتوانین باشتر لەوشتە بگەین کە لە یەزدانناسی میترایی لەبابەت میترای ناوەنجی (Mesites) ەوە پێشکەش دەکرێت. میترا بۆ خۆشی خواوەندێکە کە لەلایەن ئەورمەزد — ژووپیتێرەوە ئەرکی چاودێری و پاراستن و ڕێکخستنی سرووشتی پێ سپێردراوە. بێگوومان دەبووایە میترا هەڵگری فەلسەفەی ڕۆژگاری خۆی بێت. ئەگەرچی شکۆ و گەورەیی ئەم خواوەندە لە ئاهوورامەزداوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەودا یەکسانە و لە گەورەییەوە لەگەڵی هاوبەشە. ﴿لە مێهریەشت دا لە زمانی خودی ئاهوورامەزداوە دەربڕاوە کە لە گەورەییەوە میترای بەهاوچەشنی خۆی خولقاندووە﴾. بەڵام دوای قۆناغی یەکەم ئەرك و کاری گرنگی میترا وەکوو خواوەندێك بەرپاکردنی ڕێك و پێکی و پاراستنی گەردوونە، چونکە شکست و ناکامییە یەکەمینەکانی ئەهریمەن نەدەبوونە هۆی ئەوەی کە خۆی وداروودەستەکەی دەستەوەستان دابنیشن. دوای ئەمەش ململانێی نێوان باشی و خراپی ـ خواوەندە گەورەکان و ئاهریمەن و داروودەستەکەی ـــ هەروا لەسەر زەوی بەردەوام بوو. شێوەی گەشەسەندووی ئەم ململانێیە لە ئاسمانەکاندا لە نێوان ئەستێرە باشی هێنەر و ئەستێرە خراپی هێنەرەکاندا بەتوندی درێژەی پێدرا و بەم پێیە ململانێی نێوان ئەم ئەستێرانە ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی ئادەمیزاد دا هەبوو.





**وێنەی ژمارە ٣٥**

نەخشێکی هەڵکەنراوی میترایی لە ئاپوولووم، داکیا Dacia،Apulum

لەناوەڕاست: میترای گائۆژەن و دوو خواوەندی مەشخەڵ هەڵگریش لە دوولایەوە.

لای چەپ: میترا لەکاتی قوربانیکردنی گادا. لای ڕاست: شێر لەسەر جام (هێمای ئاگر و ئاو).

لای سەرەوە: نیوە پەیکەرەی لۆنا Lona، میترای لەدایکبوو لە لێواری ڕووبار یان خود کانیاوێك، شوان و مەڕەکانی. نەخشی گا لەناو ئەشکەوت و لە سەر بەلەم.

لای خوارەوە: شوێنی قوربانیکردن، هاویشتنی میترا، سیمای خۆر.

بۆشاییەکانی خواروو: هاوخوانی میترا و خۆر، میترا لەناو کەژاوەی خۆردا بەروە ئاسمان دەڕوات (میعراج)، مار ئۆقیانووسی داپۆشیەوە.

(P.309،T.et M.)

## ئەرکەکانی میتراپەرستەکان لەکاتی ململانێی نێوان باشی و خراپی و ڕێگەکانی بەختەوەری و بەختیاری و قۆناغەکانی ڕێبواری لە ئایینی میتراییدا

﴿بەرلە هاتنی زەردەشت و دوای ڕۆژگاری ئەو تاکوو کۆتایی سەردەمی ساسانیەکان و لە سەدەی یەکەمی کۆچیەوە تاکوو سەدەی چوارەم کە زانستی ئایینی و بنەماکانی ئایینی زەردەشتی شێوەیەکی نووسراوییان پێدرا، سێ لایەنیەتی یەکێك لە تایبەتمەندیە دیارەکانی ئایینە ئێرانیەکان بوو﴾. لە ئایینی میتراییش دا ژیان ململانێیەکی بەردەوامە. بۆ بەختەوەری و گەیشتن بە ئامانجی دڵ پێویستە ملکەج و وەفاداری ئەو بنەما شەریعی و حوکمیانە بن کە موغەکان پێشکەشیان کردووە. بەڵام ئەم یاسا و ئەرکانە بۆ میتراپەرستەکان بە چ شێوەیەك بوو؟ ئەو کەسانەی کە دەبوونە ڕێبواری ئەم ڕێگەیە، بۆ گەیشتن بە بەختیاری دەبوایە چیان کردبا؟ بێگومان لە توێژینەوەکەماندا دیسان تووشی کەم و کوڕی دەبین. لە ئاڤێستاوە شتێکی وامان بۆ مەبەستی دەستکەوتنی هەندێ لە بنەما دەستووریەکانی ئایینی میترایی دەستناکەوێ. بەڵام بێگومان لە ڕۆژئاوا ئایینی میترایی لە بەراورد لەگەڵ ئایینەکانی بابلیدا خاوەن ڕەسەنایەتی و سەروەری بوو.


بنەمایەك هەبوو کە ڕەچاوکردنی پاکی و باشی تێیدا بنەمایەکی سەرەکی بوو و ژیانی ڕێبواران دەبوایە لەناو چوارچێوەی ئەم ڕێگایەوە بەڕێوەبچێت. ڕێوڕەسمی پەرستن و نیایش بەردەوام لەگەڵ شووشتن و پاککردنەوە بەڕێوەدەچوو کە ناپاکیەکانی دڵ و دەروونی لەناودەبردن. لە ڕێوڕەسم و داب و نەریتەکانی مۆغانی مەزدەیەسنایی و زەردەشتیشدا ئەمجۆرە پاکژکردنەوانە بەدیدەکران کە ئاوێتەی خورافیات بوون، بەرێشنووم Bareshnum و نۆشڤێ Noshveh لەم دەستە خورافیاتانەن کە هێشتاش ماونەتەوە، کە بەزۆری بە گۆمیز Gomiz (میزی گا- ئەفسوون، ئاوزێڕ) ئەنجام دەدرا. بەڵام لەناو ئایینی میتراییدا شوششتنەوە و پاکژکردنەوە یان غوسڵ بە ئاوی خاوێن و پاك ئەنجام دەدرا. هەرلەبەر ئەوە بوو کە مێهرابە یان پەرستگەکانی میترایی بەزۆری لە نزیك ڕووبار یان کانییەوە بینا دەکران. لە ئایینی میتراییدا لە پاك ڕاگرتنی گیان و جەستەدا زێدەڕەوی دەکرا و تەنانەت بۆ پاڵاوتنی گیان بۆ مەبەستی بەختەوەری و ڕزگاری وردەوردە شێوەکانی گۆشەنشینی بەرفراوان کران و بە پارێز و دوورەپەرێزی کردن لە هەندێ جۆری خواردن و دووركەوتنەوە لە تام و چێژی جەستەیی و گیانی، لەلای ئەوان تەشەنەی کرد.



بەرگریکردن لە بەرامبەر خواستە دەروونی و جەستەییەکان یەکێك لە ڕێگەکانی ڕێبواری بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و دەربازبوون و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاهریمەن بوو. ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی کردنی بەردەوام و بێ وچان لەگەڵ ئاهریمەن و شوێنکەوتووەکانی بۆ هەموو ڕێبوار و بەندەیەکی میترا بە ئەرکی سەرەکی دادەنرا. بینای بیروباوەڕی دوولایەنیەتی میتراپەرستەکان دەبووە هۆی پتەوی ڕەوشت و تەشەنەکردنی پاکژبوونەوەی تاکەکەسی. ئەم شێوە فکری و پراکتیکیە، بووە هۆی دامەزراندنی ڕێبازێکی فکری و هزری دیاریکراو لە عیرفان دا. پاکی و دوورەپەرێزی بە پێویست دادەنرا و لە ڕفتار و کرداری تاك دا دەنوێندرا، هەرلەبەر ئەوە لەلای ئەوان توانایی و بوێری بەنرختر بوو لە نواندنی نەرمی و سازگاریکردن، کە دەبووە هۆی لەناوچوونی مافی تاك لە ناو کۆمەڵگادا. پێدەچێت ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئایینی میترایی ماوەیەکی زۆر لەتەك ئایینە توندڕەوەکانی تردا ڕایبواردبێ. لەناو ئەم ئایینەدا کە وەکوو ئایینی سوپایی و لەشکری ناسراوە، تایبەتمەندیەکانی جەنگاوەری و نەترسی شوێنێکی تایبەتییان هەبوو.

چونکە شێوەی ڕێبواری وەبیر دەهێنانەوە کە ژیان جەنگێکی بەردەوام و هەمیشەییە لەگەڵ خراپی و ناپاکیدا، ڕێبوارەکان وەکوو ئەو پاڵەوان و جەنگاوەرانە بوون کە بەردەوام لەگەڵ دێوەکان دا لە جەنگ و ململانێ دابوونە و لەلایەن میتراوە پشتیوانیان لێدەکرا. میترا خواوەندێك بوو کە هەرکات پەیرەوانەکەی هانایان بۆ بردبا هەرگیز بێ مرادی نەدەکردن. پشتیوانێکی هەمیشە سەرکەوتوو بۆ یارمەتی خوازەکان و پاڵەوانێکی بەهێز و نەترس و بێ باك بوو، کە لە گشت دژواری و کۆسپەکانی ژیاندا پشتیوان و یاوەری گشت شوێنکەوتووانی خۆی بوو. بە پاسەوانی ڕاستی و ڕێك و پێکی و دوژمنی دلڕەقی هێزەکانی خراپی و خراپەکاری دادەنرا. تاکوو دووایین پەلەقاژەی مەرگی هێزە ئاهریمەنییەکان بەدوایانەوە بوو. ((بەردەوام وریا، هەمیشە وشیار)) بوو و هەرگیز دەست بەسەر نەدەکرا و بەردەوام خراپەکارەکانی لەناو دەبردن. ئەمە باوەڕ و ئیمانێکی چەسپاو لەبابەت ئەم خواوەندەوە بوو کە جگە لە سەرچاوە ئاڤێستاییەکان نووسراوە دۆزراوەکانی ڕۆژئاواش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن و سیفەتەکانی: سەرکەوتوو، بوێر، نەبەز و نەبەرزە و هەندێ شتی تریش لە نووسراوە بەردینەکاندا بەرچاودەکەون. هەروەك چۆن دەبووە مایەی سەرکەوتنی تاکە کەسی، یارمەتی ئەو سەرباز و جەنگاوەرانەی دەدا کە لە بەرەکانی جەنگدا بۆ مەبەستی سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا داوای یارمەتی لێدەکەن. هەروەها لە سنووری بابەتە ڕەوشتیەکاندا بەپشت بەستن

بەم خواوەندە، شوێنکەوتوو و ڕێبوارەکان بەسەر نەفس و هەوای دەروون و خووی ناپەسەندی خۆیاندا زاڵدەبوون و بەمجۆرە دەبووە هۆی ئەوەی تاکوو بەختیار بن و لە جیهانەکەی تر لە ڕیزی پاکەکان و دەربازبووەکاندا بەژماربێن.




**وێنەی ژمارە ٣٦**

نووسراوێکی پێشکەشکراو بە میترای نەبەرزە Nabarze یان سەرکەوتوو. لە سارمیزێگێتووسا Sarmizegetuse دۆزراوەتەوە.

(P281،T.et M.)

بنەمای دوورکەوتنەوە لە غەریزە ئاژەڵیەکان و گەیشتن بە بەختەوەری و ئامانج، ڕەگ و ڕیشەی لە یەزداناسی و بەوێناکێشانی ئەفسانەکانی ئەفراندنی میترایی دا هەبوو. لە ئایینی میترایی دا باوەڕ بە ژیانی دوای مەرگ و بەردەوامبوونی گەوهەری ژیان لە جیهانەکەی تردا و پاداشتی دوماهی بنەمایەکی سەرەکی بوو. پێیان وابوو کە دوای مەرگ گیانی مرۆڤ بەرەو ئاسمان دەڕوات و لەوێدا نیشتەجێ دەبێت. بۆ بەردەوامبوون لە ژیانی سەر زەوی، ئەم گیانانە دەهاتنە ناو جەستەی مرۆڤەکانی ترەوە، کە لەوێدا یان هاوکاری دێوە خراپەکارەکان دەکەن یان دژایەتی خراپەکار و دێوەکان دەکەن.[٩]



کاتێک کە ژیانی جەستەیی مرۆڤ کۆتایی پێدەهات و گیان لە بەندیخانەی لەشدا دەربازدەبوو، لەلایەک دێوەکانی تاریکی و لەلایەکی تریشەوە فریشتەکانی ڕووناکی و ئاسمانی بۆ ڕاکێشانی گیانە دەربازبووەکە دەکەوتنە جەنگ و ململانێوە. دادوەرێکی تایبەت، دوای هەڵسەنگاندن ڕایدەگەیاند کە ئەم گیانە شایستە و شایانی ئەوەیە کە بەرەو ئاسمان هەڵفڕێ و بڕواتە بەهەشت، یان بەهۆی گوێڕایەڵی و پەیرەوکردنی ڕێگای ئەهریمەن و نەگەیشتن بە کامەرانی دەبێ بکەوێتە بەردەستی خزمەتکارەکانی ئاهریمەن و دێوەکان و لەلایەن ئەوانەوە بۆ مەبەستی ئەشکەنجە و ئازاردان بەرەو قووڵایی دۆزەخ ڕاپێچبکرێن. یان ئەگەر بەهۆی تاوانەکانیەوە سزادرابێت بەناچاری دەبوایە بگەڕێتەوە ناو جەستە و لەشی ئاژەڵێک و لەسەر زەوی بژییێت.

پێیان وابوو ئاسمان لە حەوت ڕیز یان چین و سنوور پێکهاتبوو، و هەر سنوورێکیش تایبەت بە ئەستێرەیەکەوە بووە و ناوی ئەوی بۆدانراوە. وەکوو پۆلە پەیژەیەک وابوو کە حەوت پەیژە یان حەوت دەرگای هەبوو و هەرکامیان لە کانێکەوە سازکرابوون، کە هێمای گەیشتن بە چینەکانی ئاسمان یان ئەستێرەکانیان پیشاندەدا.

ئەو شوێنکەوتووە کە دەهاتە ناو کۆڕی ڕێبوارانەوە بۆ پاکبوونەوە دەبوایە لەم دەروازە یان پەیژانە یان چینانە سەرکەوێ و تێپەڕێت. پاسەوانی کردن لە هەر سنوور یان چینێک بەئەستۆی یەکێک لە فریشتەکانەوە بوو؛ واتا ئەو فریشتە یان ئەمشاسپەندانەی کە لەلایەن ئاوەرمەزدەوە دانرابوون. هەموو ڕێبوارێک لە ماوەی پەروەردەکردن دا فێری ئەوە دەکرا کە بۆ تێپەڕین لە دەرگاکە بە چ شێوەیەک فریشتەی پاسەوانی هەر دەرگایەک دڵشاد بکات.

لەماوەی ئەو کاتەی کە گیان لەم سنوورانەدا سەردەکەوت وردەوردە پاکدەبۆوە، هەوا و هەوەسە دەروونیەکانی بەولاوەدەنان و سووک دەبوو، و لە دەست گشت ئەوشتانەی کە لەماوەی مانەوەی لەسەر زەوی کۆی کردبوونەوە بەئەسپایی ڕزگاری دەبوو. بەمجۆرە هێزی سەرەکی و بزوێنەری خۆی لەناو مانگدا بەجێدەهێشت. خواست و ئاواتەکانی بە مێرکۆری Mercury و خواستەکانی تری بە ڤینۆس و هێزی بیرکردنەوەی بەخۆر و جەنگاوەری بە مارس و ئاواتی گەیشتن بە گەورەیی بە ژووپیتێر و ئاواتەکانی تری بە ساتوورن Saturn دەسپاردن. ئەوکاتەی کە وردەوردە لە حەوت قۆناغ دا لە تاوان و غەریزە و ویستە دەروونیەکان پاکدەبۆوە، گەوهەری سەرەکی ((بوون)) ی دەماوە کە شایستەی چوونەناو سنووری هەشتەم یان هەشتەمین ئاسمان

(واتا ((هەرێمی هەشتەم)) ) دەبوو، تاکوو لەناو ڕووناکایی بێ سنووری ﴿ ئاناگرا – ڕائۆچەنگا Anagra – raocanga ﴾ دا نیشتەجێ ببێت، ئەمەش بەواتای نەمریەکی هەمیشەییە*.

یەکێك لە ئەرکەکانی میترا دادگایی کردنی گیانەکانە. میترای ناوەنجی هەروەکوو ڕێپیشاندەرێك گیانی پەیرەوە ئیماندارەکان لەسنووری ئاسمانی دەگوازێتەوە و بەرەو ولاتی ((ڕووناکایی بێ سنوور)) ڕێبەریان دەکات*. بەلآم ئەم بیروباوەڕە بۆ گشت خەلکی، زۆر سەرەنجڕاکێش نەبوو. بابەتەکە تاڕادەیەك بەشێوەیەکی عارفانە پێشکەشدەکرا، واتا ئەو دلّ و گیانانەی کە بە هۆی خۆپارێزی و دوورەپەرێزیەوە پاکبوونەوە و گەوهەرە ئاسمانیەکەیان لەگشت ناپاکیەکان پاکدەبۆوە، لە کۆتاییدا لەناو تیشکی خواوەندی دا نقووم دەبوون. بەلآم لە ڕۆژگارەکانی دواتر دا کۆمەلّە بابەت و وەسفکردنێك پەسندکردنی ئەم بیروباوەڕەیان لای کۆمەلآنی خەلکی ساکارتر کرد. باوەڕ بە نەمری و هەمیشەیی بوونی گیان هێنرایە ناو ئەو بیروباوەڕانەی کە سەبارەت بە ڕۆژی دۆماهی و مردووەکان بوون. ﴿ لە سەرچاوە مەزداییەکاندا، بەتایبەت لە هادۆخت نەسەکدا شێوەیەکی سەرەنجڕاکێش و خەلّك پەسندانەی ئەو تام و چێژ و خۆشیانەی کە لە جیهانەکەی تر بۆ گیانە دێوپەرستەکان دابینکراوە، خراوەتەڕوو﴾.

بەپێی بیروباوەڕەکانی میترایی کە لەناو ئایینی مەزدەیەسناییدا ڕەچەلّەکێکی کۆنتریان هەبوو ، دژایەتی و ململانێی نێوان باش و خراپ، ململانێیەکی هەمیشەیی نەبوو، بەلّکوو بۆ ئەم ململانێیە ڕۆژگارێکی دیاریکراو لەئارادابوو کە لە چوارچێوەی ئۆستووریەکی میتراییدا لەگەلّ میترای سووشیانتدا تاکوو فراشکرد Frashkard و نوێبوونەوەی جیهان و ڕۆژی کۆتایی ئاماژەی پێکراوە. پاش ئەم سەردەمە دیاریکراوە ململانێ کۆتایی پێدێت و دابەشکردنی

* کۆمەلّە توێژینەوەیەکی M.Bossuet سەبارەت بەم بیرو هزرەی ئایینی میترایی بۆ مەبەستی بەراوردکردن لەگەلّ بابەتی هاوچەشن، بۆسوئێ

Die Himmelreise der seele (Archiv Fur Religionswisenchaft,Vol., Iv 1901, P.160, ff).

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حیکمەتی خۆسرەوانی.

* بڕوانە بەشی پێشینەکانی ڕۆژ پەرستی لە کتێبی : مێژووی ئایینی پڕ نهێنی میترایی. هەروەها ڤیندیداد، یاداشتەکانی بەشی ١٩ و فەرگەردەکانی تر.



دەستەلآت لە نێوان باشی و خراپی یان ئاوەرمەزد و ئاهریمەن کۆتایی پێدێت و جارێکی تر ئاهریمەن هەولّدەدات تاکوو گەردوون یان جیهانی مادی لەناو بەرێت. لەم کات و ساتەدایە کە جارێکی تر گایەکی سەرسامهێنەر وەکوو گای یەکەمین لەسەرزەوی بەدیاردەکەوێت و سەرلەنوێ میترا لەدایکدەبێتەوە و بانگەشەی کۆمەلآنی خەلکی دەکات تاکوو بەرەو ڕووی ژیان بگەڕێنەوە. خەلّکی جیهانیش لەکاتی ئەم بانگەشە و دووبارە زیندووبوونەوە دا ﴿= صوراسرافیل﴾ دەخرێنەوە ناو جەستەکانی پێشوویان و بە هەمان ئەو شێوە و سیمایانەی کە بەرلە مردن هەیانبوو لەناو مێهرابەکاندا کۆدەبنەوە. ئەو کاتە لەم ڕۆژە شکۆدار و گەوریەدا خواوەندی بەدیهێنەر ناپاکی – ناپەسندی لە پاکی جیادەکاتەوە و ڕێگەی کۆتایی هەموار و فراهەم دەکات. دوایی میترا لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکدا گای پیرۆز دەکاتە قوربانی و چەوریەکەی لەگەلّ شەرابی پیرۆز تێکەلّ دەکات و ئەو خواردنەوە پیرۆزە ژیانبەخشەی کە ژیانی هەمیشەیی دەبەخشێت، پێشکەش بە خواوەندی بەدیهێنەر دەکات. ئینجا ژووپیتێر – ئاوەرمەزد کە لە ئەنجامی ئەم ڕێوڕەسم و ستایشکردنە دلّشاد بووە و لەبری ماندووبوونی ئەو کۆمەلّە ئیماندارانەی کە ستایشی خواوەندی گەورە و ئەمشاسپەندە پیرۆزەکانیان کردووە، بۆ مەبەستی پاککردنەوەی یەکجارەکی و کۆتایی پێ هێنان و لەناوبردنی خرابکارەکان، ئاگری بەتینی ئاسمانی بەرەو زەوی دەبارێنێ. لەم کاتە دایە کە ئانگرا مینیوو Angra – Mainyu یان گیانی خراپی و ئاهریمەن و گشت دێوەکان و خراپەکار و پەیرەوەکانیان لەناو ئەم ئاگرە جیهانگیرەدا دەسووتێن و جگە لە باشی و پاکی شتێکی تر نامێنێتەوە. جیهان نوێ و پاك و تەڕوتازە دەبێتەوە و گشتیان لەناو ژیانێکی نەمرانە و پڕسەروەری و خۆشیدا دۆخێکی پیرۆز و نەمرانە وەردەگرن.

بەداخەوە بەرهەم و شوێنەوارێکی زۆری میتراییمان لەبەر دەست دانیە تاکوو درك بە ناسکی قوولآیی ناخی ئەم ئایینە بکەین. ئەو پەروەردە و بیروباوەڕانەی کە لە بەرهەمی شوێنەوارەکانەوە دەستدەکەون کۆمەلّە ئۆستوورەیەکی سەرەتایین کە شێوە سرووشتخوازییەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە و کۆمەلّە بیروباوەڕێکی سەربە ئەستێرەناسیەوەن کە ڕاست نینە و ئاوێتەی خورافیاتن. بەلآم هەروەك ئاماژەی پێکرا بابەتی ڕەوشتی و دوورەپەرێزی و پاکبوونەوە و بابەتە عەقلآنیەکان کە ـــ لە ڕیوایەت و ئۆستوورەکانی فرە خواوەندی ـــ پێکەوە لەگەلّ ئەو ئەفسانە و خورافیاتانەی کە لەگەلّ هزرە فەلسەفیەکان لەشێوەی بینای پێکهاتە دا یەکتریان گرتووە، هەروا وەك خۆیان ماونەتەوە. هەرلەبەر ئەوەیە

کە هەندێجار بەئاشکرایی نارێکی و ناتەواوی لە نێوان ڕێوڕەسم و داب و نەریتەکاندا بەدیدەکرێت. بەڵام ڕەوانیە وەکوو هەر ئایینێکی تر بە گەورە کردن و پشت بەستن بە دیاردە ئەودیوئاسمانییەکان بڕیار لەسەر ئەم ئایینە بدرێت. ئەم کارە لەم ڕۆژگارە دا وەکوو ئەوە وایە کە جەستە و پێکهاتەی فەرامۆشکراوی ئەمجۆرە بیروباوەڕە بۆ بەدیارخستن و ناسینی نەخۆشیەکانی شیبکرێتەوە. بەڵام بنەمای سەرەکی ئەوەیە کە بزانین ئایینی میترایی چۆن لەماوەی ڕۆژگارێك و زەمەنێکدا بەردەوام بوو و خۆی بەدیارخست و تەشەنەی کرد و دواییش لەبەرچی نەیتوانی ببێتە ئایینێکی جیهانی.

یەکێك لەو بابەتانەی کە دەور و پشکێکی بەنرخی لە گەشەسەندن و سەرەنجدانی ئەم ئایینە هەبوو، بابەتی ڕەوشتی بوو. بەها و نرخی دیاری هەر تاکێك پەیوەندی بە بیرکردنەوە و ڕفتار و کرداری ئەوەوە هەبوو. لە کاتی ناخۆشی و نەهامەتیەکانی ژیاندا، ئایین پاڵپشتێکی دڵخۆشکەربوو بۆ پەیرەوەکانی و پەروەردەکاریەکانی بۆ ئیماندارەکان بەسوودبوون. گشت خەڵك و پەیرەوەکانی ئایینەکە خۆیان بە سەربازانی سوپایەکی پیرۆز ﴿= سەربازانی خوا﴾ دادەنا و ئەمە دەبووە هۆی ئەوە تاکوو بە پشتیوانی یەکتری خۆیان بە لەشکرێکی بەهێز دابنێن، کە بە بڕوابوون بە کاری باشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی کردن لەگەڵ هێزەکانی ئاهریمەندا ئامادەبن و تێبکۆشن.

ئایینی میترایی لەڕێگەی پتەوکردنی سیفەتە بەنرخە مرۆییەکانەوە دەبووە هۆکاری دروستبوونی ئارمانج و ئیرادەیەکی بەتوانا؛ ئەویش گەیشتن بە نەمری ڕەها و جیهانەکەی تر و دادپەروەری کۆتایی بوو. لەناو ئەم ڕۆژگارە پڕئاژاوەیەدا، کە ژیان و دەروونی خەڵکی شڵەژاندبوو، موژدە و پەیامی سەرکەوتووانەی ژیانی پاش مەرگ و پاداشتی باشی بۆ پاکەکان و ئیماندارەکان، پەیامێکی موژدەبەخش بوو بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی دەروون و دوورکەوتنەوە لە پەریشانی دەروونی. بەڵام لە ئایینەکانی تردا کە باسی ژیانی دوای مەرگ و زیندووبوونەوەیان دەکرد بەم جۆرە بە ڕاشکاوی بابەتەکانی ژیانی هەمیشەیی پاش مەرگ و چۆنیەتی لێکتر جیاکردنەوەی ڕفتارە باش و خراپەکان و پاداشت و سزاکانیان پیشان نەدەدا. لەبەر ئەوە ئەمە بنەمایەکی سەرەنجراکێشە بۆ سەرکەوتووبوونی ئایینی میترایی. ئەم ئایینە توانیبووی هەم خەڵکی سەربە توێژی بیرمەند و زاناکان بۆلای خۆی ڕابکێشێ و هەم لەلایەن خەڵکی ئاساییەوەش باوەشی بۆ بکرێتەوە کە خوازیاری خۆشی و ئاسوودەیی و بەرپاکردنی دادپەروەری بوون.



ستایشکردنی پڕسۆزانەی زەمەنی بێ سنوور وەکوو سەرچاوە و کانگای ئەفراندن و هەروەها ستایشکردنی خۆر کە سیما پڕشنگدارەکەی هۆکاری بەردەوامبوونی ژیان و گەرما و ڕووناکایی لەسەر زەوی بوو، دروستبونی بیری گەورەی فەلسەفیان لێدەکەوتەوە. ستایشکردنی ئەستێرەکان و باوەڕ بە چارەنووسێك کە لەلایەن ئەستێرەکان و لەڕێگەی ئەستێرەناسیەوە دێتەئاراوە و هەروەها ئەو چوار پێکهاتەیەی کە سەرچاوەی بوونی شتەکانن، لەناو چوارچێوەی ستایشکردنی ئەو بنەمایانەدا کۆدەبوونەوە کە بینای زانستی ئەوکاتیان پێکدێنا و بەم چەشنە یەزدانناسی میترایی زانستی فیزیا و ئەستێرەناسی جیهانی ڕۆمای لە قاڵب و شێوازێکی ئایینیەوە پێشکەش و ڕاڤە دەکرد.

ئایینی میترایی سەرەنجی بە نزیکایەتی و سازگاری بنەما چەسپاوە زانستییەکان و بنەما تیۆریەکان دەدا. ئەمەش بۆ ڕاکێشانی سەرەنجی بیرمەند و زاناکان بوو، بەڵام بۆ کۆمەڵانی خەڵکی نە بەرفراوان دەکرا و نە وەکوو پیلان جێبەجێش دەکرا. هەروەها ئەوشتەی کە دەبوایە لایەنی سەرەنجی خەڵکی ڕاکێشابا بەشێوەیەکی برفراوان دەخرایە ڕوو. بنەمای پەروەردەکان لەوەدا چڕدەبۆونەوە کە گشت ڕاستیە هەست پێکراو و سرووشتیەکان، لە کۆتاییدا خواوەندن. ئەمشاسپەندان و یەزدانەکانی تر ڕێکخەری ئەو تیشك و ڕووناکییانە بوون کە لە زاتی بێ کۆتایی خواوەندی گەورەوە هەڵدەپژان، واتا ئەو ڕووناکی و بەرەکەتەی کە سەرچاوەی خۆشی و فراوانی بوون. ئاگر، بەدیهێنەری گەرمایی بوو. ئاو تینوویەتی چارەسەر دەکرد و دەبووە هۆی نەش و نما و ڕووان. هەوا هۆکاری هەناسە خواردنەوە و بەردەوامی ژیان بوو. تیشك ڕووناکایی دەبەخشێت و گشت ئەم دیاردانە ڕێزیان لێدەگیرا و ستایشدەکران. لەوانەیە لەناو هیچ ئایینێکدا بەڕادەی ئایینی میترایی ستایشی ئەم دیاردە ژیانبەخشانە نەکرابێت. کاتێك کە ڕێبوارێکی ڕێگەی میترا نیوە شەوان ڕێگەی دووری مێهرابە و پەرستگەی پیرۆزی دەگرتەبەر، لەکاتی هەڵبڕینی هەر هەنگاوێکدا بڵێسەی ئاگری ئیمان و سۆز لە دەروونیدا گڕی دەگرت. ئەو ئەستێرانەی کە لە پانتایی ئاسماندا دەبریسکانەوە، تاریکی و بێدەنگی و دیمەنە سرووشتیەکان و هاشەی کانیاوی نزیك مێهرابە و شنەی با و خشەخشی گەڵاکان و ئەو خۆڵ و خاشاکانەی کە بەسەریان دا دەڕۆیشت، گشتیان نموونە و وێنەیەك بوون لە زاتی خواوەندی بەدیهێنەر. سرووشتی دەورووبەری ترس و دڵەڕاوکەیەکی ستایش ئاسای لە دەروونیدا دەورووژاند، ترسان لەو هێزە فراوانانەی کە بەشێوەیەکی نەبینراو لەناو گشت بووندا دەخولانەوە و بەدیدەکران.

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١- مانگ گیران: یان خسوف، دیاردەیەکی سرووشیتیە و لەکاتێکدا ڕوودەدات کە مانگ و زەوی و خـۆر دەکەونە سەر ئاستی هێلێکەوە و زەوی دەکەوێتە نێوان مانگ و خۆر و سێبەرەکەی دەکەوێتـە سـەر مـانگ و بەهۆی ئەوە، تەواو یان بەشێکی مانگ تاریکایی دایدەپۆشێت.

٢- خۆرگیران: یان کسووف، دیاردەیەکی سرووشتیە. کاتێك کە مانگ دەکەوێتە نێوان زەوی و خۆر پـێش تیشکی خۆر دەگرێ و لێناگەڕێ ڕووناکایی بگاتە زەوی، ئەم دیاردەیە خۆرگیرانی پێدەگووترێ.

٣- بورجە دوازدە دانەییەکان: بە دوازدە تەوەرە گەردونیەکان دەگووترێ کە هەرکامیان نـاوێکی تایبـەتی هەیە و هێما و سیمبولی دیاردەیەکە. لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا ئەستێرەناس و گەردووناسەکان بەیارمەتی ئەم تەوەرانەوە پێشهات و ئەگەری ڕووداوەکانیان پێش بینی دەکرد و پێیان وابوو کە کاریگەریان بەسـەر چـۆنیەتی چارەنووس و ژیانی گشت تاکێکەوە هەیە. ئەمڕۆ لە کۆمـەڵگا دواکەوتووەکانـدا ئـەمجۆرە بیروباوەڕانـە هـەروا بەرچاودەکەون.

٤- ئازەرەخش: ئازەر، ئـاگر، لـە ئاڤێـستا دا (ئاتـار و ئـاترش و لـە پەهلـەوی ئـاتوور و ئاتـەخش) ی پێدەگووترێ. ئازەرەخش واتا هەورەتریشقە.

٥- ئۆلێمپ: لە ئۆستوورەکانی یۆنانیدا شوێنی ئەنجوومەنی خواوەندانی یۆنانی یە.

٦- ماگووس: وشەیەکی ئاڤێستاییە و بەشێوەی مۆگوو Mogu بـەواتای ((کـاری گـەورە)) و ((ئـەرکی گرنگ)) دێت و دواتر شێوەی ((مۆغ)) ی وەرگرت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پەراوێزەکانی بەشی یەکەم.

٧- کۆمەن لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووداوی لەدایکبوونی میترا بەرلـە ژیـانی ئـادەمیزاد لەسـەر زەوی ڕوویدا، بەڵام دەبینین کە شوانەکان لەکاتی لەوەڕاندنی مێگەلەکەیان بینەری ڕووداوی لەدایکبوونی میترا بوونە و بەرەوپیلی ڕۆیشتوونە و پێشکەشیان بۆ بردووە.



٨- لە ئاڤێستادا بە گشت گیانلەبەرە خشۆکەکان و ژەهراویەکانی وەکـوو مـار و دوپـشك دەگووترێـت و بەپێی بیروبـاوەڕی مەزداپەرسـتەکان خـولقێنراوی دەسـتی ئاهریمـەنن و دژبـە خـولقێنراوە پـاك و باشـەکانی ئاهوورەمەزدان و بۆ لەناوبردن و شێواندنی جیهانی پاکی و ڕاستی خولقاون. کوشتن و لەناوبردنی خەرفەستەران لە کارە باشەکانی ئایینی مەزداییە.

٩- ئاماژەیەکە بە دیاردەیەك کە لەناو هەندێ ئاییندا بەرچاودەکەوێت بەتایبەتی لەئایینی هیندوەکانـدا، واتا بوودایی، کە وەکوو بنەمایەکی ئایینی لـەناو بیروباوەڕەکانیـان دا جێگیربـووە و دۆنـادۆنی پێـدەگووترێ. دۆنادۆن بریتیە لە دەرچوونی گیان لە لەشێکەوە بۆناو لەشێکی تر. بەپێی بیروباوەڕەکان گیانی مرۆڤی ناپاك و خراپکردار دەچێتە ناو لەشی ئاژەڵ و گیانلەبەرێکی دڕندەوە و گیانی ئادەمیزادی باشکردار و پاك دەخرێتە ناو جەستە و لەشی گیانلەبەرێکی بەسوود یان مرۆڤێکی باشەوە.



# بەشی پێنجەم

## نەریتی نوێژ و نیایش، پلەوپایە و ناونیشانی پیاوانی ئایینی و مۆغەکان

## چۆنیەتی رەفتار لە ئایینی میترایدا

## نەریتی نوێژ و نیایش، پلەوپایە و ناونیشانی پیاوانی ئایینی و مۆغەکان و چۆنیەتی رەفتار لە ئایینی میتراییدا

حەوت قۆنـاغ یـان حـەوت مەنزڵگـەی رفتـار، نەریتـە لاسـاییکراوەکان، ڕێـوڕەسمی شووشـتنەوە و پاکژبوونـەوە، نـەریتی هاتنـەناو ئـایین، خـواردنی نـان و شـەراب، بەرێوەبردنی ڕێوڕەسمی توند و تیژ و خوێناوی، مۆبەدە تایبـەت و نهێنـی پارێزەکـان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی میترایی، باوکەکان و باوکی باوکان، داب و نەریت و نیایش و قوربانیکردن و تیماری ئـاگر، دەمـژمێری ڕۆژ و هەفتـە و جـەژن و ڕۆژە ڕەسمیـەکان، ئەنجوومەنەکانی میترایی و پەیوەندیە ئایینیەکانی، کاروبـاری دارایـی و دابینکردنـی بودجە و خەزێنەی گشتی، ڕێوڕەسمی برایەتی و کۆمەڵگایەکی بێ جیاوازی چینایەتی، چۆنیەتی ناشتن و شۆردنی مردوو، شوێن و پلەوپایەی ژنان لەناو ئایینەکەدا.

گرنگترین بەشی گشتی لەناو گشت ئایینە دێرینە ناسراوەکاندا، داب و نەریتی نوێـژ و نیایـشە کە لەناو پەیرەو و ئیماندارەکاندا هاوبەش بووە و بە بازنەی پەیوەندی و بنچینەی ئیمان دەژمێرێت. ئایینی میتراییش لەم بابەتە خاوەن داب و نەریتێکی زۆر بوو. ئەم ئایینە چەند کتێبێکـی پـیرۆزی هەبوو کە شێوە و ڕێگەی پەرستن و نوێژ و نیایـشەکانی بـۆ پـەیرەوەکانی تێـدا نووسـرابوو. بـەڵام بەداخەوە ئەم کتێبانە گشتیان لەناوچوونە. تەنیا شتێك کە دۆزرابێتەوە، پارچە و بەشـێکی نوێـژ و نیایشێکە. بـەپێی ئـەو زانیاریانـەی کـە دەسـتمان کـەوتوون، گاتـەکان یـان سـروودە کۆنـەکانی مەزدەیەسنایی لە ڕۆژگاری دەستەڵاتداری یۆنانییەکان بەسەر ئێراندا، وەرگێڕدراونەتە سـەر زمـانی یۆنانی. بەم چەشنە زمانی یۆنانی ڕۆژگارێکی زۆر لە ڕۆژئـاوادا وەکـوو بێـژەری ئـایینی میترایـی باوبووە. ئەو کۆمەڵە وشە تازانەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژئاوا و تەنانـەت ڕۆژهەڵاتیەکانیش نامۆ بوون، لەناو گـشت نووسـراوە پیرۆزەکـانی ئایینەکـە دا هـەبوون و وەکـوو کۆمەڵە وشەیەکی پیرۆز هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکردن و دەبونە هۆی دەوڵەمەندی زۆرتر و قووڵتری



درووشم و بنەماکان. سیفەتی نەبەرز Nabarze * یان نەبەز (کە وشەیەکی ئێرانی بوو) بـە واتـای سەرکەوتوو بوو بۆ شوێنکەوتووانی پیرۆز و تایبەت بە میترا بوو، یان ئەم نیایش و ناونیشانەی کـە هێـشتا واتاکـەی دیارنیـە: (Nama Nama Sebesio ) و لەسـەر بـەردێك هەڵکـەنراوە و نەخشێنراوە تاکوو ئێستاش هەرماوەتەوە. مـۆغ و پیـاوە ئایینییـەکانی ئاسـیای بـچووك بـەها و دۆخێکی تلیسم ئاسایان بۆ ڕێوڕەسمی ئایینی دادەنا کـە هـەرکات بەشـێوەیەکی تـەواو و بـەوردی بەرێوەنەچووبا، بەتاوان و گوناح دادەنرا. هەرلەبەر ئەوەیە کە ئەمجۆرە بیرکردنەوە و ڕفتارانە لـەکاتی ڕێوڕەسم و نیایش و نوێژەکاندا لەناو خەڵکی وڵاتانی لاتینـیش بەرچـاوبوون و بـەگرنگ دادەنـران. ئەوکاتەی کە شێوازەکانی خواوەندپەرستی یۆنانی — ڕۆمایی لێکترازا و باوەڕهێنان بەم خواوەندانـە سست و لاواز بوو، ستایشکردن و پەرستنی خواوەندە ئێرانیەکان کە دەگووترا لەلایەن زەردەشـتەوە ناسێنراون لای پەیرەوە و ئیماندارە یۆنانییەکانەوە شـانازیان پێـوەدەکرا. بـۆ مەبەسـتی پاراسـتن و ڕاگرتنی ئاینەکەیان، لە شێوە ڕۆماییەکە جیایان کردەوە و گرنگـی و سـەرەنجی خۆیـان بـە بـاوەڕە ئێرانیەکان دا و دەروازەی ئایینی خۆیان بۆ پێکهاتەکانی ئایینی ئێرانیەکان کردەوە.

هەرکات ڕۆژگار ئەو دەرفەتەمان بۆ برەخسێنێ کـە پـەرتۆکێکی سـروودەکانی میتراییمـان دەستکەوێ، ئەوکات ڕێوڕەسمی زۆر کۆن و بەهادار و چۆنیەتی داب و نەریت و نیایشەکانی ئـەم

* نازناوی نەبەرز Nabarzes کە بەزۆری بۆ میترابەکار هاتووە وشەیەکی ئێرانیە. مارکوارت و زینەر لەگەڵ نا- بێرێزا Na- bereza ی ئاڤێستایی بەراوردیان کردووە. گیمەن بەگومانەوە لە ئاگری بۆرزین مێهری چواندووە. پێدەچێت زاراوەی ناماسێ بێ سیوو Nama-Sebesio لایەنی گەڕانەوەو چاوەڕوان بوون — سۆشیانت Saoshyan بوونی میترا بێت کە ڕزگارکەرو چاوەڕوانکراوێکە کە پەیابوو. وشەی Nama کە دووجار دووبارە بۆتەوە تاڕادەیەك بۆمان ناسراوە. لە ئاڤێستایی نێما Nema بەواتای ستایش کردن، نوێژ و نیاییش کردنە. لەکتێبی مێژووی ئایینی پڕ نهێنی میترایی هاشمی رەزی تاکوو ئەو جێیەی لە دەستی هاتووە ریشە و واتای ئەم جۆرە وشانەی بەدەستەوە داوە. یان کۆمەڵە ناو و نازناوێکی وەکوو میترۆ بوو زانێس Mithrobuzanes ، مێسیتێس Mesites یان ناوەندار و میتراس ساکسی گێنووس Mithras- Saxigenus، کۆتووس و کووتووپاس یان دوو هاوڕێی مەشخەڵ هەڵگری میترا و نازناوی میترایی — دێمیوئوورگۆس Mithras – Demiourgos (میترای خولقێنەری جیهان) لە نووسراوە بەردینەکاندا ناویان هاتووە.

ئایینەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەتوانین بەوردی لێیبکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر بکەین. بە لەبەردەستدا نەبوونی ئەم بەڵگە پێویستانە بە گرانی دەتوانین لە چۆنیەتی ئایینەکە، بەوجۆرەی کە وابووە تێبگەین* .

بەپێی راپۆرتەکەی سەنت جرووم St.Jerome و هەروەها بەگوێرەی نووسراوە بەردینەکان، دەتوانین تاڕادەیەکی زۆر لە هەندێ داب و نەریتی ئایینەکە ئاگاداربینەوە. لە گوزارشەکەیدا هاتووە کە بۆ چوونەناو کۆڕی شوێنکەوتووانی میهرئایین تاکوو ڕێوڕەسمی هاتنەناوەوە Sacrantus (نهێنی زان) حەوت قۆناغ یان مەنزڵگە لەئارادان. لەم حەوت قۆناغەدا یەك بەدوای یەك ناوی: قەلەباسکە Corax ، پۆشراو Cryphius ، سەرباز Miles ، شێر Leo ،پێرسێس Perses ، قاسید یان هەواڵنێری خۆر Heliodromus ، و باوك Pater بۆ ڕێبوار و شوێنکەوتوو دادەنران.

ئەم ناونان و ناوانە هەرلەخۆوە و بێ واتای تایبەت نەبوون. ڕێوڕەسم و نەریتێکی سیمبوولییانە بۆ هاتنەناو ئایینەکە بەرپادەکرا. بەشداربووان و بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە لەکاتە تایبەتەکاندا جل و بەرگی سیمبوولییان دەکردە بەریان، کە لەگەڵ ناوی هەریەك لە قۆناغەکان دەهاتەوە و هاوتەریب کرابوو.لە نەخشە هەڵکەنراوەکاندا کە پیشاندەری ئەم ڕێوڕەسمانەن، ڕێبوارەکان لەکاتی ڕێگەپێدرانیان بۆ ناو هەر قۆناغێك بە دەمامکی گیانلەبەران و سەرباز و پێرسێسەکانەوە ... دەبینران (وێنەی ٣٨). سەنت ئۆگۆستینی نووسەری سەدەی چوارەمی زایینی نووسیویەتی: هەندێ لە ڕێبوار وشوێنکەوتووەکانی ڕێگەی میترایی لەکاتی ڕێوڕەسمەکەدا بەئارامی و بەشێوازێکی لاساییکەرەوانە باڵەکانیان لێکدەدەن و هەندێ لاسای دەنگی قەلەباسکە دەکەنەوە و هەندێ وەکوو شێر دەنەڕێنن، و سەیرە بەو ڕفتارانەش خۆیان بە

* ئەگەر سەرنجی شێوە و ڕێبازی ڕێبواری شێخی ئیشراق، شەهابەدین سۆهرەوەردی بدەین دەبێنین لە بنەما عیرفانیەکانی میترایی و حیکمەتی خۆسرەوانی زۆر نزیکە.هەروەها ئەو زانیاریانەی کە لە بابەت پەروەردەی ئایینی لە ئێرانی کۆن داهەبووە، وای لێکردووە بە روون و ئاشکرایی و بەوپەڕی وردبینی و باشیەوە لێی بدوێ، دوورنییە ئەگەر ئەو سروودانەی کە لەبابەت هوورەخشی یان ستایشکردنی ڕۆژو مانگ و ئەستێرەکان هۆنیویەتی، وەرگێڕدراوی دەقی ئەو سروودانە بن کە سەربە بەرهەمەکانی میترایی بووە. هاشمی رەزی هەندێ لەم سروودانەی لە کتێبی حیکمەتی خۆسرەوانیدا هێناوە کە بۆ خوازیارانی زانیاری سەرەنجڕاکێشە.



زانا و بیرمەند دادەنێن لەکاتێکدا کە ڕفتارەکانیان جگە لە لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجارانە چیتر نین. ﴿سەنت ئۆگۆستین یەکێك لە مەسیحیە ئایین پەرستەکانە کە ماوەیەکیش پەیرەوی ئایینی مانەوی بووە*﴾.

بێگوومان وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەم جل و بەرگانە لایەنێکی سیمبوولی و ڕەوانبێژیانەیان هەیە، و نووسەری مەسیحی بێ سەرەنجدان بەم لایەنە باسی لایەنی گاڵتەجارانەی نەریتەکەی کردووە. بەپێی بینای ((نهێنی ناسی)) ئەمانە ئاماژەیەکن بە هێمای بورجە دووازدە دانەییەکان و تەنانەت دۆنایدۆن و یان خود هاتنەناو و توانەوەی گیان بۆناو جەستەیەکی تر metempsychosis ، ئایا بەپێی ئەم تێگەیشتنە دەشێ بڵێین ئەمانە لە واتای واقیعی ئەم جۆرە دیمەنە سیمبوولییانە نەگەیشتوون، یان خۆیان لە گێلی داوە؟ ئەم ڕێوڕەسمە لاساییانە لەڕاستیدا لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆنتری ئەوساوە سەرچاوەیان گرتبوو و مانەوە و بەردەوامی نەریتێکی سەرەتایینە کە لەناو ئەم ئایینانەدا ڕەنگیان داوەتەوە. لەناو ئایینەکانی تریشدا ئەمجۆرە هاوسانیە بەرچاودەکەوێت و لە یۆنان و شارەکانی ئاسیای بچووك کۆمەڵە ناو و نازناوێکی وەکوو، ورچ و گای کێوی و ئەسپ و ... لەلایەن پەیڕەوانی ئایینە جیاجیاکانەوە بەکارهێنران. ئەم شێوازە لەڕاستیدا مانەوەی ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی بەرلە مێژووە کە خواوەندەکانیان لەناو سیما و پەیکەری ئاژەڵاندا پیشاندەدا و تاکی ستایشگەر لەکاتی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ئایینیدا، بەدانانی ناوی خواوەندەکان بۆ خۆی و چواندنی سیما و پەیکەری خۆی بەوانەوە، وایدەزانی کە لەگەڵ خواوەندەکاندا بۆتە یەك.

کرۆنووسی شێرسەر، کە بەخواوەندی کات و زەمەن ((زەروان)) دادەنرا سیمبوول و نموونەی دەستەیەکی ئیماندار و ڕێبوار بوو کە ببوونە شێر، واتا گەیشتبوونە قۆناغی شێرەپیاوی و ئەو دەمامکانەی کە پەیرەوانی ئایینەکە لەکاتی ڕێوڕەسمەکاندا بەکاریاندەبرد، بۆ ئەوە بوو تاکوو خۆیان لەو ئاژەڵانە بچوێنن کە باب و باپیرانیان بە پێستی ئەوانەوە خۆیان دەڕازاندەوە و تاکوو ئێستاش ﴿لەناو هۆزە سەرەتاییەکانی نیشتەجێی ئۆقیانووسیە و ئەفریقیا و هیندیەسوورەکانی ئەمەریکا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا﴾ ئەم ڕێوڕەسمانە هەروا باون. بەمجۆرە بوو کە پێیان وابوو لەگەڵ خواوەندەکانیاندا بوونەتە یەك. هەندێجاریش خۆیان بەپێستی ئەو ئاژەڵانەی کە تازە قوربانیکرا بوون دەپۆشاند و باوەڕیان وابوو ئەم پێستە دەبێتە هۆی پاکبونەوەیان.

*Ps. Augustine, Quaest. Vet, etnovi test., (T,et.,Vol, II., P. 8)



**وێنەی ژمارە ٣٧**

میترای گائۆژەن Tauroctonous Mithra

نەخشی هەڵکەنراوی سەر مەرمەڕی سپی، لە Bologna دۆزراوەتەوە

ئەم نەخشە هەڵکەنراوە بەهۆی دیمەنەکانیەوە نرخ و بەهایەکی زۆری هەیە. لەناوەڕاست: دیمەنە سیمبوولییەکان وەکوو، سەگ، مار، دوپشك و دوو خواوەندی مەشخەڵدار و قەلەباسکە و لەتەك هەرکام لە مەشخەڵ هەڵگرەکان نەخشی شتێکی وەکوو لاچکی داری سنۆبەر یان کاژ بەرچاودەکەوێت.

لای سەرەوە: نیوە پەیکەری حەوت ئەستێرەی: خۆر، ساتوورن، ڤینۆس، ژووپیتێر، هێرمێس، مارس، لۆنا.

لای خوارەوە: وێنەی سێ کەس کە پێدەچێت لەکاتی میوانی و دانیشتنی سەر خوان بێت، لەوانەیە ئێرۆس Eros و سیمای ڕیشداری ئۆقیانووس Oceanus بێت.

(P.261،T.et M.fig.99)

ژمارەی حەوت پیرۆز بوو؛ نهێنییەکی تەلیسم ئاسای هەبوو. هەرلەبەرئەوە بۆ گەیشتن بە ژمارە حەوت لە ئایینەکەدا، دوای قۆناغەکانی قەلەباسکە و شێر قۆناغ و ناوی تریان زیادکرد، و بەم چەشنە ئەو حەوت قۆناغ یان حەوت سنوورەی کە دەبووایە شوێنکەوتووەکە پێیداتێپەڕێت تاکوو پاکبێتەوە، کامڵبوون. هەروەها هێمایەکی سیمبوولیکانە بوو بۆ ئەو حەوت ئەستێرەیەی



کە گیان دوای جیابوونەوە لە جەستە بۆ گەیشتن بە سنووری ڕووناکایی بێ کۆتایی، دەبوایە لێیانەوە تێپەڕێت.

ڕێبواری ڕێگە، دوای گەیشتن بە پلەی قەلەباسکە هەنگاو دەنێتە ناو قۆناغی پۆشراو. لەوانەیە ئەم ناوە درکە لە شاراوەمانەوە و دوورکەوتنەوە لە دیدی خەڵکی بێت. بۆ ئەم قۆناغەش ڕێوڕەسمێکی شانۆیی بەرپا دەکرا. سەرباز کۆمەڵەی هێزە جەنگاوەرەکانی خواوەندی هەمیشەسەرکەوتووی پێکدێنا کە بەفرمانی خواوەند ڕووبەڕووی ئاهریمەن دەبۆوە. قۆناغی پێرسێس یان پارسێس ئاماژەیەکە بە سەروچاوەی یەکەمی ئایین و یەکەمین پەیرەوەکانی. ئەو ڕێبوار و شوێنکەوتووەی کە دەگەیشتە ئەم پلەوپایەیە کڵاوی لار یان هەڵقەڵەشاوی فریژی دەخستەسەری کە بەهێمای میترا دادەنرا و نەریتێکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی بوو. ئەو کەسەی کە دەگەیشتە پلەی هەتاوی نازناوی هەواڵنێر یان قاسیدی خۆری پێدەدرا. دووایین پلە، قۆناغی باوکی بوو. ئەمەش بە پلەوپایەکی بەرز دادەنرا و ئەو کەسانەی کە دەگەیشتنە ئەو پلەیە سەرپەرشتی و چاودێریکردنی ئەم ئەنجوومەنەیان بەئەستوە دەبوو.

هەندێ زانیاری تر لەلایەن پرۆفیری Prophyry ەوە لەبابەت قۆناغەکانی حەوتەوانەی ڕێبواری لەبەردەست دان. بەپێی گوزارشی پرۆفیری هەر ڕێبوارێك تاکوو سێ پلە یان قۆناغی تێنەپەڕاندبا، ڕێگەی پێنەدەدرا بەشداری ڕێوڕەسمی ئایینی بکات و نەدەگەیشتە قۆناغی هاتنەناوەوە و شەرەفی هاوڕێیەتی پێنەدەدرا. دەکرێ بارودۆخی ئەم ڕێبوارانە لەگەڵ قۆناغی تازەفێربووانی ئایینی مەسیحی بەراوردبکەین کە تەنیا لەڕیزی خزمەتکارانیدا بەژماردەهاتن. بۆ خزمەتکارەکان (موغ بەچەکان) چوونە ناو قۆناغی قەلەباسکە بەمەرجێکی سەرەکی دادەنرا، چونکە بەپێی ئۆستوورەکان قەلەباسکە قاسید و خزمەتکاری خۆر Servitor of the sun بوو. بەڵام ئەو ڕێبوارانەی دەگەیشتنە قۆناغی شێری و هێما تایبەتەکەیان پێدەدرا، شەرەفی هاوڕێتیان پێدەگەیشت و ئەم هاتنەناوەوە دەرفەتی پێدەدان تاکوو لە ڕێوڕەسمەکاندا بەشداری بکەن. هەرلەبەرئەوەیە کە لە نووسراوە بەردینەکاندا قۆناغی شێر زۆرتر لە قۆناغەکانی تر ئاماژەی پێکراوە. لە کۆتایی و لەسەرووی گشت قۆناغ و زنجیرەکانی پلەوپایەوە، پلەی (باوك) ی هەبوو کە ڕێبەری و چاودێری ڕێوڕەسم و نەریتەکانی بەئەستۆوە بوو و فرمانی بەسەر ڕێبواری ئەنجوومەنەکانی تریشدا هەبوو.

لە زنجیرەکانی پلەوپایەییدا، پلەیەکی بەرز هەبوو کە بەسەر ئەنجوومەنی باوکاندا سەروەری دەکرد. لە گشت کۆڕ و ئەنجوومەنێکی میترایی و گشت مێهرابەیەکدا، باوك دەستەڵات و

فرمانی بەسەر هەموو شتێدا دەشکا و سەرپەرشتی و چاودێری گشت کاروبارێکی دەکرد. باوکی باوکان **Pater-Patrum** سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باوکانی دەکرد و ناونیشانی **Pater-Patratus** یشی بۆ دانرابوو و سەرپەرشتی سەرەکی و سەروەری ئەنجوومەنی باوکان بەئەستۆی ئەوەوە بوو. باوکی پیرۆز ئەو باوکە بوو کە سەرپەرشتی ڕێورەسمی گەورە و گشتی ئایینەکەی دەکرد **Pater-Sacrorum** و گشت ڕێبواران و شوێنکەوتووان بەبرای یەکتری و ڕۆڵەی باوکی باوکان دادەنرێن.



وێنەی ژمارە ٣٨

ئەنجوومەنی میترایی

لای چەپ: قەلەباسکە و پارسێس. لای ڕاست: سەرباز و شێر. پاشماوەی نەخشێکی هەڵکەنراو کە لە کۆنجی کای Bosinia دۆزراوەتەوە.

( P.175،T.et M. Introduction)

لە گرووپەکانی خوارتردا تەنانەت منداڵانیش وەردەگیران. بەڵام بەشێوەیەکی تەواو چۆنیەتی و سیستەمی ئەم پلەوپایانە ڕوون نینە و تەواو ئاشکرانیە کە ڕێبوار و شوێنکەوتوو تاچ ماوەیەکی زەمەنی دەبوایە لە هەرکام لەم قۆناغانەدا بمێنێتەوە و فێری چ شتێك بێت. بەڵام لەناو هەرکام لە ئەنجوومەنەکاندا بەرزکردنەوەی پلەی ڕێبواران دوای تێپەڕاندنی



ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو و بەپێی تاقیکردنەوەی ئایینی، لەلایەن ((**باوك**)) ئەوە پەسند دەکرا و بڕیاری لەسەر دەدرا.

## ڕێورەسمی هاتنەناوەوە و شەرەفی هاوڕێیەتی

چوونەناوەوە یان ڕێورەسمی هاتنەناو کۆڕی برایان و پێ زانین و ناسین، نەریتی ئایینی و هاوپەیمانی یان سوێند Sacrament (Sacramentum) ی پێدەگوترا و دەبوایە ئەو ڕێبوارەی کە شەرەفی هاوڕێیەتی پێدەدرا لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری مێهرئایینەکان و باوکدا، ڕێورەسم و پەیمان و سوێندی ساکرامێنیووم بەجێبێنێ. ئەوکەسەی کە دەگەیشتە قۆناغی سەربازی بەرلە هەموو شتێك نەریتی سوێندخواردن و پەیمانی بەجێدەگەیاند. بەڵێنی دەدا ئەو نهێنیانە بپارێزێ کە بۆی ئاشکراکرابوون و بە هیچ شێوەیەك ئاشکرایان نەکات. پاشان تاجێکیان پێدەدا کە لەسەر شیرێك دانرابوو. ڕێبوارەکە تاجەکەی دەگەڕاندەوە و دەیخستە سەر شانی و دەیگووت ((تەنیا میترا تانجی منە))، لەمەودواوە هیچ تاجێکی لەسەر نەدەنا، نەلەکاتی ڕێورەسمی ئایینی و نەلەوکاتانەش کە لەناو جل و بەرگی سەربازیدا نیشانێکیان پێدەدا. کاتێك کە یەکێك نیشانێکی پێشکەشدەکرد، دەیگووت ئەم نیشانە هی خواوەندی منە. هی خواوەندی نەبەز و هەمیشەسەرکەوتوویە.

هەروەك پێشتر گووتراوە زانیاریمان بەهۆی کەمبوونی بەڵگە لەبابەت ئایینی میترایییەوە کەمە. لەبەرئەوە لەبابەت چۆنیەتی سلووکی ڕێبوارەکان و بەرزبوونەوەی پلە و تێپەڕاندنی قۆناغە حەوتەوانەکان و پەروەردەکاریەکانی قۆناغەکان هیچ شتێك نازانین. بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی داب و نەریت و ڕێورەسمە ئێرانیەکان، زانیاریەکانمان تەنیا لەبابەت ڕێورەسمی شووشتن و پاکژکردنەوەکانی بەردەوامە، کە بۆ گشت خەڵکی باوکرابوون تاکوو بەهۆی ئەم شووشتنانە تاوانەکانیان بشۆرێنەوە و پاك ببنەوە. ئەم ڕێورەسمانە لەناو گرووپەکانی گێنۆستیەکان Genostics یشدا باوبوون و ﴿لەناو ئایینی ئێزیدیەکان و صەبی کان و ئێسێنەکان و مۆغتەسیڵەکانیش ڕێورەسمی شووشتنەوەو و پاکژبوونەوە بەڕێوەدەچێت﴾.

تێرتوولیان Tertullian لەبابەت هەندێ لەم جۆرە ڕێورەسمانەوە دواوە. لە قۆناغی سەربازیدا لەکاتی هاتنەناو ئەو قۆناغەوە داغ و مۆری میتراییان بە نێوچاوانیانەوە دەنا؛ ئەمەش بەواتای ئەوە بوو کە ئەم ڕێبوارە سەربازی میترا و بەندەی خواوەندە. ئەو نیشانەی کە

لەڕێگەی داغ — مۆر بەنێوچاوانیانەوە دەنرا، لەناو ئاگردا داغ دەکرا و وەکوو نەخشێکی هەمیشەیی لەسەر نێوچاوانیان دەمایەوە.

بۆ چوونەناو و گەیشتن بە قۆناغی شێرپیاوی پێویست بوو شووشتن و غوسڵی نوێ ئەنجام بدرێ. ئیتر لێرەدا ڕێوڕەسمی داغ پێوەنان و مۆری ئاگرین بەرچاوناکەوێت، بەڵکوو بەشێوەیەکی وێنەیی و سیمبوولیك بۆ پاراستن و دووڕراگرتنی شوێنکەوتوو لە ئەنجامدانی تاوان، هەنگووینیان بەسەر دەست و زمانییەوە ڕۆدەکرد و پاکژبوونەوە لەڕێگەی هەنگووینەوە بەڕێوەدەچوو. ئەم نەریتە بۆ کۆڕپەکانیش بەرپادەکرا. بەڵام هەنگووین بە پێی تایبەتمەندی پاراستن و پیس نەبوونی، بە ((**پارسێس**)) دەدرا. پرۆفیری دەڵێت ئەم شیلە ژیانبەخشە کە لە ژێرتیشك و لەسایەی مانگەوە بەدیدێت[*] خاوەن تایبەتمەندیەکی ئەفسووناوی بووە و دەبووە هۆی ئەوە تاکوو ڕێبوار شەڕەفی هاوڕێیەتی پێبدرێ و بێتە ناو کۆڕی ڕێبوارانەوە و لە هێزی یەزدانی بەهرەمەندبێت.

## ڕێوڕەسمی هاوخوانی نان و شەراب

ڕێوڕەسمی نان و شەراب: ئەوکەسەی کە سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی هاتنەناوەوەی دەکرد، لەکاتی بەڕێوەبردنی داب و نەریتی تایبەتدا، نانی پیرۆز﴿ کە لەوانەیە هەمان فگیر ((دڕوون))[1] یان ((دراۆنا)) drun – draona ی مەزدایی بێت﴾ ی لەگەڵ شەربەتی مەستی هێنەری هاووم دەخوارد. ئەمە نەریتێکی کۆنی ئێرانی بوو کە لە ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی میتراییشدا پەیڕەودەکرا. بەڵام هاوومی پیرۆز ﴿هەووم — هەئۆما Haoma ی ئاڤێستا و ((سەئۆما)) Saoma ی ڤیداکان﴾ لە ڕۆژئاوا نەناسرابوو، هەرلەبەرئەوە لەجێگەی شیرەی هاووم نان و شەراب بەکاردەهێنرا.

لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە، لەبەردەم یاریدەدەری مێهر یان مۆغی میترایی، لەسەر مێز یان سەکۆ، نانی دڕوون و جامێکی ئاو یان شەراب دادەنرا. یاریدەدەری مێهر نیایشە

* Proph. De antro nymph., C. 15(T.ea.M.,Vol.,

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بەکاربردنی هەنگوین لە کاتی ڕێورەسم و بیروباوەری ئاینی، بڕوانە توێژینەوەی ئوسنێر:
Milch und Honig (Hermes, Lv III), 1902, P.177 ff.



پیرۆزەکانی دەخوێندنەوە. پاشان نان و جامەکەی لەبەردەم ئەو ڕێبوارە دادەنا کە دەبوایە ڕێوڕەسمی تەشەڕوفی تێپەڕاندبا. ئەم نەریتەی ئایینی میترایی لە بەرامبەر ئایینی مەسیحیدا بەراورد دەکرێت لەگەڵ ڕێوڕەسمی خواردنی شەوی خواوەنددا ﴿ دووایین خواردن، عشاء ربانی[2]﴾. ئەم ڕێوڕەسمانە دوای ئەوەی کە ڕێبوار ماوەی تایبەتی پەروەردەیی تێدەپەڕاند بەڕێوەدەچوون. لەوانەیە ئەو ڕێبوارانەی کە دەگەیشتنە قۆناغی شێرپیاوی دەیانتوانی بەشداری ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە بکەن و هەرلەبەرئەوەش بوو کە ((یاران، هەڤاڵان، و هاوڕێیان و هاودەمان Participants)) یان پێدەگووترا (وێنەی ٣٨).

ئەو نەخشە هەڵکەنراوە زۆر بەنرخەی کە دۆزراوەتەوە، دیمەنی خواردنێکی پیرۆز یان میوانیەکی ئایینیە. لەسەر مێزێك کە سێ پایەی هەیە چوار پارچە نان بەشێوەی نەخشی پیرۆزی میترایی واتا خاچ یان سەلیب لەناو پێشخۆرێك دانراون. دوو کەس بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەسەر سەکۆ پاڵیانداوەتەوە. لە هەردوو لای ئەوانەوە ڕێبوارانی حەوت قۆناغ لەکاتی ڕێبواری و سلووکدا دەبینرێن. یەکێکیان ((پارسێس)) یە و دوو جام بەرچاودەکەون کە یەکێکیان لەناو دەستی پارسێسەکە و ئەوی تریان لەناو دەستی هاوڕێکەیەتی. لەڕاستیدا ئەم جەژنە میتراییە پیشاندەری نەریتێکی پیرۆزی هاوخوانی میترایی، یان خواردنی شەوی خواوەندە لەگەڵ میترادا، کە دوای ئەم دانیشتنە میترا بەرەو ئاسمان دەڕوات. لەوانەیە پیشاندانی ئەم ڕێوڕەسمە بەشێوەیەکی سیمبوولی و ڕەوانبێژیانە، پەیوەندی بە بیروباوەڕی ئەستێرەناسی و ئاسمانی و ئەودیوسرووشتیەوە هەبێت. خواردنەوەی مەستی هێنەر نەتەنیا هێزی جەستەیی زۆر دەکرد، بەڵکوو توانا فکریەکانیشی کاراتر دەکرد و فێرخواز و ڕێبواری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی کردن لەگەڵ گیانە خراپەکارەکان و دێوەکاندا ئامادە دەکرد و ئەم خواردنە جۆرە نەمری و گەورەییەکی یەزدانی لەناو دەمارەکان و بوونی ئەودا بەدیدەهێنا.

## تاقیکردنەوەی دژوار و نەریتی تێپەڕینی یاوەرەکان لە دژواریەکاندا

تاقیکردنەوەی دژوار و نەریتی تێپەڕینی یاوەرەکان لە دژواریەکاندا: تاکوو گەیشتن بە قۆناغی وەرگرتن و بوون بە نهێنی زان، ڕێگەیەکی ئاستەنگ و ئالۆز لەبەردەم ڕێبواردا هەبووە. ئەو نەریتە پڕئازارانە لە چەندین قۆناغی جۆراوجۆرەوە پێکهاتبوون و گشت ڕێبوارێك دەبوایە پێیدا تێپەڕیبا. بە دوورەپەرێزی و خۆڕاگری و تاقیکردنەوە، بەم قۆناغانەدا سەردەکەوت. هەموو ڕێبوارێك بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی تاقیکردنەوەکە، کە هەندێجار بەشێوەیەکی پڕمەترسی بەڕێوەدەچوو، دەبوایە بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بگرێ. هەرکام لە ڕێبوارەکان و ئەوکەسانەی کە خوازیاری تاقیکردنەوە بوون، لەبەرامبەر پێشهاتەکانی ناو کۆڕەکەدا وەکوو کەسێکی بێ توانا و گوێڕایەڵ بوون، و دەبوایە هەلسەنگێنرێن و پاکژبکرێنەوە و بەهێز و بەتوانا بکرێن. زانیاریەکانی ئێمە لەبابەت چۆنیەتی و شێوەی بەڕێوەچوونی ئەم قۆناغانە زۆر کەمن.

بەپێی گوزارشەکانی ئۆگۆستینی نووسەری مەسیحی سەدەی چوارەمی زایینی، لە یەکێك لەم تاقیکردنەوە کارەکیانەدا، چاوی ڕێبوار و سالیکیان دەبەستەوە تاکوو هیچ شتێك نەبینێت. بە ڕیخەڵۆکەی مریشك هەر دوو دەستیان دەبەستەوە تاکوو بە ڕێڕەوێك دا بڕوات کە هەرگیز نەیبینی بوو، و لە جۆگەلەیەك بپەڕێتەوە، تاکوو لە کۆتاییدا ڕزگارکەرێك دەهات و دەست و چاوی بەستراوی ئەم بەندە سەرلێ شێواوەی دەکردەوە. هەندێجار لە قوربانیکردنێکی شانۆئاسایی و سیمبوولیکدا، دەوری بکوژ یان بینەریان بەو ڕێبوارە دەدا کە لە ڕەوشی تاقیکردنەوە دابوو. ئەو ڕێوڕەسمە خوێناویە بێگومان لە سەردەمێکی پێشووتر شێوەیەکی ڕاستەقینە و پەیڕەوکراوی هەبووە. ئەوکات مۆغ یان مۆبەدی بەڕێوەبەری تاقیکردنەوە، شەمشێرێکی لە خوێنی ئەو کەسە وەردەدا کە بەبێ هیچ هۆیەك و تەنیا بۆ مەبەستی




جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمەکە کوشرابوو، و ئەمەش شانۆیەکی بێ بەزەییانە بوو بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی بوێری و نەترسی ڕێبوار و هەروەها هەڵچواندن و وروژاندنی شوێنکەوتووان*. بێگومان ئەم نەریتە ئایینیانە دوای بڵاوبوونەوە و تەشەنەی ئایینی میترایی لە ڕۆما و ئەورووپا فەرامۆشکراون و یان بەلایەنی کەم بەشێوەیەکی شانۆیی و سیمبوولیك بەڕێوەچوونە. ئەم نەریتانە لەناو هۆزە جەنگاوەرەکانی تائۆرووس Taurus دا لەتەك مەی نۆشین و ڕفتاری تووڕەوتونددا بەڕێوەچوون. بەشێوەیەکی گشتی پیشاندان و بەوێناکێشانی ئەم ڕێوڕەسم و دیمەنانە زۆرتر بۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕێبوارەکان و تاقیکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی ترس و تۆقاندنیان بووە.

* لە شوێنێکی تر ریوایەتێکی تر سەبارەت بەوەی کە ئەم جۆرە ڕێورەسمانە بە کوشتنی یان بە قوربانیکردنی ئادەمیزاد بەرێوە دەچوو، لەبەردەست دایە. ئەم بۆچوونە لەوەوە سەری هەڵدا کە لەناویەکێك لە مێهرابەکاندا تابووتێك و ئێسکانی لەشی ئادەمیزادێك دۆزراوە، پێدەچێت بەر لە مردن دەست و پێی بەسراوەتەوە. زۆربەی توێژەرانی بواری ئاینی میترایی ئەم کارە دەدەنە پاڵ کۆمۆدووس (١٩٢-١٨٠ی زاینی) ئیمپراتۆری ڕۆما. بەڵام بێگومان لە ناو ڕێورەسمی ئایینە پڕ نهێنیەکانی ئاسیا یان باشووری ئەورووپا ئەم قوربانیکردنانە باو بووە. لە ڕۆژگارەکانی پێش سەدەی دووەم تاکوو چوارەمی زایینی ڕێورەسمی خۆێناوی لە نەریتی تەشەرووف جێبەجێکراوە. هەروەها لەلایەن زانایانی مرۆڤ ناس سەلمێنراوە کە ئەم جۆرە ڕێورەسمانە لە ڕۆژگاری ئێمەشدا لەناو هۆزە سەرەتاییەکان هەروا بەردەوامە، بڕوانە "مێژووی لێکۆلینەوە لە ئایین لە جیهاندا، بەرگی ٦-٤ هاشم رەزی" هەروەها بڕوانە کتێبی "ڕێورەسم و سیمبوولەکانی تەشەڕووف و هاوڕێیی"، نووسینی میرچی ئیلیادە، بەتایبەتی بەشی شەشەمی کتێبەکە:

Mirea Eliade: Rites and symbols of Initiation the Mysteries of Birth and Rebirth N.Y. 1965.

هەوەها لەم بارەوە سەبارەت بە نهێنیەکانی میترایی، سوێند و تاقیکردنەوە دژوارەکانی، کۆمەڵە زانیاریەك لەلایەن سووئیداس، (گرێگۆری نازیانزایی) بە دەستەوە دراوە. زمان و وێنەی نەخشەهەڵکەنراوەکانی مێهرابە یان شوێنە پیرۆزەکانی ئەم ئایینەو نەخش و نیگارەکانی پێشاندەری ئەم نهێنیانەن.

J. D. G. Symdolik des Parsismus, Stuttgart, 1961.



**وێنەی ژمارە ٣٩**

مێهرابی کارێنتووم Carentum پێترۆنێلّ Petronell ی ئێستا، لەلایەن تراژێنەوە نۆژەنکراوەتەوە و دەکەوێتە نزیك ڤیەننا.

ئەم مێهرابەیەش وەکوو گشت مێهرابەکان لە ئاستێکی نزمتر لە ئاستی زەوی بیناکراوە. پێش ئەوەی بکەویتە بەردەم نەخشی هەڵکەنراوی میترای گائۆژەن دوو تاتی قوربانیکردن بەرچاودەکەون. یەکێکیان گەورەترە و چوارگۆشەیە و ئەوی تریان بچووکترە و ڕازێنراوەتەوە. ئەو پەیکەرە بچووکەی لای چەپ، پیشاندەری چۆنیەتی لەدایکبوونی میترایە و لەلای ڕاستی دەروازەی هاتنە ژوورەوە، شێری میترامان بەرچاودەکەوێت. لەلای ڕاست، جامی تایبەت بە ئاوی پیرۆز دانراوە. پەیکەرەی دوو مەشخەڵ هەڵگر لە هەردوولاوە لەسەر سەکۆ دانراوە. ڕێزە پەیژە و ڕێڕەوێك بەرەو مێهرابە کە لە شوێنی پیرۆز گەورەتره ڕاکێشراون.

(493،T.et M.)

ئەم وەبیرهێنانەوەیە تەنها بۆ درووستکردنی ترس نەبوو. بێگوومان ئەم ترسانە زۆرتر بۆ مەبەستی پتەوی ئیمان و گوێڕایەڵبوون و پابەندبوون بە بەڵێنەکان و خۆپاراستن و شاردنەوەی نهێنیەکان و پاراستنی لایەنە شاراوەکانی ناو ئایینەکە بوون. بەڵام پێدەچێت مەبەستەکەی تر، هەڵچواندنی جۆرێك پشتگوێ خستن و گوێ نەدان یان بێ هەست و سۆزی و هەستیاری apathy ڕەواقی بووبێ، کە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا هیچ



کاریگەری و کارتێکردنێکیان بەلاوە درووست نابێ. بەڵام لە کۆی گشتی ئەو راپۆرتانەی کە لەلایەن گێڕەڕەوکانەوە لەبابەت ئەشکەنجە و ئازارە دڵتەزێنەکان پیشاندانی ڕووداوە زۆر ناخۆش و تۆقێنەرەکانەوە بە ئێمە گەیشتوونە، پێدەچێت یان زۆر خۆش باوەڕ بوونە و یان مەبەستیان لە باسکردنی قوربانیکردنی مرۆڤ ، بۆ هاتنەناوەوەی ڕێبواران و ڕێگە پێدانیان بۆ ناو کۆڕی ئایینی، بەزۆری شێوەیەکی سیمبوولی و شانۆکاریانەی هەبووە* .

* لەم جۆرە رپورەسمانەدا کە ئاشناکردنی پێدەگوترێ، چەند هۆکارێکی سەرەکی هۆی جێبەجێکردن و بەرپاکردنی ئەم نەریتەیە. یەکەمیان بۆ ئامادەکردنی گەنجان بۆ هاتنە ناو ریزی پیاوانی بەرپرسیاری ناو کۆمەڵگایە کە توانایی و هێزو وزەو بوێری و زانیاریان لەبەرامبەر یاساکان هەڵدەسەنگێنرا. بابەتێکی تر تێپەڕاندنی کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەك بۆ تەشەڕووف و وەرگرتنی ئایین و زانیاری لە بارەی نهێنیەکان و ناسینی تەوتمەکان و شارەزابوون لە تابۆکانی نەتەوەیی بووە کە فێرخواز بۆ بەئەندامبوون و هەڵگرتنی نهێنی لەناو ئەنجومەنەکانی نهێنی دەبوایە پێیاندا تێپەرێت. لە یۆنان و رۆما و ئاسیا ئەم جۆرە شێوازانە بەدی کراون. هەندێ لە رێورەسمەکانی تەشەڕووف و هاوڕێتی و ئاشنابوونی نهێنی بەشێوەیەکی توندو تیژ و خوێناوی بەڕێوە چوونە. لە ئێراندا دەبێ ئاماژە بە رێورەسمی تەشەڕووفی"ئایینی ئیسماعیلییە" بکرێ. لە دەقێکی میترایی لە ژێر ناونیشانی "نەریتی نیاشیکردنی میترا" کە ئاوێنەی عیرفان و هزری گۆنۆسی بوو: "ئێمە ئێستا کە بەدەستی تۆ دووبارە لە دایك بووینەوە، دوای ئەوەی سالانێکی زۆر لە نەبوون دا دەژیایین ... ئێستا بەرگەی ئازاری دووبارە لە دایکبوون دەگرینەوە".

Dieterich, Mithresliturgie, P. 10, Fragment translated by. S August, Mystery. Religions, P. 100.

لە رێورەسمی یۆنانی ئاشناکردن کە لە شوێنێکی تابیەت بەناوی "تێلستێریۆن" لە ئێلۆسیووس جێبەجێ دەکرا، لەلایەن پڕۆتێرێپتیکووس چەند گوزارشێك بەدەستەوە دراوە و باسی کۆمەڵە نەریتێکی تۆقێنەرمان بۆ دەکات کە فێرخوازیان تاکوو سنووری مەرگ دەبرد و دووبارە زیندوویان دەکردەوە. ئەمە بنەمایەکی ئایینی بووە. ئەوەی شەرەفی هاوڕێی وەردەگرێ و دەچێتە ریزی نهێنی زانان، لە بەرگ و جەستەی پێشووی خۆی دەردەچێت و دەمرێ و لە ژیانێکی تازە لە ناو بارودۆخ و یاسایەکی جیاوازدا لە دایك دەبێ:

CF., among other, K. H. E. de jong das Andike Mysterienwesen in religions geschichtlicher, ethnologischer und psychologischer Beleuchtung Cleiden 1909).,PP.20 .

بەڵام نابێ وابزانین ئایینی میترایی تەنیا سەرقاڵی کۆمەڵە شانۆیەکی سیمبوولی و بێ واتای سیستەمی فراماسۆنەریەکی[٣] کۆنەپەرستانەیە. ئەوشتەی کە بۆمان ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆمەڵە ڕێوڕەسم و نەریتێکی خوێناوی و ڕاستەقینە و تۆقێنەر لەم ئایینە دا بەڕێوەدەچوون. ئەو کەسانەی کە لەناو قووڵایی دارستانەکاندا سی بێلەیان دەپەرستی، لەکاتی نیایش و پەرستندا، لەکاتێکدا کە پێستی ئاژەڵانیان بەسەرخۆدا هەڵدەکێشا، بەشێوەیەکی نامرۆیانە لە حاڵەتی خەڵسە و بێ ئاگاییدا، خوێنی مرۆڤێکیان بەسەر بەردی قوربانیکردنی ناو مێهرابەکاندا دەپژاند. لەشاری ڕۆما لەجێگەی ئەو ئەشکەوتانەی کە لەناو دڵی چیاکاندا هەبوون ئەشکەوتی بن مێچداریان، لەسەر شێوە سرووشتیەکەی دروستکرد (وێنەی ٣٩). تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێوڕەسم و نەریتەکان ئاسانکاریان تێداکرابوون و ئەشکەوتەکان لە چیاکانەوە بەرەو شارەکان گوازرابوونەوە و لەوێدا ڕازێنرابوونەوە، بەشێوەیەکی گشتی لە شێوازە ڕەسەنەکەی دوورنەکرایەوە و لە قۆناغەکانی هاتنەناوەوەی ڕێبوارەکاندا دەبوایە لە داڵانە تەنگ و تاریك و تۆقێنەرەکان کە بەرەو ژوور زەوی تێدەخشان تێپەڕن، تاکوو لە ئەنجامدا خۆیان لەناو

---

لە ئاینەکانی ئۆلیس و دێۆنیزیووس و ئۆڕفە و دێمیتر و ئیزیس و... باسی ڕێورەسمی تۆقینەر و خوێناوی و دیمەنی سیمبوولیکی مەرگ کراوە کە سەرسوورهێنەرە. فێرخواز تاکوو قۆناغی مەرگ پاڵدەدرا. ئەو ڕێورەسمە خوێناویانەی کە دیمەنە راستەقینەکان و گیان دەرکردنی فێرخوازی پیشان دەدا، بەند بوو بە خۆڕاگری و توانایی و کارامە ئەوەوە. لە ئێرانیش جۆرەکانی ئەم تاقیکردنەوە بۆ مەبەستی جیاجیا بەرپاکراوە و لە لێوارەکانی مەدیتەرانە و باکووری ئەورووپا و یۆنان و رۆماش زۆر بووە:

Metamorphoses, XI, 21,24 Reading Withs. August the mystery- Religons and Christianity, Londing 1921. P,96.

H. Hepding, Attis seine mythen und seine kult 1903, P.196 .

هەورەها بڕوانە: مرۆڤ ناسی کۆمەڵایەتی هاشمی رەزی ١٣٤٥ بەشی "ڕێوڕەسمی پێگەیشتن و چوونە ناو کۆڕی پیاوان". ئەو بابەتانەی کە دوواتر دەخرێتە بەرچاوی خوێنەر لەم کتێبەدا، گەڕانەوەیەکە بۆ جۆرێك وەبیرهێنانەوەی ئەو بۆ چوونانەی کە فرانتس کۆمەن لە بارەی ئەو ئایینانەی کە ڕێورەسمی "ئاشناکردن"ی خوێناویان هەبووە و لە رۆما، یۆنان، ئەورووپای ناوەندی و باکووری و ئایینەکانی ئاسایی- مەدیتەرانە بەرێوە چوونە.



مێهرابە و شوێنی پیرۆز کە بینایەکی ڕازاوە و سەرەنجڕاکێش بوو ببێننەوە. مێهرابەکە دەکەوتە کۆتایی هۆڵەکە و نەخشەهەڵکەنراو و، سیمبوولییەکە و هێمای تایبەتی ئایینەکەش دەکەوتە بەرامبەری، کە بەشێوەیەکی بەرجەستە میترای گائۆژەنی لەکاتی قوربانیکردنی گادا پیشاندەدا. هەروەها پەیکەرەکانی کڕۆنووسی خواوەندی شێرسەر و هێما و دیمەنە سیمبوولییەکان، بۆ ڕێبواران نامۆ بوون و لەناو ناخی ئەواندا جۆرە ترسێکیان دروستدەکرد. مێهرئایینەکان لە کەش و هەوایەکی نیوە تاریکدا لەسەر دوو ڕیز سەکۆی بەردین لە بەرامبەر یەکتریدا کڕنۆشیان دەبرد و سەرگەرمی پەرستن دەبوون و چەند مەشغەڵێك لە پشت سەری ستایشگەرەکانەوە بەدیوارەوە هەڵواسرابوون کە وێنە و پەیکەری خواوەندەکانی بەدیاردەخست. پەیرەوانی ئایین کە جل و بەرگی تایبەتیان لەبەردابوو بەداب و نەریتێکی تایبەتەوە بانگەشەی ئەو کەسەیان دەکرد کە تازە هاتووە و لەلایەن یاریدەری مێهرەوە ڕێبەری دەکرا. بڵێسەکانی ئاگر و تیشك و ڕووناکایی لەناو ئەم کەش و هەوا تۆقێنەرەدا کاریگەریەکی بەرچاویان بەسەر تازەهاتووەکەدا دەبوو. جۆرە هەستێکی لادرووست دەبوو کە لەکات و سات و شوێنێکی وەها پیرۆزدا، ئەوجۆرە شانۆ و دەورە پیشاندانە کە لەگەڵ عەقڵ و بیردا سازگار نەبوو، لەلای پیرۆز دەبوو و ئەو مەترسی و داو و پیلانانەی کە لەکاتی پیشاندانی ڕێوڕسمەکەدا جێبەجێ دەکران لەلای ئەو شێوەیەکی ڕاستەقینەیان هەبوو.

ئەو کەسەی کە ڕێوڕەسمی هاتنەناو ئایینەکەی تێدەپەڕاند، دوای تێپەڕین لە چەندین هۆڵی تاریك و جۆراوجۆردا لەکاتێکدا کە بەترس و دوو دڵیەوە لە پەیژەکانەوە هەنگاوی دەنایە ناو هۆڵی سەرەکییەوە و قۆناغانەکانی تێدەپەڕاندن، خواردنەوەی پیرۆزیان دەرخوارد دەدا کە زۆر بەتین و خەست بوو. ئەم خواردنەوە بەتینە، هەست و سۆز و توانای خەیاڵ و ترسی ڕێبوارەکەیان زۆر بەباشی دەوورژاند. دوایی بەڕێبەریکردنی یاریدەری مێهر ئەو دوعا تایبەتەی دەخوێندەوە و بەوجۆرەی کە فێرکرابوو، گیانە پیرۆزەکانی ئاسمانی لەبەردەم خۆیدا دەبینین و لەحاڵەتی خەڵسە و بێ ئاگاییدا وایدەزانی گیانی لە جەستەی دەرچووە و لەناو جیهانێکی نەناسراو و هەست پێنەکراودا دەخولێتەوە. کاتێك کە ئەم تەوژمە ڕۆحی و حاڵەتە بێ ئاگاییە لاواز دەبۆوە، وەکوو ستایشگەرانی ئاپوولیۆوس Apuleius دەیانگووت* ((من لە دەروازەی

---

*Apuleius, Metam, XI, 23 a Propos of the Mystics of Isis.

مەرگەوە تێپەڕیم. هەنگاوم نایە ناو سنووری پرۆسێرپین Proserpine و ئێستاش بەرەو زەوی گوازرامەوە، نیوە شەو خۆرم بینی کە بەوپەڕی رووناکییەوە دەبریسکاوە. من هەنگاوم نایە ناو سنووری دەستەڵاتی خواوەندانی زەوی و ئاسمان و لەبەردەمیان کڕنۆشم برد و نوێژم کرد.))

ئەو مۆغەی کە نهێنی زانبوو لە پلەوپایەکی بەرز و شوێنێکی بەرزدا دادەنیشت و گشت ئەم ڕێوڕەسمە پڕنهێنیانەی بەشێویەکی پڕواتا و تێڕامانێکی قووڵ سەیردەکردن. بێگومان یەکەمین کەسانێك کە ئەمجۆرە ڕێوڕەسم و داب و نەریتانەیان بوونیات نا، مۆغە ڕۆژهەڵاتییەکان بوون و لە هەمان ئەم نیشتیمانانەدا ئەم ڕێوڕەسمانە گەشەیان کرد، بەڵام ئێستا بۆمان روون نیە بە چ شێوەیەك و بە چ جۆرێك ڕێکخران و جێبەجێکراون. ئەم چالاکیانە بەشێوەیەکی بۆماوەیی لەناو خانەوادەی کاهین و مۆغانی ئەم ئایینەدا کە سەرپەرشتی ڕێوڕەسمەکانیان دەکرد، دەگوازراوە**.

جگەلەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆیان دەڕەخسا شارەزای نهێنیەکانی ناو ئایینەکە بن، چ کەسانێك مافی ئەوەیان پێدەدرا تاکوو بگەنە ئەم پلەیە و نهێنیەکانیان بۆ ئاشکرابێت هەر هەڵبژێردراوێك دەبوایە خاوەن چ تایبەتمەندیەك بێت؟ بەڵام هیچکام لەم زانیاریانە لە فەرهەنگی زانیاری ئێمە دا دەست ناکەون و تەنیا ئەوەندە نەبێ کە مۆغی تایبەت یان مێهریار Sacredos یانAntistes ی پێدەگووترا و زۆرتر لەناو پۆلی ((باوکان))دا هەڵدەبژێردرا. لەناو هەر مێهرابەیەکدا باوك سەرپەرشتی و ڕێبەریکردنی پۆلی ئیماندارانی بەئەستۆوەبوو و بەپێی ئەو بەڵگە و خاڵانەی کە لەبەردەست دانە لەناو کۆڕی ئەم توێژە یان ئەو مۆبەدانەی کە بەڕێوەبەر یان نهێنی زان بوونە، سەرکردایەتیەکیش هەبووە. تێرتوولیان دەڵێت، مۆبەدی مۆبەدەکان یان مۆبەدی گەورە ((Summus Pontifex )) لە ژن هێنان دا سنووری بۆ دانرابوو و تەنیا دەیتوانی یەکجار ژن بێنێت*. و ناونیشانی فەرمی

* خوردادیەشت، بەندی ٩. زەندی بەهمەن یەشت، بەشی دووەم، مێژووی کوڕی خەڵدوون، بەرگی یەکەم، لاپەڕە١٨٢ و تجارب الامم، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٣٠. هەروەها لەبەشەکانی تر بە درێژای ئەم بابەتە پێشکەش کراوە.

* Tertull., de Praescyhaeret., XL.



(باوکی باوکان Father of the fathers ) ی پێدرابوو و بەپێی زانیاریەکان گشت ئەو مێهرئایینانەی کە لە شارەکاندا ژیاون لەژێر فرمان و دەستەڵاتی ئەو دابوونە**. ئەمە تەنیا بابەتێکی روون و ئاشکرایە کە لەبابەت سیستەمی پێکهاتەی باوك و سەرۆکایەتیەکەی دەیزانین. دەشێ ئەم سیستەم و پێکهاتەیەی کە توانا و دەستەڵاتێکی زۆری هەبوو لەگەڵ سیستەم و دەستەڵاتی مۆغ و مۆبەدە مەزدەیەسنایەکانی ڕۆژگاری ساسانییەکان، و سیستەمی ڕێکخراو و بەتوانای مانەویەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمای پاش لەناوچوونی میتراییەکان، بەراورد بکەین. تێرتوولیان لە گوزارشەکەی دا دەڵێت، میتراییەکان وەکوو مەسیحیەکانی سەردەمی بەرایی لە خۆڕاگری و دوورەپەرێزی و ڕاستی زۆر ماندوو بوون. و هەروەکوو مانەویەکان بەتایبەتی لە پلەوپایەی مۆغی و مۆبەدیدا، ژنیان نەدەهێنا و لە ژیانی هاوسەرداریەتی دووردەکەوتنەوە و ئەم نەریتەش لەگەڵ بیروباوەڕ و پەروەردەکانی ئایینی زەردەشتیدا سازگارنەبوو.

## تیماری ئاگر و نەریتی پەرستن و قوربانیەکانی ڕۆژانە

بێگومان مۆغەکانی میترایی لەچاو مۆغەکانی ئایینە باوەکانی تری ناو ڕۆما و یۆنان، دەور و ڕۆڵێکی بەرفراوانتریان هەبوو. مۆبەدی میترایی بە خاڵی پەیوەندی نێوان خواوەند و بەندەکان دادەنرا. نوێنەر و هەڵبژێردراوی خواوەند بوو. ئەرکی سەرەکی مۆبەد بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك و جێبەجێکردن و سەرپەرشتی کردنی نەریت و ڕێوڕەسمی پەرستن بوو. بەپێ ئەو بەڵگانەی کە لە نووسراوە بەردینەکانەوە دەستکەوتوون، بۆمان روونبۆتەوە کە ئەرکی سەرپەرشتی کردن و چاودێریکردن و پاراستنی ئەو دیاری و پێشکەشیانەیان بەئەستۆوە بووە، کە پێشکەش بە خواوەندەکان و مێهرابەکان دەکران. بەزۆری لە شارەکاندا کاتێك کە بۆ ڕێبوارێك ڕێوڕەسمی هاتنەناوەوە و (بەئەندام بوون) بەڕێوەدەچوو و لەلایەن چەند باوکێکەوە سەرپەرشتی دەکرا، ئەم ڕێوڕەسمە لەلایەن مۆغی گەورەوە چاودێری دەکرا. بەڵام ئەمە بێ بایەخ

** لەلاپەڕەکانی پێشتر باسی ئەم بابەتەکرا. لێرەدا کەڵك لە بۆ چوونی م. ویسۆڤا وەرگێراوە:
Religion der, 1902, P. 309 .

ترین ئەرکی ئەو بوو و جگەلەمە کۆمەڵە ئەرکێکی زۆر گەورە و گرنگی تری بەئەستۆوە بوون. بەڵام بەرپرسیارێتی و چاودێریکردنی نەریتەکانی ئایینی، ڕێورەسمێك بوو کە ناسکی و وردبینیەکی زۆری دەخواست. دەبوایە مۆبەد بەردەوام بەوردێتیەوە پاسەوانی و پارێزگاری لە ئاگری پیرۆز بکات تاکوو هەمیشە لەناو ئاگردانی تایبەتی میهرابەکاندا بلێسە بکات و بەداگیرساوی بمێنێتەوە. ڕۆژانە سێ کەرەت واتا بەیانیان، نیوەڕۆیان و لە تاریکایی شەوان دەبوایە بەپێی ئەرکی ئایینی، سروود و دوعای خۆرنیاییش بخوێننەوە. بەرەبەیانان بەرەو ڕۆژهەڵات، نیوەڕۆیان بەرەو باشوور و ئێواران بەرەو ڕۆژئاوا. نەریتی نیایش ڕۆژانە لەگەڵ قوربانیکردندا بەڕێوەدەچوو.

مۆبەدی بەڕێوەبەری ڕێورەسمەکە کە جل و بەرگی تایبەت بە مۆبەدی کردۆتە بەر، ئاژەڵ و باڵندەی جۆراوجۆر بۆ خواوەند قوربانی دەکات. بە هۆی ئەم قوربانیکردنانەوە خۆێنەکە لەناو قولکەیەك دا کۆدەبۆوە. یان بەپێی ئەو نەریتانەی کە لە ئاڤێستا دا ئاماژەیان پێکراوە، مۆبەدی بەڕێوەبەری ڕێورەسمەکە لەکاتێکدا کە کەدی بەرێسمەن Baresman ی پیرۆزی بەدەستەوە بوو خواردنەوەی هەومی پێشکەش بە خواوەندەکانی ئاسمانی و زەمینی دەکرد. نیایش و سروودخوێنی لەلایەن کەسێکەوە یان بەشێوەی کۆرس و مۆسیقایی بەرپادەکرا و تاکوو کۆتایی ڕێورەسمەکە ئەم کارە بەردەوام دەبوو. هەندێجار لەناو نەریتەکانی نیایشدا لەکات و ساتێکی تایبەت و دیاریکراو دا پەردە لەسەر نەخشە هەڵکەنراوە سیمبوولییەکەی میترای گائۆژەن هەڵدەگیرا و لەم ناوەدا ڕێگەپێدراو یان تازەهاتووەکە خۆی لەبەردەم وێنەی پیرۆزی میترادا دەبینیەوە. لەناو هەندێ لە پەرستنگەکانی میتراییدا تەختە بەردێك کە نەخش و دیمەنی پیرۆزی لەسەر هەرچوار لای هەڵکەنرابوو، لەسەر ئامێرێکی هەڵسوورێنەر دەسووڕاوە و دیمەنەکان دەکەوتنە بەرچاوی ئامادەبووان.

## دەمژمێری ڕۆژ و حەفتە

حەوت ئەستێرە هەبوون کە هەرکامیان تایبەت بە ڕۆژێکی حەفتە بوون و لەناو مێهرابەدا شوێن و جێگەیەکی دیاریکراویان بۆ دانرابوو، و لە ڕۆژی تایبەتی ئەستێرەکەدا لەو ئەستێرەیە دەپاڕانەوە کە ڕۆژەکە تایبەت بە ئەو بوو. یەکشەمە ڕۆژی تایبەت بە خۆر بوو و پیرۆزیەکی زۆرتری هەبوو. لە ڕۆژمێری میترایی دا چەند ڕۆژێك وەکوو ڕۆژی جەژن دەست نیشانکرابوون و لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵە ڕێورەسمێکی ئایینی بەڕێوەدەچوون. لە ئێراندا ڕۆژی شانزەمی مانگ واتا



ڕۆژی ناوەڕاستی هەموو مانگێك تایبەت بە میترا بوو.هەروەها لە ساڵژمێری ئێرانیدا ناوی شەشەمین مانگی ساڵ بە ناوی ئەم خواوەندەوە ناوزەد کرابوو. هەرلەبەرئەوە لە مانگی مێهرداو (مانگی شەش) لە ڕۆژی مێهر (شانزەمین ڕۆژی مانگی شەش) جەژنێك بەرپادەکرا بەناوی میترا، کە مێهرەگانی پێگوتراوە. بەڵام لە ڕۆژئاوا شوێن پێی ئەم جەژنە بەدیناکرێ. بێگومان ئەم جەژنە لەگەڵ جەژنی ڕۆژی بیست و پێنجەمی دێسامبەر ئاوێتەکراوە و بۆتە یەك جەژن، چونکە پێویست بوو لە ئایینەکەدا جەژنێکی شکۆدار و پڕلەخۆشی بۆ مەبەستی ڕۆژی لەدایکبوونی خۆر Natalis invic لە کۆتایی شۆڕشی زستانیدا، کە ڕۆژ درێژتر دەبوو و خۆر ماوەیەکی زۆرتر لە پانتایی ئاسماندا دەخولاوە، بەرپابکەن. کۆمەڵە بەڵگەیەکی چەسپاومان لەبەردەست دانە کە پیشان دەدەن خاڵی مام ناوەندی هەمان ڕۆژانی جەژن، یان گەڕانەوەی وەرزەکانی ئاسمانی بوونە کە بە ڕێورەسمی تایبەت و جەژن و خۆشی پێشوازییان لێدەکرا ڕێورەسمی پڕنهێنی هاتنەناوەوە و شەرەفی ئەندامیەتی بەزۆری لە سەرەتای بەهار و مانگەکانی مارس و ئاڤریلدا بەرپادەکران، واتا لە ڕۆژگار و سەردەمی پاسکالPaschal (= جەژنی فێزح) و لەوکاتەی کە مەسیحیەکانیش ڕێورەسمی شووشتنەوەی پیرۆزیان بۆ منداڵان و تازەفێربووەکان بەڕێوەدەبرد. بەڵام لەبابەت چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێورەسمانەوە زانیاریەکی ئەوتۆمان لەبەردەست دانیە.

## ئەنجوومەنەکانی میترایی و ڕێکخراوەکانی

ئەنجوومەنەکانی میترایی و پەیوەندیە ئایینییەکانیان، پەیوەندیەکی پتەویان لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکیدا بەدیدێنا. ئەم ئەنجوومەنانە نەتەنیا پەیوەندی برایەتی و جۆرە برایەتیەکی ئایینیان لەناو ئەم خەڵکەدا دەهێنایەئاراوە، بەڵکوو زنجیرەی بیرکردنەوە و هزری مەعنەوی ئەوانیشی پێکەوە دەبەستەوە. لە سنووری ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆریدا ئەنجوومەنەکان دەرفەتی ڕەسمیان پێدرا و لەمافی مەدەنی بەهرەمەندبوون، واتا ناسنامەی یاساییان هەبوو. هەروەها مافی خاوەنداریەتیان پێدرابوو. دەیانتوانی داخوازیەکانیان ئاراستەی فەرمانگە حکوومیەکان بکەن. هەروەها بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیان و چارەسەرکردنی داخوازیە یاساییەکانیان، لەنێوان خۆیاندا چەند نوێنەرێکیان دەست نیشانکردن. ئەم نوێنەرانە نەسەربە توێژی ئایینی بوون و نەسەربەو توێژانەی کە شەرەفی ئەندامیەتیان پێدرابوو. لەڕێگەی ئەو نازناوانەوە کە بەپێی بەڵگەکان دەستمانکەوتوون، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕێك و پێکی و سیستەمی

ئەنجوومەنەکانی میترایی جگەلە فێرگەکان کە کاری پەروەردەکردنی ئایینیان ئەنجام دەدا و مەڵبەند و ناوەندی ئایینی بوون، بەڕێوەبەرایەتیەکیشیان هەبوو کە بەڕێوەبردنی کاروباری سەبارەت بە کێشە یاساییەکان و باج و داخوازی جۆراوجۆریان بەئەستۆوەبووە. جا چ ئەم داخوازیانە لەلایەن کەسێکەوە بوایە یان پەیوەندییان بە ئەنجوومەن و ئایینەوە هەبوایە. لەم ڕێکخراوانەدا ژمارەیەك دەفتەر دابینکرابوون کە بەشێوەیەکی فەرمی ناونیشانی گشت ئەندامەکانی بەپێی پلەوپایەیان لەناو کۆمەڵگای دەرەوەی ئەنجوومەن و خودی ئەنجوومەن و ئایینندا، تۆماردەکران. لەسەرووی ئەم کاربەدەستانە گرووپێکی هەڵبژێردراوی دەکەسی هەبوون کە لە ئەنجوومەنە جۆربەجۆرەکانەوە هەڵدەبژێردران. ئەم گرووپە بەردەوام لە کۆبوونەوە گەورەکاندا ئامادەدەبوون و نموونەیەکی بچووکی سینا بوو، کە دە کەسی یەکەمی ئەم گرووپە (decem primi) لەشارەکاندا خاوەن پلە و ئیمتیازێکی تایبەت بوون.

بەدرێژایی ساڵێك لەناو هەر ئەنجوومەنێکدا، چەند سەرپەرشتیارێك هەڵدەبژێردران، کە لایەنی پەیوەندی کۆبوونەوە گشتیەکان بوون. هەروەها بەڕێوەبەرانی کاروباری دارایی لەناو هەرکام لە ئەنجومەنەکاندا، کەسانێك بوون کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەکانەوە هەڵدەبژێردران و لەناو گشت ئەنجومەنەکاندا چەند کەسێکی دەست نیشانکراو کاروباری گشتی دارایی جەماوەریان بەڕێوەدەبرد. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا کەسانێك دیاریدەکران کە لەکاتی پێشکەشکردنی سکاڵا و کێشە یاساییەکان لەلایەن ئەنجومەنەکانەوە ئەم کارانەیان بەڕێوەدەبرد و وەڵامدەری کیشەکان بوون.ئەو کەسانەی کە توانایی مادیان هەبوایە یارمەتی بودجەی ئەنجومەنەکانیان دەکرد و بەپشتیوانی کردن و پێشکەشکردنی یارمەتی ، کەم و کوڕیەکانیان چارەسەردەکرد. چونکە یارمەتی ئەندامەکان کە بەشێوەیەکی خێرخوازانە پێشکەشدەکرا، بەتەنیایی بەشی بەڕێوەبردن و دامەزراندنی ڕێکخراوەکان، فێرگەکان و مێهرابەکان و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی تری نەدەکرد. پێداویستیەکانی بەرپاکردنی جەژنە گەورەکان لە خەزانەی گشتیەوە دابیندەکران. لەلایەکی ترەوە بونیات نان و درووستکردنی پەرستگە گەورە و شکۆدارەکان، کۆمەڵە پارەیەکی دەخواست کە لەڕێگەی بەخشش و پێشکەشی و یارمەتی بەرچاوی ئەندامە بەتوانا و دەوڵەمەندەکانەوە دابیندەکرا. لەم کات و ساتەدا زەنگینانی هاوئایین پارچە زەویەکیان بەئاگاداری و سەرپەرشتی دەزگا پەیوەندارەکان بە ئەنجومەن دەبەخشی، تاکوو بە تەرخانکردنی بودجەیەکی شیاو، ئەم زەویە بۆ بیناکردنی مێهرابە ئامادەبکرێ. ئەو پارەیەی کە بۆ بیناکردن پێویست بوو لەلایەن کەسانێکەوە کە



تواناییان هەبوایە دابین دەکرا. هەندێجار هەندێ لە ئەندامانی دانیشتووی شار کە توانایی ماڵیان هەبوو، شوێنێکیان بە فێرخوازانی تازەهاتوو کە دەیانویست مێهرابەیەك درووست بکەن، دەسپارد تاکوو، بەپێی توانای خۆیان شوێنەکە، بۆ دامەزراندنی مێهرابە ئامادەبکەن. هەندێجار کەسانێك و بەزۆری دەوڵەمەندەکان لەناو ماڵی خۆیاندا شوێنێکیان لە چەشنی مێهرابە درووستدەکرد و دەیانڕازاندەوە. هەرکات پێشکەشکاری زەوی نەیتوانیبایە پارەی بیناکردنی مێهرابە دابین بکات، جاڕلێدەدرا و یارمەتی ئیماندار و یاوەر و شوێنکەوتووەکان بۆ دامەزراندنی مێهرابە کۆدەکرایەوە. یەکێك لەو پێداویستیە گرنگانەی کە بەشی هەرە زۆری بودجەی دامەزراندنی پەرستگەیەکی دەگرتەوە، ئامادەکردنی نیگار و دیمەن و پەیکەر و نەخشە هەڵکەنراو. و ڕازاندنەوەی مێهرابەکە بوو. هەرلەبەرئەوە دوای کۆتایی هاتن و دامەزراندنی مێهرابە، بۆ مەبەستی پاراستنی ناوی ئەو کەسانەی کە دیاری و پێشکەشیان هەبووە لە درووستکردنی پەرستگەکەدا، بەشانازیەوە لەسەر بەردێك ناویان هەڵدەکەنرا و بەم چەشنە هەرگیز فەرامۆش نەدەکران.

لە سێ نووسراوە بەردینی ڕۆماییدا کە بابەتی پێشکەشی و یارمەتیەکانی تێدا تۆمارکراوە ناوی ئەو کەسانەمان بەرچاودەکەوێ کە یارمەتی بیناکردنیان داوە. کۆیلەیەکی ئازادکراو و مێهرئایینێکی سەربەرز لەسەر ئەرکی خۆیان مێهرابەیەکی مەڕمەڕیان بیناکردووە. دوو یاریدەری مێهریش کۆمەڵە یارمەتی و پێشکەشیەکیان بۆ بیناکردنی مێهرابەیەك تەرخان کردووە. کۆیلەیەکیش چەند شتێکی پێشکەش بە بینای پەرستگەیەك کردووە.* ئەوانەی کە بۆ گەشە و پێشخستنی مێهرابەکان بەجۆرە دیاری و یارمەتیان پێشکەشدەکرد، ڕێزیان لێدەگیرا و لە مێهرابە بچووکەکاندا ڕێز و پلەوپایەکیان پێدەدرا. لە سەرەتادا کاتێك کە ژمارەی ئیماندارەکان زۆر دەبوون و مێهرابە نەیدەتوانی شوێن بۆ ئەو ژمارە زۆرە دابین بکات، بەپێی پێویست پەرستگەیەکی بچووك لەتەك ئەم مێهرابەیەوە دادەمەزرا. ئەم پەرستگانە بە هەوڵ و کۆششی ئیماندارەکان دەڕازانەوە و وردەوردە شێوەیەکی ڕازاوە و شایستەی وەردەگرت.

* Corpus Inscriptionnm Latinarum, Vol.VI., Nos. 556.717.734 30822(T. et M., Vol, II, P. 101, Nos 74-48 bis)

## گەشەی مێهرابەکان و بینای پەرستگەکان، برایەتی و کۆمەڵگایەکی دوورلە جیاوازی چینایەتی، شوێن و پلەوپایەی ژنان لەناو ئایینەکەدا

ئەو مێهرابانەی کە لە سەرەتادا بەپێی جۆرە پێویستیەك بۆ مەبەستی دابین کردنی شوێنێك بۆ بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی و پەرستن دادەمەزران، وردەوردە بەهۆی سەرنجی ئەندامان و ئیمانی شوێنکەوتووەکانی ئایینەکە دەڕازاوە. گشت بیروباوەڕەکان لەناو پۆششی هونەر و نهێنیەکان دا خۆیانەوە دەنواند، هونەرەکانی جوانکاری و پەیکەرتاشی و نیگارکێشی و میعماری لە ڕازاندنەوەی بنمێچی ئاسمان ئاسای مێهرابە و دروستکردنی ئەو ژوورانەی کە بۆ مەبەستی تایبەت بەکار دەبردران و هەروەها ڕێڕەوە پێچاوپێچەکان، بەگشتی کاریگەریان بەسەر بیروباوەڕی ڕێبوار و ئیماندارەکان دا هەبوو. زمانی دەربڕین، لەڕێگەی ڕەوانبێژیەوە، بەیارمەتی هونەر لە شتەکان دەدوا. بەتێپەڕینی کات وردەوردە مەڕمەڕ شوێنی بەردی ئاسایی گرتەوە. پەیکەرتاشی و نەخش هەڵکەندن لەسەر بەرد شوێنی گێچبڕی گرتەوە. لە ئەنجامدا کاتێك کە مێهرابەیەك بەهۆی تێپەڕینی کات، کۆن دەبوو و کەڵکی نەدەما، لەسەر ئەرکی شوێنکەوتووە زەنگینەکانەوە، بەپێی هەل و مەرجی سەردەم پەرستنگەیەکی تازە و شکۆدار بینادەکرا.

ڕادە و جۆری ئەو دیاریانەی کە پێشکەش بە پەرستگەکان دەکرا، پیشاندەری ڕادەی ئیمان و باوەڕ و هەست و سۆزی شوێنکەوتووەکان بوو. سەبارەت بە ئەنجومەن و ئایینەکە. هەروەك ئاماژەی پێکرا لە نووسراوە بەردینەکاندا ناونیشان و جۆر و چۆنیەتی دیاری یارمەتی دەران تۆماردەکرا. یەکێك لە ڕێگەکانی گەشە و پێشکەوتنی ئایینەکە پێشکەشکردنی ئەم دیاریانە بوو، کە دەرفەتی بە ڕێکخراوە ئایینیەکان دەدا تاکوو بە بیناکردنی مێهرابە و بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی تەشەنە بە بینای پێکهاتە و بنچینە و ڕێکخراوەکان بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەنجومەنە بچوکەکان وردەوردە لە زیادبوون دابوون بەڵام بە پیلان و بەرنامەیەکی ڕێك و پێك پەیوەندیان بەیەکەوە هەبوو، شێوەیەکی ڕێك و پێك و پەیوەستدار و هەماهەنگ لە جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و سیاسەتی ئەنجومەنەکان ڕەچاودەگیرا و بەردەوام پەیوەندیان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو.

سیاسەتێك پەیڕەودەکرا، ئەویش ئەوە بوو کە مێهرابەیەك بینانەدەکرا کە شوێنی ژمارەیەکی زۆری تێدا ببێتەوە. ئەندامانی مێهرابەکان ژمارەیان کەم بووە و لەبەرئەوە پەرستگەکان بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو بینادەکرا. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین ئەو ئیماندار و



پەیرەوانەی کە ڕێگەیان پێدەدرا لە هۆڵی سەرەکی و شانشین دا ئامادەبن سەربە توێژە بەرز و پایەدارە ئایینیەکان بوون، لەوانەیە فێرخوازانی تازەهاتوو کە قۆناغی یەکەم تاکوو سێیەمیان تێپەڕاندبوو، لە داڵان و شوێنەکانی دواوە کە نەدەگەیشتە هۆڵی سەرەکی و مێهرابی خواوەند، جێگردەبوون. ناتوانین ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك بە زۆرتر لە سەد کەس مەزەندە بکەین. کاتێك کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنێك لە ڕێژەی خۆی دەردەچوو پەرستگەیەکی تازە بینادەکرا و ژمارەیەکی زۆر بەرەو ئەو پەرستنگە تازەیە دەڕۆیشتن.

لەناو ئەم ئەنجومەنە بەرفراوان و پێکەوە لکاوانەدا بەهۆی سنووردرابوونی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك، ئەندامەکان وەکوو خانەوادەیەك پێکەوە دەژیان و یەکتریان دەناسی و هۆگری یەکتری ببوون و لەکاتی تەنگانەدا یاوەر و پشتیوانی یەکتری بوون.

ئیمتیازگەلی بنەماڵەیی و جیاوازی چینایەتی لەناو ئەم ڕێکخراو و پێکهاتانەدا بەدی نەدەکران، چونکە پەروەردەکاریەکانی ئەم ئایینە دەبووە هۆی ئەوە تاکوو سیستەمی چینایەتی و ئیمتیازاتەکانی بێ واتا بن. کۆیلەکان هاوپایە و هاوچەشنی خانەدان و گەورە پیاوەکان بوون و هەندێجار هەڵکەوتی کۆمەڵایەتیان دەبووە هۆی گەورەییان. یاسا بۆ هەموو کەس یەکسان بوو. هاوسانی و هاوکاری بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرا و هەرلەبەرئەوە، بەوجۆرەی کە ناوداران و بیرمەندەکان ئارەزووی هاتنەناو ئایین و هاوڕێیەتیان هەبوو، توێژەکانی خوارەوە و هەژارەکانیش بەخێرایی بەرەو پیلی ئایینەکە دەهاتن. گشت خەڵکی وەکوو بانگەشەکراوانی میوانیەکی گەورە وابوون و بێگومان دوای مردن بەشێوەیەکی یەکسان و لەناو یەك گۆڕستاندا دەناشتران.

ئەگەرچی تاکوو ئێستا گۆڕستانێکی تایبەت بە مێهرئایینەکان نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بیروباوەڕەکانیان لەبابەت جیهانی دوای مەرگ ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێ. پێدەچێت بەپێی ئەو ڕێکخراو و پێکهاتە ڕێك و پەیوەستدارانەی کە هەیانبووە، ئەوانیش وەکوو نەتەوەکانی تری دانیشتووی ڕۆما بۆ کاروباری تایبەت بە مردووەکان گۆڕستانی تایبەتیان هەبووە و بۆ مەبەستی ناشتنی مردووش کۆمەڵە نەریتێکی تایبەتییان هەبووە. یەکێك لە گەورەترین ئاواتەکانی هەر ئەندام و شوێنکەوتوویەك ئەوەبووە تاکوو بەپێی نەریتی خۆیان ڕێوڕەسمی ناشتنی جێبەجێ بکرێت. گەورەترین ئاواتیان لە پاش مردن، گەیشتن بە جیهانەکەی تر و مەنزڵگەی هەمیشەیی بوو؛ و گشتیان هۆگر و پشتیوانی یەکتری بوون و دیانزانی دوای مردن هاوڕێکانیان ڕێوڕەسمی پرسۆزی ناشتنیان بەوپەڕی شکۆداریەوە جێبەجێ دەکەن.

لە شوێنەوارەکانی میتراییەوە بەرنامەیەکی ناتەواو و لێڵمان دەستکەوتووە کە ئەویش سەبارەت بە ئەنجومەنە نهێنیەکانی میتراییە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی سەرسامهێنەری ئەم ئایینە پڕنهێنییە گرنگ و بەنرخە. کۆمەڵانی خەڵکی دوای ئەوەی کە ڕێگەیان پێدەدرا بێنەناو ئەم کۆڕ و ئەنجومەنانەوە دەبوونە هاوڕێی ئایینی، کاتێك کە دەهاتنە ناو ئەم جۆرە ئەشکەوتانەوە ڕووبەڕووی خۆشەویستی و یەکدڵی و برایەتی شوێنکەوتووەکان دەبوونەوە و ئەمە دەبووە هۆی پشتیوانی و دڵنیابوونیان، و ئاسوودەیی ژیانیان دەستدەکەوت. ڕێبوارەکان لەناو ئەنجومەنی برایەتی و یەکبووندا لە لەخۆبایی بوون و خۆویستن و خواستی تایبەت و خاوەندارێتی تایبەت دووردەکەوتنەوە و دەربازدەبوون و کاتێك کە خۆیان بە ئەندامێکی ئەم پێکهاتە گەورەیە دەزانی. کە ئەنجومەنەکانیان وەکوو دارێك ڕەگ و ڕیشەی بەهێز و بەتینی لە هەموو بەشەکانی ئیمپراتۆری دا داکوتابوو، دڵئارام و ئاسوودە دەبوون، لە تەنیایی و ناخۆشی و کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان ڕزگار دەبوون. لەلایەکی تریشەوە ئەو ناو و نازناوانەی کە پێیان دەدرا خواست و ویست و ئاواتە سرووشتی و شاراوەکانیانی دابین دەکرد. ئەو ئاواتانەی کە دەورێکی کاریگەریان لە ژیاندا هەبێت و گشت خەڵکی لەناو کۆمەڵگایەکی یەکگرتوودا خاوەن بەها و نرخێکی مرۆیی بن.

ئیمان وەکوو پاڵنەرێکی بەهێز لەگەڵ هۆکارە دونیاییەکاندا هاوڕێ دەبێت. ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك لەڕوانگەی هزریەوە خۆیان لە ژێرکاریگەری و توانایی دەزگایەکی بەهێزی سەربە ڕێبازێکی فکری کۆن دادەنا کە لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو بنەمایەی کە دەبوایە لە پاراستنی نهێنیە شاراوەکاندا تێبکۆشێت، واتا ئەو نهێنی و لایەنە شاراوانەی لێیان تێنەدەگەیشتن، بەڵام جۆرە سەرسامیەکی لە دەروونیان هەڵدەچواند و ئەو ستایشانەی کە بە هەڵچوونی هەستی ڕادەبەدەر بە نیایش و پاڕانەوە بەرپادەبوون ئیمان و باوەڕێکی مەنگ بەڵام بەهێز و پتەوی لەناو ئەواندا بەدیدەهێنا. پەروەردەکردن و فێربوونی قۆناغ بە قۆناغی ئەم ئایینە هێزێکی بەتوانای باوەڕ و ئیمانێکی سەرسامی لە دەروونیاندا دەبزواند و داب و نەریت و ڕێوڕەسمێکی سەرسامهێنەر کە ئاوێتەی هیوا و ئاوات بوو، کاریگەریەکی هەمیشەیی بەسەر دەروونیاندا هەبوو.

پەیرەوانی ئایینی میترایی بڕوایان وابوو کە لەکاتی جێبەجێکردنی ڕێوڕەسم و نەریتە نهێنیەکاندا هێزێکی شاراوە و نەناسراویان بۆ دێتە پێش. پێیان وابوو خۆشویستنی بەردەوام و نزا و پاڕانەوە، پاکبوونەوەی گوناحەکان و خۆشی دەروون و ئاسوودەیی لێدەکەوتەوە.



ئامادەبوون و بەژداریکردن لەناو میوانە خوانی پیرۆز و نەریتە شیاوەکانی، موژدەی دڵنیابوون بە ژیانێکی باشتر لە داهاتوو و جیهانی دوای مەرگی پێدەدان. ئەو بنەمایانەی کە ئایینی میترایی لەم ڕێگەیەوە مۆژدەی پێدەدان، ئەگەر لە بابەتی مرۆیی و ڕەوشتیەوە دوورکرابانەوە، بێ واتا و نامرۆڤانە دەهاتنە پێش چاو.

ئەو ئایینانەی کە لە ئیمپراتۆری ڕۆمادا باوبوون و پەیرەویان هەبوو هەوڵی ڕاکێشان و پابەندکردنی گیانی پەیرەو و شوێنکەوتووەکانی میترایان دەدا. بەڵام ئەو ململانێ نیوە نهێنیەی کە لە نێوان ئایینی میترایی و ئایینەکانی تر لەئارادابوو، بەسوودی ئایینی میترایی نەبوو چونکە لەناو ئایینی میتراییدا شوێنێك بۆ ئامادەبوون و دەورپێدان و وەرگرتنی ژنان دیاری نەکرابوو.

﴿بەڵام ئەم بنەمایە لەناو ئایینە ئێرانییەکاندا بنەمایەکی هاوبەش بوو. لەناو ئایینی زەروانی کە ئایینی میترایی لەویەوە سەرچاوەی گرتووە، بەپێی ئۆستوورەکانی ئەفراندنەوە ژن دەورێکی ئاهریمەنانەی هەبوو و بەتایبەتی لە سەرەتای بۆندەهێشدا ئاماژەی پێکراوە. ئایینی مەزدەیەسنایی سەردەمی ساسانیەکانیش بەم چەشنە بووە.لە پەندنامەکان دا ئەم بابەتە بەرچاوە، لە پەیڤەکانی ئاگرپاد مێهراسپەندان کە لە پیرۆزان و گەورەپیاونی مەزدایی — زەردەشتییەکانە، ئەم بابەتە بەئاشکرایی گواسراوەتەوە. بنەمای ئەم بیروباوەڕانە جگە لە گاتاکانی زەردەشت لە سەرچاوەکانی تردا نینە...﴾

لەکاتێکدا، لەناو ئایینەکانی تردا، ژنان خاوەن پلەوپایەك بوون و شوێنکەوتوانیش هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان دەدا.

نەریت و ڕێوڕەسمە خوێناوی و توندوتیژەکانی ناو ئایینی میترایی دەبوونە هۆی وەرنەگرتنی ئافرەتان و یان خود وەکوو ئایینی مەزدەیەسنایی، تەنیا دەورێکی لاوەکییان پێدەدان. لەناو گشت نووسراوە بەردینە دۆزراوەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوی مۆغ و پێشکەشکارەکان تۆماردەکران، تەنانەت یەکجاریش ڕووبەڕووی ناوی ژنێك نەبووینەوە. بەڵام ئەو ئایینەی کە بەنیازبوو ببێتە ئایینێکی جیهانی و گشتگیر، نەیدەتوانی نیوەی کۆمەڵ لە وەرگرتنی ئایینەکە دووربخاتەوە. لەبەرئەوە بەهۆی کاریگەری ئەو بارودۆخەی کە لەئارادابوو، چەند بڕیارێك دران تاکوو ژنانیش بتوانن بێنە ناو ئایینەکە و ئەم شێوەیە دواتر بووە هۆی خێرایی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە. هەرکاتێك لەشێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕکابەری و پەیوەندی ئەم ئایینە لەگەڵ ئایینە باوەکانی تری ڕۆمادا وردبینەوە، ئایینی میترایی لە ڕۆما باشتر دەناسرێت.

# پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

١- دڕونا: لە ئاڤێستا دا بەشێوەی ((دڕاونا)) یان ((دڕەونانگاه)) هاتووە. نانێکی بچووکی سپییە کە لە کاتی ڕێوڕەسمەکانی ئایینی پێشکەش بەخواوەند دەکرێت. ئەو نانە سیمبوول و هێمای گشت پێشکەشیە نائاوەکیەکانە کە میەزدی پێدەگووترێت. هەروەها بەپێی بیروباوەڕی مەزدایی ناوی خوانێکی ئایینیە. ئەم نانە سیمبوولی جیهانە و لە ئاردی گەنم دروست دەکرێت. لەناو ئەم خوانە دا شێوەی بازنەیی نانەکە هێمای خۆرە و سێ کەدە دارەکە هێمای هزری باش، گۆتاری باش و کرداری باشن. ئاو و سەوزە و مێوەش هێمای دەریاکان، و مێرگەکان و دارستانەکانن.

٢- عشاء ربانی: دوایین خواردن یان ئێوارەخوانی مەسیح لەگەڵ یاوەرە نزیکەکانی، عشاء ربانی یان ئێوارە خوانی خواوەندی پێگووتراوە.

٣- فراماسۆنەری: ڕێکخراوێك کە خاوەن ڕێسا و ئەنجوومەنی نهێنی و شاراوە بێت.



# بەشی شەشەم

# ئایینی میترایی و ئایینەکانی تری ناو ئیمپراتۆری ڕۆما

## ئایینی میترایی و ئایینەکانی تری ناو ئیمپراتۆری ڕۆما

چۆنیەتی سازگاری کردنی ئایینی میترایی لەکاتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆمادا، هاوسان کردنی خواوەندەکان و پێکەوە ژیانی ئایینەکان، ئایینی گەورە دایك و ئاناهیتا، دزەکردنی بیروباوەڕی میترایی بۆناو ئایینە گرنگەکانی ئیمپراتۆری، گەشەی نەریتی قوربانیکردنی گا و پاکژبوونەوە و شووشتنەوە بە خوێنی ئاژەڵ، داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی گەورە دایك و بەراوردکردنی خواوەندەکانی میترایی لەگەڵ خواوەندەکانی یۆنانی — ڕۆمایی، سیزارەکان خواوەندەکانی زەمینی و جێگرەکانی خۆر یەزدان، سەردەمی ڕکابەری نێوان ئایینی میترایی و ئایینی مەسیحی، بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی خاڵی هاوبەش لەنێوان هەر دوو ئایینەکەدا، هۆکاری لاوازبوون و لەناوچوونی ئایینی میترایی، دەسپێکردن و بڵاوبوونەوە و هۆکارەکانی سەرکەوتنی مەسیحیەت، نەریت و ڕێوڕەسمەکانی ئاتیس و ئایینی میترایی پاش ڕاگەیاندنی بەڕەسمی بوونی ئایینی مەسیحی لەناو سنووری ئیمپراتۆریدا، ژوولین ئاپۆستێت ئیمپراتۆری لەدین دەرچوو و پەیامبەری هێلیووسی خواوەندی خۆر، گەڕانەوە بەرەو ئایینی میترایی، دۆماهی هاتن و چارەنووسی ئایینی میترایی لە نیشتیمانەکانی ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆری.

### تایبەتمەندی لێڕاهاتن و گونجاندنی ئایینی میترایی لە نیشتیمانە جۆراوجۆرەکاندا

ئەو مۆبەدانەی کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا ئایینی مەزدەیەسنایی زەردەشتیان هێنائاراوە و وەکوو ئایینی میللی و نەتەوەیی ئێرانیەکان پێشکەشیان کرد، توێژێکی یەکجار توندڕەو و ڕەگەزپەرست بوون. ئەو کوشتن و خوێنڕشتن و ستەم و بێدادیەی کە بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە ئەنجامیان دا، ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێ. ئەو مۆبەدانە سەربە توێژێك



بوون کە باوەڕیان بە ڕەسەنی و سەروەری ڕەگەزی و هەڵبژاردەیی خۆیان هەبوو. بەڵام مۆغەکانی میترایی لەمجۆرە ڕەگەزپەرستی و بیرکردنەوانە دووربوون، یان خود لە سنووری دەستەڵاتداری ئیمپراتۆری ڕۆما و ئەو ناوچانەی کە تیایاندا بڵاوببوونەوە، ئەمجۆرە بیرکردنەوە و شێوازانەیان نەبووە. شارستانیەتی یۆنانی وای لە ئایینی میترایی کردبوو کە وەکوو یەهوودیەتی ئەسکەندەرانی، لە ناوچەکانی ئاسیای بچووکدا لەم شێوە و ڕەهەندە فکریە دووربخرێتەوە و هەرلەبەرئەوە لەکاتی دزەکردن و بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ داب ونەریت و ئایینە ڕەسەنە ناوچەییەکاندا بەسەری برد.

کاتێك کە هەست پێکرا لە وڵاتانی بێگانەدا پێشوازی لە ئایینی میترایی دەکرێت، مۆغەکان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ڕێگەی ئاشتیخوازانە و دوورکەوتنەوە لە ڕەگەزپەرستیان گرتەبەر. ئەو خواوەندانەی کە لەتەك میتراوە ئەنجوومەنی یەزدانی ئایینی میتراییان پێکدێنا، لە ڕۆژئاواوە بەشێوەی ناوی لاتینی ئەو خواوەندانەوە ناسێنران کە لەلای خەڵکی ناسراوبوون، و بۆ ئەم مەبەستە ناوی خواوەندانی یۆنانی- ڕۆمایی بەکاربردرا و بەم چەشنە بوو کە خواوەندانی هاوڕێی میترا خزانە پۆل و کۆڕی خواوەندەکانی ئۆلێمپەوە. ئەم شێوە هەڵوێست و شێوازە هەڵسەنگێنراوانە دەسەلمێنن کە ئایینی میترایی بێ ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی کردن لەگەڵ بیروباوەڕەکانی یۆنانی- ڕۆمایی بە لەپێشگرتنی سیاسەتێکی هەڵسەنگێنراو، خوازیاری سازشکردن و دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە دژایەتی و ڕکابەرییەك بووە.

مێهرئایینێکی ئیماندار، پێشکەشیەکانی خۆی پێشکەش بە پەرستگەی گرووپی سێ لایەنی Capitoline: ژووپیتێر، ژوونۆ و مینێرڤا Jupiter، Juno، Minerva دەکرد. فرمانی بەژداری نەکردن و ئامادە نەبوون لە ڕێوڕەسمی ئایینەکانی تر کە پێشتر لە ئایینی میتراییدا ڕاگەیێنرابوو، زۆر بەردەوام نەبوو و سیاسەتی گونجان کە ئەنجامێکی باشی هەبوو، زوو لە جێگەی ئاسانکاری کردن پەیڕەوکرا و هەروەها بەهۆی ئەوەوە دەبینرێت لە ماوەی سەدەی چوارەم و ڕۆژگاری گەشە و شکۆداری ئایینیدا، باوکی باوکان کە بەرزترین کەسی ئایینی میترایی بوو، ڕێوڕەسمە پیرۆزەکانی ئایینی لە پەرستگە جیاجیاکانی تایبەت بە خواوەندەکانی یۆنانی- ڕۆمایی جێبەجێ دەکردن.

ئایینی میترایی خاوەن ئەم تایبەتمەندیە بوو و هەروەك ئاماژەی پێکرا مۆبەد و پیاوە ئایینییەکانی میترایش بەمەیانزانیبوو کە بەچ شێوەیەك ئایینەکە لەگەڵ ژینگە و بیروباوەڕە ئایینیە ناوچەییەکان سازگار و هاوتەریب بکەن. لە دۆڵەکانی دانووب بەخێرایی، کاریگەریەکی

تەواوی لەسەر بیروباوەڕی ئایینی ڕەسەنی ناوچەیی مەڵبەندەکەدا دانا و پەیوەندیەکی پتەو و گونجاوی دامەزراند. لە ناوچەی ڕاین خواوەندەکانی سێڵتی لەناو پەرستگەکانی میترایی، لەتەك خواوەندە ڕەسەنە ناوچەییەکانەوە دەپەرستران. بەم چەشنە یەزداناسی مەزدایی یان بیروباوەڕەکانی تایبەت بە ئایینی میترایی لەگەڵ ئاوێتەبوونی بیروباوەڕە ناوچەییەکان پێکهات و وردەوردە شێوە و قاڵبێکی ناسراوی پەیداکرد. بەڵام ناکرێ بەوردی کات و زەمەنی درووستبوون و پێکهاتنی ئەمە دیاربکەین. دەبێ ئاگاداربین کە ئەم پێکهاتن و سازگاربوونە هەرگیز بەواتای ئەوە نیە کە بیروباوەڕە سەرەکی و ڕەسەنەکانی ئایین تووشی گۆڕان بووبن، چونکە بچووکترین شوێنەوارێك بەدیناکرێت کە هۆکاری هاتنەناوەوە و دزەکردنی دیاردە بیانیەکان بۆناو ئایینەکە بێت*. هەرگیز لەڕوانگەی بنەما سەرەکی و بابەتە بنچینەییەکانەوە، هیچ جۆرە گۆڕانکاریەك لەناو ئایینی میترایی‌دا ڕووینەدا.

* - دۆشن گیمەن پێیوایە کۆمۆن تووشی هەڵەو زێدەڕەوی بووە کە دەڵێت شێوە و پێکهاتەی ئێرانی مەزدەیەسنایی لە ئایینی میترایی وەکوو شێوە رەسەنەکەی ماوەتەوە و لەکاتی بڵاوبوونەوەی لە وڵاتانی رۆژئاوایی هیچ گۆڕانێکی بەسەردانەهاتووە. بڕوانە دەقی فەرەنسی کتێبی ئایینی ئێرانی کۆن، پاریس، ١٩٦٢، لاپەرە ٢٤٨ بەولاوە:

Duchesne Guillemin: La Raligion de Liron Aneien, Paris, 1962.PP 248 .

هەروەها "گ. ڤیدێن گێرن"یش بۆچوونی کۆمۆنی دەسکاری کردووەو کامڵتری کردووە و وەکوو نیبێرگ پێ وایە ئەم ئایینە تووشی گۆڕان بووە. ڤیدێن گێرن کە مامۆستای زانکۆی "ئۆپسالا" یە لەکتێبی ئایینەکانی ئێرانی کۆن کە بەزمانی ئەڵمانی نووسراوە و لەلایەن ل. ژاسپین وەرگێردراوەتە سەر زمانی فەرەنسی، لاپەڕە ٢٢٥-٢٥٢ بەولاوە، لەم بارەوە توێژینەوەیەکی پێشکەش کردووە. ئەو بەراوردەی کە لە نێوان ئەنجوومەنی خواوەندانی پایەبەرز و میترا کراوە لە دووئایینی میترایی و زەرڤایدا سەرنجڕاکێشە:

| | |
| --- | --- |
| | Zervanisme |
| Mithracisme: | Zervanisme |
| Aion- saeculum | Zervan |
| Zeus- Jupiter- Pluton- Ahriman | ohrmazd- Ahriman |
| Mithraca(s) | Mihr (Mithra) |

Geo Widengren: Les Religions ds Liran

Traduit de Lallemand, Par: L. Jospin, Paris, 1908. PP. 252-255 .



ئەو بارودۆخە لەبار و پێشکەوتووانەی کە ئەم ئایینە لە ڕۆژئاوا دەستەبەری کرد، خاوەن ڕەسەنایەتیەکی تایبەتە. لەڕاستیدا ئەوکاتەی کە بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا رۆیشت لەوپەڕی گەشەسەندن و پێشکەوتن و بەرزی دابوو و تەنانەت ئەو کۆمەڵە شوێنەوارەی کە پیشاندەری شکۆداری ئایینەکە بوون بەرچاوبوون. هەرلەبەرئەوە دوای ئەوەی کە لە ڕۆژئاوا جێگیربوو، زۆربەی ئەو دیاردانەی کە دوواتر هاتبوونە ناو ئایینەکەوە بەلاوەنران و تەنیا ئەوشتە بنچیینەییانەی ڕاگرت و پاراستنی، کە لە سەردەمی لاوێتی دا لە ئاسیا و لە ڕۆژهەڵاتدا هەیبوون.

میترایییەکان تەنیا ئەو خواوەندانەیان هێنایە ناو کۆڕی ئەنجوومەمی خواوەندەکانیان کە هاوبەشایەتیان لەگەڵ خواوەندەکانی ئەوان هەبوو، و ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە خواوەندەکان یۆنانی و ڕۆمایی لەناو خەڵکیدا ناسرابوون و لەم ڕێگەیەوە سەرەنجی خەڵکیان بۆلای ئەم ئایینە ڕاکێشا. ئەو دوژمنیە دێرینەی کە لەنێوان ئایینی ئێرانیەکان و میسریەکان لەئارادابوو لە ئیمپراتۆری ڕۆمادا هەروا مابۆوە. لەبەرئەوە جیابوونەوەی ئایینی میترایی و ئایینی ئیزیس نەك بەهۆی دوژمنایەتی بەڵکوو لەبەر ململانێ و ڕکابەریێ نێوانیان هاتەئاراوە. . لەلایەکی ترەوە مێهرئایینەکان زۆر خێرا لەگەل ئایینە سووریاییەکاندا کە لە ئاسیا و ناوچەکانی تری ئەورووپا هاتبوونە ناو ئیمپراتۆرییەوە، ڕاهاتن.

هاشمی رەزی لەکتێبی: مێژووی ئاینی پڕ نهێنی میتراییدا وەرگێڕانی ئەم بەشەی هێناوە کە تایبەت بە میترایە.



**وێنەی ٤٠**

مێهرابەی گائۆژەن Tauroctonous – Mithra

ئەم شوێنەوارە میتراییە لە مۆزەخانەی ناو ماڵی بەڕێز جانێس Mr.s.h.Janes دانراوە کە لە شاری تۆرێنتۆی کانادایە. لەلای سەرەوە لە گۆشەی چەپ نیوەپەیکەری خواوەندی خۆر و لە گۆشەی ڕاستیش پەیکەری خواوەندی مانگ هەڵکەنراوە. لەم نەخشە هەڵکەنراوەدا میترا لەجێگەی ئەوەی دەست بکاتە ناو لووتی گایەکە، قۆچەکانی ئەم گیانلەبەرەی گرتووە و بەرەو دواوە ڕایکێشاون. هەردوو مەشغەڵدارەکە مەشغەڵەکانیان بەرەو سەرەوە ڕاگرتووە و پێدەچێت لەکاتی نۆژەنکردنەوەی ئەم شوێنەوارە مێژووییەدا ئەم هەڵەیە کرابێت.

(P483،418،T.et M.)

لایەنی هاوبەش و بەرچاوی ئەم ئایینانە کۆمەڵە بنەمایەك بوون کە گشتیان بۆ بایەخداربوونی ئەستێرەناسی و ڕۆڵی ئەستێرە و وێنە فەلەکیەکان دەگەڕانەوە و گشت ئایینە سامییەکان لێی بەرخوردار بوون. لە ((کۆماژێن)) دا ژووپیتێر دلیکنووس Jupiter-dolichenus لەگەڵ میترادا پێکەوە ستایش دەکران. ژووپیتێر بە خواوەندێکی جەنگاوەر ناسرابوو و لەگشت ناوچە و مەڵبەندە ڕۆژهەڵاتیەکاندا، لەتەك میتراوە دەپەرسترا. لە ((پانۆنیا)) ی کارۆنتۆم شوێنەواری ((مێهرابە Mithraeum )) یەك تایبەت بە ڕێورەسمی



ستایشکردنی میترا، و ((دۆلیکێنووم Dolichenum )) یێك بۆ مەبەستی پەرستن و ستایشکردن دۆزراوەنەتەوە کە لە نزیك یەکتریەوە هەڵکەوتوونە. باعل Ba'al ی خواوەندی ئاسمانەکان لەگەڵ ئاوەرمەزد کە بە ناونیشانی ژوپیتێر کلّایووس Jupiter-Claeus ناسرابوو، بەیەك دادەنران و میترا کە لەگەڵ خواوەندی خۆری سووریەکان بەیەك دانرا و، بەم چەشنە کۆمەڵە لێکچوون و هاوبەشایەتیەك لەناو ڕێوڕەسم و داب و نەریتەکانی هەردوو ئایینەکەدا بەدیدەکرێن.

## هاوسانکردن و بەیەکدانانی خواوەندەکان و پێکەوەژیانی ئایینەکان، ئایینی ((گەورە دایك)) و ئاناهیتا

ئایینی مەزدایی لە ناوچەی فریژیەشدا، هەمان ئەو شێوە نزیك کەوتنەوە و سازگاریەی دووبارەکردەوە کە لە کۆماژێن جێبەجێیکردبوو و بەدوای دۆزینەوەی ئەو خاڵانەدا بوو کە دەیتوانی زەمینەی درووستکردنی هاوبەشایەتی بێت. هاوپەیمانی میترا و ئاناهیتا ئەم دوو خواوەند و یەزدان ژنە ئێرانیە بابەتێکی زۆر سەرەنجڕاکێش بوو، بۆ مەبەستی هاوسانکردنی دوو خواوەندی گەورەی جەماوەری ئەم نیشتیمانە، واتا ئاتیس Attis و سی بێلێ Sybele . ئەم هاوسانکردنە بەدیهات و بەشێوەیەکی چەسپاو لەناو قاڵبی دوو جووتی پیرۆز لە ئیتاڵیادا ماوە.

کۆنترین مێهرابەیەك کە دۆزرابێتەوە مێهرابەیەکە لە نزیك میترۆن Metroon (پەرستگەی سی بێلێ) کە دەکەوێتە ئووستیا. بەم چەشنەبوو کە پەرستنی میترا لەتەك ئەم یەزدان ژنە فریژیە لە سەرانسەری ئیمپراتۆریدا بەئارەزوو و دڵشادیەوە تەشەنەی کرد و بە هاوکاریەکی پرسۆزانەوە بەڕێوەچوو و ڕابەریکرا. ئەو دوو خواوەندە و یەزدان ژنە لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵێك ناکۆکی سیاسی و سەربازی لە ئارادابوون لەتەك یەکتری جۆرە تەباییەکیان بەدیهێنا کە لە سەر بنەمای لێکچوونی ئایینی و دەروونی دامەزرابوو.

پەیڕەوانی میترا توانیان بەشێوەیەکی شیاو لە ڕۆما، لایەنی سەرەنجی کاهینەکانی (گەورە دایك) ڕابکێشن. لەوڕێیەوە توانیان سوود لە پاڵپشتیکردنی دەستەڵات و هاوڕێیەتی کۆمەڵەکانی ئایینی گەورە دایك وەربگرن. هەروەك باسکرا تەنیا پیاوان مافی بەشداربوون و ئەندامبوون لە ڕێوڕەسمە نهێنیەکانیان هەبوو. هەرلەبەرئەوە دەبوایە پیلان و بەرنامەیەکی بیرلێکراو بۆ بڵاوبوونەوەی زۆرتری ئایینەکە دارێژرابا تاکوو ژنانیش بەجۆرێك بێنەناو ئایینی

میتراییەوە. لەناو ئەم ئایینە بەڕەسەن ئێرانیەدا، کە لەتەك ئایینی میترا گەشەی کرد، ئاناهیتا تاکوو پلەی گەورە دایك بەرزبۆوە و ناسرا. هەروەك چۆن لە پێکهاتەکانی میتراییدا لە قۆناغەکانی سەروو، ڕێبوارەکان تاکوو پلەی باوکی پێش دەکەوتن، هەندێ لە شوێنکەوتووەکانی ئایینی گەورە دایك، دەگەیشتنە پلەی دایك Mathers و ئەگەر لەناو پیاواندا ڕێوڕەسمی برایەتی بەرپادەبوو، شوێنکەوتووەکان بەیەکتریان دەگووت برا، ژنانی ئیمانداریش بە خوشك یەکتریان بانگدەکرد.

ئەم سازگاری و هاوڕێیەتیە کۆمەڵە ئەنجامێکی باشی بۆ ئایینی کۆنی پێسی نووس Pesinus لێکەوتنەوە، کە لەوکاتدا ئایینی ڕەسەنی ناوچەیی بوو و لەلایەن ڕۆمییەکانەوە پەسندکرابوو. ئەو جەژن و ڕێوڕەسمە شکۆدارانەی کە بۆ ئەم ئایینە بەرپادەکران پەردەی شاراوە و نادیاریان بەسەر بێواتابوون و سەرەتایی بوونی ئایینەکەدا هەڵدەکێشا. لەڕاستیدا لە ئایینی پێسی نووس بنەمای فکری بەدینەدەکرا و هەرگیز نەیدەتوانی وەڵامدەری ئاواتی پەیڕەوانەکەی بێت. بەڵام کاتێك کە لە ئایینی میترایی نزیك کەوتەوە بەسوودوەرگرتن و وەرگرتنی کۆمەڵە بابەتێك بەتایبەتی لەبابەت یەزدانناسی میتراییەوە توانی سەنگ و سیمایەکی دیار بەخۆی ببەخشێ.

بێگومان دەتوانین بڵێین قوربانیکردنی گا و ڕێوڕەسمەکانی و بیروباوەڕی پاکژبوونەوە و شووشتن و نەمری و هەمیشەیی بوونی گیان، لە سەردەمی ئانتۆنیۆنەکانەوە لە پەرستنگەکانی ئاناهیتاوە بەرەو پەرستنگەکانی گەورە دیك Mather-magna گواسترانەوە.

## ڕێوڕەسمی قوربانیکردنی گا و شووشتن و پاکژبوونەوە بە خوێنی ئاژەڵ

لەناو ئەم پەرستگایانەدا ڕێوڕەسمی قوربانیکردن زۆر بەتوندوتیژی و نارێکیەوە بەڕێوەدەچوو. قەفەزێکی گەورەی ئاسنین کە شوورەدار و پەنجەرەدار بوو دەخرایە سەر سەردابەیەك و ئەو فێرخوازە تازەهاتووەی کە ڕێوڕەسمی هاتنەناوەوەی تێدەپەڕاند لەسەردابەکەدا و لەژێر پەنجەرەکە پاڵدەکەوت. دوایی گایەکەیان دەکوشتەوە و خوێن بە سەروروو و لەشی فێرخوازەکەدا دەڕژا. پێدەچێت لە ناوچە ئاسیاییەکاندا ئەم جۆرە ڕێوڕەسمە مێژوویەکی دێرینی هەبووبێت*.

* هاشمی ڕەزی لەوکتێبانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی ئەم ڕێورەسم و بیروباوەڕانەی کردووە. ئەم بیروباوەرو ڕێورەسمانە بەندن بەبنەمای "تەوتێمیزم" ولەسێ بەرگی ئایین وکولتووری



ئەمجۆرە شووشتنەوە و پاکژبوونەوانە لەڕێگەی خوێنی ئاژەڵە قوربانیکراوەکانەوە، لە زۆربەی پەرستگەکانی کاپادۆکیا، بەتایبەتی لە پەرستنگەی خواوەندی گەورەی ئەم نیشتیمانە کە یەزدان ژن ماا Maa ی پێدەگووترا و هەروەها لە پەرستنگەکانی یەزدان ژن ئاناهیتادا بەڕێوەدەچوو. ئەم دوو یەزدان ژنە کە لە پەرستنگەکاندا گایان بۆ قوربانیدەکرا، لەلای یۆنانیەکان بە ئارتێمیس Artemis و تائوورۆپۆلس Tauropolos ناسراوبوون و ڕێوڕەسمی پاکژبوونەوە و شووشتنەوە بەخوێنی تائوورۆپۆلیووم Tauropolium ی پێدگووترا و بەهۆی زمانی سەرزارەکی خەڵکی و کرتانەوە شێوەی تائۆرۆبۆلی یۆم Taurobolium ی وەرگرت.

بەڵام کاتێك کە ئەم ئایینانە کەوتنە ژێرکاریگەری و وەرگرتن و ئاخنینی پێکهاتە و بیروباوەڕی میترایی/ مەزدایی، و لەبابەت نەمری گیان و ژیانی دۆماهی فێری کۆمەڵە شتێك بوون، ئەو باوەڕە تۆتمیکە[1] بەراییانەی کە پێیان وابوو بە شووشتن و خواردنەوەی خوێنی قوربانیکراو هێزی جەستەیی گیانلەبەرەکە بۆناو دەمارەکانی خۆیان دەگوازنەوە، بەولاوەنرا و باوەڕیان بەوە هێنا کە ئەم شووشتنەوانە دەبنە هۆی پتەوبوونی هێز و توانای ((ڕۆحی)) گیانی ئادەمیزاد*.

گەلانی سەرەتاییدا ئەم بابەتە بەدرێژی باسکراوە. هەروەها لە کتێبی وەرگێردراوی ئایندەی هزرێك، بەشی پاشکۆی تەوتم و تابۆی هاشمی ڕەزی.

* ئەو بابەتانەی کە دەخرێنە روو، لەم کتێبە وەرگیراوە:

Le taurobole etle culte de Bellone, Published in the Revue dhistoire et literature religieuses .

لە ئایینی "مەزدایی زەردەشتی" یشدا ئەم جۆرە قوربانیکردنانە باو بووە. بۆ مەبەستی هاتنەدی ئاوەتەکان، لەلایەن پەیڕەوان و خانەدانان و فرمانڕەواکان قوربانی پێشکەش بە خواوەندە جیاجیاکان دەکرا. بەڵام خودی زەردەشت بەڕاشکاوی لە گاتاکاندا لەگەڵ ڕێورەسمی قوربانیکردن ناکۆك بووە و بەکارێکی نارەوا و ناشایستی داناوە. بەپێی یەشتەکان تەنانەت سەرەنجی ئەوەدەدرێ کە زەردەشت و هەندێ جار خودی ئاهوورامەزداش بۆ خواوەندانی تر قوربانیان کردووە. بەپێی هەوم یەشت بۆمان روون بۆتەوە کە کام پارچە لە لەشی قوربانیکراو تایبەت بەکام یەك لە خواوەندەکانە. لەیەسنا، سروودی یازدەهەم بەندی چوارەم هاتووە ئاهوورامەزدا بۆ خواوەندی هەوم قوربانیکردووە و لە لەشی قوربانیکراو دوو شویلکە و زمان و چاوی چەپ پێشکەش بەم خواندە دەکات. لە یەشتی یازدەهەم، بەندی چوارەمی "شایست و ناشایەست" یش بەدرێژای باسی ئەوەکراوە کە کام پارچەی بەشی قوربانیکراو پشکی کام یەك لە خواوەند و ئەمشاسپەندەکانە.

کاتێك کە لە ڕۆژگاری شکۆ و گەورەیی ئیمپراتۆریدا، ڕێورەسمی قوربانیکردنی گا لە هەموو شوێنەکانی ئیتالیادا باوبوو، لە سەرەتادا ناوی ئەم یەزدان ژنەی کە ئەم ڕێورەسمەی بۆ بەرپادەکرا نەناسرابوو. هەندێجار بە تیشك و سیمبوولی تینۆس دادەنرا. هەندێجار و بەهۆی تایبەتمەنی جەنگاوەری لەگەڵ مینێرڤادا بەراورد دەکرا. بەڵام کاهینانی سی بێلیٚ بە هەلخوازی و هاودەستی خانەدان و کاربەدەست و پلەدارەکان ئەم ڕێورەسمەیان تایبەت بەم یەزدان ژنە ناساند و لەناو پەرستگەی سی بێلیٚدا بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی زۆری خانەدانەکان ڕەسمی بوونی ئەم ئایینەیان ڕاگەیاند. بەشێوەیەکی گشتی هیچ جۆرە نوێخوازیەك نەیدەتوانی بیٚ پەسندکردنی کاهینەکان و ڕەزامەندی ئەوانەوە لەناو ئەم ئایینە بەناوبانگەدا ڕووبدات*. هەندێجار ئەو کەسانەی کە خوازیاری بەختەوەری بوون و یان ئەوانەی کە نیازێکیان هەبوو، ڕێورەسمێکی گەورەیان بۆ ئەم گەورە دایکە بەرپادەکرد و لەلایەن ئیمپراتۆرەوە بە کۆمەڵە ئیمتیازاتێك خەڵات دەکران. بەڵام هۆکاری ئەو هەمووە سەرەنجدانە بەم یەزدان ژنە ئاسیایە کە

---

هاشمی رەزی لەوەرگێڕانی ڤیندیداد بەپێی پۆلین بەندی بابەتەکان، بەگوێرەی شەریعە و بنەماکانی ئایینی زەردەشتی ریوایەت و گووتەی مۆبەدانی لەم بارەیەوە راڤە کردۆتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی: رێورەسم و داب و نەریتی ئایینی پارسەکان، نووسینی جی جی مۆدی:

J.J. Modi :The Religions Ceremonies an customs of the Porsee, Bombay,1922.

* سی بێلیٚ یەکێك لە یەزدان ژنان و دایك یەزدانانی فریژی بوو کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی سنووری ئیمپراتۆری و یۆنان، لە ژێر ناونیشانی جیاجیادا ستایش دەکرا و پەرستگەیان بۆ بینادەکرد، کۆمەڵە بەسەرهات و ئەفسانەیەکی جیاجیای لەبارەیەوە دەگێڕنەوە. بەیەزدان ژنی پێشگۆیی دادەنراو خەڵکی بۆ هاتنەدی ئاواتەکانیان لە پەرسگەکانیدا کۆدەبوونەوە و قوربانیان بۆ دەکرد تاکوو ئاگاداری رووداوەکانیان بکاتەوە. ئەم یەزدان ژنە لەگەڵ ((گایا)) و ((ریٚ ئا)) بەخواوەندانی "گەورەدایك" و خواوەندی زەوی دادەنران. سی بێلیٚ یەزدان ژنی ئەشکەوتەکان و سیمبوولی زەوی، لەسەر شێوەی بەرایی خۆی مابۆوە. پەرستگەکانی بەزۆری لە شوێنە بەرزەشاخاویەکان درووست دەکران و بەخواوەندی پارێزەری گیانلەبەرانی کێوی دادەنرا. ئەم یەزدان ژنە بەشێوەی خواوەندێك کە تانجێکی لێوارداری تایبەت بە یەزدان ژنانی ئاسایی لەسەرە، و لەسەر تەختێك کە لەسەر دووشێری پاڵکەوتوو دانراوە، پیشاندراوە. هەندێجار سواری کەژاوەیەك بووە کە دووشێر رایدەکێشن و قامچیەکی بەدەستەوەیە کە لە ئێسکانی پەنجەی گیانلەبەرانەوە درووستکراوە.



لەناو ئیمپراتۆری دا دەورێکی زۆری هەبوو، دیارنیە. بنەمای ئەو بیروباوەڕانەی کە بەپێی ئەوان کەسانێك لە ڕێورەسمی قوربانیکردنی گادا، بە خوێنی قوربانیکراو دەشۆران و پاکژدەکرانەوە و لەم ڕێیەوە ئاسوودەیی گیان و نەمریان دەست دەکەوت، دیارنیە.

بێگومان هاوچەشنی ئەم ڕێورەسمانە پەیوەستە بەو شوێنانەی کە شوێنەوارێکیان لێدۆزیوەتەوە، ڕێورەسمی قوربانیکردنی گا وەکوو زۆربەی بیروباوەڕ و نەریتە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێورەسمێك بوو کە بینایەکی تری هەبوو بەڵام لەڕێگەی گۆڕان و گەشەی یەزدانناسییەوە، گەیشتە ئەو بنەما ڕەوشتی و بیروباوەڕییانەی کە شایانی ئایینەکە بێت. ئەمە زانیارییەکی تەواوە کە یەکەمین قوربانیکردنەکان و ڕێورەسمە تایبەتەکان لەلایەن کاهینانی یەزدان ژن یان ئیلاهەی فریژیەوە لە ((ئۆستیا))دا واتا لە هەمان ئەو شوێنەی کە پەرستنگەی ((میترۆن))ەکانە گۆڕا و کرایە مێهرابەی میتراییەکان، بەڕێوەچوو.

## زەوی ((گەورە دایك)) ئاسمانی خواوەندی بەرهەمهێنەر، خۆری میترایی، بەراوردی نێوان خواوەندەکان میترایی و خواوەندەکانی یۆنانی/ ڕۆمایی

بەپێی بونیاتی ڕەوانبێژی و سیمبوولخوازانەی ئایینی میترایی، زەوی یان هەمان ((گەورە دایك)) لەلایەن ئاسمانەکانەوە ئاوس دەکرا. بەم چەشنە پێکهاتە و ئەرك و گەوهەری خواوەندانی یۆنانی — ڕۆمایی لەکاتی هاتنەناو ئایینی میترایی و هاتنیان بۆناو ئەنجوومەنی خواوەندانی ئەم ئایینەوە کە خاوەن سیستەم و پێکهاتەیەکی ڕێك و پێك بوو، گۆڕانی بەسەردا دەهات. زەوی هەمووسالێك لەلایەن ئاسمانەوە ئاوس و باردار دەبوو* و بەم چەشنە بنەما و بینای بیروباوەڕەکانی یۆنانی — ڕۆمایی لەژێر کاریگەری سیستەمێکی بیرمەندانەوە، بە پاراستنی ناوە ڕەسەنەکان، بنەما و بونیاتی بیروباوەڕەکانی ئەم ئایینەی وەرگرت. هەندێجار ئەم خواوەندانە بە خواوەندانی مەزادیی و بەناو و نازناوی ئەوانەوە دەناسێنران و بە ئاگاداربوون لە ئۆستوورە بیانیەکان پەل و پۆیان وەردەگرت. هەندێجاریش بە بەدیهێنەرانی پێشهاتەکانی

---

* ئەگەر زمانی سیمبوول زەوی بەهاوسەر و خاتوونی ئاسمان دادەنیٚ کە بە هۆی ئەوەوە ئاوس و بادار دەبێت، ریشەو رەگی ئەم ئۆستوورەیە لە مەزدەیەسنای کۆنیش بەدی دەکریٚ. توێژینەوەیەکی تێرو تەسەل هاوپێچ لەگەڵ بەڵگەکانی لە وەرگێراوی ڤیندیداد، بەرگی دووم، فەرگەردی ٨، یاداشتەکانی بەندی ١٣ دا هاتووە.

ناو جیهان و یان خولقێنەرەکان پێناسەدەکران. ئەوسا لەکات و زەمەنێکدا خۆر کەوتە ناوەند و ناوکی ئەم ئەنجوومەنەی خواوەندەکان و ئەمەش دووبارە گەڕانەوە بەرەو سرووشت و گرنگی خۆر بوو، چونکە گرنگی و کارامەیی خۆر دەیخواست دەورێکی ئەوەهای هەبێ. خۆر فرمانڕەوای ئاسمانەکان بوو و چاودێری خولانەوەی دیاردە ئاسمانیەکانی دەکرد و تیشك و گەرما و ڕووناکاییەکەی بەپیتی و بەرهەمهێنەری زەوی لێدەکەوتەوە. ئەم هەڵسەنگاندنە بابەتیانەیە کە بنچینەیەکی ئەستێرەناسیانەی هەبوو هەروا تەشەنەی دەکرد، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا بیروباوەڕی میترایی لە بیرو هزری یۆنانی نزیك دەبۆوە و خۆر– میترا لەناو پێکهاتەی بیروباوەڕی ڕۆماییدا وەکوو فەرمانڕەوایەکی لێدەهات.


هۆکاری ستایشکردنی بەرچاوی خۆر، ژیانبەخشی و ڕووناك کردنەوەی جیهان و بەرهەمهێنانی زەوی بوو و هەروەها لەلایەکی ترەوە فرمانڕەوا و دەستەڵاتدار و بەڕێوەبەری ڕەهای گەردوون بوو. هەروەك ئاماژەی پێکرا ئەمە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی بابەتیانەی خەڵك و سیستەم و شێوەی یەزدانپەرستی (شیرك، بوت پەرستی/ پاگانیسم Paganism) بوو. توێژەرەکان بۆ مەبەستی دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکی پەرستنی ڕەهای خۆر و ئەو نەریت و ڕێوڕەسمە بەرفراوانانە، دەبێ سەرەنجی دەوری بەرچاو و گرنگی ئەم ئەستێرە ژیانبەخشە بدەن کە لە چۆنیەتی بەردەوامی و مانەوەی ((بوون/ وجود)) دا هەیەتی. بەرلەوەی کە ئایین ئەم پەروەردەیەی بخاتە ناو قاڵب و شێوە کۆتاییەکەی، کە دەبێ بەشێوەیەکی تەواو ڕەها بەدوای خواوەند و بەدیهێنەردا بگەڕێن و ڕێزی لێبگرین و بیپەرستین، تەنیا یەك ئایینی سرووشتی و عەقڵانی لە جیهاندا هەبوو کە بیناکەی لەسەر بناغەی عەقڵ و زانست دانرابوو و ئەویش هەمان ئایین یان کولتووری خۆرپەرستی بوو*.

---

* Renon: Letter a Barthelot(Dialogues et Fagments Philoso Phiyues), P 168.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مێژووی ئایینی پڕنهێنی میترایی، هاشم ڕەزی، بەشی حەوتەم لەژێر ناونیشانی پێشینەکان و تایبەتمەندیەکانی خۆرپەرستی.





Mithra slaying the bull. On the reverse Cupid and Psyche (broken).



**وێنەی ژمارە ٤١**

١ – هەڵکەندنی سەر بەردی یەشم. لەسەر ڕووی پێشەوەی بەردەهەڵکەنراوەکە، قوربانیکردنی گا بەدەسی میترا پیشاندراوە. لە پشتەوەی بەردەهەڵکەنراوەکە، نەخشی کووپیدۆن Cupidon ی خواوەندی خۆشەویستی ڕۆمیەکان دەبینرێت. ئەم بەردە هەڵکەنراوە شکاوە.

٢ – لەسەر بەردی یەشم: خواوەندی خۆر سواری کەژاوەیەك بووە و چوار ئەسپیش ڕایدەکێشن و گۆیەکی لەناو دەست دایە کە پێدەچێت بەسەر چوار بەشدا دابەشکرابێ. پشتەوەی بەردەکە میترای لەکاتی ڕەپێنانی گادا پیشانداوە.

لە مۆزەخانەی مێترۆپۆلێتان Metropoletanی نیۆیۆرك پارێزراوە.

(P.449،T.et M.)

بەپێی هزری فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ دیاردە ئاسمانیەکان گیانلەبەرانێك بوون کە گیانیان هەبوو و بە خولقێنراوەکانی یەزدان دادەنران. فەلسەفەی ڕەواقی کۆمەڵە هزر و بیرێکی تری خستەسەر ئەم بیروباوەڕە، فیساغۆرەسیەکان و نوێ ئەفلاتۆنیەکان لەچاو پێشەنگەکانیاندا زۆرتر جەختیان لەسەر دۆخی پیرۆزیەتی دیاردەکانی گەردوون دەکردەوە*. ئەم بیروباوەڕانە کە

---

* بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم جۆرە چەمکانە لە عیرفان و حکیمەتی ئێرانی کۆن و عیرفانی ئیسلامی و حکیمەتی ئیشراق، بڕوانە کتێبی. حیکمەتی خۆسرەوانی و هەروەها بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی زانیاری

لەلایەن زاناکانەوە تەییددەکران، بەشێوەیەکی بەرفراوان بەهۆی ئەو نووسراوانەی کە بنچینەیان لەسەر بنەمای ئۆستووره و ئەفسانە دامەزراوە و بەهۆی هزری ئایینی پارێزگارییان لێدەکرا و تەیید دەکران، بڵاوبۆونەوە.

ئەوکات خۆرپەرستی لەگەڵ بیری فەلسەفی سازگار بوو و لەلایەکی تریشەوە هەروەك باسکرا هەل و مەرجی سیاسی ئەو ڕۆژگار بۆ بەرفراوان بوونی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری بەدیاردە و هۆکارێکی سوودمەندی دانا. تارادەیەکی پێویست هەوڵدرا تاکوو پەیوەندی نێوان پەرستنی ئیمپراتۆرەکان و ستایشکردنی خۆری نەبەز ڕوونبکرێتەوە. کاتێك کە لە سەدەی سێیەمی زایینی سیزارەکان جارێ ئەوەیان لێدەدا کە خواوەندن و لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی دابەزیون، دەست مایە و زەمینەیان هەر ئەو بڵاوبوونەوەی خۆرپەرستی و بیروباوەڕەکانی ناو ئەم ئایینە بوو. ئەوان دەیانگووت ئەو خواوەندانەی کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە دەپەرسترێن و لە ئاسمانەکاندا دادەنیشین، وەکوو نوێنەر و جێگر ئەوانیان بەرەو زەوی ناردووە و لەڕاستیدا ئەوان بەجەستە و تیشکی هەستپێکراو و مادی ئەم خواوەندانە دەژمێردرێن. هێلیووگابالووس Helio gabalus پێی وابوو بەعلی ئێمێسا Ba'al of Emesa لە سەرووی خواوەندە شکۆدار و گەورەکان دایە. لەبەرئەوەی گابالووس کەسایەتیەکی بگۆڕی هەبوو، ئەم بیروبۆچوونانەی بوونە هۆی سەرنەکەوتنی. بەڵام ئەم سەرنەکەوتنانە نەبوونە هۆی ناکامی هەمیشەیی، چونکە لەڕاستیدا بەپێی بیروبۆچوونەکەی وەڵامی پێداویستیەکانی ڕۆژگاری خۆی دابۆوە و لەبەر ئەوە پاش سەرنەکەوتنە بەراییەکانی سەرکەوتنێکی زۆری دەستکەوت.

سەبارەت بە بیروڕای نیۆ ئەفلاتۆنیەکان بڕوانە: ((ئێنی ئادەکان)) یان ((تاسووعاکان))، کۆمەڵە بەرهەمی فلۆتین، هەروەها کتێبی ئۆلۆجیا، وەرگێڕان و ڕاڤەکردنی بەفارسی لەلایەن. حسن ملکشاهی، تاران ١٣٧٨، لاپەڕە ١٦٥.





**وێنەی ژمارە ٤٢**

نەخشە هەڵکەنراوەکانی سەر بەردی یەشمی سوور

نەخشە هەڵکەنراوەکانی سەر یەشم: لەناوەڕاست میترای گائۆژەن ڕاوەستاوە و بەدەوریدا سەگ، دوپشك و قەلەباسکە: نانی پیرۆز ((دروون)) لەسەر مێز، دوو مەشخەڵ هەڵگر لە سەرەوە خواوەندی خۆر و مانگ دەبینرێن.

نەخشی ڕووی پشتەوەی سەر یەشم: شێرێك کە هەنگێکی بە دەمیەوەیە، دەبینرێت (شایانی ئاماژە پێکردنە کە لەکاتی ڕێوڕەسمی هاتنەناو پلەی سەربازی و شێرەپیاوی، هەنگووینیان بەسەر زمانی ڕێبوارەکە دا دەڕێشت). لەلای سەرەوە نەخشی حەوت ئەستێرەیە کە ئەفسوونێکی پیرۆز بەزمانی یۆنانی بەدەوریاندا هەڵکەنراوە.

(P.450،T.et M.)

هێلیووگابالووس لە نزیك جادەی فلامی نەینەوە Flaminian بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی دەشتەکانی مارس کە دەکەوتە ئائۆرێلیانەوە Aurelian بینایەکی گەورەی پێشکەش بە خواوەندانێك کرد کە لە سووریادا ببوونە هۆی سەرکەوتنی. ئایینێکی ڕەسمی بۆ وڵاتەکەی دامەزراند کە پێویست بوو لەگەڵ ئایینی میتراییدا جیاواز بێت. لەو پەرستنگە گەورەیەی کە دایمەزراندبوو، بڕیاری دا هەرچوار مانگ جارێك ڕێوڕەسمێکی شکۆدار و کێبڕکێی جۆراوجۆر بەرپا بکرێت. ئەنجوومەنێکی گەورەی کاهینان و پیاوانی ئایینی پێکهێنا کە لەشێوەی پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی بوو، و ئەمانە گشتیان لەگەڵ ئەوشتانەی کە لەبابەت مێهرابەکان و ڕێکخراوەکان و پێکهاتەکانی میترایی دەزانین و شارەزایانین، ناهەماهەنگی هەبوو. بەڵام هیچ

ڕێگەی هەڵبژاردن و ڕاکردنی نەبوو لە بەرامبەر ئەوەی کە خۆری نەبەزی خۆی، دوور و جیا لە خۆری نەبەز و هەمیشە سەرکەوتووی میترایی دابنێت و تەنیا وەبیرهێنەرەوەی خۆری نەبەزی میترایی بێت (وێنەی ژمارە ٤٢).

سیاسەتی ئیمپراتۆری بۆ مەبەستی سەرکەوتن و بەردەوامبوونی سیستەمی دیکتاتۆریانەی خۆی، لەناو ئایینی ڕەسمی سنووری دەستەڵاتدارییەتیدا، بەرزترین شوێنی بۆ خۆر دانا و ئیمپراتۆریش لەسەر زەوی، سێبەر و نوێنەری ئەم خواوەندە بوو. پلەوپایە و ناوی ئەم ئەستێرە شکۆدارە کە بەپێی بیروباوەڕی کلدانییەکان بەخشندەی توانایی و فرمانڕەوایی بوو، لەلایەن مێهرئایینەکانەوە بڵاوبۆوە. پەیڕەوان و وشوێنکەوتووەکان ئارەزوویان بوو کە لە ستایشکردندا بەچاوی خۆیان خواوەندی بەدیهێنەر ببێنن و ئەم بینینەش هەست پێکراوبێت نەك هەست پێنەکراو، جابۆیە ئەم بینینە دەشیا لە خۆر و نوێنەرەکەی لەسەر زەوی ببینرێت. خودی خۆر لەڕوانگەی سووری ئاسمانییەوە فرمانڕەوا و سەروەری گشت دیاردە گەردوونییەکان بوو. فرمانڕەوایەکی یەکتا و ڕەها بوو و ئەم سیفەتە خۆی دەبووە هۆی ئەوە تاکوو سیمای جێگرەکەی لەسەر زەوی بەرجەستە بکات. ماکرۆبیووس (Macrobius 400 زایینی) لە ساتۆرنالیا Saturnalia ی (کۆشك – پەرستگە) کەی بیرمەندانە گووتی خواوەندەکان لە دوواین قۆناغدا وەکوو بوونەوەرێکی تاقانە کە خاوەن کۆمەڵە ئەرکێکی تایبەتن چڕدەکرێنەوە و گشت ناو و ئەرکەکانیان لەناو هێلیووس Helios (خۆر) دا دەتوێنەوە (وێنەی ٤٣).

یەزداننناس و زانای مەعریفە ڤیتی یووس ئاگریووس پراتێکستاتووس Vettius Agorius Praetextatus کە یەکێك لەناودارانی ئایینی میترایی بوو و لەڕیزی خانەدان و خاوەن پلەوپایەکانی ئیمپراتۆری بوو جەختی لەسەر ئەم یەکتاپەرستیە دەکردەوە.

بەم چەشنە لە سەدەی چوارەمی زایینیدا ئایینی میترایی بووە هۆکارێك تاکوو گشت خواوەند و ئۆستوورەو و بیروباوەڕە ئایینییەکان و ئایینە گەشەسەندوو و پێشکەوتووەکانی ئیمپراتۆری یەکبخات و ئەم یەکێتیە بە بناغە و پێکهاتەیەکی فەلسەفیەوە دەوڵەمەندبکرێ، یان خود مەبەستی سیاسی ئیمپراتۆری لەم ڕێگەیەوە بخرێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. ئەم ئایینە ئێستا لە ڕێچکە و بوونیاتە مەزداییەکەی دوورکەوتبۆوە، و بە هەمان ئەو ڕێژەیەش لە یەزدانپەرستی یۆنانی/ ڕۆمایی دوورکەوتبۆوە، بەشێوەیەکی نوێ و لە چوارچێوەیەکی تردا، شێوازێکی تری بوتپەرستی Paganism ی لە نوێوە پێشکەشدەکرد و لە تێگەیشتنی



ئۆستووره و بیروباوەڕی ئایینیدا گەیشتە ئەنجامێك، کە درك کردن و پیشاندان و ناساندنی سرووشتی لە قاڵبی (سیما خواوەند) یەکەیدا قورس دەکرد.

لەم کات و ساتەدا، ئایینی میترایی دوای ئەوەی کە پێکهاتە بنچینەیی ڕۆماییەکانی ئایینەکەی لەناوبرد، دەستی بە چنیین و دامەزراندنی بناغەی سنوور و دەستەڵاتێکی تایبەت بۆ مەبەستی فرمانڕەوایی کردنی ئەو خواوەندە کرد کە بە خۆری نەبەز Invincible-Sun ناسرابوو. ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی کاری ڕێکخستن و سیستەماتێك کردنی ئەم ڕەهەندە بوون، هیوایان وابوو تاکوو بە یەکخستنی گشت ئایینەکان و دامەزراندنی یەك جۆرە ڕێوڕەسمی هاوبەش و تایبەت، ئایینێکی یەکگرتوو دەستەبەر بکەن. چونکە جۆراوجۆری سیستەمی ئایینی لەناو ئیمپراتۆری ببووە بەربەستێك لەبەردەم دەستەڵاتی ئیمپراتۆری. بەڵام پەیڕەوانی نەریت پارێزی میترایی لەبەردەم ئەم هەوڵ و کۆششانەدا دەوەستان و ئامانجیان پاراستنی سەروەری ئایینی ڕاستین لەسەر شێوە و پێکهاتە کۆنەکە و ئەنجوومەنەکانی تایبەت بە خواوەندی خۆر(هەتاوی) بوو. لە کاتێکدا پیلاندانەرە سیاسیەکان بۆ ئەوان مەترسیەکی گەورە بوون.



**وێنەی ژمارە ٤٣**

سۆڵ، خواوەندی خۆر

سۆڵ Sol خواوەندی خۆر لەلایەن میتراوە بۆ سەروەری جیهان هەڵبژێردرا. لەلای ڕاستییەوە گۆچان و گۆی فرمانڕەوایی بەرچاودەکەوێت.

(P.202،T.et M.)

## ڕۆژگاری دژایەتی نێوان ئایینی میترایی و مەسیحیەت و هەڵسەنگاندنی خاڵە هاوبەشەکان

کاتێك کە کافرەکان لەناو جل و بەرگی یەکتاپەرستیدا، لە سنووری ئیمپراتۆری دا هەوڵی لەناوبردنی دەستەڵات و دامەزراندنی دەستەڵاتێکی دیکتاتۆریان دەدا، ڕکابەریەکەی نێوان ئایینی میترایی و ئایینی مەسیحی کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە دەستی پیکردبوو، دوژمنایەتی و دژایەتیەکی زۆری لێکەوتەوە و ئەم دوژمنایەتیەش، هاوشانی تەشەنەکردنەکەیان بەردەوام بوو. سەروچاوەی هەردوو ئایینی میترایی و مەسیحی ڕۆژهەڵات بوو. بە ڕێژەیەکی هاوسان لە سنووری ئیمپراتۆریدا بڵاوبوونەوە، بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێك کە باسیانکرا بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە سەرانسەری سنووری ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆریدا بوو، بەڵام ئایینی مەسیحی لە ڕۆما و هەندێ لە شارە گەورەکان بڵاوبۆوەوە و هەردوو ئایینەکە لە دەوروبەری سەرەتای سەدەی دووەمی زایینی پەیرەوانێکی زۆریان پەیداکرد. کاتێك کە سەیری شوێنەوارەکانی ئایینی میترایی دەکەین ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە، کە ئایا لە ڕۆژگاری سێڤێری Severi دا ژمارەی پەیرەوانی ئایینی میترایی لە ژمارەی پەیرەوانی مەسیحی زۆرتر بووە؟ لە هەردوو ئایینەکەدا کۆمەڵە بابەتێکی هاوشێوە و هاوچەشن و هاوزەمینە بۆ وەرگرتن و ڕێگەپێدانی ڕێبوار و بنەماکانی ئایینی بەدیدەکرێن. یەکێکی تر لە خاڵە هاوبەشەکان زۆری ژمارەی پەیرەوانی سەربە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگا بوو. ئەگەرچی ئەم خاڵە بۆ سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەردوو ئایینەکە دەگەڕێتەوە. ئەگەر سەرەنج بدرێت لەسەرەتادا هەوڵێکی وانەدرا بۆ ڕاکێشانی کەسانی زانا و پایەبەرز بۆ ناو ئایینەکە، بەپێچەوانەی کۆمەڵە خاوەن بیرەکان و ڕێبازە سیاسیەکان کە بانگەشەکەیان ئاراستەی کەسانی زانا و توێژە پایەبەرزەکان دەکرا، چونکە لە ئایینەکاندا ڕاکێشان و بانگەشەکردن لەڕێگەی هەڵچواندنی هەست و سۆزەوە بەدیدەهات بەڵام لە فەلسەفەدا بە عەقڵ و مەنتق و هەڵسەنگاندنەوە ئەم کارە بەڕێوەدەچوو.

لەشێوەی هەڵبڕینی قۆناغ و ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکانیشدا جیاوازی لەئارادابوو. سەرکەوتنی مەسیحیەکان و ئەو سەرکەوتنانەی کە جارناجار بەدیدەهاتن، جوولەکەکانی دڵشاد دەکرد. ئەو جوولەکانەی کە سەقامگیریەکی ئەوتۆیان نەبوو و بەدوای هەل و مەرجێکی لەباردا دەگەڕان و



بۆ یەکەمین جار بوو لەو ناوچانەی کە لەناو (کۆلونیەکان) دا وەکوو بەندکراو دەست بەسەربوون، هەستیان بە پاڵپشتێك دەکرد.

بەم چەشنە مەسیحیەت لە دەوروبەری مەدیتەرانە بە دامەزراندنی کۆمەڵە ئەنجوومەنێك کە پەیوەندیەکی ڕێك و پتەویان پێکەوە نەبوو، شوێنێکی بۆ خۆی دیاریکرد. ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان بەزۆری لەناو شارەکان و ئەو شوێنانە بوو کە ژمارەی دانیشتووانیان زۆربوو. لەڕێگەی توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا و لەژێر ناونیشانی پەروەردەکردنی گەلان Instructing the nations کارەکانی خۆیانیان بەڕیوەدەبرد. بەڵام لە ڕوانگەیەکی ترەوە بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی بەپێی بنەمای هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لەڕێگەی گواستنەوەی کۆیلە لە سنوورە بەرفراوانەکەی و لەڕێگەی سووپاییەکان و هۆکار و ئەرکی سەربازەکان و ڕاسپێردراوەکان و ڕاوێژکارانی گشتی جێبەجێ دەکرا. ئەم شێوازە توانی لە ڕێکخراوە دەوڵەتی و لەشکریەکاندا پەیڕەوانێکی زۆر کۆبکاتەوە. بەڵام ژمارەی مەسیحیەکان لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا کەمبوو و بەپێی کۆمەڵە هۆکارێك لەو کات و ساتەدا ئارەزوو و خواستێکی وەهایان پیشان نەدەدا بۆ دزەکردن و چوونەناو ئەم شوێنانە، چونکە دژی بوتپەرستی یان شیرکی ڕەسمی ئیمپراتۆری واتا پاگانیسم Paganism بوون.

ئایینی میترایی لە دەرەوەی ئیتاڵیادا بەشێوەیەکی دیار لە هێڵە سەر سنووریەکان بوو، کە دەیتوانی چالاکی بۆ گەشەپێدانی ئایینی بنوێنێ، بەڵام هاوشانی ئەم شێوازە لەناو شارەکان و دێهاتەکانیش پرۆسەی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە بەڕێوەدەچوو. بەهێزترین مەڵبەندەکانی چالاکی و بڵاوبوونەوە لە ناوەندی ویلایەتەکانی دەوروبەری دانووبی ئەڵمانیا بەدیدەکران، لەکاتێکدا کە ئایینی مەسیحی لە ئاسیای بچووك و سووریا بەخێراییەکی زۆرتر بڵاودەبووەوە. بەم چەشنە سنووری بنەڕەتی و سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئەم دوو ئایینە یەك شوێن نەبوو، بەم پێیە توانیان بۆ ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی ڕوبەڕووی یەکتری ببنەوە و دژبەیەك بوەستن، سەرقاڵی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان بن.

لەماوەی سەدەی دووەمی زایینیدا، هەر دوو ئایینەکە لە دۆڵی ڕۆن و ئەفریقا و بەتایبەتی لە شاری ڕۆمادا شوێن و دەورێکی باشیان دەستەبەر کردبوو و بەهێز ببوون و بواری دژایەتی و ڕوبەڕووبوونەوە ڕەخسا بوو. خاڵی سەرەنجڕاکێش ئەوەبوو کە یەکێك لە دیارترین لایەنەکانی

دژایەتی و ململانێی نێوان ئایینی مەسیحی و میترایی لایەنی لێکچوونی بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمەکانیان بوو. پەیرەوانی هەردوو ئایینەکە بەشێوەیەکی نهێنی و شاراوە چالاکی و ڕاگەیاندن و ئەنجوومەنەکانیان بەڕێوەدەبردن. پەیڕەوانی هەردوو ئایینەکە بە هاوئایینانی خۆیانیان دەگووت ((برا))* و داب و نەریت و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانیان خاوەن تایبەتمەندیەکی هاوچەشن بوون. پەیرەوانی هەردوو ئایینەکە ڕێوڕەسمی تایبەت بە شووشتن بۆ پاکبوونەوەی سیمبوولییان هەبوو و بەشێوەیەکی یەکسان بۆ ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردە ئاهریمەنیەکان و گیانە ناپاکەکان هێزی مەعنەویان کۆدەکردەوە، و بەشداری دوایین ئێوارە خوان یان ((عیشای ڕەبانی)) یان دەکرد و چاوەڕوانی ڕزگاربوون و بەختەوەریان دەکرد. ڕۆژی یەکشەمە Sundey ڕۆژی خۆر، بۆ هەردووکیان پیرۆز و شکۆدار بوو. لە بیست و پێنجەمی دیسامبەر کە ڕۆژی لەدایکبوونی خۆر بوو جەژن بەرپادەکرا، هەمان ئەو ڕۆژەی کە لە سەدەی چوارەمی زایینی بەولاوە تاکوو ئەمڕۆ بەناوی کریسماس، بەردەوام بە ڕۆژی جەژنی زایینی دانراوە**.

* لەم بارەیەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە تەنانەت زاراوەی "بەرێزترین برایان" بەرلەوە لەلایەن ژووپیتێر دۆلی کنووس لە ئەنجوومەنی ژووپیتێری و هەروەها ئەنجومەنەکانی میترایی بەکار هاتووە.
Fratres Carissimos et Conlegas hon (estissimois) and Probably also an the Mittraic associations.

** بۆ مەبەستی زانیاری زیاتر لەبارەی بەراوردکردنی بیست و پێنجەمی دیسامبەر کە ڕۆژی لەدایکبوونی خۆرە و پەیوەندی بە ئایینی مێهرەوەیە، بڕوانە کتێبی: دەمژمێری و جەژنەکانی ئێرانی کۆن، بەشی (یەڵدا)، هاشمی ڕەزی، لاپەڕە ٥٣٧. هەروەها: مێژووی ئایینی پڕ نهێنی میترایی.





**وێنەی ژمارە ٤٤**

سیمای خەمباری خواوەند

پەیکەری ئەسکەندەر لەسەرە مەرگدا. ئەمە نموونەیەکی هونەری پەیکەرتاشی ڕێبازی ((پێرگامۆن Pergamon)) ە و بۆ سەدەی دووەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. پەیکەری ئەسکەندەر وەکوو خواوەندێکی هەتاوی، بە سەری میترا لە کاپیتۆل دۆوزاوەتەوە (بڕواننە وێنەی ژمارە ٤) لە سیمایەوە خەمباری و حاڵەتی ئازار دەبینرێت کە خاوەن تایبەتمەندیەکی سەرەنجڕاکێشە. ئەم حاڵەتە لە گشت ئەو نەخشە هەڵکەنراوانەی کە گا بەدەستی میترا قوربانیدەکرێ دەبینرێت. ئەم وێنەیە هی پەیکەرەیەکی نۆژەنکراوەیە، بۆیە ناتوانین بەوردی بەدیاربخەین کە بەوێناکێشانی ئەم حاڵەتەی سیمای ئەسکەندەر لە ڕێبازی ئاسیایی میترای گائۆژەنەوە سەری هەڵدابێ.

(P.185،Introduction،T.et M.)

هەروەها لە هەردوو ئایینەکە کۆمەڵە یاسا و پیلانێکی هاوبەش بۆ مەبەستی بەڕێوەبردن و یەکخستنی پەیرەوەکان، بە تایبەتی لەبارەی بابەتە ڕەوشتیەکان ڕێکخرابوون. ستایشی شێوەی ژیانی دەروێشی و دوورەپەرێزی و خۆڕاگری دەکرا. خۆڕاگری لە بەرامبەر خواستی دەروونی و هەوا و نەفسی سەرکەش و دوورەپەرێزی لایەنێکی پێویستی ڕێگەی ڕێبواری و شوێنکەوتوویی بەژمار دەهاتن. سەبارەت بە گەشەی جیهان و چارەنووسی مرۆڤ بیروباوەڕێکی هاوسانیان هەبوو. باوەڕیان بە بەهەشت و دۆزەخ و ڕۆژی دۆماهی هەبوو. بەهەشت لە هەرێمەکانی سەرەوەی ئاسمان و دۆزەخیش دەکەوتە قووڵایی زەوی کە شوێنی ئاهریمەن و شوێنکەوتووەکانی بوو. پێیان وابوو جیهان لەگەڵ کەوتنەوەی تۆفانێکی گەورە و تۆقێنەر دامەزراوە، و پێیان وابوو کە پەیدابوونی ئایین و مەزەب بۆ هەستی بەدواداگەڕان و سەرسام بوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. بە ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە و تۆقێنەر ژیان کۆتایی پێدەهات و جیهان لەناودەچوو و دوای ڕۆژی دۆماهی و دادگایی کردنی گیانەکان باوەڕیان بە نوێ بوونەوەی جیهان (فەرەشکەرد[٢] Frashkard) هەبوو.

خاڵێکی تری هاوبەشیان لایەنی ناوەنجی یان ((ناوەنداربوون)) ە. بەپێی بیروباوەڕی ئایینی میترایی ئەم خواوەندە بە ((ناوەندار یان سنووری ناوەنجی)) ناسراوە کە لەگەڵ لۆگۆس Logos ی ئەسکەندەرانیدا بەراورد دەکرێ. نازناوی ناوەنجی Mediator یان ((بەرەوان)) کە تایبەت بە میترا بوو، نازناوێکە کە بۆ مەسیحیش دانراوە. مەسیحیش ناوەنجیە، ناوەندی نێوان باوکی ئاسمانی Celestial Father و کۆمەڵانی خەڵك و هەروەها یەکێك لە گۆشەکانی سێ گۆشەی ((سێ لایەنیەتی)) یە. ئەم خاڵە هاوبەشانە لەلایەن توێژەرە موشریکەکانەوە دەست نیشانکراون.

پێدەچێت ئەوان پەیکەری میترای گائۆژەن کە بە سیمایەکی خەمبارانەوە بەوێناکێشراوە و بە نابەدڵی گایەکە دەکوژێتەوە (وێنەی ٤٤) بە پەیکەری بەدیهێنەر و ڕزگارکەری مرۆڤایەتیان دانابێت و لەگەڵ وێنەی عیسادا کە بۆ مەبەستی ڕزگارکردنی جیهان خۆی فیداکرد، بەراورد دەکەن*.

* بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی پێشینەی قوربایکردنی گا لەناو سروودەکانی زەردەشت و بیروباوەڕەکانی مەزدایی و ئۆستوورەکانی ئێرانی، بڕوانە کتێبی: مێژووی ئایینی پڕنهێنی متیرایی، هاشمی رەزی.



لەلایەکی ترەوە بابەتی ناونیشان و نازناو شایانی ئاماژە پێدان بوو. پیاوانی گەورەی کەنیسە ناونیشانی ((پەیامبەر)) و ناردراو Prophet Mayachi و یان ((خۆری دادپەروەر Sun of Justice )) یان لەگەڵ ((خۆری نەبەز)) بەراورد دەکرد. دوایی بەراوردی نێوان بڵێسەکانی تیشکی خۆر کە وەکوو سیمبوولێك بەدەوری سەری خۆری نەبەز دا دەبینرا لەگەڵ تریفەی ڕووناکایی دەوری سەری عیسا کرا و بە هەمان ئەو ڕووناکاییە دانرا کە جیهانی ڕۆشن کردەوە. لەکۆتاییدا ئەو بریسکە هەتاویەی کە لەناو میتراییەکان بە سیمبوول و هێمای دیاری خواوەندی پایەبەرزی خۆر دادەنرا، لەلایەن ئۆرتۆدۆکسەکانەوە[٣] وەکوو سیمبوول و هێمای خواوەندی عیسای مەسیح ناسرا و مۆرکی مەسیحیەتیان پێدا. لەماوەی سەدەی پێنجەم، ڕەگ و ڕیشەی موشریکانەی خۆرپەرستی وەها بەقووڵی و شاراوەیی لەناو دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی ڕووچووبوو کە نەك تەنیا خۆرپەرستانی موشریك یان پەیرەوانی میترا بەڵکوو پەیرەوانی مەسیح و کەنیسەش هێشتا لە نەریتە کۆنەکان دوورنەکەوتبوونەوە و تەنانەت لەکاتی هەڵاتنی ڕۆژ بەرەو ڕۆژهەڵات ڕادەوەستان و کرنۆشیان بۆ دەبرد و ستایشیان دەکرد. بەپیتی و بەرهەمەکانی خۆت پێشکەشی ئێمە بکە*.

لێکچوونێکی زۆر لە نێوان پەرستگەکان میترایی واتا مێهرابەکان و کەنیسەکاندا بەدیدەکرا، کە گەورە پیاوانی ئایینی و بەڕێوەبەرانی هەردوو لایەن دەیانویست لەڕێگەی ئەمەوە سەرنجی مرۆڤەکان بەرەو ڕووی خۆیان ڕابکێشن. لە سەدەی سێیەمی زایینیەوە کە بڵێسەکانی دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە تەشەنیان کرد، فەیلەسووفانی یۆنانی هەوڵیان دا تاکوو بە دروستکردنی هەندێ پەیمان و پێشەکی، گونجان و سازشێك لەنێوان پەیرەوانی ئایینی بەڕەسەن ئاریایی و مەسیحیەکان دروستبکەن کە ئەمە خۆی دەیتوانی ببێتە هۆکاری دڵارامی و ئاسوودەیی و دڵنیایی فەیلەسووفەکان. هەردوو لایەن یەکتریان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانیان لەلایەن ئەوی ترەوە بەکاربردراوە؛ بەڵام مەسیحیەکان بەردەوام

* بڕوانە: وەرگێڕاوی خۆرنیایش لەکتێبی ئایینی مێهر، هاشمی رەزی. لە نەریتی مەزداییدا لە ناو سروودی خۆر، بەندەکان و پەیرەوانەکان لەبەردەم خۆر بەدەست نوێژ"دەست شووشراو" رادەوەستان و نوێژی رۆژ(خۆر) یان دەکرد. هاشمی رەزی لە کتێبی حیکمەتی خۆسرەوانی سروودەکانی نیایشکردنی خۆری لە روانگە جیاجیاکانی فەلسەفەی ئیشراق لێکداوەتەوە.

تۆمەتەکانی خۆیان بەسەر میتراییەکاندا زۆرتر دەکرد. پەیڕەوانی کەنیسە پێیانوابوو ئەو هەمووە لێکچوونانە، بەهۆی لاساییکردنەوە لە داب و نەریتە پیرۆزەکانی ئەوانەوەیە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر بەرهەمە نووسراوەکانی میترایی مابانەوە ئەم تۆمەتانە بەشێوەیەکی یاسایی و دادگاپەسندانە بەرۆکەی خۆیانیانی دەگرتەوە.

ئەگەربێت و توێژینەوەیەك بكرێت کە چ شتێك بۆتە هۆی ئەوە تاکوو خەڵکی ئەو سەردەم دابەشی سەر دوو پۆل و گرووپی ئایینی بن، لەوانەیە ئەم پرسیارە بێ وەڵام بمێنێتەوە. هەروەها زانیاریەکانی ئێستا لەبابەت ڕێوڕەسم و نەریت و نیایشەکانی ئایینی مەزدەیەسنایی — ڕۆمایی Roman-Mazdaism و هەروەها بەهەمان ئەو ڕێژەیەش مەسیحیەتی سەرەتایی بەپێی ئەو شتەی کە لە سەرەتادا وابوو کەمن و ناتوانین بەڕوونی و ئاشکرایی کاریگەریەکانی ئەم دوو ئایینە بەسەریەکتریدا بەراوردبکەین و هەڵسەنگێنین و ئەنجامێکی متمتانە بەخش پێشکەش بکەین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناتوانێت لێکچوونی ڕێوڕەسم و بیر و تەنانەت بینای پەرستنگەکانیشیان بەلاساییکردنەوەی تەواو لەیەکتری بێت. بەڵام بنەمایەکی سەرەکی هەیە کە دەبێ لێیبکۆڵدرێتەوە و بیری لێبکرێتەوە و ئەویش سەروچاوەی هاوبەشی ئەم دوو ئایینەیە. ﴿ کاتێك کە بەدوای سەرچاوەی وەرگرتن و لاساییکردنەوەوە بین، دەبێ کەمێك بەرەو دواوە بگەڕێنەوە و ڕەچەڵەك و بنچینەی لاساییکردنەوەکان لە سەروچاوەی ڕۆژهەڵاتیەکاندا بدۆزینەوە﴾ و جگە لەوە پێویست بە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی تایبەت دەکرا کە لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر گواسترابێتەوە.

هەوڵ و کۆششێکی زۆر کرا تاکوو گەورەپیاوانی کەنیسە هەستن بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی بابەتە هاوسانەکانی ئایینی میترایی، کە لەگەڵ ژیان و ڕێوڕەسم و نەریتەکانی عیسای مەسیحدا هاوسان بوون و لەلایەن مۆغە میتراییەکانیشەوە زۆر بەڕێزەوە سەیری دەکرا؛ وەکوو بابەتی بوونی شوانەکان لەکاتی بەرێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان، ڕێوڕەسمی خواردنی پیرۆز و میعراجی خواوەند، کە هاوچەشنەکەی لە ئینجیلە چواردانەییەکاندا هاتووە. بەم چەشنە ئەو کەڵەکە بەردەی کە خواوەندی ڕووناکی لێیەوە لەدایکبوو بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو تەختە بەردە سیمبوولیکەی کەنیسە کە هێمایەکی هێز و توانای عیسای مەسیحە. ئەو ئەشکەوتەی کە گای هەوەڵین ﴿گێئوش ئیڤاگدات Geush-Evagdat[٤]﴾ لەوێدا لەلایەن میتراوە قوربانیکرا، بەو ئەشکەوتە دانرا کە لە بەیت للەحم Beth Lehem عیسای مەسیح تێیدا لە



دایکبوو[*]. بەمجۆرە لە بەرامبەر یەکدانان و بەراوردکردنە لە دوو ئایینەکەدا بابەتێکی گاڵتەجارانەی لێکەوتەوە. بەپێی بیروباوەڕێکی پەیڕەوانی ئایینی میترایی، لە چاوەڕوانی

---

* "م . ج . ڕێڤیل پێی وایە ئەو چیرۆکانەی کە لە ئینجیل دا لەبارەی لە دایکبوونی عیسای مەسیح هاتووە و ریوایەتی مۆغەکان لەبارەی ستایشەوە، لە چیرۆکەکانی میتراییەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام لەکاتی دەربڕینی ئەم گریمانەیە بەڵگەیەك بەدەستەوە نادات:

M. Jean Reville: Etudes Publiees en Hommage ala Faculte de theologie de Montaubanm, 1901, PP. 339 etseq .

"م . ئا . دیێتریش "یش لە نووسینێکیدا لە بارەی پێکهاتەی چیرۆکی فرمانڕەواکان یان ناودارانی مۆغ کە بۆ ستایشکردنی کۆرپەی مریەم دەچنە ناو ئاخورەکەوە، کۆمەڵە بابەتێکی هێناوە کە زۆربەیان خەیاڵی رووتن، تاوەکو راستیەکی تەواو. دیێتریش دەیەوێ بسەلمێنێ کە ستایش کردن و رێزگرتنی شوانەکان لە دیاردەی لەدایکبوونی میترا، لەلایەن مەسیحیەکانەوە لە چیرۆك یان ئۆستوورەیەکی مەزداییەوە وەرگیراوە:

Zeitschr. F. Neutest Wiss., 1902, P190 .

بەڵام دەبێ لێرەدا سەرنجی ئەو خاڵە بدەین کە بیر و باوەڕو ریوایەتەکانی مەزدایی لەبارەی لە دایك بوونی میترا لەگەڵ ریوایەتەکانی مەسیحی جیاوازیەکی بەرچاویان هەیە:

(cf. T.et M., vol. I., PP.160 et seq).

بەلام دەبێ لێرەدا سەرنجی ئەو دەسکەوتانە بدەین کە لەناو تایە مەزەبیەکانی ئێسێنەکان  کە لە ناوچەکانی دەوراوپشتی فەڵەستین دەژیان و داب و نەریت و رێورەسمەکانیان زۆر لە ئایینی مەزدەیەسنان و بەتایبەتی مۆغەکانی زەردەشتی و میترایی دەچوو. لەم توێژینەوانەدا کە باسی عیسای مەسیح و گومانی لە خاچدان و کەسایەتی راستەقینەی دەکرێ، چەندخاڵێکی گرینگ لە ناو لاپەرەکانی مێژووی ئایینەکان بەدی دەکرێ. هەروەها ئەو بەراوردانەی کە لە نێوان ئەفسانە هاوبەشەکانی ژیانی مەسیح و میترایی کراوە، بێ زانیاری لە بارەی تایە مەزەبیەکانی ((ئێسێنی)) ەکان لێکۆڵینەوەیەکی کامڵ نییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە مێژووی ئایینیەکان، بەرگی سێیەم سەرهەڵدانی فەلسەفە. هاشمی رەزی، لاپەرە١٢٦٠، هەروەها خودی  ئەم کتێبەی کە ئێستا لەبەردەستتانە بەپێیی پۆلینکردنی بابەتەکان. تاران ١٣٤٢ و کتێبی میتراییزم، ئایینی مێهر چاپی یەکەمەکەی، هەروەها کتێبی: مێژووی ئایینی پڕنهێنی میترایی کە بەدرێژای باسی لێوەکراوە. لەم بارەشەوە کتێبی ئێرنێست رێنان زۆر گرینگە:

Ernest Renan: Histort of the people.

ڕزگارکەرێکی ئۆستوورەیی دابوون. میتراییەکان لە هەست و بنەما فکری و هەست و سۆزە ئایینیەکانی مەسیحییەکان تێنەدەگەیشتن؛ ئەو پەروەردە و باوەڕانەی کە لە پەروەردەکانی مەسیحی لە خاچدرا وەوە سەرچاوەیان دەگرت.

لەلایەکی ترەوە شێوەی ئۆرتۆدۆکس کە بە ئەسپایی لەناو ئایینی مەسیحیدا دروست دەبوو، لە سەرەتای سەدەی یەکەمدا کاریگەری و بەرهەمەکانی خۆی خستەڕوو. ئەم لقەی ئایینی مەسیحی لەناو ئایینی میتراییدا کۆمەڵە هاوشێوەییەکی هاوسان و دیاری دەبینی کە لەناو هیچکام لە ئایینە شیرکخوازەکانی ئەوددەمدا نەیدەتوانی ئەم نزیکایەتی و هاوچەشنیە بدۆزێتەوە و سوودی لێوەرگرێ. هەروەك ئاماژەمان پێکرد بەتەواوی نازانین کە ئایا تاچ ڕادەیەك داب و ڕێوڕەسم و بیروباوەڕەکانی مەسیحیی و ڕێوڕەسمی سێ جار نوێژکردن و ستایشکردنی خۆر لە بەرەبەیان و نیوەڕۆ و دەمەو ئێواران دزەی کردبووە ناو نوێژ و ڕێوڕەسمەکانی کەنیسەیی. و دوای سێ سەدە تازە کەنیسە بیست و پێنجەمی دیسامبەری بەڕۆژی لەدایکبوونی عیسا ڕاگەیاند، چونکە لەدایکبوونی خۆری نەبەز و ڕۆژی دۆماهی و دووبارە ژیانەوەی خۆر کە هاوکات بوو لەگەڵ شورشی هاوینی و ئەم ڕۆژە، لەلایەن میهرئایینەکانەوە لە سەرجەم ناوچەکانی ئیمپراتۆریدا جەژن بەرپادەکرا. لە ڕۆژی بیست و پێنجەمی دیسامبەر جەژنی لەدایکبوونی خۆر بە ڕێوڕەسمێکی زۆر گەورە و شکۆدار و بەخۆشی و شادی لە جیهاندا، بەرپادەکرا. بەڕێوەبەرانی کەنیسە بە هەلخوازی و ژیریەوە ئەم ڕۆژەیان بە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح دانا و بەپێی توانا و تا ئەو شوێنەی کە ڕەخسا هەوڵیان دا پێشی ئەو ڕێوڕەسم و نەریتە کوفرئامێزانە، کە لەم جەژنە دا باوبوو، بگرن و تارادەیەك چاکسازی تێدا ئەنجام بدەن.

لەیەکەمین کتێب کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، کۆمەڵە بەڵگەیەکی باش خراوەتە بەردەست. هەروەها لێکۆڵینەوە لە ئایینی مەسیح، مهندس جلال لدین ئاشتیانی. تاران ١٣٦٨، لاپەرە ١١٧ بەولاوە هەروەها ئەو سەرچاوانەی کە کۆمۆن لە ڕیزبەندی سەرچاوەکانی کتێبی"نهێنیەکانی ئایینی میترا" لاپەڕە ٢٣٩ چاپی ١٩١٣ دا هێناویەتی.





**وێنەی ژمارە ٤٥**

نەخشە هەڵکەنراوی مایێنس Mayence

لای چەپی بەردە هەڵکەنراوەکە: نیگاری میترا کە کەمانێکی بەدەستەوەیە هەڵکەنراوە.

لای ڕاست: خواوەندی بایەکان — کە لە هەندێ لە نەخشە هەڵکەنراوەکانی میترایی لە گۆشەکانی نەخشەکاندا دەبینرێت.

ئەگەر لە بواری بیروباوەڕ و داب و نەریتی ئایینی ناتوانین بۆچوونێکمان هەبێت، لەبواری هونەر بەڕوونی و ئاشکرایی دەتوانین کاریگەری هونەری میترایی بەسەر هونەری مەسیحیدا دەست نیشان بکەین و پەنجە لەسەر لایەنەکانی لاساییکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە هونەری میترایی دابنێین. پەیکەرتاشی میترایی لە سەرەتاوە کە دەستی بەکارکرد، نموونەیەکی وێنەیی زۆر دیاری بۆ نموونەکانی مەسیحی بەدەستەوەدا. بەردتاشانیمەسیحی یەکێك لەو نموونە دیارانەی کە بۆ نموونەسازی هەڵیانبژارد، وێنەی میترا بوو کە بە پێکانندنی تیر بەرەو تەختە بەرد، ئاوی ژیانبەخشی لە دڵی بەردەکەوە هەڵقوڵاند. ئەم نموونانە بوونە هۆی ئەوە تاکوو وێنەی ئەو دیمەنەی کە مووسا بەگۆچانەکەی دەستی تەختە بەردەکانی چیای هۆریب Horeb ی بۆ هەڵقوڵانی ئاو هەڵدەقەڵێشێ، دروستبکرێ* (وێنەی ٤٥). ئەو هونەرمەندە


* ... خواوەند بە مووسای گووت بەرەو نەتەوەکەت بڕۆ و هەندێ لە ریش سپیەکانی ئیسرائیل لەگەڵ خۆتدا بەرە، و گۆچانەکەت لە ئاوەکە بدەو بەدەستەوت بیگرەوەو بەرەوپێشەوە بەرێکەوە. من لە وێدا لەبەرامبەر تۆ

مەسیحیانەی کە لەسەر نەریتە دێرینەکان ڕاهاتبوون، پەیکەری خواوەندەکانی گەردوونی وەکوو خواوەندی ئاسمانەکان و بایەکانیان کە مەسیحیەت دژی ستایشکردنیان بوو، لەناو قالّبی پەیکەر و نەخشە هەڵکەنراوەکاندا بەرجەستەکرد. زۆربەی وێنە سیمبوولیکەکانی میترایی لەسەرەتادا بە قەبارەی بچووك لەسەر تابووتە بەردینەکان و تەنانەت لە سەردەرگاکانی کەنیسە بەشێوەیەکی ڕازاوە و شکۆدار هەڵدەکەنران و سەردەمێك لە جوانترین و ڕازاوەترین شوێنەوارەکانی سیمبوولیکی ئایینی و جوانکاری ناو مێهرابەکان و ئەشکەوتە پیرۆزەکانی میترایی بوون.

لەسەر ئەو گردەی کە دەگەڕێتەوە هۆریب رادەوەستم  و لە تەختەبەردەکە دەدەی تاکووو ئاوی لێبێتە دەر و گەلەکەت بیخواتەوە: سێفری دەرچوون — بەشی ١٧ بەندی ٧-٥.

هوریب دەکەوێتە کێوی سینا، یان خود نیمچە دوورگەی سینا و یەکێك لە لوتکەکانی ئەم چیایەیە.





ئەم وێنەیە لە کتێبی مێتۆلۆژی جیهانی یەوە وەرگیراوە.



وێنەیەکی نایابی سی بێڵێ. لە کتێبی مێژووی کووشانیەکانەوە وەرگیراوە.



بەڵام زێدەڕەوی لەبابەت ئەم لێکچوونانەوە (لە هەردوو لاوە) شـێوازێکی شایـستە و بـاش نەبوو. ئەگەرچی لـەناو ئـاییینی مەسـیحی و میتراییـدا لایـەنی لێکـچوون زۆرن، بـەڵام لـەو شوێنانەی کە لێکچوونەکانیان لە بنەڕەتترین بنەماکانە، دەتوانین جیاوازیەکانیان دەست نیـشان بکەین. یەکێك لەم بابەتانە بابـەتی شـوێنکەوتوویی و پاکییـە کـە بـە پاکژبوونـەوەی دەروون دەهاتەئاراوە؛ و ئەوی تر تەواوکەری ئەم بابەتەیە، واتا باوەڕبە ڕۆژی دۆمـاهی و جیهانەکـەی تر و نەمری گیانە. یەکێکی تر لە بابەتانەکانی جیاوازیان، بابەتێکی بنچینەییە سـەبارەت بـە پەیوەندیان بە بوتپەرستی و شیرکی ئیمپراتۆری ڕۆم ، ئەو شیرك و بوتپەرسـتیەی کـە لەلایـەن ئیمپراتۆریـەوە بەشـێوەیەکی فـەرمی پاڵپـشتی لێـوە دەکـرا. ئـاییینی میترایـی لەڕێگـەی سازگاریکردن و هاوتەریب بوون و تەنانەت پەسندکردنی هەندێ بابەت، دەیتوانی لەگەڵ بنـەما شیرکخوازەکانی ئیمپراتۆری بێتـەوە. لەڕاسـتیدا ئـاییینی میترایـی هـەوڵی دەدا تـاکوو جـۆرە یەکتاپەرستیەك بڵاوبکاتەوە کە دژایەتی لەگەڵ فرەیەزدانیدا نەبێت. بەڵام کەنیـسە بەتونـدی و بێ هیچ جۆرە سازشکردنێك دژی گشت شێوازەکانی بوتپەرستی و ئەو شـیرکە بـوو کـە لـەناو ئیمپراتۆریدا باوبوو. لەکاتێکدا شێوەی کارکردنی ئاییینی میترایی لەم بارەوە بەپێی شێوازێکی بیرمەندانە بوو و خاوەن بەرنامە و پیلانێکی دریژخایەن و سازگاریش بوو.

بەپێی سەرەنجدان بەو تایبەتمەندیەی ئاییینی میترایی، گشت ئەو کەسانەی کە دەترسـان لـە داب و نەریت و ڕێوڕەسـم و بیروبـاوەڕی دێرینـی ئـاییینی دوورکەونـەوە، بـەرەو ڕووی ئـاییینی میترایی هاتن.کۆمـەڵانی خەڵکی بـەدوای هەڵبـژاردنی ئاییینێکـدا بـوون کـە قورسـایی بـاری دەروونــی و ئــەو پاڵپەســتۆیانەی کــە بــەهۆی نالــەباری ڕۆژگــار و هەســت کــردن بــەتاوان و نائاسوودەیی گیان هاتبوونـە ئـاراوە، کـەم بکاتـەوە و بەشـێوازەکانی پاکژبوونـەوەی گیـان و دوورەپەرێزی ڕەوشتی و پاکبوونەوە موژدەی جیهانێکی خۆشتر و ژیـانێکی ئاسـوودەتریان پـێ ڕابگەیەنێت. ئاییینی میترایـی دڵەڕاوکـە و ترسـی دوورکەوتنـەوە و تـەرك کردنـی بیروبـاوەڕ و نەریتەکانی باب و باپیرانی بەسـەر کەسـدا نەدەسـەپاند، بـەڵکوو ئـەم ئاییینـە خواوەنـدەکانی ئەمانەی وەکوو ئەندامانی ناو کۆڕی خواوەندەکانی میترایی وەرگرتبوون. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئاییینی مەسیحی لەلایەن نەیارانیەوە تووشی ئازار و بەربەست ببـۆوە، هێـز و دەسـتەڵاتی کەنیسە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو، چونکە سیاسـەتی ئاسـانکاری و ڕێگەپێـدانی ئەنجوومەنـەکانی میترایی وایانکردبوو کە بەئاسانی و بێ بەربەست گەشە بکات. لەسەرەتادا ئـەم شـێوە و ئـەم

چەشنە سیاسەتە وایکرد کە دەزگا و ڕێکخراوەکانی حکوومی پێشی پێنەگرن و دواتر وەك ئاماژەکرا لەلایەن دەستەڵاتدارە حکوومی و بەرپرسە ڕەسمیەکانی دەوڵەتیشەوە پشتگیری کرا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم سیاسەتە ئەنجامێکی باشی هەبوو، نەبووە هۆی ئەوەی تاکوو هەندێ لەلایەنە لاوازەکانی ئایین ببنە هۆی لەناوچوونی ئایینەکە. کۆمەڵە خورافیات و ڕێوڕەسمێکی نەشیاو خزابوونە ناو ئایینەکە و گەشەیان کردبوو. ئەم ڕێوڕەسم و داب و نەریتانە هەم شێوە بنەڕتیەکەی یەزدانناسی ئایینی تێکدابوو و هەم ئایینەکەی بە ڕێوڕەسمی نەشیاوی مەینۆشینی سەربە ئاتیسەوە* دەلکاند. ئەگەر ئایینی میترایی — مەزدایی بەڕۆمایی کراو

* کۆمۆن بە وردبینی و ژیرانە دەڵێت بە هۆی ئەو لایەنە لێکچوونانەی کە لە نێوان ئۆستوورەکانی میترا و ئاتیس لەئارادابوون، زۆربەی ئەو ڕێورەسمە نەشیاوانەی کە بە مەی نۆشین و خواردنەوەی رادەبەدەر و ئاوێتە بوونی جنس و سەمای زۆر توند کە بەژداربووانی بەرەو شێوەیەکی شێتانەو بێ ئاگایانە پاڵ دەدا و لەم کاتانەدا بە زنجیر و چەقۆ جەستەی خۆیان دەئەنجنی و خوێنێکی زۆریان دەڕژاندە ناو پەرستگەی پیرۆز و پڕنهێنی سی بێلێ و ئاتیس و... ڕێگەی کەوتە ناو ئایینی میتراییەوەو ئەنجومەنەکانی میترایی یان نەیانتوانی یان نەیانوسیت پێشی ئەم کارانە بگرن کە بەناوی میتراوە ئەنجام دەدرا. ئەمەش وایکرد کۆمەڵانێکی زۆری خەڵکی لەم ئایینە دوورکەونەوە.

ئاتیس کوڕی ((کرۆئیسووس))ی فرمانڕەوا بوو کە بەپێی چیرۆك و ئوستوورە ئاڵۆز و سەیرەکانەوە لە یەزدان ژنانی ئۆلێمپ دڵبەرێك دەدۆزرێتەوە و سەرەنجام دەچێتە ریزی نەمرەکانەوە. بەڵام ئاتیس بۆ سی بێلێ لێدەدرێت و عاشقی دەبێت. بەپێی چیرۆکێکی فیریژی سی بێلێ، فرمانڕەوای فریژیە لە ژنەکەی بەناوی ((دیندیمێ)) کچێکی دەبێت . کچەکە لەسەر بەرزایی چیای سی بێلووس دادەنێن. شوانەکان دەیدۆزنەوە و گەورەی دەکەن و کچێکی زۆر جوانی لێدەکەوێتەوە. چەند ئامێرێکی مۆسیقا درووست دەکات کە ورووژێنەربووە و هەستی گوێگرانی پێ بزواندووە. سی بێلێ عاشقی ئاتیسی شوان دەبێت و سکی لێی پڕدەبێت. باوك و دایکی بۆمەبەستی سزادان، ئاتیسی دەکوژن و لاشەکەی فرێدەدەنە بیابان. سی بێلێ بەهۆی ئەم رووداوە شێت دەبێت و بەدەشت و چیا دەکەوێ و پاش بەسەرهاتێکی زۆر دەگاتە پلەوپایەی خواوەندی.

ناوی ئادوونیس لە بنچینەدا هەمان ئادۆنە کە بەپێی چاخی دێرین ناوێکی تری خواوەند ((یاهۆڤا)) یە. ئەم ناوە لە یۆناندا کراوە بە ئادوونیس کە لە ئاتیندا دولبەری یەزدان ژن ئافرۆدیت بوو. لە گۆڕەپانێکی نێچیروانی بەرازێکی کێوی پەلاماری ئاتیس دەدا و بەهۆیەوە دەمری. دەگرێ و لەم کەش و هەوایەدا دەمرێ. لەکاتی



مەرگ ئافرۆدێت سەری ئاتیس لەباوەش دەگرێ و لەباوەشی ئەودا دەمرێ. ئەو وێنانەی کە لەبەردەست دانە بۆ هونەرمەندانی مەسیحی نموونەیەکی سەرنجڕاکێش بوون بۆ شێوەکاریەکانی مریەم و عیسا، کە مریەم لە کاتی مردنی ڕۆڵەکەی سەری ئەوی لەناو کۆشی خۆی داناوە. بەڵام خۆشەویستی و ئەوینداری ئافرۆدێت دەبێتە هۆکارێك تاکوو ئادوونیس سەرلەنوێ زیندووببێتەوە. لە سەرەتای بەهار لە خوێنی ئەو گوڵێکی زۆر دەڕوێت (چیرۆکی سیاوەشیش لەسەر بینای ئۆستوورەکانی ئێرانی، دوور لە ئەفسانەکانی جنسی و ڕێورەسمە نەشیاوەکەی، لەریزی ئەم جۆرە ئۆستوورانەی دووبارە ژیانەوەی سرووشتە: فەرهەنگی ناوەکانی ئاڤێستا بەرگی دووەم، لەژێر ناونیشانی سیاوەش). لەبابلیش ئۆستوورەی تەمووز و لە میسر ئیزیس و لە شوێنەکانی تری ئەم جۆرە ریوایەتە ئەفسانەییانە بەسەر بنەمایەکی هاوبەش بەربلاو و باو بووە. شێوەیەکی دیار و درووستبووی ئەوانە، ئۆستوورەی "میترایی گای ئۆژەن"ە. بەهۆی ئەم لێکچوونانە، زۆربەی ریورەسەم و داب و نەریتە دوور لەرەوشتەکان و نەشیاوی جنسی و مەینۆشین و بێ ئاگایی و سەمای شێتانەی ئەم ئاینیانە، خزینە ناو ئایینی میتراییەوە کە بێگومان قوربانیکردنی گاش بەم شێوە توندوتیژە، لەوانەوە وەرگیڕاوە. لە نەریت و ڕێورەسمی ئادوونیس، ژن دەورێکی باڵای هەبوو. کەچی لە نەریت و ڕێورەسمی ئاتیس دەوری پیاوان بەرچاو بوو. لە یۆنان بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا ژنەکان مافی بەژدار بوون و ئەندامیەتی ئەنجوومەنەکانی ئادوونیسیان پێدەدرا. لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بە رواندنی گوڵ و پشکووتنی، بەتایبەتی لە سەرەتای بەهار، ڕێورەسمی زیندووبوونەوەی خواوەندی مردوویان بەوێنادەکێشا. هەم لەناو پەرستگەکان و هەمیش لە کۆڕەکانی تردا و لەکاتی ڕێورەسمی جەژن و شینگێڕانی تایبەت بە ئەو، تێکەڵ پێکەڵی جنسی بۆ مەبەستی پێشاندانی شانۆی سیمبوولیکی بارداربوون، بەمەینۆشین و بەدڕەوشتیەکی نەشیاوەوە بەڕێوەدەچوو.

ئۆستوورەکانی ئادۆنیس و ئاتیس و سی بێلی و تەمووز و ئیشتارو...گشتیان سیمبوولەکانی زستان و بەهار و مردنی خواوندان و زندوو بوونەوەیان بوون کەبە شین گێڕانی تووند و ڕێورەسمی جەژن و خۆشی و کەس بەکەس نایی و ئەو بەدڕەوشتیانەی کە کۆمەڵگا رەتیان دەکاتەوە، بەرێوە دەچوو. ڤێرمازێرێن شایدێر، و کۆمۆن، کە گشتیان لە بارەی ئەم جۆرە"ڕێورەسم و ئەنجوومەنە نهێنیانەو ئایینی میترایی خاوەن بیروڕای خۆیانن و کەسانێکی وەکوو ویلۆوبی و فریزەرو... "مرۆڤ ناسی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، هاشمی رەزی " لەم بوارەدا بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراو بەرفراوان توێژینەوەی زۆریان بەدەستەوە داوە ئاتیس و میترا زۆر وەکوو یەکتری بەوێناکێشراون. ئاتیس کلاوێکی هەڵقەڵەشاوی فریژیی- ئیرانی لەسەر بوو بە تەنپۆشێك کە نیوەی لەشی پۆشیوە پاڵتۆیەکی کورت و شەلوارێکی درێژ پێشاندراوە و بەردەوام وەکوو میترا بەسیمایەکی خەمبار

نەخشێنراوە وبە سیفەتی خەمبار ناوبراو بووە. جووتی ئاتیس و سی بێلی و ئادوونیس — ئافرۆدیت هەروەك پێشتر گوتراوە لەناو کولتوور و گەلانی تری جیهانی کۆن دا هاوچەشنیان هەبووە وەکوو تەمووز — ئیشتار لەبابل یان ئیشتار — ئیشنوون لە فینیقیە و چەندین نموونەی تریش. ئەم مەزەبە سرووشتیانە کە بوونیانێکی هاوبەشیان هەبوو، لە قۆناغەکانی دواتر بە ئایینەکانی خۆر (ڕۆژ)یەوە لکان و کاریگەری بیروباوەڕی ئەستێرەیی و بەخت و چارەنووس کە ئەستێرە و حەسارەکان هۆکاری ڕوودانیان بوون و باورهێنان بەم بابەتانە لە خاڵە هاوبەشەکانی ئەم ئایینانە بوون. هەروەك باسکرا لە ڕۆما جۆرێك (یەك شێوە فرە خواوەند پەرستی) پەرستنی خواوەندانی ڕۆژ (هەتاو)ی لێکەوتەوە. ئاتیسیش بووە خواوەندێکی (ڕۆژ) ی و لەگەڵ ئادوونیس و باکووس و ئۆزیریس و میترا بەیەك چەشن لەقەڵەم درا. لەم قۆناغەدا ئاتیسیان بە تانجێك کە تیشکەکانی خۆری پیشان دەدا و هەروەها بە شێوەی مانگی تابان بەوێنادەکێشرا تاکوو دواتر لەگەڵ مەسیح بەیەك دانرا.

ڕێورەسمێکی هاوچەشن ویەکسان بۆ ئەم خواوەندانە کە گشتیان لە پانتیۆن یان شوێنی کۆبوونەوەی خواوەندەکان کۆدەبوونەوە، بەڕێوەدەچوو. لەهەندێ لەم ڕێورسمانە بەشێوەی ئاشکراو هەندێکی تریان بە شێوەی نهێنی بەڕێوەدەچوو. زانیاریەکی زۆر لەبارەی ڕێورەسمە ئاشکراکان لەبەر دەست دانە بەڵام لەبارەی ڕێورەسمە نهێنیەکان زانیاریەکی ئەوتۆمان لانییە. بوونیاتەکانی ئەم ئایینانە کەگشتیان بە شێوەیەکی پڕ نهێنی جێبەجێدەکران، بەیەکبوون و توانەوە لەناو ئەم خواوەندانە دادەنران و ڕێبوار بە ئەنجامدانی ڕێورەسمی سیمبوولیك و لاساییکردنەوەی خواوەند و یەزدان ژن هەولی دەدا تاکوو لەگەڵ ئەوان ببێتە یەك.

جەژنێك بۆ ڕێزلێنان لە یادی لەدایکبوونی سی بێلیێ و جەژنێکیش بۆ یادی ئاتیس بەرپا دەکرا. جەژنەکان بە دانانی دەمامك و بەرگی گیانلەبەران و مەی نۆشین و سەما و گۆرانی بەرێوە دەچوو. پۆلی شین گێڕەکان پەیکەری سی بێلێیان لەسەر شانی خۆیان دادەناو ڕێوڕەسمی قوربانیکردن چەندین جار بەرێوە دەچوو.

جەژنی ئاتیس بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژەی کە کۆرپە کە لە دارستان — یان زوورگێك لە نزیك ڕووبار بەڕەڵاکراوە شوانەکان کەدی قامیشیان دەبڕی و ئەویش وەکوو سیمبوولێك بوو بۆ بڕینی ئەندامی نێرینەی ئاتیس. چەند ڕۆژێك تایبەت دەکرا بۆ بەرۆژووبوون و دوورکەتنەوە لە جووتبوونی جنسی. دوای ئەمانە لە ڕۆژێکی تایبەت بەناوی ڕۆژی نەمام رواندن (٢٢ ی مارس) بە ڕێورەسمێکی تایبەت دارێکی سنۆبەر کە داری ئاتیسی ناو بوو دەبڕاوە و لە ناو دارستان بە گوڵی وەنەوشە کە ئەویش سیمبوولی ئاتیس بوو دەبڕاوە و پەیکەری خواوەندیان پێ هەڵدەواسی و سەرجەم خەڵکەکە بەسروود و لاواندنەوە دارەکەیان بەرەو ماترۆن یان پەرستگەکەی دەبرد و بەم چەشنە ئاتیسیان دەبردە لای دولبەرەکەی و ئەم ڕێوڕەسمە بە ژەنینی ساز و گۆرانی



تایبەت و کۆرس بەڕێوە دەچوو. ئەوساڵە **٢٣** ی مارس ڕێوڕەسمی شینگێرانی تایبەت بەرپا دەکرا ئەم شینگێرانە بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕەنج و ئازارو خەمە بوو کە سی بێڵی لەکاتی دابڕان لە ئاتیس و ناکامبوونی ئاتیس بە ڕێوە دەچوو. ڕۆژی بیست و چوارەمی مارس ڕێورەسمی شینگێڕان دەگەیشتە لوتکەی خۆی و "ڕۆژی خۆێن" ی پێدەگووترا. لەم ڕێورەسمەدا دەنگی بەرزی تەپڵ و دهۆڵ و زوڕنا لەتەك کۆرسی ئاواز ئەوها هەست و سۆزی دەورووژاند کە شینگێرەکان ئاگایان لە خۆیان نەدەما.

سەما توند و خێراکان بەرەو دۆخێکی بێ ئاگایانە و شێتانەی دەبردن. لە هاواریان دەداو کەفێکی سپیان لەدەم دەردەچوو و ئامادەی ئەنجام دانی هەموو کارێك دەبوون. بەقامچی تایبەت ئەوەندەیان بە خۆدا دەدا تاکوو لە ناو خوێندا دەپۆشران. بە شێوەی تر و لە ڕێگەی تریش لەشی خۆیان دەئەنجنی و خوێنی خۆیان دەپژاندە سەر داری پیرۆزی سەروو یان سنۆبەر (پێیان وابوو ئاتیس دوای مردن گیانی تواوەتە ناو داری سەروو یان سنۆبەرەوە) یان بەردەکانی قوربانگای مێهرابەی سی بێڵی. ئەم کارانە زۆرجار دەگەیشتە سنورێکی لائیرادی و لەم کاتەدا بە قەمە یان چەقۆ سەرو لەشی خۆیان بریندار دەکرد و سیمبوولەکانی سی بێڵی و ئاتیسیان لە ناو خۆێن و خوێناوی خۆیاندا نقووم دەکرد و ئەم کارە ((فاناتیکووس)) ی پێدەگوترا... قوربانی کردنی گا یەکێکی تر لە ڕێورەسمەکانی ئەم ڕۆژەیە.

یەکێکی تر لە ڕێورەسمەکان ئەوە بوو کە هەندێ لە لاوانی ئاتیسی لەوپەڕی بێ ئاگاییدا بەلاسایی کردنەوە لە خواوندی خۆیان، خۆیان دەخەساند و ئەندامی نێرینەی خۆیان دەبڕیەوە و پێیان وابوو بەم کارە لەگەڵ خواوەندەکانیان دەبنە یەك و وەکوو ئەویان لێدێ.

ئەو گونجانە "نیوەپیاو" یان پێدەگووترا بەو نازناوەی گالووس یان کەڵەشێر ناوزەد دەکران کە ناونیشانی یەکێك لە قۆناغەکانی ڕێبواری ئایینی بوو. لەڕاستیدا ئەمانە یەکێك لە قۆناغەکانی هاوڕێیەتی یان تەشەرووفیان تێپەڕاندووە و مەیلی جنسی خۆیان بە ئەختەکردن گوژانبۆوە و نازناوی ((بیرمەند یان خۆپارێز و پاك)) یان پێدەدرا و لەناو کۆڕی ئەنجوومەندا لە ریزی کەسایەتیە پیرۆزەکان دابوون و تەنانەت بە نموونەیەکی یەزدانیان دادەنان. ئەمانە ئەندامی بڕاوی خویان وەکوو ڕێزلێنان و شکۆدارکردن پێشکەش بە پەرستگەی یەزدان ژنی ((گەورەدایك)) دەکرد.

ڕۆژی **٢٥**ی مارس ڕێورەسمی شین گێڕان کۆتایی پێدەهات. داری سەروو یان سنوبەر کە سیمبوولی ئاتیس بوو دەناشترا. بەدرێژایی شەو بە بەرپاکردنی ڕێورەسمێکی تر لەسەر ئەم گڵکۆ سەنبوولیکە دادەنیشتن. باوەڕیان وابوو بەرەبەیان ئاتیس هەڵدەستێتەوە و دووبارە زیندوو دەبێتەوە. ئینجا دەستیان بە جەژن و خۆشی دەکرد و

دەیانگووت خواوەند رابۆتەوە، رزگار بووەو بەرەو ئاسمان رۆویشتووە و ئەمەش بۆ رزگاربوون و دەربازبوون لە ئازار و خەمە.

لەرۆژی ٢٦ ی مارس پشوویان دەدا. رۆژی ٢٧ ی مارس رۆژی پاکژبوونەوە و شووشتنەوەیە لەم رۆژەدا سی بێلّی و پەیکەرەکەیان پاکژ دەشووشتەوە و بە کەژاوەیەکی تایبەت کە دوو گا رایاندەکێشا بەرەو لێواری رووباری ((ئالمۆ)) یان دەبرد. جارەکی تر پەیکەرەکەیان لەناو رووباردا دەشووشتەوە و پاکیان دەکردەوە و دەیانگەڕاندەوە ناو پەرستگە و لەناو گوڵدا دەیانپۆشاند.

یەکێك لە گرنگترین رێورەسمەکان قوربانیکردنی گای نێر بوو. (ئەم زاراوەیە بەواتای گرتنی گا بە گوریسە). نازناوی میتراس لەم ناونیشانەوە وەرگیڕاوە و ئەمەش سیمبولێکە بۆ رابوونەوە و دووبارە ژیانەوە کەلە بیروباوەڕە ئۆستوورەوکانی مەزداییەوە سەرچاەی گرتووە. (مێژووی ئایینی پڕ نهێنی میترایی). هەندێجار لەجیاتی گا، بەرانیش بەکاربردراوە کە بەواتای گرتنی بەران بە گوریس دێت.

رێورەسمی قوربانیکردن لە پەرستگەی سی بێلیّ یان "گەورە دایك" و بەچاودێری راستەوخۆی موغی گەورە بەرێوە دەچوو. سەری قوربانیکراو، گا یان بەران لە پەرستگەکان بەدیوار هەڵدەواسرا و تاکوو رێورەسمەکەی تر رایاندەگرت. لەم رێورەسمەدا کە مۆغی گەورە ((پۆنتی فێکس یان ساکرێۆس)) ی پێیدەگووترا بە جل و بەرگی فەرمی کە تایبەت بە رێۆرسمەکان بوو و زۆر شکودار و بەنرخ بوو بە تانجێکی زێرین دەچووە ناو قوولّکەی پیرۆزی غوسڵی خۆیاناوی. پەنجەرەیەکی ئاسنیان لەسەر قوولّکەکە دادەنا. ئەوجا کەڵەگایەکە بەجۆرەها تانج و تابلۆی نەخشدرا و زێر و ئاڵتون و گەوهەر ڕازێندرابۆوە بەرە و ئەم شوێنە دەبردرا. ئەو کەسە تایبەتەی کە ئەرکی قوربانیکردنی پیرۆزی بەئەستۆوە بوو بەڕمی تایبەت یان چەقۆی تایبەت کە "ساکراتۆ ڤێنابۆلۆ" ی پێدەگوترا لە شوێنە هەستیارەکانی گای دەدا تاوەکو خوێنێکی زیاتری لێبێت و ئەم گیانلەبەرەی قوربانی دەکرد خوێنەکەی لەسەر پەنجەرەکەوە دەرژایە ناو قولکە و سەر و لەشی مۆغەکەوە. مۆغ زۆر بەجوانی خۆی بە خوێنەکە دەشۆردەوە. سەرچاوە و روخساری خۆی بە خوێن دەکرد و لەناو قوولّکەکە دەهاتە دەرێ و بەرامبەر کۆمەڵانی خەلکی بەشداربوو رادەوەستا. خۆشی و شادی و وروژانی رێوڕەسمەکە رادەبەدەرە، پەیرەوانی یەزدان ژنی دایك، سی بیلیّ دۆخێکی ئاسمانی و پیرۆزیان بە کاهین یان موخ دەبەخشی و پیرۆزباییان لیّ دەکرد. موغ لەلایەن یەزدان ژنی دایك پیرۆز کرابوو. ئەم قولکە خوێنە ((فاساسانگوینیس)) ی پیّ دەگوتریّ.

رێورەسمێکی تری قوربانیکردنی گا بەم چەشنە بەرێوە دەچوو، ئەویش کاتێك بووکە کەسێك دەبوایە رێورەسمی تەشەڕووف یان بە ئەندام بوون تێپەرێنێت. ئەو کەسە دەبوایە بینەری ئەم رێورەسمە خوێناوییە بێت واتا



Romanized Mazdaism سەرکەوتبایە و ڕەسەنایەتی خۆی پاراستبا و لەڕێی ڕاست بەدەر نەکرابایە و لە کوێرەڕێکانی کنووسی شیرکخواز دوورکەوتباوە، دەیتوانی بەردەوام بێت و لە دەسدرێژی و لەناوچوون ڕزگاری بێت. بەڵام لەتەك ئەوەدا، ئایینی مەسیحی لەم لەڕێبەدەری و ئاڵوودەبوونانەی کە بەرۆکی ئایینی میتراییان گرت، خۆی دووررِاگرت. بەدوای بوتپەرستی نەکەوتن و ڕێگە نەدان بە دزەکردنی نەریتە موشریکانەکان و بەولاوەنانی ترسی دوورکەوتنەوە لە نەریتی باب و باپیران بووە هۆی سەرکەوتنی ئایینی مەسیحی، بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کە ئایینی میترایی بەرەو کزی و لاوازبوون دەڕۆیشت، بەهۆی ئەم هۆکارانەی سەرەوە ئایینی مەسیحی بەهێزتر و بەربڵاوتر دەبوو.

---

رێورەسمی لەدایك بوونەوە، رێورەسمێك کە فێرخوازێکی تازە هاتوو پاش تێپەراندنی قۆناغەکانی نهێنی، دەبوایە بە رێورەسمێکی تایبەت لەناو کۆری هاورێیان وەکو ئەندامێکی رەسمی وەری بگرن. لێرەدا رێبوارەکە دەرۆیشتە ناو قولّکەکە و بەشووشتنەوەی حۆی بەخوێن، پاکژدەبۆوە و لەناو کۆمەڵگای خۆیدا بەشێوەیەکی سەنبوولێك لەدایك دەبۆوە و بڕوای وابوو کە بەشوشتنەوەی خۆی بە خوێن، پیرۆزی و هێزی گیانلەبەر گوازراوەتەوە ناو لەشی ئەو و ژیانی هەمیشەیی و یەکجارەکی وەرگرتووە.

ئەم جۆرە رێورەسم، و بیرو باوەر، و سیمبوول، و پلەوپایانە و... کە لە مەزهەب و ئایینە پر نهێنییەکانەوە کەوتوونەتە دەستی ئێمە ئایینی میهریشی بە نرخ و بەهادار کردووە. لەم بارەوە ئەو توێژەرانەی کە باسمان کردن لەسەر بنەماکان نووسراو و شوێنەوارە دێرینەکان، کۆمەڵە بەرهەمێکی گەورە و بەنرخیان بەدی هێناوە. بەلاّم لێرەدا دەبیّ ئاماژە بەوە بکەم کە سوودێکی زۆرم لە بەرهەمە توێژینەوەییەکانی مامۆستا جەلال الدین ئاشتیانی وەرگرتووە، بەتایبەتی لە کتێبی "عیرفان- گۆنووسیزم- میستی سیزم" بەرگی دووەم، ١٣٧٣، لاپەرە ١١٢ بەولاوە. لێرەدا سوپاسی خۆم ئاراستەی ئەم مامۆستا بەرێزە دەکەم:

Cumont. Franz. After life in rom paganism.
Vermaseren. M: Cybele and Attis.

## سەرەتای لاوازبوونی ئایینی میترایی و پەیدابوون و گەشەکردنی مەسیحیەت

لەگەڵ ئەوەشدا کە لەلایەن ئیمپراتۆریەوە کۆمەڵە یاسایەکی توند و پێشگیرانە بۆ مەبەستی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح پەیرەوکران، مەسیحیەت توانی بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر بەسەر جیهاندا سەرکەوێت. لەلایەکی ترەوە هەروەك چۆن سیاسەتی پاڵپشتیکردنی ئیمپراتۆری لە ئایینی میترایی شێوەکەی گۆڕا، بەپشت تێکردنی ئیمپراتۆری، ئایینی میترایی بەخێراییەکی زۆر ڕێگەی لاوازبوون و لەناوچوونی گرتەبەر.


لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی زایینیدا ئایینی میترایی گەیشتبووە لوتکەی گەشە و پێشکەوتنی و هەموو کەس باوەڕی وابوو بەهەمان ئەم خێراییەوە دەبێتە ئایینێکی جیهانی. بەڵام کۆمەڵە هۆکارێك بەدوای یەکدا بوونە هۆی ئەوەی تاکوو ئەم سەرکەوتنە بەرەو لەناوچوونێکی هەمیشەیی هەنگاوبنێت. یەکەمین هۆکار شکستەکانی ئیمپراتۆری بوون کە لەکاتی هێرشی هۆزە بیانیەکاندا ڕوویاندا. لە ئەنجامی هێرشێکدا لە ساڵی ٢٧٥ ی زایینی داکیا داگیرکرا. دوای ئەمە هێرشەکانی ئاگری دێکومەاتز Agri decumates بناغەکانی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریان لاوازکرد. لە سەرانسەری پانۆنیاوە تاکوو ڤێرۆنیووم هێرش کرایە سەر پەرستگەکان و خاپوور و تاڵان کران. ئێستا ئەوە خودی ئیمپراتۆری و دەستەڵاتی ئیمپراتۆری بوو کە بەهۆی هێرش و بەرەوپێش هاتنی مەسیحیەکان هەڕەشەی لێدەکرا. ئیمپراتۆر لەجێگەی ئەوەی لەگەڵ ئەم هێز و دەستەڵاتە بەتوانایە سازش بکات، بەپێچەوانەوە بە پاڵپشتیکردنی ئایینە کۆنە شیرکخوازەکان لە بەرامبەر مەسیحیەکان توندوتیژیەکی زۆرتری نواند. بەڵام نیشانەکانی لەناوچوون و ڕووخانی ئیمپراتۆری بەدیارکەوتبوون. تەنیا دەزگایەك کە ئیمپراتۆری دەیتوانی پشتی پێوە ببەستێت، هێزە سوپایی و سەربازیەکانی، بوون. لەبەرئەوە لە



پەنای سوپا و لەشکرە سەربازییەکان کۆمەڵە دەوڵەتێکی بچووك دامەزران، تاکوو ئیمپراتۆری بتوانێ بە پشت بەستن بەوانەوە خۆێ ڕابگرێ و بەرگری لەخۆی بکات.

لە ساڵی ٢٧٣ ی زایینیدا ئائۆرلیان Aurlian بە مەبەستی پیشاندانی هێز و دەستەڵاتی ئیمپراتۆری، ڕێوڕەسمێکی گشتی بۆ ستایشکردنی خواوەندی گائۆژەن واتا میترا و ستایشکردنی خۆری نەبەز Sol Invictus بەرپاکرد. بەپێی ڕاپۆرتی هاوچەرخەکانی دیۆکلتین دیوانێکی پێکهێنابوو کە لە ڕوانگەی شکۆداری و گەورەیی و پلەوپایەی دیواندارانەوە زۆر بەرفراوان بوو و بۆ ئەم مەبەستە لاسایی شێوەی دیوانی کۆشکی ساسانیەکانی کردبۆوە، بەپێی ئەم لاساییکردنەوانە ئایینی مێهرپەرەستی ئێرانی بۆ ئایینی ڕەسمی ناو دیوانەکەی هەڵبژاردبوو، چونکە یارمەتیدەرێکی بەتوانا بوو بۆ بەباش پیشاندانی لایەنی دیکتاتۆریانەی فرمانڕەوایەتی ئەم ئیمپراتۆرە. دیۆکلتین بەبانگەشەکردن و ئامادەبوونی ئەو شازادە و خانەدان و دەستەڵاتدارانەی کە هاوپەیمانی بوون، لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی گەورە وگشتی لە کارنتۆم لە ساڵی ٣٠٧ ی زایینیدا پەردەی لەسەر دەروازەی مێهرابەیەکی گەورە لادا کە بە فرمانی ئەو نۆژەنکرابۆوە. لەناو مەسیحیەکاندا بڵاوببۆوە کە موغەکانی ئایینی میترایی، فرمانی دەستگیرکردن و ئازاردانی ئەوانیان بە بەکرێگیراوان و سەربازەکانی دەوڵەتی گالێریووس Galerius دەدا.

دوورنەبوو لە ئیمپراتۆری ڕۆمادا ئایینێك لە سەربنەمای جۆرە یەکتاپەرستیەکی خۆری وەکوو ئایینی ڕەسمی هەڵبژێردرێ، هەروەك چۆن لە ئێرانیش شێوەیەکی ئاوەها لەئارادابوو. بەڵام لەپڕا پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا و بارودۆخەکەی تەواو گۆڕی و ئەویش ئەوە بوو کە ئیمپراتۆر کۆنستانتین Constantin بووە مەسیحی و ئایینی مەسیحی بە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆری هەڵبژێردرا. ئەم ڕووداوە گشت ئەو خەونانەی کە بۆ سیاسەتی ئایینی ئیمپراتۆری بینرابوون هەڵوەشاندەوە، و ئاواتی ئەوەی کە پەرستنی خواوەندی خۆر ببێتە شێوەی فەرمی ئایینی ئیمپراتۆری تراویلکەیەکی ئاوات و خواستی بێ ئەنجام بوو.



وێنەیەکی پەیکەری زەروان، کە لە مێهرابەی دۆرا دۆزراوەتەوە.



ئەگەرچی **کۆنستانتین** بەئاشکرایی دژایەتی شێوەی ئایینی دێرینی نەکرد و بیرمەندانە هەڵسووکەوتی لەگەڵدا کرد، بەڵام بڵاوبوونەوەی خۆرپەرستی بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك وەستا و تەنانەت لەسەرەتادا سازگاریشی لەگەڵ کرد*. تەنیا پاش تێپەڕینی نەوەیەك جێنشینەکانی کۆنستانتین دژبە خۆرپەرستی میترایی ڕاوەستان و بەتوندی ڕووبەڕووی بوونەوە. هەمان ئەو ڕفتارەی کە پێشتر لەگەڵ مەسیحیەکاندا دەکرا، ئێستا لەگەڵ پەیرەوانی میترا دەکرا. تەنیا بەشێوەی مناقەشە و قسەی توندنەبوو کە ئیهانەی میتراییەکان دەکرا. بەڵکوو بەهۆی ڕێوڕەسم و نەریتەکانیان لەلایەن مەسیحیەکانەوە گاڵتەیان پێدەکرا. گەورە پیاوانی کەنیسە و ڕێکخەرانی ئایینەکە، گشتیان دوژمنی ئیمپراتۆری بوون. کەنیسە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی لەناوبردنی تەواوی بوتپەرستی و شیرکی دەدا و بێ وچان سەرقاڵی ئەم پیلانەیان بوون. یەکێك لە نووسەران** نووسیویەتی لە سەردەمی ڕۆژگاری کۆنستانتین و دوای ئەو هیچکەس نەیدەوێرا سەیری هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر بکات. تەنانەت جووتیار و دەریاوانەکان لەکاتی پێویستدا بەهۆی ترس و تۆقان سەیری ئەستێرەکانیان نەدەکرد. لەم گوزارشەدا هەست بەو ترس و تۆقانە دەکەین کە لە سەرانسەری سنووری ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریدا دڵی موشریکان و بوتپەرستەکانی گرتبۆوە.

دوابەدوای ئەوەی کە ئیمپراتۆر کۆنستانتین بووە مەسیحی، هەڵمەتی دەسگیرکردنی پەیرەوانی میترایی و وێرانکردنی پەرستنگەکان و لەناوبردنی بەرهەمەکانیان ڕۆژبەڕۆژ زیاتردەبوو، لەپڕا پاش یەکەمین ئیمپراتۆری مەسیحی، ڕووهێنانی یەکێك لە جێگرانی بۆ ئایینی خۆرپەرستی میترا و هێلیووس، گۆڕان و بارودۆخێکی چاوەڕوان نەکراوی لێکەوتەوە.

ژوولیان ئاپۆستت (ژوولیانی لەدین دەرچوو ٣٦٣ – ٣٣١ ) ((برازای کۆنستانتین)) بەیاننامەیەکی دەرکرد. خودی ژوولیان فەیلەسووف و لایەنگری فەلسەفە بوو و بەهاوکاری و پشتیوانی سوپا سەربازیەکانی ((گووڵ Gaul)) بووە ئیمپراتۆر. هەرلە منداڵیەوە ئەودالّی هێلیوس Helios ی خواوەندی خۆر و یار و هاوڕێی وەفادار ی میترابوو. بەڵام لەبەرئەوەی

---

* وەرگێردراوە لە

Preger, Konstantios. Helios(Hermes, XXXVI), 1901,P. 457.

** Mamert., Grat action in Iulian., C. 23.

هەرجۆرە ڕووهێنانێك بۆ ئایینە خۆرپەرستییەکان کوفر بوو و ئیدانە دەکرا، لە منداڵیەوە بەشێوەیەکی نهێنی ڕێوڕەسمی ستایشکردنی هێلیووسی بەرپادەکرد. ژوولیان تەواو هۆگر و ئەودالی هێلیوس بوو و پێیوابوو کە ئەم خواوەندە ئەوی لە زۆر مەترسی و ناخۆشی دەربازکردووە. هەروەها خۆی بە پەیامبەر و ناردراوی هێلیوس دادەنا و دەیگووت خواوەند ئەرکێکی گرنگی پێ ڕاسپاردووە و دەبێ وەکوو ڕۆڵە و ناردراوی خواوەند ئەم ئەرکە ئاسمانیە بەئەستۆبگرێ و جێبەجێی بکات.

ژوولیان سروودێکی پڕ هەست و سۆزی بۆ ئەم ((پادشا King )) ئاسمانیە هۆنیوەتەوە و پێشکەشی ئەم خواوەندەی کرد. لەم سرووده دا هەست و سۆزی هۆگری و ئیمانی ژوولیان پانتایی دەروونی ئەوی داگرتووە و گیانێکی تازەی ئاخنیوەتە ناو بینای یەزدانناسی خۆرپەرستیەوە. هۆگری و ئەودالی و ئیمانی بێ سنووری ئەم ئیمپراتۆرە لەبابەت خۆرەوە تاکوو کۆتایی تەمەنی هەروا بەردەوامبوو.

بیروباوەڕ و زەمینە فکریەکانی ئەم فرمانڕەوا گەنجە لەناو بابەتە خورافیەکان و کاریگەری و دەروری ئەستێرەکان و دیاردە سرووشتیەکان سەبارەت بە چارەنووسی ئادەمیزاد گەشەیان کردبوو، و بەم پێیە هۆگری ئایینی میترایی ببوو. لە سەردەمی مێرمنداڵیدا بەرلەوەی ببێتە فرمانڕەوا، لەلایەن ماکسیمووس ((ئێفسووس Ephesus )) ەوە ئاشنای ئایینی میترایی بوو و تەنانەت ڕێوڕەسم و نەریتی هاتنە ناو ئایینیشی تێپەڕاندبوو، پێدەچێت ئەم ڕێوڕەسم و نەریتانە کاریگەریەکی زۆریان بەسەر ئەودا هەبووبێت. چونکە هەروەك چۆن خۆی بە پەیامبەر و نوێنەری هێلیوس دادەنا، دوای تێپەڕاندنی ڕێوڕەسمی هاتنەناوەوە چ لە ژیانی جەستەیی و مادی و چ لە جیهانی دوای مەرگ و جیهانەکەی تردا میترای بە پاڵپشت و پشتیوانی خۆی دادەنا.


کاتێك کە خۆی بە ((خواوەند، بەغ، پەیامهێنەری ڕاستەوخۆی خواوەند Pagan )) ناساند، ماکسیموسی بانگ کرد تاکوو ڕێوڕەسمێکی شکۆداری پاکژبوونەوەی بۆ بەرپابکات و سەرپەرشتی ئەم ڕێوڕەسمەش بکات، تاکوو ئەو ناپاکایەتیەی کە لەکاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی شووشتنەوەی پیرۆزی ئایینی مەسیحی لەشی ئەوی داگرتبوو و ئاڵوودەی کردبوو، پاك بێتەوە. ژوولیان کە بە ئاستەنگیەوە لەلایەن سوپا سەربازیەکانی ((گوولْ)) ەوە گەیشتبووە دەسەڵات لە ساڵی (٣٦١ ی زایینی) لە کۆنستانتینۆپڵ Conctantinople ئایینی میترایی وەکوو ئایینی ڕەسمی ڕاگەیاند و هاوکات لەم کاتەدا لە ئاتینا بۆ یەکەمینجار ڕێوڕەسمی قوربانیکردنی گا taurobolia بەڕێوەچوو.



ئەم گۆڕانە چاوەڕوان نەکراوە کۆمەڵە ڕووداوێکی خوێناوی لێکەوتەوە. پەیرەوانی ئایینی میترایی لە گشت ناوچەکان دەستیان بە شۆڕش و شێواندنی بارودۆخەکە کرد. گێورگ ((جۆرج)) قەشەی ناودار لەکاتێکدا کە پەیرەوانەکەی مێهرابەیەکی گەورەیان لە ئەسکەندەریە وێرانکردبوو، دەیویست لەسەر وێرانەکانی ئەم مێهرابەیە کەنیسەیەك دروست بکات، ڕووبەڕووی پەیرەوانی میترا بوونەوە و شەڕێکی زۆر خۆێناوی بەرپابوو. بەفرمانی دادوەر دەسگیر و بەندکرا. بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی بەسەر بەندیخانەیان دادا و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە کوشتیان. ئەم ڕووداوە لە ئێوارەی ڕۆژی بیست و چوارەمی دیسامبەری ساڵی ٣٦١ ی زایینیدا ڕوویدا. ئیمپراتۆر لە بەرامبەر ڕووداوی کوشتنی ئەم قەشەیە هەڵوێستێکی توندی نەبوو، تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك لۆمەی خەڵکی سێراپیس Serapis ی کرد و ئیدانەی ئەو کەسانەی کرد کە دەستیان لەم کارەدا هەبوو.

ماوەی تەمەنی ژیانی ئاپۆستت کەم بوو. کاتێك کە ئامادەی هێرشکردنە سەر ئێران بوو، کۆچی دوایی کرد. بەڵگەکان پیشاندەدەن کە هۆکاری ئامادەبوون بۆ جەنگی ئێران، داگیرکردنی سەرزەمینێك بوو کە سەروچاوەی ئایینی میترایی بوو و ئەمەی بە کارێکی باش دەزانی، چونکە پێی وابوو دڵی خواوەندی پشتیوانی خۆی خۆش دەکات و ئەم خواوەندەش ستایشی کارەکەی دەکات.

بەڵام مەسیحیەکان هێز و توانا و دەورێکی زۆریان پەیداکردبوو. بە مردنی ژوولیان ئاپۆستت، جارێکی تر ئەو بوارەی کە کۆنستانتین بۆ دژایەتیکردنی ئایینی میترایی ڕەخساندبووی، فراهەمبۆوە و پەیرەوانی کەنیسە هەوڵی لەناوبردنی یەکجارەکی بیروباوەڕ و داب و نەریت و سیمبوولیەکانی شیرك و خۆرپەرستی و یەزدان باوەڕی ئیمپراتۆری و هزری یۆنانی/ ڕۆماییان دا. یەکەمین هەنگاو و پیلانیان لەناوبردنی بیروبۆچوونی ریشەداری فاڵبینی، و جادووگەری و سەپاندنی بیرو فکری ئەستێرەناسی بوو کە دیارخەری چارەنووسی ئادەمیزادە ودەبێتە هۆی ڕوودانی گشت پێشهاتەکان. ئەگەرچی وایان پیشاندەدا کە دژی گشت بیروفکرەی شیرکخوازی و بوتپەرستی ناو سنووری ئیمپراتۆریەتن، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گشت وزە و تواناکانیان لەڕێگەی لەناوبردنی ئایینی میترایی بەکاردەبرد، چونکە هەرەشە و مەترسی سەرەکی لەم دەروازەیەوە بوو.



**وێنەی ژمارە ٤٦**

وێنەی ئێسکەکانی مرۆڤێك کە لە مێهرابەیەکی سارێبۆورگی لۆڕاین Sarrebourge in Lorraine دۆزراونەوە و لە ئێسکانەکەوە پێدەچێت پێش مردن بە زنجیرێك بەسرابێتەوە (T.et.M.,P.519)

لــە ســاڵی ٣٧١ ی زایینیــدا ژمارەیــەکی زۆری پــەیرەوانی مــیترا دەســگیرکران. دوای دادگــاییکردنێکی خێــرا بەتۆمــەتی ئــەوەی کــە بەشــێوەیەکی نهێنــی هــەوڵی بڵاوکردنــەوە و فێرکردنــی بنــەماکانی ئــەم ئایینــەیان داوە، تاوانبــارکران و ســزای مــەرگیان بــۆ دەرکــرا. ماکسیمۆس زانا و مۆبەدی بەناوبانگی ئایینی میترایــی بــەم تاوانــە تۆمــەتبارکرا و کوشــترا. زۆری پێنەچوو کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن دەزگای ئیمپراتۆریــەوە بەیانامەیــەك دەرکــرا و بەپێی ئەم بەیانامەیــە گــشت ئــایین و نەریتــە شــیرك ئامێزەکــان ئیدانــە و تاوانبــارکران. بــۆ کۆمەڵانی خەڵکی سنووری ئیمپراتۆری ئەم شێوەیە کە تەنیا یەك ئایین لەلایەن ئیمپراتۆرەوە بە ئایینی ڕەسمی و ئایینی گشت خەڵکی بناسرێت و گــشت ئایینــەکانی تــر بــۆ پەیرەوانــەکانیان قەدەغە بکرێت، شێوازێکی نامۆ بــوو. بــەڵام شــورش و ئاژاوەنانــەوەکان ســەرکووت دەکــران. پــەیرەوانی کەنیــسە لەلایــەن بەرپرســە حکــوومی و دادوەر و یاســادانەرەکانەوە پــشتیوانیان لێوەدەکرا. بەم پێیە لەلایەن یاساوە پێشیان پێنەدەگیرا، دەستیان بــە وێرانکــردن و ســوتاندنی



پەرستگە و مێهرابەکان کرد. پەرستنگەکانیان وێران دەکرد و گــشت کــەل و پــەل و بەرهــەم و سامانەکانیان دەسووتاندن. شوێنەوار و پاشماوەی مێهرابــە خــاپوور و ســووتاوەکان پیــشاندەری توندوتیژی پیاوانی کەنیسەن. شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تر و بەتایبەت مێهرپەرستان تووشی ڕەشەکوژی بوون و ئەوهایان بەسەرهات کە پێشتر بەسەر مەسیحیەکاندا هاتبوو.

ئەو ئازار و ئەشکەنجە و ماڵوێرانی و کوێرەوەریانەی کە لــە پێــشتر مەســیحیەکان تووشــی ببوون، ڕق و قینێکی زۆری لەناو دڵی ئەوانــدا دروســت کردبــوو. لــە ســاڵی ٣٧٧ ی زایینــی بەرپرسێکی دیوانی ئیمپراتۆری ڕۆمی بەناوی گراخووس Gracchus کە ببــوە مەســیحی، بــۆ دڵخۆشکردنی پیاوانی کەنیسە و پێشکەشکردنی دیاریەك بــۆ کەنیــسە لــەکاتی شووشــتنەوەی پیرۆز Baptism ڕایگەیاند: مێهرابەیەکی وێران و خاپوور کردووە و گشت بەرهەم و کەل و پەل و پەیکەرە و نیگارەکانی تێکشکاندووە و لەناوی بردوونە*.

پەیرەوانی میترا بــۆ پاراســتنی مێهرابــەکان و لەناونــەبردنیان لەلایــەن مەســیحیەکانەوە، بەشێوەیەك دەرگاکانی مێهرابەکانیان دادەخست و وایــان لێــدەکردن کــە دیارنــەبن. بەرهەمــە بەنرخ و هونەریەکانی ناو مێهرابەکانیان بە شێوەیەکی نهێنی بەرەو شــوێنی تــر دەگواســتەوە. دەیانزانی کە ئەم توندوتیژی و لەناوبردن و خــاپوورکردن و کوشــت و کوشــتارە تەشــەنەدەکات. بەڵام کاتێك کە ئەم بەرهەمە پیرۆز و بەنرخانەیان دەشاردەوە، باوەڕیان وابوو کە ئــەم ڕۆژگــارە تاڵ و ناخۆشــە کۆتــایی پێــدێت و خواوەندەکــەیان بەســەرکەوتوویی و بــەهێزەوە بەشــێوەیەکی شکۆدارانە دووبارە دێتەوە. لەلایەکی ترەوە مەسیحیەکان بۆ مەبەستی بەدناوکردن و تەنانــەت ناپاك کردنی ئەم شوێنە پیرۆزانە، لاشەی ئادەمیزادێکی مردوویان دەبردە نــاو مێهرابــە و بــەم کارە مێهرابە پیرۆزی خۆی دەدۆڕاند و بۆ هەمیشە بەناپاکی دەمایەوە* (وێنەی ٤٦ ).

*st. Jerome: Epist, 107 ad laetam T.et. M., Vol. II, P. 18, Subvertit, Fregit excussit.

* بەپێی بیروباوەرەکانی مەزداپەرستی زەردەشتی، یەکێك لە گەورەترین و ناپاك ترین و مەترسیدار ترین دێوەکان "دێوی نەسوو" یان ((ناسووش)) واتا دێوی مەرگ و لاشە بوو. بە هۆی توانەوەی ئەم دێوە بۆ ناو جەستەی ئادەمیزاد، زیندووەکان تووشی مەرگ دەبوون. هەروەك چۆن کاتێك یەکێك دەمرێ، مەیتەکەی بۆگەن دەبێ. لاشەی مردووەکەیان چاڵ نەدەکرد و لەسەر چیاو دەشتە دوورەکان یان لەناو دەخمە کە لەبەرزاییەکان و دوور لەشوێنی ژیان بوو، دادەنرا تاکوو ببێتە خۆراکی خەرتەڵ و گیان لەبەرانی دڕندە. ئەگەر یەکێك سێ مەتر

هەرچۆنێك بێت مێهرپەرستەکان و پەیرەوانی ئایینە ڕەسەن و خۆماڵیەکانی هەرێمی ئیمپراتۆری ڕۆما هیواداربوون ئەم ڕۆژگارە تاڵ و نالەبار و شڵەژاوە کۆتایی پێبێت. خانەدانان و گەورەناودارەکانی ئیمپراتۆری کە هێشتاش لەسەر ئایینی کۆن مابوونەوە، بەو سەروەت و سامان و دەور و کاریگەریەی کە هەیانبوو بەرگریان لە خۆیان دەکرد. هەندێ لە خانەدان و بەرپرسانی حکوومی و دەستەڵاتدارەکان پێیان خۆشبوو کە وەکوو باوك و یان نوێنەر و ناردراوی میترای نەبەز Mithera-Invincible بناسرێن. بەم چەشنە هاوکات لەگەڵ لەناوبردنی مێهرابەکان و تاڵانکردنی بەرهەمە بەنرخەکان، هەوڵیان دەدا تاکوو قەرەبۆی ئەمجۆرە نەهامەتیانە بکەنەوە و دیاریان پێشکەش بە مێهرابەکان دەکرد.

کاتێك کە گراتیان Gratian لە ساڵی ٣٢٨ ی زایینی خەزێنە و دیوانەکانی ئیمپراتۆری تاڵان کردن، ئەم ساماندار و خانەدانانە زۆرتر لە جارانی پێشوو یارمەتی ئەنجوومەنەکانی میتراییان دا، کە زۆربەی یارمەتیەکان بۆ مەبەستی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی مێهرابەکان بەکاربردران. یەکێك لەم ساماندارە میتراییانە لە قاڵبی شیعرێك دا باسی کردووە کە دەستی بە نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی مێهرابەیەك کرد کە لەلایەن هێرشبەرانەوە وێران کرابوو. ئەم

لە مردووەك نزیك کەوتباوە دێوی مەرگ ئەویشی ناپاك و بۆگەن دەکرد و دەبوایە ((بارێشنووم)) بکرێ کە شووشتنەوە و پاکژبوونەوەیەکی درێژخایەن و ئاستەنگ بوو.

ئەگەر یەکێك لاشەی مردووەکی ناژبا، بەپێی شەرع سزاکەی مەرگ بوو و بە تووندترین شێوە دەیانکوشت. تاوانی چاڵکردنی مردوو، مەرگ بوو و تاوانبار بەهیچ شێوەیەك نەدەبەخشرا و هەرچی کربای ئەم تاوانەی لەسەر لانەدەکەوت. ئەگەر لاشەی مردووەك لەناو کێلگە یان پارچەیەکی لەشی ئادەمیزاد یان سەگ لەناو کێڵگەیەك کەوتبا یان شوێنێك مردووی لێ چاڵکرابا، تاکوو مەودایەکی زۆر هەموو شوێنێك ناپاك دەبوو.

خرابترین شوێن ئەو جێگەیە بووکە مردووی لێ چاڵ کرابا. یەکێك لە کارە باشەکان وێرانکردنی گۆڕستان و قەبرستانەکان بوو(ڤیندیداد، فەرگەردی سێیەم و پێنجەم و هەشتەم. هاشمی رەزی، بەرگی یەکەم و دووەم).

بێگومان ئەگەر مەسیحیەکان و دوژمنانی مێهر ئایینەکان ئەم کارەیان کردووە، بۆ ئەوە بووە کە جارێکی تر مێهرپەرستەکان مێهرابەکە بەکارنەبەن. ئەو ئێسکانی جەستەی ئادەمیزادەی کە لە ناومێهرابەیەك دۆزراوەتەوە و بەشێوەی دەست و پێ بەستراو بووە، توێژەران و شارەزایان پێیان وایە کە خاوەنی ئەم ئێسکانە یان پاسەوانی مێهرابە و یان یەکێك لە ئیماندارانی ئایینی مێهر بووە.



مێهرابەیە لەلایەن باپیریەوە لەسەر ڕێگەی فلامینیان بیناکرابوو و پێشکەش بە میترا کرابوو. هەروەها بەشانازیەوە دەڵێت هیچ جۆرە یارمەتیەکی لە هاوئایینەکانی وەرنەگرتووە و بەتەنیایی ئەم کارەی کردووە*. کاتێك کە ئێووگنیووس Eugenius داگیرکرا، مێهرپەرستەکان وایانزانی موژدەی دووبارە ژیانەوەی ئایین و هاتنەوەی میترایە کە لەلایەن خودی میتراوە بەڵێندرابوو. بەرپرسێکی گەورەی سەربازی بەناوی نیکۆماخووس فلاویانووس Nicomachus-Flavianus ڕێوڕەسمێکی شکۆداری بۆ قوربانیکردنی گا ((تائوورۆبوولیا)) لەناو ئەشکەوت یان مێهرابەی پیرۆز، بۆ ڕێزلێنان لە خواوەندی هاوپەیمان و یارمەتیدەر (deum Comitem associus god) بەرپاکرد. بەڵام ئەم خۆشی و هیوایەتە زۆری نەخایاند و بەسەرکەوتنی سەردارێکی تری مەسیحییەکان بەناوی تیۆدۆسیووس Theodosius لە ساڵی ٣٩٤ ی زایینیدا، مەزدەیەسنییەکانی میترایی ئەم ئاواتەیان لەدەستچوو.

لەسەردەمی تاریکیدا تەنیا هەندێ مێهرابەی تایبەت و بچووك کە لەناو تاریکخانەکانی کۆشك و خانووی ساماندارەکان دوورلە چاوان کاریان دەکرد و ژمارەیەکی کەمی شوێنکەوتوو و پەیرەوانەکان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان لە دەوری یەکتری کۆدەبوونەوە.

لەوانەیە ئەم ئایینە بەڕەسەن ئێرانییە تاکوو پێنجەمین سەدەی زایینی لە ناوچە شاخاویەکان و هەندێ لە ناوچەکانی دەوروبەری چیاکانی ڤۆگێس Vogesدا بەردەوام بووبێت و مێهرابەی بچووکی تێدا دروستکرابێ. بۆ نموونە، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی ئایینی میترایی لەناو هۆزی ((ئاناوونی Anauni)) بەڕێوەدەچوو. ئەم هۆزە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دۆڵ و ناوچەیەکی سەرسەوز و بەپیت دەژیان و ئەو ناوچەیەی لێیدەژیان بەهۆی چیا و دۆڵەکانی دەوروپشتییەوە شوێنێکی ستراتژیك و شیاوبوو بۆ بەرگری کردن و خۆپاراستن. بەڵام وردەوردە ئەم پەیرەوانە کاتێك کە بۆ مەبەستی کار و گەشت و گوزار لەناو هەرێمەکانی سەرزەمینی لاتین زماندا بڵاوبوونەوە، بەهۆی ئاوێتەبوونی ئەم ئایینە لەگەڵ دیاردە ناپاکەکانی سیاسەت و ڕەوشت نزمی، لێیدوورکەوتنەوە و وازیان لێهێنا. بەڵام ئایینی میترایی لە وێستگە و نیشتیمانە ڕەسەنەکەیدا هەروا بەردەوام مابۆوە و لەکاتێکدا کە بەشێوەیەکی گشتی لە

*CIL, VI, (T.et.M., VOL.II, P.94, No. 13.

وڵاتەکانی ژێردەستەڵاتی ئیمپراتۆریدا لەبیرکرابوو، تاڕادەیەك لە سەرزەمینی دایکی خۆی دەست و پێی دەبزوا.

بەڵام نابێ وای بۆ بچین کە بە نەمانی بینای ئایینی میترایی بنەما فکری و فەلسەفی و داب و نەریتەکانیشی لەناوچوون، بەڵکوو بۆ ماوەی چەندین سەدە هەروا لە هەرێمەکانی ئیمپراتۆریدا بەردەوام بوو. هەندێ لەو بیروباوەڕ و هزرانەی کە مانەوە و لەناونەچوون، لە تایبەتمەندیەکانی ئەم ئایینە بوون، وەکوو، بیروباوەڕەکانی سەبارەت بە جیهانی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ، ڕێوڕەسمی سوێندخواردن، بابەتی پەیامبەری و زیندووبوونەوەی مردووەکان و بابەتی هاتنەوە= سووشیانس/ میترا. ئەم بیروباوەڕانە ڕێگەیان کەوتەناو ئایینی مەسیحی و هەرئەم باوەڕانە لەناو گەوهەری دەروونی مەسیحیەت دا بوونە هۆکاری بەخێرایی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە. هەندێ لە داب و نەریت و ڕێوڕەسمە پیرۆزەکانیش لەناو چوارچێوەی جەژن و خۆڕەوشتە کۆمەڵایەتیەکاندا مانەوە و لەناو ئایینی مەسیحیدا بەشێوەیەکی پیرۆز هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا کرا. بەڵام بنەما و بناغە بنەڕەتیەکانی نەیاندەتوانی لەگەڵ مەسیحیەتی ئۆرتۆدۆکسیدا سازگار بەن. باوەڕ بوون بە کاریگەری ئەستێرەکان بەسەر پێشهاتی ڕووداوەکان و چارەنووسی ئادەمیزاد و جیهان بەولاوەنرا، بەڵام هەندێجاریش بەهۆی لایەنەکانی بیروباوەڕی خورافی، سازگاریان لەگەڵ دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووە ڕەتکردنەش لەبابەت زانستی ئەستێرەوە تاکوو ڕۆژگاری ئێمەش هەروا بەردەوامە و ماوەتەوە. سەیر لەوەدایە کە چارەنووس وایکرد ئایینی میترایی لە ڕوبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردن لەگەڵ کەنیسە و بڵاوبوونەوە و دەوری کاریگەری بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی دا، لەقاڵبی ئایینێك کە ئایینێکی نوێ و بەهێزبوو بەردەوام بێت و لە سەردەستی ئەم ئایینە نوێیە کە سەروچاوەکەشی ئێرانە بۆ کەنیسە وەکوو ڕکابەرێکی سەرسەخت بمێنێتەوە.

ڕێبازی مانی[٦] Manicaeism ، ئایینێك بوو کە پەیامهێنەرێکی هەبوو. وەکوو ئایینی میترایی ئەو ڕێبازە ئایینیە نەبوو کە لە ڕۆژگاری کۆنەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵام بەهۆی کۆمەڵە پەیوەندیەکەوە بە ئایینی میتراییەوە دەلکا؛ دامەزرێنەرەکەی لە ئێراندا ئاشنایەتیەکی زۆری لەگەڵ ئایینی میترایی هەبوو و زۆر لە پیاوە ئایینی و مۆبەدە میترایییەکان دەچوو. ئەگەر سیمای ئەم دوو ئایینە بەڕەسەن ئێرانیە پێکەوە بەراوردبکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هەرگیز تەواو وەکوو یەکتری نینە. بەڵام هەردوویان بۆ سەر بنچینە و بنەمایەکی هاوبەش دەگەڕانەوە. هەردوو ئایینەکە لە ڕۆژهەڵات لەلایەك لەگەڵ نەریت و بیروباوەڕە بابلیەکان و



لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ سێ لایەنیەتی بیروباوەڕی ئێرانی ئاوێتە و بەهرمەند ببوون و لە ڕۆژئاواش کاریگەری بیروباوەڕ و ئۆستوورەکانی یۆنانیان پێوە دیاربوو.

ئایینی مانی لەماوەی سەدەی چوارەمی زایینی لە سەرانسەری سنووری هەرێمەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمادا بڵاوبۆوە. ڕێك ئالەوکاتەی کە لاوازبوون و کزبوونی ئایینی میترایی ئەنجامی لەناوچوونی ئایینەکەی لێکەوتەوە، ئایینێکی تر، ئایینێکی نوێ لە ئێران لە شوێن ئەوەوە پێشوازی لێکرا و بڵاوبۆوە. شێوەی عیرفانی کە بەهۆی دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی کەنیسە دژبە شیرك و فرەیەزدان پەرستی لاوازببوو، نەگۆڕا، بەڵام گشت ئەم دژایەتی و ڕوبەڕووبوونەوانە و ئایینە دێرینەکان و مەسیحیەت، ببوونە هۆی ئەوەی تاکوو کۆمەڵانی خەڵکی ئامادەی وەرگرتنی ئایینێکی نوێ بن و لەوشتەی کە لەدەست چووبوو و شوێن پێی هەرکام لەو ئایینانەی کە ئەم خەڵکە بە جۆرێك ئەوداليبوون تێیدا بەدیدەکرێت. ئاینی مانی هاوکات و بەشێوەیەکی هاوتەراز لە زەردەشت و مەسیح و میتراوە سەرچاوەی وەرگرتبوو و هەرسێیانی ستایش دەکردن. لەڕاستیدا ئەمانە هۆکاری بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی ئایینی مانی بوون. بەم چەشنە بەپێی ئەو چارەنووسەی کە باسی لێوەکرا هاتەدی و بیروباوەڕ و بنەماکانی میترایی لە قاڵبێکی نوێدا ئاراستەکران و لەبەرامبەر گشت تەوژم و ناکۆکی و توندوتیژیەکاندا خۆی ڕاگرت و تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا بەشێوەیەکی تر سەری هەڵداوە و جارێکی تر جیهانی ڕۆما و کەنیسەی هەژاندەوە.

# پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

١- تەوتم: باوەڕ بە پیرۆز بوونی هەندێ گیانلەبەر و شتی تر کە لە ڕۆژگـاری دێرینـدا لـەناو هەنـدێ لـە نەتەوە و گەلەکاندا باوبووە، تەوتمی پێدەگووترێ. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زۆرجار لەناو هەنـدێ لـە گـەل و هۆزەکان، دار یان گیانلەبەر یان شتێکی دیاریکراو ڕێز و تایبەتمەندی خۆی هەبووە و وەکـوو پـارێزەری گـەل و هۆزی خۆیان دایان ناوە.

٢- فەرەشـکەرد: لـە ئاڤێـستادا ((فراشـوکێرتی)) یـە و بـەواتای ڕۆژی دۆمـاهی یـان جیهـانی نـوێ دروستکراوە. لە کۆتایی جیهان دێوی ناپاکی و سەرچـاوەکانی خراپـەکاری لەناودەچـن و کۆمـەڵانی خـەڵکی دەگەنە خۆشی و شادومانی و ئەم سەردەمە فەراشکێرتی پێدەگووترێ.

٣- ئۆرتۆدۆکس: وشەیەکی یۆنانی یە و بەواتای خاوەن بیروباوەڕی ڕاست و تـەواوە. یـەکێك لـە مەزهەبـە سێیینەکانی مەسیحیەتە.

٤ — گێئوش ئیڤاگدات: گای پاك، یەکەمین گای خولقاو. بـەپێی نووسـراوەکانی بۆندەهێـشن ئـەم گایـە یەکەمین گیانلەبەرێکە کە لەلایەن ئاهوورەمەزداوە خولقاوە. گایەکی سپی بوو و باڵای بەقەد سێ قەمیش بەرز بووە. ئاهریمەن بەیارمەتی دێوە خراپەکارەکان ئەم گایەیان کوشت و گشت چوارپێکان و گیانلەبـەرە سمـدارەکان لە توخمی ئەون.

٥ — سووشیانس: لە ئاڤێستادا ((سووشیانت)) بەواتای ((سودبەخش)) یان ((سوودهێنەر)) یـان ((خۆشـی هێنەر)) ە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەواتای ((دەربازکەر)) یان ((ڕزگارکەر)) ە. لە گاتاکـان دا چـەندجارێك وەکوو سیفەت بۆ ناوی زەردەشت بەکارهاتووە. بەڵام لە بەشەکانی تری ئاڤێستا واتا ئاڤێستای نوێـدا سـیفەت یان نازناوی هەریەك لەو سێ کەسە چاوەڕوانکراوەیە کە بەپێی ئایینی زەردەشتی نوێ کـەرەوەی ئـایین، بـەڵام بەتایبەتی نازناوی سێیەمینەکەیانە کە ناوی ((ئاستاوت ئارێتا)) یە. لە ئایینی مەسیحی دا خـودی عیـسای مەسیح سووشیانتە. لە ئایینی ئیسلامدا ئەمە سیفەتی ((موحەمەدی مەهدی)) یە کە لـە کۆتـایی جیهانـدا لەلایەن خوای پروەردیگارەوە هەڵدەبژێردرێ تاکوو ناپاکیەکان لەناوبەرێت و موژدەی ڕۆژی دۆماهی ڕابگەیێنێ. ئەم بروباوەڕە ئایینیە لەناو زۆربەی ئایینەکان وەکوو بنەمایەکی هاوبەش وایە.



٦ — مانی: ناوی نیگارکێش و شـێوەکاری بـەناوبانگی سـەردەمی فرمـانڕەوایی شـاپووری یەکەمـە کـە پەیامبەر بوونی خۆی ڕایگەیاند و کتێبەکەی ناوی ئەرژەنگ بوو. سەرەتا شاپوور ئەم ئایینەی پەسندکرد بەڵام دووایی دووبارە بووەوە بە زەردەشتی و مانی بەرەو چین ڕایکرد. دوای شاپوور کوڕەکەی بەناوی هۆرمۆز مـانی لە چین هێناوە بەڵام دوای ئەو بارامی یەکەم فرمانی دەرکرد تاکوو پێستی دامالن و پڕی کای بکـەن و لەسـەر دەروازەی جوندی شاپوور هەڵیان واسی. پەیرەوانی مانی، مانـەویان پێـدەگووترێ. مـانی بیروبـاوەڕی ئـایینی زەردەشتی و مۆغەکان و میتراپەرست و بوودایی و مەسـیحی و ئایینـەکانی تـری ئاوێتـەی یـەکتری کـردن و ئـایینێکی نـوێی بـەدیهێنا. بـەڵام بـەزۆری بناغـەی بیروبـاوەڕی ئـەم ئایینـە لەسـەر بنـەماکانی ئـایینی زەردەشتیگەری دامەزراوە.



# بەشی حەوتەم

## لایەنە دیار و نەمرەکانی هونەری میترایی بە هاوکاری مەسیحیەت و کەنیسە

## هونەری میترایی

لایەنە دیارە هونەرییەکان، نموونەی سیمبوول و هێمای میترا و کوشتنی گا، نیگار و پەیکەرەکانی دوو مەشخەڵ هەڵگر یان دادۆفۆریەکان، تایبەتمەندیەکانی هونەری میترایی لە بەردتاشی و پەیکەرتاشی، ئەو شوێنەوارانەی کە بەهایەکی هونەریان نیە، نەخشە نەگۆڕە سیمبوولییەکان، نەخش و وێنە ئەندازەیی و نیگارهەڵکەنیەکان، کارگەکانی دروستکردنی بەرهەمە ئایینیەکان و جۆری بەڕادان دان و دابینکردنی، ئەو بەرهەمە هونەری و پەیکەرانەی کە لە ئاسیای بچووکەوە دەهێنرانە ڕۆما، دێهاتەکان و سەروچاوە هونەرییە خۆماڵییەکانی میترایی، ڕەنگ و ئاوێتەکردنی ڕەنگی بەرهەمەکان و نیگارکێشی میترایی، هەڵسەنگاندنی هونەری میترایی، ئامانجەکانی هونەری میترایی و تایبەتمەندیەکانی، خواوەندەکان و دیاردەکانی بەخواوەندکراوی سرووشتی لە مەیدانی هونەری میتراییدا، کرۆنۆسی شێرسەر سیمبوولی زەمەنی بێ سنوور، بەچ شێوەیەك هونەری میترایی ئاخێنرایە ناو هونەری کەنیسەیی و بۆ هەمیشە تێیدا مایەوە.

### لایەنە دیار و نەمرەکانی هونەری میترایی بەهاوکاری مەسیحیەت و کەنیسە

شوێنەوارە دۆزراوەکان، پەیکەرەکان، نووسراوە بەردینەکان و ستوونە نووسراوەکان و نەخشە هەڵکەنراوەکان و نەخشاندنی بەرهەمە بەهادارەکانی ئایینی میترایی، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا، کۆلکسیۆنێکی گەورەیە کە لەکاتی هەڵکۆڵین و توێژنەوە شوێنەوارناسیەکان بەدەست کەوتوونە و لەڕوانگەی بیروباوەڕ و داب و نەریت و تەنانەت شێوەی هونەری هەماهەنگیەکی بەرچاویان هەیە. ناسینی ئەم کۆلکسیۆنە سەرەنجڕاکێشە بۆ مێژووی هونەریی ڕۆمایی پێویستە. لە دوو ڕوانگەوە گرنگی و نرخی ئەم کۆمەڵەیە بەدەردەکەوێت؛



یەکەم ئەو بەڵگە مێژوویانەی کە بەشێوەی وێنەیی لەبەردەست دانە و دەبێ بەیارمەتی و لەسەر ئەوانەوە ئایینی میترایی درووست بکرێتەوە. دووەم بەهای هونەری ئەم شوێنەوارانەیە کە گرنگیەکەی شتێکی وای لە خاڵی یەکەم کەمتر نیە. نابێ بەدوای ناسینی ئەو هونەرمەند و ئەو کەسانە بین کە ئەم شوێنەوارانەیان بەدیهێناوە. لەوەش گرنگتر بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ئەم شێوە هونەریەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر هاوشانی ئایینەکە بەردەوامبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ وابزانین هونەری یۆنانی کاریگەری بەسەر گشت لایەنەکانی ئەم هونەرەدا هەبووە و کاریگەری هونەری یۆنانی لەناو هونەری میتراییدا وەکوو بنەمایەکی سەرەکی لێهاتووە.

لە کاتی توێژینەوە، لایەنێکی جیاوازی هونەری لەڕوانگەی هونەرێکی نایابەوە بەرچاوناکەوێت، بەڵام بەدیهێنەرانی ئەم بەرهەمە هونەریانە لەکاتی ڕێکخستن و لەتەك یەکتری دانانی تایبەتمەندیە دێرینە هونەریەکانەوە، کارامەییەکی بێ سنووریان نواندووە، کە گشت ئەم تایبەتمەندیانە لەناو ئەم بەرهەمانە دا بەرچاودەکەون. هەندێ لەم دیاردە هونەریانە و شوێنەوارانە کە بەشێوەی نەخشی هەڵکەنراوی سەر بەردی مەڕمەڕ و یان بەردی بەهادار دەست ئێمە کەوتوونە لەلایەنی هونەریەوە نرخ و ڕێزێکی تایبەتیان هەیە و لەناو بەرهەمە هونەریەکانی پەیکەرتاشی ڕۆماییدا شوێنێکی بەرزیان دەستەبەرکردووە و شایانی ئەوەنە کە بەهەند وەربگیرێن. بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو نیگارانەی کە لەسەر جامی شووشەیی و کاشی نەخشێنراون کەمن، باسیان لێوەناکەین.

### وێنەی میترای گائۆژەن

ئەو نەخش و نیگارە جۆراوجۆر و فراوانانەی میترای گائۆژەن* کە لەڕوانگەی کار وشێوەی هونەریەوە، بەزۆری لێکدەچن و سیمای پیرۆزی میترا لەکاتی قوربانیکردنی گا پیشان دەدەن، بەرلە بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی لە ڕۆژئاوادا، نەخشێکی سیمبوولیك و ناسراو بووە. نموونەی یەکەم لەناو قاڵب و شێوەی ناسراوی، بۆ کاری هونەرمەندێکی سەربە ڕێبازی

* ئەم زاراوەیە بەزمانی لاتینی واتا"میترا کە گا دەخاتە ناو داو یان دەیگرێت و دەیبەستێتەوە". لەئایینەکانی سی بێڵی و یان بەباتی هاوچەشنی، ئەم سیفەت ئاسایە بۆ خواوەند و کەسانی تریش بەکار براوە: یاداشتی ١٣ بەشی شەشەم.

((پێرگامۆن)) دەگەڕێتەوە، کە دواتر لەسەر شێوە کۆنە پیرۆزەکەی بێ گۆڕانکاری وەکوو نموونە پەسندکرا[**]. ئەم بەرهەمە پیشاندەری دەرەنجامە سەرکەوتن بەخشەکانی قوربانیکردنە، کە ڕازێنەرەوەی مێهرابەی ئاتێنانیکەAthena Nike بوو.

لە ڕۆما و ئۆستیا Ostia کۆمەڵە بەردە مەڕمەڕێك کە نەخشی زۆرجوانیان لەسەر هەڵکەنراوە دۆزراونەتەوە و بێگومان لە سەدەی دووەمی زایینیدا بەدیهاتوونە و پیشاندەری تایبەتمەندی هونەری ڕۆژگاری یۆنانین[***]، وێنەکانی ژمارە ٤، ٥، ٦ و ١٠ لەم جۆرەن. میترا دوای ڕاونان و بەدواکەوتن و ماندووبوونێکی زۆر گایەکەی گرت، نەخشە هەڵکەنراوەکان پیشاندەدەن پێیەکی خستۆتە سەر پشتی گایەکە و پێیەکەی تریشی لەسەر سمی داناوە و بەسەریدا زاڵبووە و گوشاری خستۆتە سەر گیانلەبەرەکە. و بە پەنجەکانی کە خستوونیەتیە ناو لووتیەوە، سەری گایەکەی بەرەو دواوە ڕاکێشاوە و بەدەستەکەی تری چەقۆیەکی لە ملی ڕاکردووە. ئەم نەخشە هەڵکەنراوە کارەمەیی و چالاکی پاڵەوانی نەبەزمان بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا پیشاندەدات. لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی زۆرجوان بارودۆخی مردنی پڕئازاری قوربانیکراو پیشاندراوە کە دوایین هەناسەکانی دەردەکات. هەروەها لایەنێکی سەرەنجڕاکێشمان بۆ بەدیاردەخات و ئەویش سیمای خەمبار و پڕئازاری میترایە کە لەکاتی قوربانیکردنی گایەکەدا بەسەری داهاتووە. ئەم دیمەنە ناسك و سۆزدارانەیە کە دۆخێکی زیندووی بەم دیمەنە بەخشیوە و نرخێکی ئەوهای پێداوە کە تەنانەت ئێستاش لەکاتی بینینی ئەم دیمەنەدا، هەستی بینەران وەکوو هەستی شوێنکەوتووانی میترا دەبزوێنێ. (وێنەی ٤٤).

## پەیکەری دوو مەشخەڵ هەڵگر

نموونە کۆنەکانی دوو مەشغەڵدار یان دادۆفۆری dadophori پیشاندەری ئەم هەست و سۆز و هەڵچوونانەن. بەڵام لە هەندێ لەم شێوانەش کە نایاب و هەڵبژێردراوبوون، بینینی ئەمجۆرە

** بڕوانە کتێبی: "دەقەکان و شوێنەوارەکانی میترایی و نهێنیەکانی" بەرگی دووەم، لاپەڕە ١٨٠ بەولاوە:
Textes et mon uments Figures reiatifs aux Mysteres de Mithra, VOL. II,. pp 180 etseq.

*** زۆربەی ئەم وێنانە لە کتێبی: مێژووی ئایینی پڕنهێنی میترایی کۆ و چاپ کراوە. هەروەها وێنەی چەندین شوێنە واری تر کە دوای فرانتس کۆمۆن دۆزراونەتەوە لەم کتێبەدا دەبینرێن.



هەست و سۆزانە شایانی باسە. ئەو هونەرمەندانەی کە بەدیهێنەری ئەم بەرهەمانە بوونە بەپیشاندانی جل و بەرگی گوشاد و کڵاوی فریژی و هەروەها بە پیشاندانی دوو جەمسەری نایەکسانی هیوا و خەم و ئازار کە لە سیمای ئەم دوو یاریدەرەی مێهردا بەرچاودەکەوێت، ئەم حاڵەتانەیان پیشانداوە. دوو پەیکەری جوان و نۆژەنکراوی ئەم دوو یاریدەرەی میترا و ئەم دووانە ئاسمانیە لە دەورووبەری تیبێر Tiber دۆزرانەتەوە. زۆێگا Zoega پێی وایە ئەم پەیکەرانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی درووستکراون و ئامادەکراون و دوایی بەرەو ئیتاڵیا هێنراون و پێی وایە کە لە سەردەمی هادریاندا Hadrian درووستکراون.[*] (وێنەکانی ٤٧ و ٤٨ ). ئەگەر سەرەنج بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە هونەرمەندی داهێنەر بەچ شێوەیەك لە بەرامبەر یەك درووستکرنی ئەم دوو پەیکەرە سەرکەوتوو بووە؛ چونکە سیمای هەردوو پەیکەرەکە لە بەرامبەریەکسازی دا سەرەنجراکێشە، بەتایبەت پاڵتۆ یان سەرشان ئەندازەکان کە لەسەر شانی ڕاست بەستراون و لە بەرامبەرەکەیدا بەرەو لای ڕاست هەڵواسراوە ( وێنەکانی ٤٧ و ٤٨ ).

پێداگری هونەرمەندەکان لەسەر وردەکاریە هونەریەکانی، پەیکەرسازی و نەخشە هەڵکەنراوەکان، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ڕۆژگاری ئانتۆنیۆنەکان Antonine ە. ئەمجۆرە سەرەنجدانە لە ڕۆژگاری دوای ئەوانیش بەرچاودەکەوێت. بۆ باشتر تێگەیشتن دەبێ سەرەنجی کۆلکسیۆنی ئۆستیا بدرێت. کە سەربە ڕۆژگاری فرمانڕەوایی (کۆمۆدۆس) ە و یان ئەو نەخشە هەڵکەنراوەی کە لە ڤیلای ئاڵبانی Villa Albaniدا دۆزراوەتەوە[*] و ئەویش سەربە هەمان کۆلکسیۆنی ئۆستیایە، لەم شێوازەدا هونەرمەند هەوڵیداوە بە زۆرترکردنی چین و چرووکی بەرگەکان و زیادکردنی چین و هێلەکانی زووڵف، کارامەیی خۆی لە پیشاندانی حاڵەتەکانی سیما و سەر و ڕوخسار و پەیکەرەکەدا پیشان بدات و لەڕاستیدا سەرکەوتووش بووە. بەڵام بەو شێوەیەش هونەرمەند نەیتوانیوە قەرەبۆی ئەو سیما سارد و هەست و سۆزە کۆتاییەکە بکات جگە لەمەی کاریگەری ئەم بەرهەمە چ لە وردەکارییە، بەسەرەنجدان بە وردەکارییە هەست پێنەکراوەکانیشدا ئاشکرایە.

* T.et. M., Mon 27, Plate II, opposite. P. 209, VOL II conmut
پێی وایە ئەم پەیکەرانە بۆ رۆژگاری بەرلە هادریان دەگەڕێتەوە.

* T. et. M., Mon 79, fig. 67; ondmon. 38 Fig. 45.

ئەو لەتکە بەردە مەڕمەڕە نەخشێنراوەی کە لە ئاکووی لێیا Aquileia دۆزراوەتەوە، لەم ناسکی و وردەکاریە هونەریانە پێکهاتبوو و بەم پێیە وەکوو بەرهەمێکی بەنرخی هونەری ناسراوە. ئەو پەیکەرانەی کە بە ناسکی و هونەری لەسەر بەرد هەڵکەنراون و نەخشێنراون، بەزۆری بە شێوەیەکی جیا لە پایە و ستوونەکان دامەزراون و تەنیا بە یارمەتی پایە و هەندێ شتی زۆر ناسکەوە لەسەر شوێنەکانیان دانراون؛ و ئەمە تەنیا گۆشە و نموونەیەکی هونەری شکۆداری پەیکەرتاشیە کە هونەرمەند بە بەهرە هونەریەکەی خۆی، بەیارمەتی شێوازێکی ناسك و هونەریانە کە زۆرتر لە هونەری کانزا نەرمەکان بەکاردەبردرێت، بەرجەستەی کردووە(*).

## ئەو شوێنەوارانەی کە بەهای هونەریان نیە

لەمجۆرە نموونانە لە ئیتاڵیا و بەتایبەتی دەوروبەر و شارە دوورەکاندا، زۆرکەم بەدیدەکرێن. نەك لەبەرئەوەی کە کەمن، بەڵکوو بەداخەوە بەرهەمی میترایی بەزۆری لە ناوچە دوورکەوتووەکاندا بەهایەکی هونەریان نەبووە. لەم بارەیەوە نابێ باسی پەیکەرتاشەکان بکەین، بەڵکوو دەبێ لە بەردتاشەکان بدوێین. ئەمانە کە بەدیهێنەرانی ئەم شوێنەوارانە بوون بەزۆری

* هەر لەوکتێبەدا. بەرگی دووەم، لاپەرە ٤٨٨ (( کتێبەکەی کۆمۆن لەبابەت شوێنەوار و دەق و نهێنیەکانی ئاییینی میترایی)) لەگەڵ نەخشی هەڵکەنراوی پایەی ستوونی ئانتۆ نیۆنەکان
Ein Verbluffe ndes technisches Geachik, (Brune, Denkmaier gr. u. rom skulptur, pl, 210b).

و نەخشی هەڵکەنراوی "کامپۆ سانتۆ" ی" پیزا":

.( seconded, No. 524،Dutschke Fuhrer)

بەراورد دەکات.

هەمان ئەم شێوە هونەریە کانزاکاریە لە پەیکەرەی مەڕمەری کە بەشێوەی نیو پەیکەرە و لە ناوچەی سمیرنا دۆزراوەتەوە، بەراورد دەکرێ.

ئەم دووپەیکەرە ئێستا لە مۆزەخانەی برۆکسێل دانراون:

Catal، des antiquitees acquises par les musees royoux depuis le ire janvier 1900, Bruyelles, 1901, Nos, 110, 111.



بەکوتك و پاچە و سمبە. کارەکانیان بەرەوپێشەوە برد، جا دوایی بە ڕەنگکردن هەوڵیان دەدا وردەکاریەکان بەدیاربخەن و پیشانیان بدەن. هەندێجار بەرهەمێك وەها بەخێرایی بەدیدەهات کە تەنیا بە هەڵکەندنێکی هەوەڵی، بە هێڵ و هێمای زەق و دیار و بە بەکاربردنی گێچ، شێوە و سیمای نیگار و پەیکەرەکە بەرجەستەکراوە.



وێنەی ژمارە ٤٧
ئیزەدی مەشخەڵ هەڵگری میترایی
Mithraic Dadophorus
کە لە کاتی نۆژەنکردنەوەدا هەڵەی تێکراوە و بە بە پەیکەری پاریس دانراوە.



وێنەی ژمارە ٤٨
ئیزەدی مەشغەڵ هەڵگر میترایی کە بە
هەڵە بە پەیکەری ((پاریس)) Paris

لەڕاستیدا ئەم شوێنەوارانە بەخێرایی و تەنیا بە بەسەندەکردنی پیشاندانی پیلانە سەرەکیەکە کە بۆ شوێنکەوتووان و پەیرەوانەکە هەڵگری کۆمەڵە چەمکێکی ناسراوبوو، پێکدەهات و مێهرپەرستەکان بە بۆچوونەکانیان گیان و دۆخێکی زیندوویان پێدەبەخشین. ئەگەر ئەو کەمە زانیاریانەمان لەبەردەست دانەبایە، لەڕاستیدا درك کردنی ئەم چەمکانە و پێشکەشکردن و شیکردنەوەی ئەم بەرهەمە سەرەتاییانە زۆر دژوار و هەندێجاریش لە توانامان دانەدەبوو. لەبەرئەوە هەندێ لەم بەرهەمانە بەتایبەت ئەوانەی کە بچووکترن، زۆر سەرەتایی و سادە و تەنانەت ڕادەبەدەر بێ بەها و بێ نرخن.

لە بنچینەدا مەبەست و ئامانجی بەدیهێنەرەکان گرنگ بوو و لەبەرئەوە سۆز و ئاوات دەبووە هۆی ئەوەی تاکوو ئەو هەمووە ساکاری و سادەیی کارەکان لەبەرچاو نەگیرێ. مێهرپەرستەکان تەنیا لە پەرستگەکان و مێهرابەکاندا ئەم بەرهەمە هونەریانەیان بەکارنەدەبرد، بەڵکوو بۆ مەبەستی پەرستن و ستایشکردنیش لەناوماڵەکانی خۆیاندا دایاندەنان. دۆزینەوەی ئەم شوێنەوارانە لەناو ماڵەکاندا پیشاندەری زۆری ژمارەی ئەوانە و دەتوانرێ بگووترێ لە هەر شوێنێك کە پەیرەوانی میترا هەبووبن، ئەم بەرهەمە ئایینیانەش دەستدەکەوتن.

بێگومان بەپێی زۆری ژمارەی ئەم بەرهەمە سەرەتایی و سادانە، دەبێ کاریگەریەکی تایبەت هەبووبێت کە ئیماندارانی مێهرپەرست ڕوویان لەوێ کردبێ و هەوڵی دابینکردنی ئەم بەرهەمانەیان دابێت، خوڵقێنەرەکان دەبوایە بەخێرایی ئەو بەرهەمە بەڕاداندراوانە درووست بکەن و بەم پێیە ژمارەیەکی زۆری ئەم جۆرە پەیکەرە سادانەیان ئامادە دەکرد. بێگومان ئامانجی ئەم بەدیهێنەرانە ڕازیکردنی کڕیارەکان بوو، ئەو کەسانەی کە سۆزێکی هونەریان نەبوو، سەرەنجی وردکاری و ناسکی بەرهەمە هونەریەکانیان نەدەدا. وەستا و کرێکارەکانی ئەم کارگانە سەدان جۆر لە نموونە سیمبوولیکەکەی ((میترای گائۆژەن)) یان لە شێوە و قەبارەی جۆراوجۆر دروستکردووە*.

* بەڵام بێ گومان دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە لەوکات نەبوونی پیشەسازی پیشکەوتووی ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی نموونەیەك، دەبووە هۆی ئەوە کە یەکسانی و هاوسانیەك لەناو بەرهەم و



بەرهەمەکانی ئەم کارگانە تەنیا درووستکردنی نموونەیەکی یەکسان و داڕێژراو نەبوون. بەپێی ئەو جۆر و شێوەیەی کە لەلایەن خوازیارانەوە داوادەکرا، کاری خۆیان ڕێکدەخست و شێوەیەکی ڕەنگاڵەیان بەکارەکانیان دەبەخشی. بۆ نموونە دەبێ سەرەنجی ئەو توێژینەوانە بدەین کە لەسەر شوێنەوارە دۆزراوەکانی مێهرابەی سارمێزێ گێتۆسا Mithraeum-Sarmizegetusa ی داکیادا کراوە**. لەم مێهرابەیەدا گشت جۆرەکانی بەرهەمی دروستکراوی کارگە جیاجیاکان بەرچاودەکەون. بەڵام بەزۆری نەخشی هەڵکەنراو و پەیکەری بەوردەکاریان دروستنەدەکرد چونکە ئەفراندن و نەخشاندنی نیگار و نەخشی هەڵکەنراو، هونەرمەندێکی کارامە و وردەکار و کارزانیان دەخواست، تەنیا ئەم بەرهەمانە کۆمەڵە نیگارێکی داواکراوی میترای گائۆژەن، کە لەسەر بەردی مەڕمەڕ هەڵکەنراون.

هەندێجار بە لەناو چوارچێوەدانانی نووسراوە بەردین و نەخشە هەڵکەنراوەکان و دابەشکردنی نەخش و نیگارەکان، بەیارمەتی شورەی لە دار درووستکراو بەسەر سێ یان چواربەش، جوانی و نرخی بەرهەمەکەیان زۆرتر دەکرد. چوارچێوەکانیش یان بەشێوەیەکی سادە یان نەخشدار دروستدەکران. لە نەخشە وردەکاریەکانی سەر چوارچێوەکەش ئاڵۆزی و نهێنیە ئایینیەکانی بەرچاو دەکەون. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو نەخشانە ئیزافەی سەر بەرهەمە سەرەکیەکە دەکران کە لەهەر چوار لاوە نەخش و نیگارە هەڵکەنراوەکانیان بەدیاردەخست و شێوەیەکی ڕێك و پێکیان پێدەدا. ئەو هونەرمەندەی کە نەخشە هەڵکەنراوەکەی دروستدەکرد، هەندێجار بەپێی بیروباوەڕە ئایینیەکان، نەخشە دوازدە دانەییەکانی فەلەکی بەشێوەیەکی بازنەیی یان هێلکەیی بەدەوری میترا دا دەکێشاوە، یان دەورووبەری چوارچێوەکەی بە وێنەی تانج یان گەڵا دەڕازاندەوە. هەندێجاریش چوارچێوەکان نەدەڕازێنرانەوە. کاتێك بەهرە و توانایی هونەری بەکاردەبردرا کە کەڵك لە نەخش و نیگارە سیمبوولییەکان وەردەگیرا. ئەمە شێوازێك بوو تاکوو وێنە سیمبوولییەکە لە هەموو لایەکەوە بە نەخشی بچووك و ورد پڕ بکرێتەوە. ئەم شێوە و وێنانە، وێنەی ئەندازەیی وەکوو، چوارگۆشە، لاکێشە، خاچ و نیوبازنە، بازنە و ...

نەخشەکاندا بەدی نەکرێت. بەڵام کاتێك کە هەندێ لە نەخشی هەڵکەنراو وبەرهەمی دۆزراوە لەگەڵ یەکتری بەراورد دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەیان لە کارگەیەگ یان گارگە هاوچەشنەکان درووستکراون.
CF. T. etm., VOL. II., Nos . 45 and; Figs 85 and 95, Fig 87; 192 and bis; 194, and 195.
** T. et. M., Vol. II., Nos. 13840 183.

بوون. بەڵام خاڵی سەرەنجڕاکێش ئەوەیە کە لەم زەمینەسازی و بەوێناکێشانە دا، جیاوازیەکان جۆراوجۆر بوون و کەمتر دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین کە دوو بەرهەم لەم ڕوانگەوە یەکسان و هاوچەشن بن.

ئەگەرچی بەرهەمەکانی ئەم کارگانە کەل و پەلی بازرگانی بوون و بەهۆی داواکاری خێرا یان بۆ مەبەستی بازاری فرۆشتن دابیندەکران، بەڵام دەبێ بەشێکی لایەنی هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە هونەری میترایی لەسەر ئەم بەرهەمانە ئەنجام بدرێت. کۆمەڵە بەڵگەیەکی چەسپاو لەبەردەست دانە کە دەسەلمێنن بەشێکی ئەم بەرهەم و پەیکەرانە کە بۆ شارەکانی ویلایەتە گەورەکان دروستدەکران و دەناردران، لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا دروستدەکرن*.
پێدەچێت لە چەند بابەتێکدا، شوێنەوارەکانی ناوچەی ((گـوول)) و مێهرابەکانی لەندەن ئەم بۆچوونە پشت ڕاست بکەنەوە**.

بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەو شوێنەوار و پەیکەرانەی کە لە ڕۆما دۆزراونەوە، لەوانەیە لە ئاسیای بچووک هێنرابن و لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی دروستکرابن*. نەخشە هەڵکەنراوە ڕەسەن و جوانەکانی ڤیروونووم Virunum پێدەچێت لە وڵات و شوێنی تر و لەوانەیە لە ئاکوئیلیاشەوە Aquileia هێنرابن. بەردی مەڕمەڕ و کانەکانی پانۆنیا Pannonia زۆر گرنگ و بەنرخن. بەردی مەڕمەڕ لەم کانانە وەدەست دێن و بۆ مەبەستی نەخشاندن و هەڵکەندنی هونەری کاری پێدەکرێت**.

پێدەچێت ئەم کانانە سەرچاوەیەکی بێ کۆتایی بەردی شیاو بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو دیاری و پێشکەشیانە بن کە پێشکەش بە میترا و مێهرابەکان دەکران.

---

*Friedlander, Sittengeschte, Vol. III, P,280.

**T.et.M., Vol. II, Mon. 267 and dhe ande onp. 390.

*T. et. M., Vol . II., Mon. 235 and tha note on P. 338. cf. sapra, P 122, Fig. 26.
پێی وایە ئەم پەیکەرانە بۆ رۆژگاری بەرلە هادریان دەگەڕێینەوە. Coknmut

**We ttenbach, Passio Sanct, quat uor Coronat, With the notes of Benndorf and Mox Budinger, 1870; cf. Friedlander, op. 282. Anew Text has been Pubhished by Wattenbach, sitzung sb. Akerd, Berlin, XLVII. 1890, P128, I. etseq.
گوزارشتێکی نوێ لەلایەن ڤاتێن باخ بڵاوکراوەتەوە. هەروەها وەرگێڕاوی یۆنانی ئەم بەرهەمە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.
Anahcta Bollaniana, XVI, 1897, P. 337.



زۆربەی ئەم شوێنەوارانەیان لە ئەڵمانیا لەکاتی هەڵکۆڵین و توێژینەوەدا دۆزیوەتەوە کە بێگومان دەبێ لە هەمان کەنارەکانی دانووب دروستکرابن. بەپێی ئەم مێژوو و بەروارانەیە کە دەتوانین دەستنیشانی چۆنیەتی گواستنەوە و جۆری گۆڕینی کەل و پەلی ڕازێنەرەوەی ڕۆژگار و سەردەمی فرە یەزدانپەرستی ئیمپراتۆری لەناو کەنیسەکان بکەین.

بەڵام هەروەك ئاماژەی پێکرا زۆربەی بەرهەمە هونەری و جوانکاریەکانی ئایینی میترایی بەخێرایی و لەماوەیەکی کەمدا دروستدەکران. بەشێوەیەکی باشتر و ڕوونتر دەتوانین لەڕووی ئەو نەخش و نیگارانەی کە لەقەدی چیاکان و تەختە بەردەکانەوە دروستدەکران، لەم بابەتە بکۆڵینەوە. بەڵام بەداخەوە زۆربەیان بەئەنقەست و بەمەبەستی دوژمنایەتی لەناوبراون. بەڵام هەڵبژاردنی جۆری بەرد و پیشاندان و دروستکردنیان سەرەنجڕاکێشە. هەروەها لەم شێوە کارکردنەدا بەدیاردەکەوێت کە ئەمجۆرە بەرهەمانە لەلایەن مامۆستایانی بیانی و هونەرمەندانی ناودار و یان تەنانەت پەیکەرتاشانی کارامە و گەڕۆکەوە بەدینەهاتوونە، بەڵکوو بەرهەمی دەست و کاری بەردتاشە خۆماڵی و ڕەسەنەکانی ناوچەکە بوونە.

## گوندەکان کانگای خۆماڵی و ڕەسەنی هونەری میترایی

گوندەکان وێستگەی بڵاوبوونەوە و ڕەنگاڵەیی و فراوانی شوێنەوارەکانی میتراییە. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان، کێشەکانی گواستنەوە و ئەو مەترسیانە بوون کە لەکاتی گواستنەوەدا دەهاتنە پێش. بەم پێیە کۆمەڵەیەکی گەورەی هونەری لە نەخشی هەڵکەنراو و پەیکەر و نیگاری میترایی لەبەردەست دانە کە بۆ توێژینەوە لە مێژووی هونەری ئیمپراتۆری زۆر گرنگ و بایەخدارن. باوترین و دیارترین بەرهەمێك کە پێویست بوو لەناو هەرکام لە مێهرابەکاندا هەبێت، نەخشی هەڵکەنراوی میترای گائۆژەن بوو. لەناو مێهرابی هەر مێهرابەیەك و لەناو شانشین و تەختگای مێهرابەکاندا ئەم نەخشە سیمبوولییە لە بەرامبەر ستایشگەر و نیایشگەرەکاندا دەبینرا. بەڵام ژمارەی ئەو نەخش و نیگارە بچووك و گەورانە زۆربوون کە لەلایەن ئیماندارەکانەوە پێشکەش بە میترا دەکران. بەشێوەیەکی گشتی ئەو پەیکەرانەی کە بۆ مێهرابە پێویست بوون بە شاکارێکی بەرزی هونەری دانانرێن، چونکە هەمیشە نە ئەو هونەرمەند و ئەو توانایییە لەئارادابووە و نەتوانراویشە بۆ هەریەك لە مێهرابە بچووکەکانی گوند یان ئەو شوێنەی کە چەند کەسێکی میتراپەرستی لێکۆبۆتەوە، پەیکەرێکی سەرەکی و ڕەسەن بەواتا هونەریەکەی دروستبکرێ. بەڵام بەدیهێنەرانی پەیکەرەکان گشت بەهرە و

تواناکانیان بەکاردەبرد. بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندانی ئەمجۆرە پەیکەرانە لە مێهرابەی دێهات و شوێنە دوور و ناسەرەکیەکان، هیچ جۆرە داهێنان و نویگەریەکیان لەناو هونەرەکەیاندا نەبووە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە جۆرە وردێتیەك لە وردەکاریەکی ژیرانە لەمجۆرە بەرهەمانەدا بەرچاو دەکەوت.

کاتێك کە ئەم بەرهەمانە دەکەونە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە و وردبینیەوە، دەبێ ڕەچاوی ئەم بنەمایە بکەین کە نیگارکێش یارمەتی پەیکەرتاشی دەدا. جۆرە هاوکاریەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان فلچە و ڕەنگ لەلایەك و قەڵەمی بەردتاشی لەلایەکی ترەوە لەئارادابوو. بەردە مەرمەڕێك یان تابلۆیەکی گڵین بە گێچ ڕووکەش دەکرا و ڕەنگی تۆخی وەکوو سەوز، شین، زەرد، ڕەش و سوور بێ هیچ جۆرە لێکوەشانەوە، ئاوێتەی یەکتری دەکران. ئەو ڕووناکیەی کە بەهۆی دژایەتی ڕەنگەکان و سێبەرەکانەوە هێلە سەرەکیەکانی بەدیاردەخست و نەخشەکەی بەرجەستە دەکرد و لایەنە لاوەکیەکانی ناو تابلۆکەش بەم شێوەیە بەدیاردەکەوتن.

لە زۆربەی شێوەکاندا پێکهاتە و نەخش و نیگارەکان بەیارمەتی ڕەنگ و فلچە دیاریدەکران. هەندێجار لە هونەری زێرنیگاری بوو کە هەندێ لە نەخشەکان بەشێوەیەکی بەرجەستە پیشان دەدران. لەناو تاریکایی قووڵایی ژێرزەویدا کە شوێنێکی شیاو بۆ دروستکردنی مێهرابە بوو، نەخشە هەڵکەنراوە بەرجەستەکان بێ ڕەنگ کردن و بەکاربردنی درووست و تەواوی ڕەنگە ڕوونەکان هەرگیز بەرچاو نەدەکەوتن. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەکاربردنی ڕەنگی تۆخ و ڕوون، تاریکایی وەهم هێنەری ناو مێهرابەکان بوو. بەکاربردنی ڕەنگ یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هونەری ڕۆژهەڵاتی بوو و لووسین Lucian نیگارە سادە و جوانەکانی خواوەندە یۆنانیەکانی لەگەڵ ڕازاندنەوە و جوانکاریکردنە شاهانە و شکۆدارەکانی ئەو بەرهەمانەی کە سەروچاوەیەکی ئاسیاییان هەبوو، بەراورد دەکرد*.

سەرەنجڕاکێش ترینی ئەم بەرهەمانە لە ناوچەکانی باکووری ((گوڵ Gaul)) و بەشێوەیەکی وردتر لە سنوورەکانی ڕۆن Rhone دەستکەوتوونە. ئەوشتەی کە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە دەبێ ئەمە کۆلکسیۆنێکی دەوڵەمەند و بەنرخی ئەو کارانە بێت کە لە قوتابخانەی پەیکەرتاشی بەلجیکا، لەماوەی سەدەکانی دووەم و سێیەمی زایینیدا سەرچاوەی

* Lucian, jup. Tnag., 8.



گرتبێ. ڕێباز و قوتابخانەیەك کە ئەوکات ناوبانگێکی زۆری هەبووە و بەرهەمە هونەریەکانی ئەم قوتابخانەیە لە بەرامبەر کاری پەیکەرتاشانی باشوور، بەنرختر و بەرزتر بوونە.

ئەو نەخشانەی کە لە ئۆتێربوورکێن Ostherburken دۆزراونەتەوە یەکێك لە کاملترین جۆرەکانی ئەم هەرێمەن و جۆرە هەماهەنگی و یەك ئاستی و وردەکاری و ناسکیەکیان تێدابەدیدەکرێ کە سەرەنجی گشت بینەرێك ڕادەکێشن. وەك دیارە هونەرمەندانی میترایی لەکاتی ئەفراندنی تابلۆیەکی گڵین یان نەخشە هەڵکەنراوێکدا، هەوڵیان دەدا تاکوو ئەو جێگەیەی کە دەکرێ نەخش و نیگاری سیمبوولی زۆری تێدا پیشان بدەن. ئەمە دەبووە هۆی ئەوە تاکوو تابلۆکە بەهۆی زۆری نەخش و نیگارەکان، پڕبێت و پیشاندەری زۆری ژمارەی خواوەند و وێنە سیمبوولیکەکان بێت. بەڵام لێرەدا هونەرمەند بەوردبینی و شێوەیەکی هەماهەنگ و ڕێك هەوڵیداوە تاکوو بە درووستکردنی چەند هێل و لێوارێکی نەخشدار نیگار و وێنەکان لێك جیابکاتەوە.

بەڵام بەکاربردنی زۆر و فراوانی کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان و نیگارە سیمبوولیکەکان لەناو هونەری میتراییدا، بەکەم و کوڕیەکی دیاریکراو دادەنرێ، لەگشت نەخشە هەڵکەنراوەکاندا بەتایبەتی ئەوانەی کە میترایان لەکاتی قوربانییکردن پیشانداوە، ئەم شێوازە بەکاردەبردرێ، هەروەها ئەم شێوەیە لەبابەت ئەو تابووتانەی کە نەخشیان لەسەر هەڵکەنراوە بەکاربردراوە و پێکهاتەیەکی تەواو ئاڵۆزمان پیشاندەدات.

## تایبەتمەندیەکانی هونەری میترایی

بەڵام کاتێك کە سەرەنجی کەم و کوڕیەکانی هونەری میترایی بدەین دەبێ ئاماژە بە وردەکاریەکانی بکەین، دەبێ دەستنیشانی ناڕێکی و ناهەماهەنگی لایەنی هونەری نێوان پارچەکانی هەندێ لە پەیکەرەکان بکەین و هەروەها دەبێ ئاماژە بە سەرەنجدان بەناسکی و هاوتەرازی بەرهەمەکان بکەین کە هەندێ لە جوولەکانی ناو تابلۆکان وشك و بێ گیان پیشاندراوە. لە لایەکی ترەوە بە سەرەنجدان بەم کەم و کوڕیانە دەبێ سەرەنجی ئەو بەشانە بدەین کە بە ئامێر و پێکهاتەی ناسك درووستکراون و توانای هەر جۆرە وردەکاریەکیان لە هونەرمەند دەساندەوە. هونەرمەند لەناو چوارچێوەیەك دا کە سنوورێکی زۆری بۆ توانایی و کارامەیی و کارزانیەکەی دادەنا، دەیویست کار و بەرهەمەکەی گشتگیر و کامڵ و پیشاندەری گەورەیی و

شکۆیەکی ڕاستەقینە بێت. هونەرمەند بۆ پیشاندانی گەورەیی خواوەندەکان، بۆچوونی گەشە و چۆنیەتی ئەفراندنی جیهان بەپێی بیروباوەڕی میترایی، و ڕووداوە پڕنهێنیەکانی لەدایکبوونی میترا و ... تاکوو قوربانیکردنی گا لەسەر تەختەبەرد، خۆی بە بەرپرسیار و بەڵێندەر دادەنا، جابۆیە ئەم بەرپرسیاریەتیە و جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە ویژدانیە دەبووە هۆی لاوازبوونی کارەکەی، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم کارانە بەو هەمووە دژواری و ئاستەنگیەی کە لەبەردەم هونەرمەند دا هەیبوو، بەڕاستی شایانی دەستخۆشی لێکردنە.





**وێنەی ژمارە ٤٩**

Relief aus Rom: “Zeitgott”

بەرلەوەش هاوچەشنیەکی زۆر لە فراوانسازی وێنەکان لەئارادابووە. وردبوونەوە لە تابووتە نەخشدار و هەڵکەنراوەکان، چەند بابەتێکی زۆر لە دوبارەبوونەوە پیشاندەدەن کە کەڵك لە دیمەن و نەخش و نیگاری یەکسان وەرگیراوە و بەزۆری بەشێوەیەکی ستوونی و ئاسۆیی و بەشێوەیەکی هاوتەراز نەخش و نیگارەکان دوبارەبوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بەرهەمێکی هونەری سەردەمی فرەیەزدانپەرستی و شیرکپەرستی ئیمپراتۆری دەستنیشان بکەین، کە لەگەڵ ئەم بەرهەمە شکۆدار و بەنرخانەدا بەراورد بکرێت. بۆ بەراوردکردن و دۆزینەوەی هەندێ لایەن بۆ مەبەستی ئاماژەپێکردن و هەڵسەنگاندن، دەبێ باس لە هاوتەرازسازی کاشیکاری مەسیحی بکەین کە مێهراب یان دیوارەکانی کەنیسەیان پێدەڕازاندەوە.

لەبەرئەوەی کە باسی ڕەنگاڵەیی نەخش و نیگارە هەڵکەنراوەکان کرا، لەم توێژینەوەیەدا خۆمان بە ناساندنی یەکە یەکەی ئەم نیگارانەوە کە کەی و لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە، خەریك ناکەین. بەڵکوو سەرچاوەکانی شێوە و ڕێبازە هونەریەکانیان دەسنیشان دەکەین. بەهۆی ئەو بەدواداچوونە ڕوبەڕووی دوو یان سێ بابەتی دیار و تایبەتی لایەنی کاریگەری شێوە هونەریەکان دەبینەوە: هەندێ لەم بەرهەمانە بەئاشکرایی دەست نیشان دەکرێن کە لە شێوەکاری هونەری خۆماڵی و ڕەسەنی یۆنانی/ ڕۆمایی وەرگیراوە. سیمای دیار و بەتوانای ئاهوورامەزدایە کە لەناوبەر و دوژمنی نەبەزی دێوەکانە. لێرەدا ئاهوورامەزدا بەشێوە و سیمای زیووسی یۆنانی پیشاندراوە کە بە تیر و ڕمڵەکانی دێوەکان دەکوژێت. ڤەرتەرەغنا Verethragna (بارام) بەسیما و پەیکەری هێرکولس پیشاندراوە. هێلیووس پیاوێکی گەنجە کە بە قژ و زوڵفی درێژ و تێکچرژاو لەناو کەژاوە بەناوبانگەکەی دا بەرەوپێش دەڕوات. نێپتۆن، ڤینووس، دیانا، مێرکووری، مارس، پلووتۆن، سارتوون Venus،Neptune ، Sartun، Pluton، Mars، Mercury،Diana بەشێوە و سیما ڕەسەنەکەی خۆیان پیشاندراون، بەو جل و بەرگ و نیشانە سەنبولێکانەی کە بەهۆی ئەوانەوە دەناسرانەوە. هەروەها دیاردە سرووشتیەکان وەکوو بایەکان و وەرزەکان و فەلەك و ئەستێرەکان کە پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی کەسایەتیان پێدرابوو و هەروەها بنەماکانی بیروباوەڕی ئایینی میترایی کە لەلایەن هونەرمەندەکانەوە بەرلەوە پیشاندرابوون و بەرجەستەکرابوون، لەناو مێهرابەکان وەکوو نموونەی کار هەڵبژێردران.



## کرۆنووسی شێرسەر

دەتوانین بڵێین لەناو زۆربەی ئەو خواوەند و ئیزەد و کەسێتیە نەمرانەی کە هەرکامیان لەناو قاڵب و نموونەیەك دا دارێژراوەتەوە و پیشاندراوە، لە نموونەیەکی ڕەسەن و خۆماڵی ئاسیاییەوە وەرگیراون. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە یەکێك لە نموونە زۆر بەناوبانگ و ڕەسەن و پڕنهێنیەکانی وەکوو لێۆنتۆسێفالۆوس Leontocephqlous یان کرۆنووسی شێرسەر بکەین (وێنەی ٢٣ — ٢٠).

کرۆنووس کە سەرێکی شێرئاسای هەیە و بەسیمایەکی سامناکانەوە پیشاندراوە نموونە و سیمبوولێکی ڕەسەن و ڕیشەیەکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی هەیە. بێگومان مێژووەکەی بۆ ڕۆژگاری پەیکەرتاشی و پەیکەرسازی سەردەمی ئاشووریەکان دەگەڕێتەوە. بەڵام هونەرمەندانی ڕۆژئاوایی کە دەیانویست خواوەندێکی تەواو جیاواز و تایبەت پێشکەش بکەن کە نموونە و شێوەیەکی لەناو کۆڕی خواوەندە یۆنانیەکاندا نەبێت و خۆشیان پابەند بە هیچ قوتابخانە و شێوە و ڕێبازێکی هونەری نەدەکرد، لەم کاتەدا فرەسازی نەخش و نیگارەکانیان لەناو سیما و قاڵبی کەسایەتیەکدا کۆکردەوە و هیچ سنوورێکیان بۆ نهێنیەکان دانەنا و تا ئەوڕادەیەی کە توانیان لە مەیدانی هونەری ئایینی جڵەوی ئەسپی خەیاڵیان بەردا.

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە پیشاندانی پەیکەری کرۆنووس و سیماکەی لەلایەن هونەرمەندانەوە بەدیهات لە بیروباوەڕی ئایینیانەوە سەرچاوەی گرتبوو، تاکوو بەهۆی نهێنیە ئاڵۆزەکان، ئەم بوونەوەرە ئاسمانیە بەم چەشنە پیشان بدەن. بەمجۆرە تاکوو توانیان نهێنی و نادیاریەکانیان لە بواری بیروباوەڕی ئایینی بەرفراوانتر و بەربڵاوتر کرد. بەڵام هەوڵیاندا تاکو دەتوانن بەرهەم و شێوە و سیما سامناکەکان چاك بکەنەوە. بەمجۆرە بوو کە وردەوردە ئەژدیهای شێرسەر سیما و پەیکەرێکی ئادەمیزادانەی پێدرا. لە ئەنجامدا سەرکە شێرەکەشیان هەڵگرت و بەدانانی سەری شێر لەسەر سینگ پەیکەرەکەیان پیشاندا (وێنەی ٤٩).

کرۆنووسی شێرسەر سیمبول و نموونەی پڕنهێنی هەمیشەیی و زەمەنی بێ سنوور و یەکێك لە دیارترین نموونەکانی هونەری میتراییە. ئەگەر لەڕوانگەی جوانیەوە شتێکی وای تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام سیمای دیار و نەناسراو و زۆری سیمبوول و هێماکانی دەبنە هۆی سەرسووڕمان و سەرەنجڕاکێشانی بینەران. بەلێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی خواوەندی زەوی، دەتوانین سەرچاوە و سەروچاوە و هێما و سیمبوولە فراوانەکان دەست نیشان بکەین؛ کۆمەڵە هێمایەکی

وەکوو کڵاوی بێ لێوە و لار و هەڵقەڵەشاوی فریژی کە لەسەر گۆچانێك دانرابوو. یان ئەو گۆیەی کە بازێکی لەسەر هەڵنیشتبوو و لەڕاستیدا بە هێما و سیمبوولی ئاسمان دادەنرا. لە ڕووداوەکانی تردا کە ئەم کەسایەتیە تیایدا وەکوو هۆکارێك دەوری هەیە، قوربانیکردنی گا لەلایەن میتراوەیە، کە زۆربەی ئەمجۆرە دەستێوەردانانە بە تایبەتمەندی هونەری سەرەکی یۆنانیەوە بەندن. بەڵام ئەو لایەنەی کە شارەوە و نادیارە ئەوەیە کە ناتوانین نموونە و شێوەی سەرەکی ئەم پەیکەرە دەست نیشان بکەین کە بەردتاشان و پەیکەرتاشانی ڕۆمی ئیلهامیان لێوەرگرت. هەروەها بەشێوەیەکی ورد ئەو دیاردە و هێمایانەی کە لە بەرهەمەکانیاندا ئاوێتەی یەکتریان دەکرد و لەسەر تابلۆیەکی گڵین و بەردین پیشانیان دەدان، دیاربخەین. هەروەها لەبابەت بەرهەمەکانی ترەوە لەڕوانگەی هونەریەوە ڕێکی و هاوتەرازی ئەم نەخش و نیگارانە زۆر کەمە. بۆ نموونە لەمڕوەوە کاتێك کە نەخشی بێ گیانی میترا کە لە تەختە بەردێکەوە لەدایکبووە (وێنەی ٣٠ )، لەگەڵ نەخشی گیاندار و سۆزدارانەی لەدایکبوونی ئێریکتۆنیۆس Erchthonios کە لەسەر گوڵدانێکی یۆنانی نەخشێنراوە، بەراوردبکەین (وێنەی ٥٠) بەئاسانی دەتوانین تایبەتمەندی هونەری یۆنانی دەسنیشان بکەین.

بەم پێیە بەهۆی ئەو زەمینە لەبارەی کە لەبواری دەربڕین و پێشکەشکردنی هونەری لە ئایینی میترایییەوە لەئارادایە، بەداخەوە ئەم هونەرە دوورە لە داهێنان و جوانیەکی نموونەیی. ئەویش ئایینێك کە لە زەمینەی تازەگەری و گیانبەخشی و بزاڤی فیکری زۆر بەتوانایە. لەلایەکی تریشەوە دەبێ سەرەنجی ئەو خاڵەش بدەین، کاتێك کە ئەم ئایینە لە گشت هەرێمەکانی ئیمپراتۆریدا بڵاوبۆوە پەیکەرتاشی و پەیکەرسازی ڕۆمی فەرامۆشکران. لەکاتێکدا کە لە سەردەمی شکۆ و پێشکەوتنی هونەری یۆنانی هونەرمەندانی پەیکەرساز توانیان ژمارەیەکی زۆر نموونەی جوان و شکۆدار کە لەگەڵ تایبەتمەندی خواوەندانی میسریدا هاوتەریب و هەماهەنگ بوون پێشکەش بکەن و بخوڵقێنن. هەروەها لەلایەکی تریشەوە لە ئیمپراتۆری ڕۆما زۆربەی خواوەندەکانی مەزدایی بەناچاری بەشێوە و سیما و جل و بەرگی خواوەندانی ئۆلیمپەوە پیشاندەدران، لەکاتێکدا کە بەڕەسەن ئێرانی و ئاریایی بوون. هەرکاتێك کە بۆ ئەم خواوەندانە و شێوازە فیکریە تازەکان، بۆ پێشکەشکردنی ناوەڕۆکێکی تازە قاڵبێکی هونەری شیاو و نوێ پێشنیار دەکرا، هەموو شتێك لەبار و هەموار دەبوو. بەڵام دوو هۆکار بوونە بەربەست لەبەردەم ئەم پێشکەوتنە. یەکەم خۆشگوزەرانی و هەروەها ئەو سەروەت و سامانە بوو کە لەلایەن باب و باپیرانەوە بە میرات بۆیان مابۆوە، و ئەمە بێ هیچ



جۆرە پێویست بوون بە تازەگەریەك ڕێگەکانی لاساییکردنەوەی هەمواردەکرد. ئەوی تر ئەوەبوو کە هونەر وەکوو کاڵایەك پێشکەشدەکرا کە کڕیارەکان لە فرۆشگاکاندا بە شێوەیەکی ئامادە دەستیاندەکەوت، ئەمەش ڕێگەی هەرجۆرە هەوڵ و کۆششێك بۆ تازەگەری هونەری دەگرێت.

ئەمە لایەنێکی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەکانی ئێمەیە. لەڕاستیدا ئەوشتەی کە بنچینەی ژیانی هونەری میترایییە، بێ توانایی و نەشارەزایی هونەرمەندان نیە. ئەو ئایینەی کە پەیڕەوان و پەیامنێرانێکی زۆری پێشکەش و پەروەردە کردوونە، سەرقاڵی جوانیە ڕواڵەتیەکان و بوتسازی نەبوو. ئەگەر سەرەنجیان بە هونەری پەیکەرسازی و پەیکەرتاشی نەدەدا لەبەرئەوە بوو کە سەرەنجی ئەوانی ڕانەدەکێشا و بەلایانەوە بێهوودە بوو. بەڵام ئەدی بۆچی ئەو هەمووە پەیکەر و نەخشە هەڵکەنراو و بەردە هەڵکەنراوە لەناو پەیرەوانی ئایینەکەدا هەبووە و لەناو مێهرابەکاندا دۆزراونەتەوە؟ لەڕاستیدا دەبێ بڵێین کە بەپێی بیروباوەڕی ئەوان تەنیا هەست و سۆزی ئایینی و پیشاندانی بیروباوەڕ و ئیمان و هۆگری و ئەودالی، گرنگ و بایەخداربوو. هونەر دیاردەیەك بوو بۆ بیرئانین و هۆکارێك بوو بۆ سەرەنجدان بە ئایینەکە. بە خەتی وێنەیی لەسەر بەردی گران بەها ئۆستوورە و چیرۆکە ئایینیەکانیان تۆمار دەکرد و وەکوو گەردن لغ و ملوانکە لە ملیان دەکردن. دەبوایە لەلای خۆیان یان لەماڵەوە دایبنێن و لەکاتی ڕێوڕەسمەکانی ئایینی سەیریان بکەن و بیانخوێننەوە و بەم شێوەیە هەستیان بەوە دەکرد کە توانایی و هێزێك چاودێریان دەکات و دەیانپارێزێت. لە کارگەکاندا بەرهەمی هونەری نەدەخرانە بەر دیدی بینەرەکان و هەرلەبەرئەوەش ململانێیەك لەنێوان بەرهەمهێنەران بەدی نەدەکرا. تەنیا ئەوەندە بەس بوو کە پەیکەرێکی میترا لەکاتی قوربانیکردنی گا و مەشخەڵ هەڵگرەکان و خواوەندە هاوڕێکانی و نەخش و نیگارە پڕنهێنیەکان بەرچاوبکەوێت و یان وەکوو بەرهەمێکی ئایینی لەلای خۆیان هەیانبێت. بەڵام لە شارە گەورەکان و لەناو ئەنجوومەنەکانی میترایی و لەناو توێژی دەوڵەمەند و سەربازە ئازادە و خاوەن شکۆکان و تەنانەت خودی ئیمپراتۆریش، چ لەناو مێهرابەکان و چ لەناو سەردابەکاندا، میراتی هونەری میترایی جیاوازبوو و دەیانویست بەهۆی ئەم بەرهەمانە هەست و سۆزەکانیان هەڵبچێ و بوورژێن.

## هەڵسەنگاندنی هونەری میترایی، جوانی و هونەر — یان هونەر وەکوو ئامانج، هونەری میترایی چۆن لە ناو هونەری کەنیسەدا تواوە.

هونەری میترایی بەپێچەوانەی ئەو کاریگەریە بەرچاوەی کە لە شێوە و نموونەکانی یۆنانی وەریگرت، لەناخ و گەوهەریدا وەکو ئایینێکە کە، بنچینە ڕەسەنە ئاسیاییەکانی خۆی پاراستن. ئەم هونەرە تەواو پیشاندەر و ڕەنگدانەوەی خودی ئایینەکەیە و بیروباوەڕ و بنەما بنچینەییەکانی بەڕەسەنایەتی مانەوە. ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئایین بڵاوکردنەوەی قوتابخانەیەکی هونەری بەناوی ئایین نەبوو، بەڵکوو هەوڵی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی بێ کەم و کوڕی و جێبەجێکردنی ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی دەدا کە ئەویش گەیاندنی پەیامی ئایینی بوو. لەم ناوەدا کاتێك کە بابەتێکی لە ئایین و کولتوورێکی ترەوە وەردەگرت، بۆ بنەما بنچینەیی و ڕەسەن و سەرەکیە ڕۆژهەڵاتیەکانی، تەنیا وەکوو پۆششێك وابوو.

زۆری ژمارەی سەرسامهێنەری کەسێتی و خواوەند و ئیزەد و پاڵەوانەکان و نەخش و نیگارە سیمبوولیکەکان کە لەسەر تابلۆ و نەخشە هەڵکەنراوەکاندا بەدیدەکرێن، یان گشت ئەو نەخش و نیگارە پڕنهێنیانەی کە کرۆنووسی زەمەنی بێ سنوورییان، بایەخدار کردووە، پیشاندەر و ڕاگەیێنەری ئەم چەمکەیە کە ئارمانجێکی نوێ لەگەڵ ئەم ئایینەدا سەری هەڵداوە. کاتێك کە ڕێبواران و شوێنکەوتوان نقوومی ناو ئەم نهێنیانە دەبن، یان لێکۆڵەرەوانی هەنووکەیی کە بەوردی و سەرسامیەوە سەیریان دەکەن، لە ڕوانگەی هونەری و بەهۆی گەیشتن بە چەژێکی هونەریەوە نیە. ئەم نەخش و نیگارە پڕنهێنیانە کە بە زمانی وێنە پیشاندراون، بۆ مەبەستی چەژی بینین بەدی نەهاتوون، بەڵکوو هۆشیان چالاك دەکرد و بەم پیلانە و لەڕێی تۆماری وێنەیی، بینەریان بەرەو جیهانی خەیاڵ و وەهم دەبرد و تووشی دڵەڕاوکەیان دەکرد و لە دەروون وناخی کەسەکان ترسێکیان دەورووژاند کە ئاوێتەی هەستی ڕێزگرتن و پیرۆزی ئەم ئایینە شکۆدارە بوو.






**وێنەی ژمارە ٥٠**

لەدایکبوونی Erichthonios

وێنەیەکی سەر گوڵدانی یۆنانی Baumeister

بەڵام لە هەڵسەنگاندنی گشت ئەم بابەتانەدا دەگەینە ئەم ئەنجامە کە ئامانجی هونەری میترایی دەربڕینی ئاڵۆزتری نهێنیە گوتاریەکانە. ئەو هونەرەی کە لەم پاڵاوگەوە تێپەڕی و سەرەنجی لایەنەکانی جوانکاری نەدا، بەپێچەوانەی کەم و کوڕیە هونەریەکان، ئەدی چۆن کاریگەریەکی هەمیشەیی و نەمرانەی هەبوو؟ ئەم هونەرە بەهۆی بیروباوەڕ و ئۆستوورەکانی میترایی کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە سروشتەوە هەبوو، بەهۆی ئەم پەیوەندیەی کە بە سروشتەوە هەیبوو لەگەڵ هونەری مەسیحی لەناویەك ڕێگەدا بەرەوپێشچوو، بەڵام وردەوردە ئەو سیمبوول و نەخش و نیگارە پڕنهێنیانەی کە لە ڕۆژئاوا بڵاوی کردبۆوە، بەلاوازبوون و لەناوچوونی ئایینەکە فەرامۆشکراو و لەناوچوو. ئایینی مەسیحی تەنانەت کەسێتیە نموونەیی و وێنەییەکانی بازنەی گەردوونی کە میتراپەرستەکان ڕێکیان خستبوو و تۆماریان کردبوو،

وەریگرت و بەکاری بردن، ئەگەرچی لە بنەماکانی ئایینی مەسیحیدا، ئـەم کۆمەڵەیـە جـێگیر نەدەکرا و لەگەڵ پەروەردە ئایینیەکاندا دژایەتی هەبوو.

هەر لەبەرئەوەیە کە نەریتی میترایی دوای لەناوچوونی ئاین، لەناو ئایینی مەسیحی مایـەوە و دووپاتکرایەوە. مەسیحیەکان بەوجۆرەی کە دیاردەکانی گەردوونی وەکوو ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و هێماکانی بورجە دوازدە دانەییەکان و بایەکان و وەرزەکـان و دیاردەکـانی تریان بەهەمان ئەو جۆرەی کە لەڕیزی نەریت و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی میترایی بوون، لە دەورووبەری تابووتەکان و سەرپۆشەکانیان و لە کاشیکاری و نیگارگەری مەسیحدا بەکاردەبردن.

سەرمەشق گرتنی مەسیحیەت لە هونەری میترایی بەرفراوان بوو. تەنانـەت بەرهەمـە زۆر بێ بایەخەکان کە هونەرمەندان بۆ پیشاندانی ڕووداوە ئەفسانەییەکانی ژیـانی مـیترا بـەکاریان دەبردن، سەرەنجی مەسـیحیانی ڕادەکێـشا و لاسـاییان دەکردنـەوە. سـەردەمێکی زۆر بەسـەر زاڵبوونی کەنیسە بەسەر ئـایینی میتراییـدا تێپـەڕیبوو، بـەڵام هونەرمەنـدانی مەسـیحی لـە داهێنان و خولقاندنی بەرهەمی هونەریدا بێ توانا و بێ بەهرەبوون. هێشتاش هەوڵی لەناوبردن و تێکدانی کارگـەکانی بەرهـەم هێنـانی بەرهەمـە قاڵبیـەکانی میترایـی دەدرا، لـەم کاتـەدا هونەرمەندانی مەسیحی ڕووبەڕووی سەرچاوەیەکی بەهاداری ئیلهام بۆ درووستکردنی نـەخش و پەیکەری کەسێتیە پیرۆز و ئینجیلیەکان بوونەوە و ئەویش نەخـشاندنی پێـشهاتی ژیـانی ئـەم کەسێتیە پیرۆزانە لەسەر بەرد بوو. ئەو سەرچاوە بەهادارانە ئـەو نموونـە هونـەری و وێنەییانـە بوون کـە هونەرمەنـدەکانی میترایـی و ئـایینی بەڕەسـەن ئێرانـی خولقانـدبوونیان. بێگومـان هونەرمەندانی بێکاروباری ئاینی میترایی، چ بووبنە مەسیحی و چ بەشاراوەیی لەسەر ئـایینی خۆیان مابنەوە، وەڵامی خواسـتی کەنیـسەیان داوەتـەوە و دەسـتیان بـە کـارکردوە. کۆمـەن بەئاشکرایی ئاماژە بە لاساییکردنەوەی هونەر و میعماری مەسیحیەت و ژیانـەوەی دووبـارەی هونـەری ئێرانـی- میترایـی لـەناو ئـایینی مەسـیحیدا دەکـات، بـەڵام لـە دزەکردنـی زۆری بیروباوەڕەکانی میترایی، بۆ ناو مەسیحیەت بێدەنگی هەڵدەبژێرێت*.

* حەمید نەبێری نووری، لەکتێبی: پشکی ئێرانییەکان لەشارستانیەتی جیهان، لاپەڕە٢٣٩ ئاماژەی بە هەندێ لایەنی پێکچوونی نێوان مێهر پەرستی و مەسیحی کردووە:



- گوتراوە کاتێك کە میترا لە دایکبوو، لەلایەن شوانەکانەوە ستایشکرا. هەروەها مەسیحیش کە لە دایکبوو، لەلایەن شوانانەوە ڕێزیلێگیرا.
- مێهر ئایینان یەکەمین شەوی زستان کە سەرەتای شۆڕشی زستانی و یەکەمین ڕۆژی چلەی گەورەی زستانە بەرۆژی لەدایکبوونی خۆری پیرۆز دادەنێن و جەژن و شادی بەرپا دەکەن. مەسیحیەکانیش ئائەم ڕۆژەیان بە کەمە جیاوازیەك بە ڕۆژی لە دایکبوونی مەسیح دانا و جەژنیان بەرپاکرد و ئەم جەژنە لەسەدەی چوارەمی زایینی هاتە ناو ئایینی مەسیحەوە.
- غوسڵی تەعمید، شووشتنەوەی لەش کە لەلایەن مێهرئایینەکانەوە باوبوو دواتر چووە ناو ئایینی مەسیح و هێشتاش لەناو ئەم ئایینە هەروا ماوەتەوە.
- یەکشەم کە ڕۆژی خۆر یان مێهرە، بەرۆژی پشووی پیرۆز دانراو و تاکوو ئێستاش هەر بەناوی ((ساندەی)) ناو دەبرێت.
- زەنگ و داگیرساندنی مۆم و ژەنینی مۆسیقا لەکاتی ڕێورەسمی پەرستن، لە ئاینی میتراوە هاتە ناو ئاینی مەسیحەوە.
- دوازدە بورجی ئاسمانی کە هاوڕێیانی مێهربوون، لە ئاینی مەسیح بووە دوازدە حەواری.
- هێمای خاچ کە پێشتر سیمبوول و نیشانی ئاینی میترایی بوو لەلایەن مەسیحییەکانەوە پەسند کرا.
- پەیرەوانی مێهر، میهریان بە هەڵسەنگێنەر و دادوەری کرداری مرۆڤ دادەنا، مەسیحییەکانیش ئەم ئەرکەیان بە هی مەسیح دەزانی.
- مێهر بۆ پەیرەوانی خۆی و مەسیحیش بۆ مەسیحییەکان بەناوەند و سنوری نێوانی پەروەردیگار و بەندەکان دادەنران.
- مێهر خواوەندی بەڵێن و پەیمانە و خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە کتێبی ئینجیل بە پەیمان یان بە بەڵێنی نوێ ناوبراوە.
- لەسەرەتای باوبوون و بەلکوو لە کاتی بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی ئاینی مەسیحی، مەسیحییەکان وەکو پەیرەوانی مێهر بۆ بەرێوەبردنی رەسمی پەرستن کۆمەڵە ئەنجومەنێکی نهێنییان دامەزراندبوو کە بە زۆری لە ئەشکەوتەکان و یان لەو شوێنانەی کە چوارپێیەکانی لێبایە کۆدەبوونەوە.
- کاتێك کە میترا بۆی ڕووندەبێتەوە کە ژیانی کۆتایی پێهاتووە کۆڕی دوایین چێشتی شەو لەگەڵ یاوەرانی دەبەستێ. ئینجا سواری کەژاوەکەی دەبێت و بەرەو ئاسمان بۆلای ئاهوورامەزدا دەڕوات. عیسای پەیامبەریش

لە داهێنان و گۆڕینی بەرهەمەکاندا کە نموونەیەکی دیاری نەخش و نیگاری میترایی بوون، کۆمەڵە گۆڕانێکیان لە شێوە و پۆشاکی کەسێتیەکانیان بەدیهێنا و بەمجۆرە لایەنێکی وێنەی میترایی کرایە سیمایەکی دیاری مەسیحی. میترا کە بە کەوانەکەی تیرێك بەرەو تەختە بەردێك دەردەکات تاکوو ئاوی لێوەبێنێ، دەبێتە مووسای پەیامبەری یەهوودیەکان کە لە دڵی چیا ئاو دەردێنێ. خۆر، یان سۆل کە میترای هاوپەیمانی خۆی لە ئۆقیانووسەوە بەرزدەکاتەوە، دەبێتە نموونەیەك بۆ دەربڕین و شێوەی چیرۆکی ئیلیای Eliyah پەیامبەر و چیرۆکی بەرزبوونەوەی (میعراج) لەناو کەژاوەی ئاگرین دا. تاکوو سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست نموونە و وێنەی خواوەندی گائۆژەن لە پەیکەر وسیمای سامسۆن Samson دا خۆی دەنوێنێ و بەردەوام دەبێت.

---

شەوی بەر لە خاچدارنی دوایین چێشتی شەو لەگەڵ حەوارییەکانی دەخوات. ئینجا پاش ئەوەی لە خاچ دراو نێژرا، بەرەو ئاسمان بۆلای باوکی خۆی هەڵفری.

- کڵاوی ئۆسقۆفەکانی ئاینی مەسیحی میترای پێدەگوترێ کەلەسەر نموونەی کڵاوێکی تایبەتی ئێرانی دروستکراوە پێدەچێت ئەم کڵاوە لەلایەن پەیرەوانی میهرەوە بەکار براوە. لە چەند ڕۆژێکی دەست نیشان کراو نان و شەراب لەناو ئامادەبووان دابەش دەکرێت. نان بە هێمای گۆشت و شەراب بەهێمای خوێنی مەسیحە. ئەم جۆرە ڕێورەسم و نەریتە بەر لە مەسیحییەت لەناو ئاینی میترایی باو بووە. بەم چەشنە کە گشت ئامادەبووان بەشداریان لە خواردنی پارچەیەك نان و ئاوی تێکەڵ بە شەراب کە خواردنەوەی ئاهوومە پەراهوومی پێ دەگوترا، دەکرد.